غازی حەسەن

# کەرە فەیلەسووفە سپییە سێپێیەکە

## گوتنی زۆرترین شت بە کەمترین وشە

**لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییە لە تاکدێڕییەکانی**
**(عەباس عەبدوڵڵا یووسف)**

ئەمەریکا/ ٢٠٢٤

*** ناوی کتێب: کەرە فەیلەسفووفە سپییە سێپێیەکە**

*** نووسینی: غازی حەسەن**

*** تایپێست و نەخشەساز : نووسەر**

**بەرگ: نووسەر**

*** چاپ: یەکەم : ٢٠٢٤**

**چاپخانە: چاپی ئەلەکترۆنی و مافی چاپکردنەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە**

**تیراژ: بەپێی داونلۆد و بەکارهێنەرانیەتی لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ماڵپەڕەکاندا**

**نرخ: خۆراییە و نرخەکەی سوپاسێکە دوای خوێندنەوەی**

***بەهۆی نەدارییی و نەبوونەوە، لەبەر نەبوونی فرۆش و دەرنەچوون بە مایەی خۆی، بڕیارم دا ئەم کتێبەش بەشێوەی ئەلەکترۆنی دیزاین و بڵاوبکەمەوە.***

The three-legged white donkey is the philosopher

Saying the most in the least words

**عەباس عەبدوڵڵا یووسف دەڵێت:**

**"کرمێکی پڕ هیواو ئومێد لەناو قەڵەمی سێورانە و ئەو بەرهەمانەی بۆ دەنووستەوە"**

## ناونیشانی لێکۆڵینەوە

یەکێک لە گرفتەکانی لێکۆڵینەوە هەڵبژاردنی ناونیشانە، بە واتای ئەوەی ستراتیژی لێکۆڵینەوەکە چۆن دیار دەکرێت. دوای گفتوگۆیەکی درێژ لەنێو ناخی خۆمدا بڕیارم دا کەرە فەیلەسووفە سپییە سێپێیەکە، زۆربێژی و کەمنووسی، لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییە لە تاکدێڕییەکانی (عەباس عەبدوڵڵا یووسف)

بۆ ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیە هەڵبژێرم. ئەمەش لەبەر ئەوەی شاعیر لەنێو دەقەکانیدا بایەخێکی زۆر بە گیانەوەر و بەتایبەتیش (کەر) وەکو کیانێکی هەبوون و کاریگەر و ئامادە دەدات.

هەروەها دەمەوێت لە ناسنامەیەکی ئاسایی باو دەرچم و ناونیشانێکی جیاواز بەم لێکۆڵینەوە ببەخشم، کە دەبێتە بەشێک لە جەختکردنەوە لەسەر تەوەرە دیارەکانی نێو دەقە شیعرییەکان.

## دووەم: هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە

شیعر دونیایەکی تایبەتە، خاوەنداریەتی گوتار و پەیام و تەکنیک و نوێبوونەوەی بەردەوام دەکات. شیعر هزر و بیرۆکە و

وێناکردن و تێفکرین لای مرۆڤ فراوان دەکات، شیعر وەکو فەلسەفە لەهەموو شتێک دەدوێت دوور لە ئایدیۆلۆژیا.
دەقە تاکدێڕییەکان نوێن، بیرۆکە و توانا و وزەیەکی تازە و وزەبەخشی نێو دەقی کوردییە، بەتایەتیش کە (ع. ع. یووسف) دیوانێکی تایبەتی تاکدێڕیی بەشێوەیەکی جیاواز و دوور لە چاولێکەریی و نوێباو لەنێو ئەدەبیاتی کوردی نووسیووە، ئەمەش هاندەر بوو، بۆ ئەوەی ئەم دەقە شیعریانە هەڵبژێرم و هەندێک بۆچوون و لێکدانەوەی زمانەوانی لەبارەی بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە دەقە پێشکەش بکەم. شیعری نوێ، بیرکردنەوەی نوێ و بیرۆکەی تازە دروست دەکات لەپێناو چوونە نێو شێوازێکی نوێی لێکۆڵینەوەش.
لەهەمان کاتدا شاعیر یەکێکە لە خودان پەیام و تەکنیک و فۆرمە جیاوازەکانی نێو شیعری کوردی، ئەو وەکو هیچ کەسێکی دیکە نانووسێت، ئەم خۆدابڕینە لەوانی دیکە جیای دەکاتەوە و تایبەتمەندی پێ دەبەخشێت و لەلایەک توانا و بەهرەیەکی نوێی دروستکردووە، لەهەمان کاتدا سەنگەرێکی دژایەتی توندیشی لەدژی شاعیر ڕۆناوە. هەردوو دۆخەکە هاندەرم بوون، بۆ ئەوەی وەکو خۆی، لەچوارچێوەی دەقدا هەندێک بیر لە هەندێک بۆچوون و لێکدانەوەی تایبەت لەبارەی ئەم دەقە نوێیانە پێشکەش بکەم.

## سێیەم: گرفتەکانی بەردەم لێکۆڵینەوە

ژمارەیەک گرفت، وەکو هۆکاری باو دێنە بەردەم لێکۆڵینەوە، لەوانە:
نەبوونی سەرچاوە، هەژاری لە فکر و لێکدانەوەی زانستی و خۆدوورگرتن لەلایەنگری، یان دژایەتی کەسی لەنێو ئەدەبیاتی کوردی و لە کردەوەدا ڕەخنە لەزۆر کاتدا وەکو تیۆرێکی زانستی کاری پێ نەکراوە، بەڵکو بەستراوەتە بە تێڕوانینی خودی و خۆبەستنەوە بە پەیوەندی کەسی. تاکو ئێستاش هەندێک دەق لەڕوانگەیەکی کلاسیکی و لەژێر کاریگەریی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و کەسییە باوەکان لێک دەدەرێنەوە، لەکاتێکدا لای من هەموو دەقێک شیاوی قسە لەسەرکردنە، من وای دەبینم گونجاوترە دەق لەدەرەوەی شتە تایبەتە کەسی و خودییەکانی دەقنووسەکە بخوێنینەوە، دەق وەکو منداڵێکی تازە لەدایک بووە، دوور نییە دەقەکە کێشەی تەندروستی، کۆمەڵایەتی، نەریت.. تاد دووچار ببێت، یان دەقێکی ساغلەمە، بۆیە پێویستە دەقەکە وەکو خۆی ببینین، واتە لەکۆتاییدا هەرچییەک بێت دەق خودانی کیان و بوون و هەبوونێکی ماددی و مەعنەوییە.
دەق بەرهەمی بیرکردنەوە و توانا و زەمینەسازییە، هیچ دەقێک بێ فکر و لێکدانەوە و تێگەیشتن و فەلسەفەی تایبەتی خۆی نییە، بۆیە بەرهەمهێنانی دەق، بەواتای دروستکردنی دونیایەکی فرە ڕەهەند و دونیابینی و هزریی بێ سنوورە، ئەمەش دەبێتە هاندەر لێکدانەوەی زانستی و گوتارێکی تایبەت دروست بکات.

## سوودەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە

بیرم کردەوە، بۆچی قسەکردن لەسەر نوێخوازیی و نوێبوونەوە پڕ کێشەیە، هەندێک کەس بەچەکێکی کۆن سێرە لە نوێبوونەوە دەگرن، قسەکردن لە بارەی نوێخوازی لەکردەوەدا قسەکردن و هەڵوەشاندنەوەی شتەکانی پێش ئەم دیاردە و داهێنان و بیرۆکانەیە، کە دەمانەوێت قسەیان لەبارەوە بکەین، کە هەندێکیان توانای گفتوگۆ، پێشوازیکردن و قوبووڵکردنی نوێبوونەوە و لەخۆ باشتریان نییە.
سوودی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لەتێگەیشتن لە ململانێی نێوان نوێ و کۆن، بەردەوامی و جیاوازیی و نوێبوونەوە، کە ئەمانەش تێپەڕین و شکانی لاسایی لەخۆ دەگرێت. لەهەمان کاتدا بە چەمکە گشتییەکە دۆزینەوەی شوێنێکی جیاوازە لەنێو کتێبخانەی کوردی، بۆ ئەوەی بیرکردنەوەی جیاواز دروست بکەین. شێوازێکی گونجاوتر لەوانی پێشتر لەبواری لێکۆڵینەوە بدۆزینەوە. زەمینەکی نوێ بۆ خوێنەر و توێژەر دروست بکرێت، لەڕوانگەی جیاوازەوە لە دەق بڕوانرێت، وەکو چۆن دەقنووس، شیعری نوێ خودانی بیرۆکە و شێواز و تەکنیکی جیاوازە لە داهێنان.

## پێکهاتەکانی لێکۆڵینەوە

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەدوو بەشی سەرەکی پێکدێت:
یەکەم: لایەنی تیۆری و شیکردنەوەی هەندێک چەمکی فکری وەکو شیعر، نوێبوونەوە، نانۆ وەکو تەکنەلۆژیا و زانست و شیعر، تاکدێڕیی و لایەنە مێژوویییەکانی ئەم جۆرە دەقە.
بەشی دووەم: بریتییە لە شیکردنەوەی دیوانی (نانۆ تاتۆ دەکەم) ی (ع. ع. یووسف) کە دیوانێکی تاکدێڕییە. لەم بەشەدا بەدرێژیی لایەنە هەمە جۆرەکانی بەرهەمهێنان و نووسین و نوێنووسی ئەم چەشنە تاکدێڕیانەمان لەنێو ئەدەبی کوردی و بەتایبەتیش لای شاعیر شی کردۆتەوە.

# بەشی یەکەم

# لایەنی تیۆریی و لێکدانەوەی زاراوەکان

**نانۆ چییە؟**

پێش هەر شتێک پێویستە شیکاری واتای (نانۆ) بکەین، کە دیوانە تاکدێڕییەکەی (عەباس عەبدوللا یووسف) بەناوی (نانۆ تاتۆ دەکەم)ە. بۆچی (نانۆ) و چۆن بە شتێک (تاتۆ) دەکرێت، کە هێندە بچووکە زۆر زۆر لە گەردیلە بچووکترە و بەچاو نابینرێت، بەڵام لەم سەردەمەدا بۆتە یەکێکە لەکەرەستە هاوچەرخەکانی زۆر بواری زانست و تەکنەلۆژیا و پێشکەوتن و هەتا (شیعر و فکر و وێناکردن و لێکدانەوە و نووسین)یش دەگرێتەوە.
سەرچاوەی وشەی "نانۆ Nano " لەوشەی یۆنانی "نانۆ Nanos " وەرگیراوە، کە وشەیەکی یۆنانییە و بەواتای کورتە باڵا دێت و بەو پێیە هەموو شتێکی بچووک دەگەیەنێت و لێرەدا بە واتای (

(Nanotechnology) تەکنەلۆژیای نانۆ مەتر Nanometer ، تەکنەلۆژیای مایکرۆسکۆپی، یان تەکنەلۆژیای بچووک دێت. زانستی نانۆ بریتییە لەلێکۆڵینەوە لەبنەما سەرەکییەکانی مۆلیکول و پێکهاتەکان کە قەبارەیان لە ١٠٠ نانۆمەتر زیاتر نییە، نانۆمەتر وردترین یەکەی میترییە، کە تاکو ئێستا ناسراو بێت، درێژییەکەی یەک ملیار لەسەر مەترێکە کە یەکسانە بە دە ئەوەندەی ئەتۆمی یەکەی پێوانەکردن، کە بە ئەنگسترۆم ناسراوە و نانۆمەتر وەک بەشێک لە یەک ملیاری مەتر و هەزارەی مایکرۆمەتر پێناسە دەکرێت. بۆ نزیککردنەوەی ئەم پێناسەیە لەواقیع، تیرەی قژێک نزیکەی ٧٥ هەزار نانۆمەتر دەبێت، قەبارەی خڕۆکە سوورێکی خوێنیش دەگاتە دوو هەزار نانۆمەتر، جیهانی نانۆ بەهێڵی دابەشکردنی جیهانی ئەتۆم و مۆلیکولەکان و جیهانی ماکرۆ دادەنرێت . زانستی نانۆش ( Nanoscience) بایەخ بەزانستی دۆزینەوە و لێکۆڵینەوەی کەرەستەی تایبەت لەبواری گەردیلە و بەشی بچووک بچووک دەدات، سەرباری ڕێگە و شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو شتانە. ( Binnig, G , 1986, Rohrer .H ,Scanning ling 409–389)

نانۆ پێکهاتەیەکی یەکجار بچووکە، لەبچووکیش بچووکترە، یان ئەو زانستەیە، کە بایەخ بە لێکۆڵینەوە لەچۆنیەتی چارەسەری مادده لەشێوەی یەکەی یەکجار بچووکی لە گەردیلە بچووکتر دەدات. لە بەشێک و کەرەستەیەک پێکهاتووە، بەجۆرێک پێکهاتەی بەشێکە لە هەزار بەشی میرومتر بچووکترە، یاخود بەشێکە لە ملیۆن میلیمەتر پێکهاتووە. ئەم پێکهاتەیە بریتییە

لە یەک لەسەدی نانومەتر، یاخود وەکو بەشێکی ئێجگار بچووکە و بریتییە لە پێنج گەردیلە تاکو هەزار گەردیلە. زۆر زۆر بچووکترە لەپێکهاتەی بەکتریا و زیندەوەرە نەبینراوە زیندووەکان.
( https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AA%D9%82%D8 ).
بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم مادەیە هێندە بچووکە لەڕێگەی تەکنەلۆژیای پشکنینی ورد نەبێت ناترانرێت ببینرێت.
زانستی نانۆ وەکو کەرەستەیەکە لەبواری زانستی کەرەستەکان و پەیوەندییەکان و فیزیا و ئەندازیاریی و میکانیکی و زیندەوەرزانی و ئەندازیاری کیمایی و بواری دیکەش بەکار دەهێنرێت. لەبەر ئەوە بەکارهێنانی ئەم ماددەیە پێویستی بەوردەکاریی و پشکنین و پێوانەی یەکجار ورد هەیە، تاکو بتوانرێت کێش و قەوارە و شێوازی بینینی دیاری بکرێت.
بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٥٩ تەکنەلۆژیای نانۆ لەلایەن زانای بەنێوبانگی فیزیا (ڕیچارد فاینمان) گفتوگۆی لەبارەوە کراوە. ئەو کات وانەیەکی بەناوی "لەخوارەوە شوێنی زۆر هەیە" پێشکەش کرد. زاراوەی تەکنەلۆژیای نانۆ بۆ یەکەم جار لەلایەن (نوریۆ تانجوتچی) لەساڵی ١٩٧٤ بەکارهێنراوە، ئەو کات ئەم زاراوەیە بەشێوەیەکی کەم و لەبوارێکی بەرتەسکدا بەکارهێنراوە و (کای. ئیریک دریکسلەر) ئەم زاراوەی لە کتێبەکەی بەناوی "بزوێنەری بوون: سەردەمی هاتوو، سەردەمی تەکنەلۆژیای نانۆیە" ئامارژە پێکردووە. لەوێدا بیرۆکەی کۆمەڵگەی لەسەر پێوانەی نانۆ پێشکەش کرد، کە ئەو پێی وابوو کۆمەڵگە دەتوانێت وێنەیەکی خودی خۆی، کەلوپەلە ئاڵۆزەکانی

دیکەی لەڕێگەی بەکارهێنانی گەردیلە بینا بکات. لەساڵی ١٩٨٦ (دریکسلەر) بەشداری کرد لەدامەزراندنی ئامۆژگای (فورسایت) لەپێناو گەشەپێدانی هوشیاری گشتی و تێگەیشتن لەچەمکی تەکنەلۆژیای نانۆ و کاریگەرییەکانی. لەهەمان کاتدا پێیان وایە ئەوەی (ئیرک دیرکسلەر) لەساڵی ١٩٧٥ ئەنجامی دا لەپێناو داڕشتنی چەمکی تەکنەلۆژیای نانۆ، هەرچەندە هەندێک ئەو کات هەندێک بە دواکەوتن دادەنرا ئەگەر بەراوردی بکەین بە کۆمپیوتەر و شتەکانی دیکە، لەنێو تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردندا، بەڵام لەم دوایانەدا ئەم تەکنەلۆژیاییە بەشێوەیەکی چڕوپڕ بایەخی پێ دەدرێت. سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ بەسەرەتایەکی هەقیقی بۆ دیارکردنی سەردەمی تەکنەلۆژیا نانۆ دادەنرێت. (Drexler, E., Peterson, C. and Pergamit, G, 1992)، (https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AA%D9%82%D8%)، بۆ زانیاری پتر بڕوانە (*Allhoff ، Fritz؛ Lin، Patrick؛ Moore، Daniel, 3-5 ,2010* ).

تەنیا زانا و توێژەران گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە ئایندەیەکی نزیکدا (تەکنەلۆژیای نانۆ وەکو ئەلتەرناتیڤی تەکنەلۆژیای میکرۆ دەردەکەوێت و دەتوانێت ئامێری کەهرۆ میکانیکی و ئەلەکترۆنی دروست بکات، قەوارەی ئەم ئامێرانە بەشێوەیەک بچووک و سووک دەکرێنەوە، کە هەزار جار لە قەوارەی ئامێرەکانی میکرۆ بچووکتر دەبن، سەربارەی ئەوەش کارەکانیان باشتر دەبێت). (د. رحاب فایز احمد سید، ٢٠١٢، ٤٨).

(ڕیچارد فاینمان) لەساڵی ١٩٥٠دا لەسەر ئەم ماددەیە بیروبۆچوونێکی خستووەتەڕوو، لەوانەش وتارە گرنگەکەیەتی، کە لەبەردەم کۆمەڵگەی فیزیایی ئەمەریکی پێشکەشی کرد و گوتی: "ئەگەر دابەشبوونی گەردیلەکان بۆمبی ئەتۆمی و وزەی ئەتۆمی بەرهەمهێنا، کەواتە چی ڕوودەدات ئەگەر بتوانین کۆنترۆڵی جووڵەی ئەم گەردیلانە بکەین، یان شوێنیان لەناو بەشە هەرە بچووکە مادییەکان ڕێکبخەین". (تكنولوجيا النانو، https://ayshahhabash.home.blog/). ئەو پێیی وابووە "توێژینەوە لەبارەی تایبەتمەندییەکانی ماددەکە و لەئاستی نانۆدا کاریگەرییەکی ڕیشەیی بۆ گۆڕانکاریی لە ژیانی مرۆڤایەتی دروست دەکات". ( Feynman, R. , 1960, pdf 9). ئەمەش بەکارێکی شێتانە دادەنرا و بەیەکێک لەکارەکانی پەیوەست بەزانستی خەیاڵی (Science Fiction ) دادەنرا. (آ.د. عبدالرحمن بن محمد الصباح، ٢٠٢١، ١٥).

بەشی دووەمی ئەم زاراوە زانستە بریتییە لە وشەی تەکنەلۆژیا، کە دەچێتە پێش وشەی نانۆ، ئەمەش لە وشەی تەکنەلۆژی ( Technology) هاتووە، کە وشەیەکی یۆنانییە و لە وشەی(Techno) وەرگیراوە و بەواتای توانستی تەکنیکی دێت، (Logos)یش واتای لێکۆڵینەوە دەگرێتەوە. ( د. كريمة عبداللاه محمود، ٢٠١٩، ٢٨٣٣).

زانایەکان چەمکەکەیان گۆڕی و توانیان دۆزینەوەی پتر لە بواری کاریگەریی لەسەر چۆنیەتی دۆزینەوەکە پێشکەش بکەن. ئەوەبوو لەهەشتاکانی سەدەی بیستەمدا دوو هەنگاوی گرنگ لەسەردەمی نوێ بۆ گەشەپێدانی تەکنەلۆژیای نانۆ هاوێشترا:

یەکەمیان دۆزینەوەی ئامێرێکی ڕووپێوی بوو لەساڵی ١٩٨١ کە مەزەندەکانی ئەم بوارەی لەبارییە گەردیلە سەرتاپا گۆڕی، ئەمەش وایکرد بەسەرکەوتووی دەستکاری گەردیلە بەکاربهێنرێت. (جێرد بینییج و هاینریش رەهەر) لەبەشی توێژینەوەی (ئەی بی ئێم) لە (زیورخ) توانیان وردبینێکی پێشکەتوو دروست بکەن و بەم داهێنانەیان ساڵی ١٩٨٦ لەبواری فیزیا خەڵاتی نۆبلیان وەرگرت.

دووەم: لەلایەن (هاری کروتو و ریتچارد سمالی و ڕۆبەرت کۆرل)ەوە، کاریک کرا، کە (فۆلیرین)یان لەساڵی ١٩٨٥ دۆزیەوە و بەم دۆزینەوەیە بوونە خاوەنی خەڵاتی نۆبل لەبواری کیمیا. لەدرێژەی داهێنانەکانی ئەم بوارەدا دەبێت ئاماژە بەم دۆزینەوە و داهێنانە نوێیانەش بکەین، کە بوونە مایەی گەشەکردن و پێشکەوتن لە چۆنیەتی بەکارهێنانی نانۆ. (ئایزۆتۆپی کاربۆنی C60 ) لەسەرەتادا وەک نانۆ تەکنەلۆژیایەک وەسف نەکرابوو، بەڵکو ئەم زاراوەیە لەکاتی کارەکاندا و پاشتر لەگەڵ نانۆ لوولەکییەکانی کاربۆنی پەیوەندیدار بەم بوارە، کە(هەندێکجار پێیان دەوترێت بۆری گرافین، یان باکیتیوب) بەکارهات. ئەمەش زەمینە سازی دەکات بەکارهێنانی (پۆتانسێل) بۆ نانۆ ئەلکترۆنی و ئامێرەکان ئاسان بکات. دۆزینەوەی نانۆ لولەکییەکانی کاربۆنی تاکو ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ (سومیۆ ئیجیما) لە کۆمپانیای NEC و بەم هۆیەشەوە لەساڵی ١٩٩١ خەڵاتی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨ی (کاڤلی) لەزانستی نانۆدا بەدەستهێنا.

(https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AA%D9%82% D ).

## لە کەوناراوە

ئەم (نانۆ)یە مێژوویێکی کۆنتر لە مێژووی هاوچەرخ هەیە، بۆ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا هاوچەرخ بەداهێنان و دۆزراوەیەکی تازە دادەنرێت. لێکۆڵینەوەکانی (ماریان ڕایبۆڵد) و هاوکارەکانی لە زانکۆی (درێسدن)ی ئەڵمانیی ئەوەی ئاشکرا کردووە، نهێنی شمشێری دیمەشقی چییە و چۆن و لەچی پێکهاتووە و توانای بڕینی شتی یەکجار گەورەی هەیە و لەمانەوەش سەرسوڕهێنەرە و لەنەرمییەکەشی زۆر بەناوبانگە. ئەوان ئەوەیان دۆزییەوە ئەم شمشێرە لەچی دروستکراوە و ئەو ماددانەی بەکاریان هێناون بەپێی پشکنین دەرکەوتووە لەنێو پێوەرە باوە بەکارهێنراوەکانی نانۆمەتر دایە. نانۆ لوولەکانی کاربۆن، کە بەیەکێک لەبەهێزترین ماددە ناسراوەکان دادەنرێت، بە نەرمی و بەرگریی و مانەوەی زۆریش ناسراوە.
Carbon nanotechnology in the Damascus swor dating ) back to the seventeenth century, October 14, 2016 on. ).
بۆ ماوەی هەزاران ساڵە مرۆڤ نیازی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نانۆ هەبووە. بۆ نموونە ئێمە لەپیشەسازی پۆڵا و لاستیکدا بەکاری دەهێنین. هەموویان لەسەر بنەمای تایبەتمەندی گروپە ئەتۆمییە نانۆ مەترییەکان دروست بوون و لەپێکهاتە

هەرِەمەکیەکان بوونیان هەیە. ئەمانە بەوە لە کیمیا جیا دەکرێنەوە و بەوە ناسراون پشت بەتایبەتمەندی تاکەکەسی (مۆلیکولەکان) نابەستن. یەکەم جار ئەم مادده بچووکە ساڵی ١٨٦٧ لەلایەن نووسەر (جەیمس ماکسوێڵ) بەکارهێنراوە، ئەو کاتەی بیرۆکەی تاقیکردنەوەیەکی پێشنیار کرد، کە تایبەت بوو بەبوون شتێکی بچووک و لەو سەردەمیدا ئەم شتە بە شەیتانەکەی (ماکسوێڵ) ناسرابوو، هەروەها بۆ دەستکاریکردنی تەنۆکە تاکەکەسییەکان لەساڵی ١٩٢٠ (ئیرڤینگ لانگمۆیر و کاترین بلۆدگێت) چەمکی سیستەمی تاک چینیان خستەڕوو، هەر ئەو کات نمایشیان کرد، واتە تاکە چینێکی ئەتۆمی، یان چینێکی مادده، کە قەبارەکەی بەقەد ئەستووری ئەتۆم وایە. (لانگمۆیر) بەهۆی کارەکانییەوە خەڵاتی نۆبلی کیمیای بەدەستهێنا.

(\ https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AA%D9%82).

ئەم زانستە لەبواری پەروەردەش بەکاردێت و لەڕێگەی بەکارهێنانی وێنە بۆ هاوکاری فێربوون بەرجەستە کراوە و لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت وێنەی ڕوون و جوان ئەگەر وێنەی جێگیر، یان بەجووڵەش بێت پێشکەش بە قوتابیان بکرێت، بۆ ئەوەی باتر و سەرنجڕاکێشتر گوێ لەشیکردنەوەکان بگرێت و بەچاویش وێنەکان ببینرێت. ئەمەش توانای فێربوونی لای قوتابییەکان زیاد دەکات. (د.کریمە عبدالاة محمود، ٢٠١٩، ٢٨٨٢).

هەندێک کەس و دەزگای لێکۆڵینەوەش پێیان وایە ناتوانرێت مێژووی دۆزینەوە و بەکارهێنانی ئەم ماددەیە دەست نیشان بکرێت. "پێشتر ئەم ماددەیە نەناسراو بوو، تەنیا ئەوە نەبێت

پەرداخە شووشەییەکەی پاشای ڕۆمانی (لایکورگس)یان نەبێت، کە لەسەدەی چوارەمی زایینیی بەکاریهێناوە و ئێستا لەمۆزەخانەی بەریتانیا پارێزاوە ئەمە شی دەکاتەوە. پەرداخەکە پێکهاتووە لەپارچەی بچووکی زێڕ و زیوی نانۆیی و ڕەنگی پەرداخەکە لە سەوز بۆ سوورێکی تۆخ دەگۆڕدرێت، کە بەر تیشک دەکەوێت. (د. رحاب فایز احمد سید، ٢٠١٢، ٥١ ). بۆ زانیاریی پتر بڕوانە ( Freestone, I. et.al. ,2007, 40/4. ).

بەشێوەیەکی دیکە ئەم ماددە و تەکنەلۆژیایە لەکۆنەوە بەم شێوەیە کاری لەسەر کراوە: لەڕێگەی چەندین نموونەوە دەتوانرێت ئاماژە بەبوونی ئەم ماددە و بەکارهێنانی بکرێت، کە لەشوێنە کۆنەکاندا دۆزراونەتەوە و گەیشتوونەتە ئەو ئاستە و زانیارانەیەی ئێستا. لەم بوارەدا لەدروستکردندا پشت بەبنەمای تێگەیشتنی پیشەسازیی بەستووە و بەسادەیی ئەم دۆزینەوەیە لەبیرۆکەی دەستکاریکردنی پێکهاتەی ماددە ڕەسەنەکە بە بەکارهێنانی گەرمییەکی بەرز بۆ دروستکردنی ماددەیەکی نوێ دەستی پێکردووە، ئەمەش وایکردووە تایبەتمەندییەکی ناوازەی هەبێت. ( تكنولوجيا النانو، https://ayshahhabash.home.blog/).

## لەسەردەمی نوێدا

لەم ساڵانەی دوایدا ئەم بوارە بایەخێکی زانستی و سیاسی و بازرگانی زۆری پێدراوە، تاکو کار گەیشتۆتە ئەوەی مشتومڕ و کارکردن بۆ پێشکەوتنی ئەم بوارە پەرە بستێنێت. مشتومڕ سەبارەت بەپێناسەکان و کاریگەرییە گریمانەییەکانی تەکنەلۆژیای نانۆ بە جۆرێک سەری هەڵداوە بۆتە جێگەی سەرسوڕمان. وەک لەڕاپۆرتی کۆمەڵەی شاهانە سەبارەت بە تەکنەلۆژیای نانۆ دەردەکەوێت. ڕووبەڕووبوونەوە و ئاستەنگەکان سەبارەت بەتوانای بەکارهێنانەکان بەشێوەیەک خراونەتەوە نێو باس و بەدواداچوونەکانەوە، ورووژاندنی پێوە دیارە، کە لەلایەن داکۆکیکارانی تەکنەلۆژیای نانۆ گەردیلەییەوە پێشبینی کراون، ئەم هەنگاوانەش گەیشتوونەتە لوتکە و باسەکە لەمشتومڕێکی گشتی نێوان (درێکسلەر و سمۆلی) لەساڵانی ٢٠٠١ و ٢٠٠٣ گفتوگۆی جددی لەبارەوە کراوە. (https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AA%D9%82%).

ئەم پێشەکییە ئەگەر بمان گەڕێنێتەوە بۆ نێو دونیای تایبەتی (نانۆ)ش، بەڵام سوود مەند دەبێت، بۆ ئەوەی هاوکارمان بێت مرۆڤ چۆن لەبوارەکانی دیکەی مرۆیی و زانستیدا ئەم ماددەیە بەکار دەهێنێت، یان دەیەوێت لەبچووکترین و گچکەترین کەرەستەدا وێنەیەکی زهنی گەورە و مەزن لەبواری (فەلسەفە، شیعر، گوتار، وێنە، بیناسازیی، ئەندازیاریی و ئەدەب... تاد)

وەکو ئەو ماددە بەچاو نەبینراوە پێشکەش بکات. زانایەکانی توێژینەوە لەم بوارە قسەی وردیان کردووە: "زانستی تەکنەلۆژیای نانۆ و بەکارهێنانەکانی دەچێتە نێو هەموو بوارێکی ژیانەوە بڕوانە (محمد غريب عميش، ٢٠١٢، ٣٦)، (ليندا ويلیامز، وداد آدمز،٢٠٠٨، ٣٣). (Laherto, T. , vol. 21, No. 2, 2010, P. 160-175.). ئەمە ئەوەمان بۆ ساخ دەکاتەوە نانۆ وەکو ماددە و زانست و تەکنەلۆژیا و کەرەستەیەکی هەقیقی و زهنی و فکری شوێنیکی گرنگی لەژیانی هاوچەرخ و هەتا ئایندەمان وەکو زانستێکی نوێ و ماددەیەکی گرنگ شوێنێکی بەبایەخی لەبواری بەکارهێنان بۆ دروستکردنی کەرەستە و کەلوپەل و پێویستی نوێ بۆ خۆی پەیدا کردووە.

لەگەڵ دۆزینەوەی (گرافین) ساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن توێژەری هۆڵەندی (ئەندرێ گەیم)، کە لەساڵی ٢٠١٠ خەڵاتی نۆبڵی فیزیای بەدەستهێناوە، ئەمڕۆش بواری زانستی نانۆ و تەکنەلۆژیا بووەتە یەکێک لەبوارە زانستییە گرنگەکان و کێبڕکێ لەنێو وڵاتانە پێشکەوتووەکان دەستی پێکردووە بەسەرۆکایەتی ئەمریکا، ئەڵمانیا و ژاپۆن و کۆریای باشوور و چین. لە زانستدا بایەخی زۆر بەم بوارە دەدرێت و لەزۆربەی بوارە زانستییەکانی وەک پزیشکی، ئەلیکترۆنی، میکانیک، بایۆلۆژی، زیرەکی دەستکرد و ئەوانی دیکەشدا بەکار دەهێنرێت و پێشبینی دەکرێت بازاڕی نانۆ تەکنەلۆژیا لەساڵی ٢٠١٥دا بگاتە نزیکەی ١٠٠٠ ملیار دۆلار. (الصغير الغربي، https://www.aljazeera.net/tech/2014/12/31/% ).

بەرهەمەکان لەسەر بنەمای پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیای نانۆ بۆ بازرگانی دەستیش هەیە و ئێمە دەزانین بەکارهێنانی ئەم ماددەیە لەهەندێک دەرفەتدا سنووردار بووە و بەشێوەیەکی زۆر و گەورەی ماددەی نانۆ لەبواری ئەتۆمی بەکار نەهێنراوە. لەهەندێک نموونەی دیکەشدا بەئاسایی بەکارهێنراوە، وەکو پلاتفۆرمی نانۆ زیو، کە بەکارهێنانی نانۆ گەردیلەی زیو وەکو دژە بەکتریا لەخۆدەگرێت. دژە خۆری شەفاف لەسەر بنەمای گەردیلەی نانۆ، ئینجا بەهێزکردنی ڕیشاڵی کاربۆنی لەڕێگەی بەکارهێنانی گەردیلەی نانۆ سیلیکا و نانۆ بۆری کاربۆن بۆ پیشەسازی قوماشی بەرگریکار و پاراستنی لەکاریگەرییە دەرەکییەکان. ( Carlo Montemagno 2011 , .17-09).

لە داهاتوودا توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، ئەم ماددەیە چاککردنەوەی خانە تووشبووەکانی ناو جەستەی مرۆڤ، هەروەها گۆڕینی بەشەکانی مۆلیکولی ترشی دیئۆکسیریبۆنۆکلیک (DNA) بە بەکارهێنانی نانۆ ڕۆبۆت بۆ دوورکەوتنەوە لەنەخۆشی، سەرباری پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای "ئینتەرنێتی شتەکان"، کە لەڕێگەیەوە دەتوانرێت لەدوورەوە پەیوەندی بەئامێر و ئامرازەکانی وەک کلیلی ئۆتۆمبێل و ئامێری جل شۆردن و ساردکەرەوە و ئەوانی ترەوە بکرێت و ساڵانی داهاتوو شایەتی بڵاوبوونەوەی چاندنی ئامێری نانۆ ئەلیکترۆنی دەبن بۆ جێگرتنەوەی بەشە تێکچووەکانی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ، وەکو تۆڕی چاو، دەست، پێست و ئەوانی تر. (الصغیر الغربی، https://www.aljazeera.net/tech/2014/12/31 ).

لەم ساڵانەی دواییدا حکوومەتەکان دەستیان بە هەنگاونان بۆ دابینکردنی بودجەی تایبەت لەبواری توێژینەوە سەبارەت تەکنەلۆژیای نانۆ کردووە. ئەمەریکا لەگەڵ دەستپێشخەری نیشتمانی نانۆ بودجەی بۆ توێژینەوەی نانۆ دابینکردووە و لە ئەوروپاش لەرێگەی بەرنامەی دەسەڵاتدارەوە بۆ توێژینەوە و پەرەپێدانی تەکنەلۆژیاوە لەناوەڕاستی ساڵانی ۲۰۰۰دا زانستی نوێ دەستی بەگەشەکردن کرد و پڕۆژەی نوێ سەریان هەڵداوە بۆ بەرهەمهێنانی پلانی داهاتوو بۆ تەکنەلۆژیای نانۆ، کە گرنگی بە بەدەستهێنانی دەستکاریکردنی وردی ماددەی ئەتۆمی دەدەن و باس لەتوانا و ئامانج و بەکارهێنانەکانی ئێستا و داهاتووی پێشبینیکراو دەکەن. (https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AA%D9%). بۆ زانیاری پتر بڕوانە (Phoenix, Chris, 2005), crnano.org).

پەرەپێدانی سیستەمی نوێی حوکمڕانی (لە نێوان تەکنەلۆژیا و ڕووداوەکاندا)، ناساندنی گۆڕانکاری نموونە و ئەزموونەکان (لە نێوان ڕووداوەکان و ڕەفتارەکان) و کاردانەوە بەرانبەر پێداویستییەکانی بازاڕ. (لەنێوان... ڕەفتار و تەکنەلۆژیا) لەخووڵانەوەی دژە ئاراستەی کاتژمێردا، ئەو کردارە ستراتیژیانەی سەرهەڵدەدەن بریتین لە: بۆ نموونە ڕێبازی حەتمیەت وەک دروستکردنی بازاڕ و لەئاکامدا پێویستییەک دروست دەبێت (لەنێوان تەکنەلۆژیادا و ڕەفتاردا)، دەستێوەردانەکانی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی (لەنێوان ڕەفتار و ڕووداوەکاندا) و کەمکردنەوەی کردەی پراکتیزەیی (لەنێوان ڕووداوەکان و تەکنەلۆژیادا). لە تێڕوانیندا نموونەکانمان بۆ

داهاتوو فراوان. ( ANTHON P BOTHA, https://www.technoscene.co.za/Resources/2016%20IAMOT.pdf). ئەگەر وەکو زانستێکی مرۆیی و ئەدەبیی سەیری بوارەکانی (تەکنەلۆژیا و ڕەفتار) و (ڕەفتار و ڕووداوەکان) و ئینجا (ڕووداوەکان و تەکنەلۆژیا) بکەین، بوونی مرۆڤ بەپێی ژینگە و پێویستییەکانی دەبێتە بڕیاردەر لەچۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم کەرەستانە و چۆنیەتی بیرکردنەوەی ئەدیب و زانا و فەیلەسوفەکان بۆ بیرکردنەوە لەبچووکردنەوە و کەرتکردن و گچەکردنەوە و پارچەپارچە کردنی وشە و ڕستە و دەربڕین و کەرەستەکانیان و هەموو ئەو شتانەی دەیانەوێت بیلێن، بەڵام لەبیر ناکەن دەیانەوێت گەورەترین واتا و مەبەست و پەیام و لێکدانەوە و وێنە دروست بکەن.

**دەکرێت نانۆ وەها بناسین**

مادەی نانۆ: نانۆ بۆری کاربۆنی ماددەیەکی سووکە، کە دەتوانێت شۆڕشێک لەدیزاینی ئۆتۆمبێلدا دروست بکات بەهۆی بەهێزی و توانای گواستنەوەی کارەبا و گەرمی.
نانۆرۆبۆت: قۆناغی داهاتوو لەئاکامی بچووک کردنەوەدا دەتوانێت ببێتە هۆی دروستکردنی کەرەستە و ماتۆڕی وردبینی، یان ڕۆبۆت بۆ یارمەتیدانی لێکۆڵینەوە لەخانەکان و سیستەمی بایۆلۆژی، جگە لەڕیشاڵەکان.

مایکرۆرۆڤەر: مایکرۆرۆڤەر دەتوانرێت پەرەی پێ بدرێت لەپێناو لێکۆڵینەوە لەبۆشایی قووڵ و خولگە و کەشوهەوا، یان گەڕان بەدوای ڕووکارە جوڵاوەکاندا.
(سکۆت مایس) سەرۆکی پەیمانگای پێشبینی لە (پالۆ ئاڵتۆ) لە ویلایەتی کالیفۆرنیا، ڕوونی کردەوە و گوتیەتی: "پێمواية لەماوەیەکی کورتخایەندا وردە وردە زیادبوونی پێشکەوتنەکان دەبینین". پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەم پەیمانگایە ڕێکخراوێکی قازانج نەویستە و ئامانجی پەروەردەکردنی ڕای گشتییە سەبارەت بەئەنجامی پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیای نانۆ. (مایس) ئاماژەی بەوەشکردووە، ئێستا چاوەڕوانی بازدانی گەورە مەکەن لە تەکنەلۆژیای نانۆدا، بەڵکو وردە وردە شتەکان زیاد بکەن، کە لە ئێستاوە لەبوارە هەستەوەرەکاندا دەستی کردووە بەدەرکەوتن، تەنانەت بەرهەمە بازرگانییەکان لەجوانکارییەوە تاکو ئامێرە وەرزشییەکان دەگرێتەوە. ناوبراو ڕایگەیاند پەیمانگای فۆڕسایت ئێستا لێکۆڵینەوە لەوە دەکات چۆن نانۆ تەکنەلۆژیا دەتوانێت ڕووبەڕووی کۆمەڵێک تەحەدا ببێتەوە، کە ئەمڕۆ مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی دەبێتەوە. لەنێو لیستی ١٠ بابەتی گرنگدا جگە لەبەرەنگاربوونەوەی نەخۆشییە درمیەکان و چارەسەرکردنی شێرپەنجە و دابینکردنی ئاوی پاک بۆ هەمووان، دەکرێت گەشتە ئاسمانییە هەرزانەکان بۆ بۆشایی ئاسمان دەستەبەر بکات و ئاماژەی بەوەشکرد، ئەستەمە بڵێین داهێنان و بەرنامەیەکی دیارکراو لەوانی دیکە گرنگترە.
(https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AA%D9%82%D).

ئەگەر بەراوردێکی بچووک لەنێوان ئەم سێ خاڵەی سەردە لەگەڵ کەتواری دروستبوونی دەی ئەدەبی و فکری و فەلسەفی بکەین دەتوانین ئەوە بەرجەستە بکەین، کە :
یەکەم: کەرستەیەکی سووکە و بەهێزە بۆ گواستنەوەی کارەبا.
دووەم: بچووکردنەوە لەپێناو دروستکردنی کەرەستەی بەهێز بۆ لێکۆڵینەوەی شتەکان
سێیەم: توانای پەرەپێدانی تێدایە بۆ ئاشکرا کردنی نهێنی شتەکانی دیکە.
لەوانەیە ئەم سێ دیاردەیە ئەگەر لەنێو دەقێکی (تاکدێڕی) بەپێی ڕێبازی گچکەکردنەوە و پارچەپارچەکردنی شتەکان و کەرەستەکان بەراورد بکەین ئەوەمان بۆ ساخ دەبێتەوە کە گوتاری دەق بریتییە لە:
کەمترین وشە و کورترین رستە و زۆرترین فرەواتایی دروست دەکات، بە جۆرێکی دیکە (هێزی) گوتن و واتا و گواستنەوە و گەیاندنی مەبەستەکەی دەبەستێتەوە بە (سادەیی و ئاسانی) لەدەربڕین و گوزارشتدا.
لەهەمان کاتدا لەم جۆرە دەقەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە (چڕی و بچووکردنەوە و کەمی وشەکان) بەواتای دروستکردنی واتا و دەربرین و جوانکارییەکی بەهێزترە، خۆ دوور گرتنە لەو شتانەی پێویست نین یان شتی زیادی نێو دەقەکەن، ئەمە بەواتای دروستکردنی کەرەستەی بەهێز دێت بۆ گەیاندنی مەبەستێکی بەهێزی ئامانجدار، نەک نووسینێکی (بێ بەرنامە و گاڵەتجاریی و سووکایەتی بە نووسین و دێڕی بۆشی بێ مانا).

ئەم جۆرە دەقە (مینیماڵی) و (تاکدێڕی) و (گچکەلیزم) لەبەرهەمهێنانی دەق توانای پەرەپێدانی خۆی هەیە، لەپێناو هاوکاری ئاشکراکردنی گریمانە و پێشگریمانەی ئەو شتانەی قسەیان لەبارەوە دەکرێت. ئەمەش هەموویان ئەوە نیشان دەدەن، دەقی زیندوو هەمیشە بیرۆکە و توانای زیندوو بۆ پشکینی و ئاشکراکردن و لێکدانەوەی ئەوانی دیکە بەرهەم دەهێنن.

پیشەسازی نانۆ لەکۆمەڵێک کاڵادا بەکارهێنراوە و جۆرە جیاوازەکانی نانۆگەردیلەی ئۆکسید و ئەلەمنیۆم و تیتانیۆم و ئەوانی دیکە بەکاردەهێنن، بەتایبەتی لەکەرەستەی جوانکاری و مەڵهەمی دژە خۆردا. ئەم نانۆگەردیلانە بەرگری لەپاراستنی پێست دەکەن لەکاتی بەرکەوتنی هەموو تیشکێکی سەروو بنەوشەیی و لەهەمان کاتدا مەڵهەمەکە بەشەفاف دەمێنێتەوە. لەهەندێک جلوبەرگدا وەک دژە پەڵە بەکاردێت. توێژەرانی زانکۆی (هانگ یانگ) لە سیئۆل توانیان نانۆ- زیو بخەنە ناو دەرمانی دژە زیندەییەوە. زانراوە زیو توانای کوشتنی نزیکەی ٦٥٠ میکرۆبی هەیە بەبێ ئەوەی زیان بەجەستەی مرۆڤ بگەیەنێت. کۆمپانیای زەبەلاحی کۆمپیوتەر (هاولێت پاکارد) بەم زووانە بەرهەمهێنراوەکانی لە نانۆ ئەلکترۆنی دروستکراو دەخاتە بازاڕەوە، کە توانای هەڵگرتن و پاراستنی زانیاری و دۆکۆمێنت و وێنەی هەزاران هێندەی میمۆری ئێستایان هەیە.

توێژەرانی زانکۆی IBM و زانکۆی کۆڵۆمبیا و زانکۆی نێو ئۆرلینز توانێویانە دوو مۆلیکولی نا کۆمەڵایەتی ڕازی بکەن و تێکەڵیان بکەن بۆ کریستاڵێکی سێ ڕەهەندی و بەم شێوەیە ماددەیەک،

کە لەسروشتدا بوونی نییە دروست دەکرێت: مەگنیسیۆم کە تایبەتمەندی ڕووناکی دروستکەری هەیە و لە ئۆکسیدی نانۆ ئاسن دروستکراوە و بە سیلینید سرکە دەورە دراوە، کە نیمچە هێڵکاری گەرمییە و توانای دروستکردنی ڕووناکی هەیە. (تكنولوجيا النانو... الوعود كبيرة والمخاوف ايضا، https://qafilah.com/ar/%D8%AA%D9%83%D9%8 ).

ئەم گەشەکردنە خێرایە، وەکو گەشەکردنی شێوازە فۆرمیجوان و فۆرمیئاسان و کورتەفۆرم کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوەی خوێنەر دەبێت. ئاسانکاریی بۆ مرۆڤ دەکەن بە کورتین ڕستە، دەرفەتی بیرکردنەوەی زۆریان لا دروست بکرێت. ئەمە (دەقی کاتپارێزە) لەنێو دونیا و سەردەمی خێرایی و زۆربوون و ئاسانبوونی کەرەستەکانی کردەی پەیوەندیکردن و گواستنەوە.

**نانۆ دۆزینەوەی تاوان**

نانۆ لەبواری زانستی کرداریدا شوێنێکی دیاری گرتووە، بەتایبەتی لەبوای پزیشکی و زیندەیی و فیزیایی و ئەندازیاریی و ئەلەکترۆنی و ئەندازەی پاشماوەیی، تا گەیشتۆتە ئەوەی لەبوارەکانی لێکۆڵینەوەی تاواندا بەکاربێت، کە توانایەکی گەورەی هەیە لەئاشکرانی جێماوەکانی کەرەستەی تەقینەوە و پاشماوەکانی تەقەکردن و ئاشکراکردنی شوێنی پەنجەمۆر وDNA و سەرباری ئەوەش لەڕێگەی نانۆ تەمەنی ئەو دڵۆپە خوێنە دیار دەکرێت، کە لەشوێنی ڕووداوەکان بەجێ ماون. (Javan .T.G , 2014, 564.–552.).

**نانۆ و سێ هەنگاوی گرنگ لەئایندەدا**

بەپێی لێکدانەوە و توێژنەوە گرنگەکانی زانست لەبارەی تەکنەلۆژیای نانۆ دەرکەوتووە، لە سێ بواردا گرنگییەکانی ئەم ماددەیە بۆ ئایندە دەردەکەوێت:

یەکەم: توانای ڕەچاوکردنی هەستپێکردن: یەکێکە لە پێویستییەکانی مرۆڤ لەڕۆژی لەدایکبوونییەوە هەستەکانی لەگەڵ دایە و بریتییە لەکردەی مەعریفیی و هاوکاری تاک دەکات بۆ گەیشتن بە ڕۆحی شتە پێویستەکان و چارەسەری زانیارییەکان و کێشەکان و ئەم جۆرە بیرکردنەوانە پازادنێکە بۆ گەیشتنە بیرکردنەوەی شیکاریی. ئەمە درککردنە بەواتا، بێ ئەوەی پەنا ببرێتە بەر هەنگاوی شیکاریی لۆژیکی. (یوسف قطامی، ٢٠٠٧، ١٧٥).

دووەم: توانای پێشبینی زانستی مەرجداری هەیە: مەبەستی توانای قوتابییەکانە بۆ لێکدانەوە و پێشبینی کردنی ڕووداوەکانی داهاتوو، لەسەر بنەمای زانیاری لەوە پێش، ئەوەی بەرهەمی لێکدانەوەکانی خۆیەتی، یان لەڕێگەی ئەزموونی بەدیارکراوی دیکەوە دەستخراون. (ثائر حسین غازی، ٢٠٠٧، ١٧٥).

سێیەم: توانای مەزەندەکردنی ئاینده: مەبەست دروستکردنی وێنەیەکی زهنییە بۆ دوارۆژ، مەزەندە و وێناکردنی ڕابردوو بۆ داهێنانی شتی نوێ، ئەمە ئەو شتانە بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی بگاتە پشتی هەقیقەت و واقیع، پتر بەخەیاڵ بەستراوەتەوە نەک واقیع، لەم ڕێگەیەوە کەسەکان دەتوانن بیرۆکەی خەیاڵی دروست بکەن، کە شتی چاوەروان نەکراون بەڵام لە ئایندەدا دەبنە فکرێکی واقیعی و پێویست و بەسوود بۆ کۆمەڵگە. (ثائر حسين غازی، ٢٠٠٧، ١٨٦).

واتە ئەم ماددەیە بەشێکە لەزانستی گرنگی هاوچەرخ و دەتوانێت دۆخ و ژینگەی گرنگی وەکو فکر و لێکدانەوەی لای مرۆڤ دروست بکات، کە بریتین لەبەدیهێنانی توانای (ڕەچاوکردن و مەزندەی هەستپێکراوەکان) و (پێشبینی مەرجدار) و (مەزەندەکردنی ئاینده). بێگومان پێشگریمانەی من بۆ هەر دەقێک، کە بەستراوەتەوە بەتوانای شیکردنەوەی خودی دەقەکە، هەمان شتە کە دەق دەبێت توانا بە خوێنەرەکانی بدات (هەست بە شتەکان بکەن) و (مەزەندە و پێشبینی) دیاردەکان و ڕووداوەکان و بۆچوونەکان بکەن.

## شیعری نانۆ و نانۆی شیعر

ژیان لە پێشکەوتنە، ئەدەب و لەنێویاندا شیعریش لە گەشەکردن و پێشکەوتنە. بەجۆرێک لەرووی فۆرم و نێوەڕۆک و ئەرک و گوتار و شێوازیش دەگۆڕێت. شیعر میکرۆب نییە پێویستی بەبچووکترین کەرەستەی چارەسەری نەخۆشییەکانی

هەبێت، نەخێر شیعر پێویستی بە بچووکترین کەرەستەیە بۆ پەرەپێدانی هێز و تواناکانی (هەستکردن و بیرکردنەوە و لێکدانەوە و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەوانی دیکە). یەکێک لەڕەوتە ئاشناکانی ئەدەبی جیهانی بریتییە لەجوولەی ژیانی ئاسایی و بەرەو ئەو شتەی کە بە شیعر دادەنرێت. شیعرێک کە تایبەتمەندی سەرەکییەکەی بچووککردنەوەیە – بچووککردنەوەی قەبارە بەرەو کلیلی بچووک و گچکە و پارجە پارچە بوون. ئەمە پرۆسەی بچووککردنەوە ناوەڕۆک لەخۆدەگرێت: بۆ نموونە جوولەی شیعر لەگرنگیدان بە خوداوەندەکان، یان چینە ئیمتیازدارەکان بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ بابەتە وجودی و پراکتیکییەکان و مرۆڤە ئاساییەکان بکات. ئەمەش فۆرم لەخۆدەگرێت: گۆڕینی لەتۆمارە بەرزەکانەوە بۆ نزم و لە جدییەوە بۆ نوکتە و گاڵتەجاڕی.
https://www.poetryinternational.com/nl/poets-)
poems/article/104-15836_An-Introduction-to-Nano-
.(/poetics

مەرج نییە نانۆ- تایبەتمەندییەکان پەیوەندییان بەدرێژیی شیعرەکانەوە هەبێت، هەرچەندە لەشیعری هاوچەرخدا داهێنان لەم بوارەدا هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی بەناوەڕۆک و فۆرمەوە پەیوەستە. وەک لە 'مایکرۆفیلم'دا دەبینرێت: بەکارهێنانی زمانی ئاسایی و شتە ئاساییەکان و دۆخەکان بەڕوالەت بەکاردەهێنرێن، کەس و شوێنە سادە، یان پەراوێزییەکان، نوکتە، ڕووکەشی، ببێتە شتێکی بێ بەها و هاوشێوەکانی. دەربڕینی زیاتری ڕەوتی بچووککردنەوە، کە

لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لەشیعری عیبریدا دەستی پێکردووە.
لەساڵی ١٩٥٩ شاعیری ئیسرائیلی (ناتان زاک) وتارێکی بەناوبانگی خۆی لە گۆڤاری ئەدەبی (ئاچشاف) بڵاوکردەوە و ئاماژەی بەبیرکردنەوەکان لەسەر شیعری (ناتان ئاڵتەرمان) هەمان ساڵ کە فیزیازانی ئەمەریکی (ڕیچارد فاینمان) گەیشتە بنەما بنەڕەتییەکانی تیۆری نانۆ- تەکنەلۆژیا و نایشارێتەوە، کە ڕەنگە کلیلی داهاتوو لەهەردوو ئەم ڕووداوانەدا بدۆزرێتەوە (شیعر و تەکنەلۆژیا). شیعری "تەنک" و "کلیلی بچووک" ئەمە هەنگاوێکی زەبەلاح بوو بۆ دوورخستنەوەی تاک لە کۆمەڵ. لە "تۆنی بەرزەوە بۆ خۆگرتن و دانبەخۆداگرتن" لە "شتی پیرۆزەوە بۆ ناپاکیی". ئەم پرۆسەیە ڕەنگە وەک سەرەتایترین هەنگاو لەپرۆسەی بچووککردنەوەی شیعری ئیسرائیلیدا سەیر بکرێت. گچکەکردنەوە و پارچەکردنی شیعرییەکانی پێشوو لەلایەن شاعیرانی گەنجترەوە.
https://www.poetryinternational.com/nl/poets-)
poems/article/104-15836_An-Introduction-to-Nano-
.(/poetics

پرسیارێکە چ دەقەومێت و چ دەڵێیت ئەگەر بزانی شیعرێک لەنێو گۆشتی لەشتدا چەسپیووە؟ ئەمە پرسیاری نێو مێشکی شاعیر و هونەرمەند (جێن بێرڤین) بوو، ئەمە تەنیا گریمانەی نەبوو. (بێرڤین) لەڕێگەی لێکۆڵینەوەکانییەوە بۆی دەرکەوتووە، کە ئاوریشم بەدەر لەنەرمییەکەی، بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانە دەستی لێ دەدرێت، بە تەواوی وەوک شتێکی زیندووی گونجاو

دەردەکەوێت، واتە ئەمە دەتوانێت لەهەر شوێنێکی جەستە بیەوێت دەربکەوێت و جەستەش قبوولّی دەکات.
ئەو هونەرمەندە پارچە شیعرەکەی بەقەبارەی نانۆ بەپێی زانستی بایۆلۆژی لەسەر ئاوریشمی شل نووسیوە بۆ ئەوەی دواتر بخرێتە نێو جەستەی مرۆڤ. بۆ پێکهاتەی شیعرەکە، (بێرڤین) تەقلیدی ئەو فۆرمەی کردووە، کە خودی ئاوریشم لەئاستی DNAدا دەیگرێتەبەر، شێوەیەکە کە بەجوولّەیەکی وەک مار دەجوولّێت و دەگەڕێتەوە. بەڕێککەوت کرمی ئاوریشم لەکاتی نووسینی (کۆکۆن = واتە کیسەی دروستبوونی پەپوولە) لەئاوریشمدا بەشێوەیەکی هاوشێوە دەجوولّێت. دەقێکی دوو ئاراستەیی باوە، کە لە یۆنانی کۆندا بە boustrophedon ناسراوە، شێوەیەکی هاوشێوەی ئەمەی هەیە. (بێرڤین) ئەم مۆدێلەی بەکارهێنا، شیعرەکەی کە درێژی کتێبەکەی بوو بە زنجیرەی شەش کارەکتەری نانۆ چاپکرد.
باشە، من باوەڕێکی پتەوم بە دروستکردنی هەلی کار هەیە و کارێکم بینی کە بەڕاستی ویستم داهێنانی تێدا بکەم.
پاداشتەکان بۆ من زۆر بوون، کێشەکانی فێربوونی بەشێوەیەکی بەرز و بالاّ شتێکە کە (من خۆشم دەوێت) کە هەموو لایەنەکانی پرۆسەکە و لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکانی تێدایە. پرۆژەکە زیاتر ڕێزلێنانێکی شەرمنانەیە بۆ ئەو کارە باوەڕپێ نەکراوەی کە (فیۆ ئۆمێنێتۆ و دەیڤید کاپلان) و تاقیگەی ئاوریشم لە (تافتس) ئەنجامی دەدەن، نەک هاوکارییەکی ڕاستەقینە.
ئەمانە دەستیان لە ملیۆنێک شتی سەرسوڕهێنەردا هەیە، لێکۆڵینەوەکانیان زۆر بەخێرایی دەجوولّێت. من ویستم کاتێک

تەرخان بکەم بۆ ئەوەی بە قووڵی بیر لەیەک کۆنتێکست بکەمەوە، یەک سات لەڕێڕەوی ئەواندا بڕۆم و ڕۆڵی من تەنیا جێگیرکردنی فەزا و کەشەکە بوو بۆ ئەوەی لەنێو ئەواندا ڕەنگبداتەوە. زۆر بەمیهرەبانییەوە لەتاقیگەی ئاوریشم شیعرەکەیان هەڵبەست و منیش ئەوەندە دڵخۆش بووم، کە بەڕوونی و ڕاشکاوی بە ئەنجامەکانی پەرۆش و مەست بووم. (Priscilla Frank, **https://www.huffpost.com/entry/artist-**).

ئەمە لایەنێکی ئەم تێگیەشتنەیە کە چۆن لەپێناو نووسینی دەقێک سوود لە تەکنەلۆژیای نانۆ وەردەگرن، نەک نووسینی خودی شیعری نانۆ، هەرچەندە پێویستیان بە بچووکردنەوە و پارچە پارچەکردنی دەقەکە بۆ بچووکترین یەک دەبێت. بۆیە لەبارەی شیعری نانۆ دەڵێن "بریتییە لە ستایلێکی نوێی نووسینی شیعر، ئەو کاتەی تاکە بیرۆکەیەک واتە یەک بیرۆکە، کە لەگەڵ وێنەکانی سەر زەمین بچووک بووەتەوە. (https://www.booksie.com/709558-nano-poetry)

(عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا) لەپێشەکی دیوانە شیعرێکی (هاشم سەراج) نووسیویەتی:

"نانۆ وەك تەکنیکی شیعری چڕبوونەوە و ئاوێتەبوون و دەنگدانەوەی ڕەنگە جیاوازەکانی زمان دەنوێنێت، لەڕووی شیعرییەت و ئیستاتیکا و ماناوە پارێزگاری لە چێژی هەمەڕەنگی شیعری دەکات و لەگەڵ ڕۆحی شەفاف و جیاوازی سەردەم خۆی دەگونجێنێت. نانۆ شیعر یەکەی پێوانەیی ڕەهەندە جیاوازەکانی خەونی وشەیە بێ ئەوەی دەستە پیسەکانی مرۆڤی بەرکەوێت بەمانایەکی دیکە بەر لەوەی مرۆڤ

ئاراستەی پڕشنگەکانی دیاری بکات". (هاشم سەراج،٢٠١٢، پێشەکی دیوانە).
بەم پێناسەیە بێت چڕبوونەوە و ئاوێتەبوونی ڕەنگەکان دەگرێتەوە، پشت بەشیعرییەت و ئیستاتیکا و مانا دەبەستێت، لەگەڵ ڕۆحی شەفاف و خۆ گونجاندن لەگەڵ سەردەم. دەکرێت بڵێین لەم پێناسەیەدا ئاماژە بەئەرک و توانای زمان و تەکنیک و فۆرمی نووسینی نانۆ شیعر کراوە.
لەبەر ئەوە بۆ باشتر تێگەیشتن لەم جۆرە دەقە شیعریانە دەبێت ئاماژە بەهەندێک لێکدانەوە و پێناسەی دیکەدا بکەین، کە هەیشە ئەم جۆرە شیعرە دەبەستێتەوە بە چەمکی دیکەی وەکو مینیماڵیزم، پارچە پارچەکردن، تاکدێڕی، گچکە، بۆیە بەپێویستمان زانی بزانین مینیماڵیزم چییە. کە لەبنەڕەتدا شێوە دەقێکی هاوچەرخە و پتر بە گیانی فەلسەفە و دەربڕینی چڕ و کورتی دەبەستنەوە.

## مینیماڵیزم/ بچووکردنەوە / گچکەلیزم

ئەمە یەکێکە لەو دیاردە نوێیانەی لەبوارێکی تایبەت گواستراوەتەوە بۆ نێو ئەدەبیش. "مینیماڵیزم بە بەئینگلیزیی Minimalism **پێ دەگوترێت و** جووڵانەوەیەکی هونەری بینراو و بواری مۆسیقایە و لەکۆتاییەکانی ساڵانی ١٩٦٠دا لەشاری نێویۆرک سەری هەڵداوە. تایبەتمەندی ئەم جووڵانەوەیە نیشاندانی ئەوپەڕی سادەییە لەشێوە و ڕێبازی وشەیی و بابەتیدا"، هەروەها لەپێناسە و دەرخستنی فەلسەفەی

ئەم ڕەوتە هاتووە: "فەلسەفەی مینیماڵیزم بریتییە لە "کەمیش زۆرە". مینیماڵیزم بریتییە لەوەی بەخواستی خۆت، ئەو شتانە دووربخەیتەوە، کە سەرقاڵت دەکەن و وات لێ دەکەن بەوریاییەوە بڕیار بدەیت. هانی بەرەوپێش بردنی بەهای ئەزموون لەبارەی خاوەندارییەتی ماددیی دەدات، بایەخی زیاتر بەسەر کەرەستە واتابەخشەکاندا دەبەخشێت، لەجیاتی ئەو شتانەی تەنیا و تەنیا شوێن دەگرن. شێوازی ژیانی مینیماڵیزمییانە پێکدێت لەسەرنجی ناوەکی، گەڕان بە دوای هارمۆنی و گونجانی تاکەکەسیدا پێش ڕەزامەندی دەرەکی". (شاگوڵ فواد، (https://zaniary.com/blog/6506d61af1354/%D9%85%DB .

مینیمالیست کەسێکە حەزی بەوە نییە شتی زۆر هەبێت، ئاخر پێی وایە ئەگەر خاوەنی شتی زۆر بێت، ئەوا شتەکان دەبنە خاوەنی ئەو. ژمارە حەوت لای مینیمالیست بایەخێکی زۆری هەیە و حەز دەکات هەرگیز لە حەوت شت زێتری نەبێت. (ماکسێنس فێرماین) چونکە نووسەرێکی مینیمالیستە، ئەوە بۆیە لە ڕۆمانەکانیدا هێندە گرنگیی بە ژمارە حەوت دەدات، ئەوەتا لە (بەفر)دا کە هەم قارەمانەکەی شاعیرە و هەم ڕۆمانێکە لە شیعر، دەڵێت: (یوکۆ عاشقی هونەری بەفر و ژمارە حەوت و هایکوو بوو، لە تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە بەڵێنی دابوو، هەر زستانێک حەفتاوحەوت هایکو بنووسێت). (حەمە سەعید حەسەن، ٩ی ١ ی ٢٠٢٤).

بەواتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین ئەمانە لەتەک جەختکردنەوە لەسەر سادەیی و پوخت دەربڕین و گوتن، کار لەسەر نێوەڕۆکیش دەکەن. لەدەقی شیعریدا ئەمانە هەر تەنیا گرنگی بە فۆرمی شیعرەکە نادەن، کە ئامانجیان (کورت و پوخت و چڕ گچکە) نووسییە. ئەمە جۆرێک پەیوەندی بە (تاکدێڕی)ەوە هەیە، یان من ناوی لێ دەنێم (گچکەلیزم)، بەواتای ئەوەی ئەو کەسەی دەنووسێت، یان وێنە دەکێشێت، یان وێنەیەکی ئەندازیاری دروست دەکات، چۆن (وشە، وێنە، بیرۆکە، دەربڕینی مەبەست و ڕستە و شتەکان و کەلوپەلەکان) دەکوشن و بچووکی دەکەنەوە و ڕێبازێکی جیاواز لە (گچکەکردنەوە) نەک (گچکە نیشاندان)، گچکەکردنەوە و کەمکردنەوەی مەودای نێوان شتەکان دەکەن، نەک لەناوبردن و فەوتاندنی بەها و مەبەست و گچەکردنەوەیان بەشێوەیەک دەسەڵات و هێزیان نەمێنێت. ئەم ڕێبازی بچووک کردنەوەیە لە گچەکردنەوەی وشە و شتەکاندا، بەها و واتا و دەسەڵات و وزە و دونیابینی و وێنە و دەربڕینێکی گەورە و یەکجار فراوان دروست دەکەن، کە دێڕێک ڕەنگە بارتەقای چەند لاپەڕە و چەندین دێڕ بێت. یان شاعیر دەیەوێت ڕۆحی کتێب و دەق پێشکەش بکات، نەک ئەو شتانەی بەزیادیان دەزانێت.

(حەمە سەعید حەسەن) دەڵێت: " مینیمالیزم لە ئەدەبدا دەستگرتنە بە وشەوە و پشتبەستنە بە ڕستەی شیعری. نووسەری مینیمالیست درێژدادڕی ناکات، تەنیا ئەوە دەڵێت کە پێویستە بگوترێت و لێ دەگەڕێت، خوێنەر ڕۆڵێکی چالاک لە بواری تەواوکردنی چیرۆکەکەدا بگێڕێت. (ئارنست هەمەنگوای) و (سەمۆیل بێکێت) دوو نووسەری مینیمالیست بوون و شیعری

(عەزرا پاوەند) و (مەکسیم کارلۆس مەکسیم)یش دەکەونە خانەی ئەدەبی مینیمالیزمەوە". (حەمە سەعید حەسەن، هەولێر، ٩-١-٢٠٢٤).

لەبارەی (عەباس عەبدوڵلا یووسف) لە (نانۆ تاتۆ دەکەم)دا مینیمالیزمی شیعریی بۆ خوێندنەوەی ئەو واقیعانەی کە مرۆڤ بەگشتی و مرۆڤی کوردی بە تایبەتی لە خۆی نامۆ و تەنانەت نەیار کردووە بەکار دەهێنێت. ئەو هۆنراوەی تاکدێڕییانە هەم هەڵگری لایەنی جوانیناسانەی زمانین، هەمیش دەربڕی لایەنێک مەعریفی کە تێیدا پاژێک لەوجوودی مرۆڤ، ڕووداوێک لەجیهان، یان شتێک لەم گەردوونەدا زەق دەکرێنەوە و دەکەوێتە بەر سەرنج و تێڕامانی ڕەخنەگرانەی خوێنەرەوە. (عەبدولخالق یەعقووبی، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە ٦٤، شوباتی ٢٠١٤).

بۆیە لێرەدا ئەوەمان بۆ ساخ دەبێتەوە کە پەیوەندییەکی دیناماتیکی و کردەیی لەنێوان گچکەڵیزم و تاکدێڕی و پارچەپارچەکردنی دەق (فەلسەفی و ئەدەبی و شیعر و هونەری گوتار و وێنە و هێلکاریی و ... تاد) هەیە. ئەمەش لەنێو دەقی (نانۆ تاتۆ دەکەم) وەکو دیوانێکی تاکدێڕی و تایبەتمەند بەدیار دەکەوێت.

بۆیە بیرکردنەوە لە بچووکردنەوە و گچکەلیزم لە نووسین و گوزارشت و دەربڕین، وێناکردن و فۆرمی نووسین، بیرکردنەوە لە نانۆنووسی (مینماڵیستنووسی)، لە تاکدێڕیی، لە پارچەپارچەکردنی دەق بەشێوەیەک کە زۆرترین شت لە بچووکترین پێوانە و مەودا بنووسرێت. دەڵێن (مینیمالیزم ئامرازێکە یارمەتیت دەدات لەدۆزینەوەی ئازادیدا. ئازادی لە

ترس، ئازادی لە دڵەڕاوکێ، ئازادی لە نیگەرانی. ئازادی لەهەستکردن بە تاوان. ئازادی لەخەم، ئازادی لەتەڵەی ئەو کولتوورە بەکاربەرەی لەدەوری ژیانی خۆمان بنیادمان ناوە. مینیماڵیزم ئامرازێکە بۆ ڕزگاربوون لەزیادەکانی ژیانت و سەرنج خستنەسەر ئەوەی، کە گرنگە بۆ ئەوەی بتوانیت دڵخۆشیی، قەناعەت و ئازادی بدۆزیتەوە). (شاگوڵ فواد، https://zaniary.com/blog/650 ).

مەبەستمان ئەوەیە ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی پێویستە لەم سادەیی و بایەخ دانەی تەنیا بۆ فۆرم دروستی کردووە دەربازی بێت و لێکدانەوەی ڕەوانبێژیی و جواننووسی و پێگە و کەسایەتی نووسەر دەربچێت. بەشێواز و تەکنیک و میتۆدێکی سەردەمیانە دەق شی بکاتەوە.

لەزۆربەی ڕەخنەکان قسە لەسەر شێوەی نووسینی وشە و دەستەواژە و هەڵەی ڕستە و ڕێزمان دەکرا، ڕەخنەی نوێ قسە لەسەر ئەرک و شوێن و بەها و شیکردەنەوەی نێوەڕۆکی دەق و واتای شتەکان و دۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی وشە و ڕستە دەکات، پەیوەندییە نێوەخۆیی و دەرەکییەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان شی دەکاتەوە و نەک هەر ئەوە لەم سەردەمەدا ڕەخنە دەچێتە نێو ناخی بچووکترین یەکەی زمان و قسە لەسەر شتە هەرە دوورە نادیارەکانی نێو زمان و بەکارهێنانی خودی زمانەکە و مەبەست و شتە شاراوەکان دەکات.

# بەشی دووەم

# شیکردنەوەی دەقی "نانۆ تاتۆ دەکەم"

## تاکدێڕ و نانۆیە شیعر و مینیمالێزم

تاکدێڕی، یان زاراوەکانی (نانۆیە شیعر و مینیمالێزمە شیعر) بۆ ئەم مەبەستە ئەدەبییە بەکاردێت، کە ڕاستەوخۆ کەلکی لەبابەتە زانستییەکان وەرگرتووە و هاوشێوەی بوارە تەکنەلۆژییەکە ژانری شیعر خەریکی خۆ بچووکردنەوە و چڕکردنەوەیە لەمەڕ ئابووری کردن لەبەکارهێنانی وشە و پتر ڕۆچوونە ناو قووڵایی ماناکان. نانۆ شیعر هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوە چڕکردووەتەوە تاکو بەکەمترین وشە زۆرترین واتا بگەیەنێت، فۆرمە نوێیەکە دەیەوێت خوێنەر بەرەو قووڵایی مەبەستەکان ڕاکێشێت و بەدیارخۆیدا بیهێڵێتەوە. (کاوە عەلی مەردان،گۆڤاری ڕامان ژمارە٣٠٦ ). بە واتایەکی دیکە (شیعرێکی یەکجار ورد، گرەو لەسەر کورتبڕییەکی یەکجار کورت دەکات و ژمارەی وشەکانی پێنج وشەیە و پشت بەکردەوەیەکی چڕی ناو

زمان دەبەستێت و دەیەوێت دەوری خوێنەر لەهەموو لایەکەوە بدات). (کاوە عەلی مەردان، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٣٠٦)، بۆ زانیاری پتر بڕوانە (شاخەوان فەرهاد محەمەد، کورتیلە شیعر لە ئەدەبی هاوچەرخی کوریدا بە نموونەی دەقەکانی (قوباد جەلیزادە، لەتیف هەڵمەت، دڵشاد عەبدوڵڵا، ٢٠١٤، ١٧).

لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین ئەم بوارە بەمەبەستی جیاواز ڕەنگە لەنێو ئەدەبی کلاسیکیشدا بەکارهاتبێت، لە شیعری عەرەبی هاوچەرخدا ئاماژە بە بۆچوونەکانی (خەلیفە ئەلتالیسی) لەبارەی تاکدێڕی لە ئەدەبی عەرەبی دەکرێت، کە ساڵی ١٩٨٣ بەناوی (قصیدة البیت الواحد) بڵاوی کردۆتەوە و (غازی ئەلقصیبی) لە دیوانە شیعرییەکەی بەناوی (خیمة شاعیر) ساڵی ١٩٨٨ ئەم جۆرە شیعرەی نووسیوە و (ئەدۆنیس)یش ساڵی ٢٠١٠ دیوانێکی بەناوی (دیوان البیت الواحد) بڵاوکردۆتەوە. هەمان بیرۆکە بەبێ جیاوازی یەکتریان بینی و لەڕێگەی هەمان دیدگا و بۆچوونەوە تاقیکردنەوەی ئەم ئەزموونەیان کرد. ئەمەش بابەتێکی هێندە ئاسان نەبوو، بە گوتەی ئەلتەلیسی، ئەلقوسەیبی و ئەدۆنیس بوون لەنێو ئەو کەسانەی تێگەیشتنێکی باشیان لە شیعری عەرەبی و میراتی ئەدەبی هەبوو، هەروەها ئەلقوسەیبی و ئەدۆنیس لەنێو ئاسۆیەکی نوێدا شیعریان نووسی، بۆیە تێپەڕ بوونیان بەنێو یادەوەریی شیعری عەرەبیدا گرنگە، لەگەڵ دوو شاعیر کە ئەم یادەوەرییەیان لەتامەکەی و جوانکارییەکەی هەڵمژیی. (قصیدة البیت الواحد، https://www.aletihad.ae/article/11133/2012/).

ئایا بەڕاستی (شیعری تاکدێڕی تەنیا گەمەکردنە بە وشەکان و تێکەڵکردنی زاراوەکانە) (خليفة محمد التليسي، ١٩٩١، ٢٩)، یان بەکردەوە داهێنان و دەقێکی شیعریی تەواوە و لەدەقێکی درێژی چەند سەد، یان هەزار وشەیی کاراتر و کاریگەترە و هەمان وەسف و توانا و دەربڕین و وێناکردن و وێنەی شیعری لەخۆ گرتووە؟

واتە شارەزایی لە کەلتوور و شیعری کلاسیکی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و نەریت و زمانی کەسانی دیکە و پەند، زۆر گرنگە بۆ ئەو شاعیرەی بیەوێت لەنێو بیرەوەریی ڕابردوودا وەکو شارەزایەک بەرەو نوێخوازیی و شیعریی هاوچەرخ و تاکدێڕی و نوێبوونەوە هەنگاو بنێن. (ع. ع. یووسف) بەئاگایی و هوشیارییەکی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ پەند و قسەی سەرزاری خەڵکی و تانە و پلار و چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانێکی واتابەخشی چڕ و کورت و پڕ لە ڕەوانبێژیی لای خەڵکی ئاسایی دەکات. ئەو لە قسەی ئاسایی، قسەی پڕ واتای سەر زاری خەڵک، دەقێکی کورت و چڕ و پوختی تەژی لەواتای بە مانا و فۆرم و گوزارشت و گێڕانەوە و دەربڕینی نوێ بەرهەمهێناوەتەوە، ئەم شارەزاییە، شارەزاییە لە کەلتوور و نەریتی ئەوانی دیکە لەنێو کۆمەڵگە. نەک بەپێچەوانە ئەمە بە لاوازیی و بێدەسەڵاتی و پووچی دابنرێت. وەکو (ئارام سەدیق) دەڵێت: "شوناسی شیعریی عەباس عەبدوڵڵا یوسف هێندە لە وشەڕیزکارەوە نزیکە، هێندە لە شاعیرەوە نزیک نییە. ئەگەر ڕەخنەی کوردی هەبێت، ئەم وشەڕیزکارە بەناوی شیعرەوە ئەم دیوانانە پڕ ناکات لە وشەی

ڕیزکراوی بێتام و هەزیل، ئاخر گوزارشتێکی هەزیلی میللی وەکو "کاچوومادان"... ". (گۆڤاری شیعر، ژمارە پێنج).
بۆیە دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین، کە مەبەست لە نوێخوازیی تێکشکاندن و شێلان و قۆپاندنەوەی تەنیا فۆرم نییە، بەڵکو (شێواز و مەبەست و دیالۆگ و واتا و ویستی شاعیر و گوتاری دەق و گێڕانەوە و وێناکردنی وێنە هەستپێکراو و هەست پێ نەکراوە دەروونی و فکری و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکان دەگرێتەوە. لەم بارەوە قسە لەسەر تاکدێڕی نوێخوازانی عەرەب بەم شێوەیە کراوە: "لە کتێبی (خیوەتی شاعیرێک)ی ئەلقوسەیبیدا ئاماژە کراوە، کە ئەزموونەکانی ئەم دواییەی بەرجەستەکراوە، هەروەها لەچوارچێوەی هەمان چەمکدا، "یەک بەیت/ تاکدێڕی"، وەک ئاماژەیەک بۆ مانایەکی نوێ بۆ چەمکی وشەی شیعریی "بەیت/ دێر" وایە و لای ئەو ئەمە بەمانای تەنیا بەیتە قافیەدار و هاوئاوازەکان نییە، بەقەد ئەوەی مەبەستی مانا تەقلیدییەکەیەتی، ئەمەش بەیتەکە بە مانا شیعرییەکەی دەگرێتەوە".(https://www.aletihad.ae/article/11133/2012/).
لێرەدا مەبەست ئەم نوێخوازییە لە قافیە و ئاوازەی کۆتایی دێڕەکان گرنگترە، بە واتایەکی دیکە شاعیری نوێخواز دەیەوێت بەکەمترین پیت و وشە زۆرترین واتا و مەبەست و پەیام و لێکدانەوە و هەست و ئاگایی و هوشداریی و زانیاریی و پرسیار و گریمانە و نمایش و ڕیکلام و بڕیار و حوکم و سەرسوڕمان و کردەی ڕاپەڕاندن بگەیەنێت و کەشێکی هاوسەنگ لەنێوان خاوەنی گوتارەکە و وەرگرەکانی دروست دەکات. دەقی هاوچەرخ هەم کەرەستەکانی نوێیە، هەم شێواز و هەست و نەست و

تێڕوانین و زمان و فۆرمەکەشی بێگومان نوێیە و جیاوازە لەگەڵ فۆرمە باوە کلاسیکییەکان. ئەمەش هەر هاندەری بەرهەمهێنانی دەقی شیعری نییە، بەڵکو وا دەکات ڕەخنە و لێکدانەوەی خودی دەقەکەش بە میتۆدی نوێ دەربکەوێت.
(ع. ع. یووسف) دەڵێت:
# نەیانهێشت ببمە مێژوونووس، وتیان: لاوی! (٢٨)
# UN بەدوای ئەسپێیەک دەگەڕێ، خوێنەکەی بکاتە قوربانی ئاشتی گەلان و نایدۆزێتەوە. (٧٦)
# ژنەکەم بە تیلمە سواڵەتی سۆمەری، پانتۆڵمی پینەکرد. (٧٤)
# لەناو ئێستای هەتاهەتایە، ئایندەم ونکرا. (٧٣)

سەیری ئەم وێنە شیعرییە بکە (یو ئێن بەدوای ئەسپێیەک) دەگەڕێت، بۆ بەدیهێنانی ئاشتی. یان (گەنجە) بۆیە نابێت (مێژوونووس) بێت!. وێنەیەکی کاریکاتێری لەیەکەم و وێنەیەکی ئاسایی لە دووەمدا. بێگومان دەتوانم هەموو تاکدێڕێکی نێو دیوانەکە بە نموونە بهێنمەوە کە وشەکان و ماناکانی پووچ و بیرکردنەوە و وێناکردنەکان مایەپووچی و داتەپین و فۆرمێک نین لەپێناو فۆرمدا. بینە بەرچاوی خۆت کەسێکی هەژار کە پانتۆڵەکەی دڕاوە و کون بووە، ژنەکەی بە پارچە تاسوڵقە و پارچەی شکاوی دیزە و گۆزە و پارچە شووشە کە بریتییە لە پاشماوەی کۆنی کەلتووری سۆمەری بۆی پینە دەکات. ئەم بەیەکەوە بەستنە لەنێو ئەم وێنە شیعرییە جیاوازەدا و لەتەنیا یەک دێڕدا، تێگەیشتن و لێکدانەوە و گەڕانەوە بۆ مێژوو و

کاریگەریی کەلتوور و پاشماوەکانی سۆمەرییەکان و بەکارهێنانی لە سەردەمی ئێستای پێویستە.
چەقین لەنێو کاتدا، ونکردنی ئایندەیە. مرۆڤ هەنووکە چۆن لە ئایندە دەڕوانێت و ململانێ و لێکدانەوە و پێداچوونەوە تێدایە. ئەم گوزارشتانە دەتوانرێت بە چەند لاپەڕەیەک، یان پتریش شیکار بکرێن، بەڵام شاعیر وەکو هونەرکارێکی کارسەخت و بەپشوو، لەدیار ڕامان و بینە و بەردەیەکی زۆر و ئاڵۆزی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبریی و بەراورد لەگەڵ شتەکانی دیکە و هەست و نەستە قووڵەکاندا ئەم وێنە شیعرییەی دروستکردووە. ئەوانی دیکەش هەروان. لای من هەتا شتە (پووچ و ڕستە بۆش و بێ ناوەڕۆکەکانیش دەقن و شایەنی لێکدانەوە و لێ تێگەیشتنن). کاڤێک کورد وەسفی یەکێک بە (کەری دێزە دەکات)، ئەی ئەمە هەزیل نییە، پووچ نییە؟. لای من هیچ شتێک پووچ نییە، بەڵکو ڕێگا و فۆرم و شێواز و گوتارێکە بۆ گەیاندنی مەبەستێکی هەقیقی و واقیعی، یان خەیاڵی بە شێوەی (نوکتە، زمانێکی سادە، بەکارهێنانی وشەی نەگونجاو) بۆ وەسفکردنی (شتێکی جددی و زمانێکی پڕ و تەڕ لەمانا و دەرخستنی مەبەستێکی گونجاو).
لە گەڕان بەدوای ئەوەی تاکدێڕی شیعرێکی تەواوی پڕ واتا و وێنە و مەبەستە، دەگەڕێینەوە سەر بۆچوونێکی (خەلیفە موحەمەد ئەلتەلیسی) کە دەڵێت (شیعری ئێستا لەکردەی پیشەسازیی و پیشەیبوونەوە دەچێت، بەڵام شیعری کلاسیکی عەرەبی کۆن وەکو سەلیقە و خۆڕسک وابوو، ئەوەی ئێستا نزیکە

لەچەمکی هاوچەرخ لەبارەی ئەزموونی شیعری). (خليفة محمد التليسى، ١٩٩١، ٣١).
کێ یەکەمە و کێ دووەمە، کتێبەکەی کامە شاعیر یەکەم جار چاپکراوە، کێ یەکەم دەقی خۆی لەم بارەوە بڵاوکردۆتەوە، لای من گرنگ نییە، بەقەد ئەوەی کێ ئەم ئەزموونە دەئەزموونێنێت و دەبێتە خاوەنی ڕێچکەیەکی بێ پاشەکشە و پێداگرە لەسەر ئەوەی داهێنان و نوێخوازیی چەمکێکی شیاوە و شاعیر مرۆڤە دەتوانێت پێی بژیت و گەورە بێت و نێوبانگ باتەوە. با ئەم نموونەیە ئاماژە پێ بکەم نووسەری لیبیی (خەلیفە موحەمەد ئەلتەلیسی) یەکێکە لەوانەی کەم باسی کراوە، لەکاتێکدا ئەو بیست ساڵ پێش (ئەدۆنیس) کتێبی لەبارەی (تاکدێڕی) چاپ و بڵاوکردۆتەوە و دەڵێت ئەو کاتی خۆی دانەیەکی بۆ ئەدۆنیسیش ناردووە، بێ ئەوەی ئەو لە کتێبەکەی خۆیدا کە دواتر چاپی کردووە باسی بکات. کتێبەکەی ئەم نووسەرە بەناوی (شیعری تاکدێڕییە) دووجار لە لیبیا و میسر چاپکراوە. ئەم ئەزموونەی تەلیسیشی پەیوەندی بە ئەزموونی دوور و درێژی ئەوەوە لەگەڵ کەلتووری عەرەبی هەیە. ئەو پێی وایە لەبنەڕەتدا شیعری عەرەبی لەسەر بنەمای تاکدێڕی نووسراوە، کاتی خۆی کە شاعیرە عەرەبەکان یەکدێڕیان دەنووسی و بڵاویان دەکردەوە، هیچ کێشەیەکیان لە گوزارشت و دەربڕین تووش نەدەهات". (جیهاد فاضل، ١٢ نوفيمبر ٢٠١٦، https://www.alriyadh.com/1547156).
پێویستە بڵێم، کە تاکدێڕی، یان نووسینی شیعر بە پارچە پارچەی زۆر بچووک، یەکێکە لە بەکارهێنراوە شیعرییە

کۆنەکان، لەم سەردەمەدا بایەخێکی جیاوازی لەخۆگرتووە. ئەو هەر تەنیا بایەخ بەقووڵبوونە لەبواری فەلسەفە نادات، بەڵکو بایەخ بە کاتیش وەکو واتا و بزاوتن دەدات.
ئیتالییەکان کاریان کردووە بەکارهێنانی (کار/ فرمان) لەنێو ڕستەدا دوا بکەوێت، دۆخ و نیمچە ڕستە و هەڵبژاردنی دەستەواژە لەنێو کێڵگەی سروشتدا بەکاردەهێنن، کەمتر پەناو وەبەر ڕەوانبێژی دەبەن و بایەخ بە پەند وحیکمەت و تێڕامان دەدەن.
لەنێو ئەدەبی جیهانیدا تاکدێڕی لەلایەن (نیتچە و ئیمیل سێروان (١٩١١- ١٩٩٥) و ڕۆلان بارت و فەرناند و بیسوا و مۆریس بلانشۆ) بایەخی زۆری پێدراوە. (https://www.independentarabia.com/node/290851/%).

من شتێکی دیکە لێرەدا بۆ ئەم باسە زیاد دەکەم، کە هەندێک پێیان وایە ئەگەر "پەنا بردنە تاکدێڕی لای (سێوران) تەمبەڵی بێت". (ظاهرة كتابة الشذرات من نيتشه الى كانيتي، مجلة نزوى، عمان، مسقط، ١ يناير ٢٠١٤، https://www.nizwa.com/%D8%B8%D8%A7%D9 ). ئەوە لای من پەنابردنە بەر تاکدێڕی لای (ع. ع. یووسف) ڕەنگە پەیوەندییەکی پتەوی بە (ترسەوە) هەبێت. ترس لە سیاسەت و حزبایەتی، ترس لە کۆمەڵگە و لە دەوروبەر و لە مرۆپشکە دووپشک ئاساکان. ئەو دەڵێت "من لەڕاستیدا هەمیشە هزری سیاسیم هەبووە، هەر ئەوەندەیە لەدڕندەیی دەسەڵاتی سیاسی ترساوم. بەڵێ هەوڵمداوە خەڵک نەچێتە بەر خزمەتی

سەربازیی، یان بەلای سیاسەتی دەسەڵاتدا نەچێت، بەشێک بووە لە تێگەیشتنی مەعریفەی سیاسیانەی من، ئەمە جگە لەوەی من ئینتمای سۆسیالیستی و مارکسیم هەبووە، ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، تا ئەو ڕادەیەی، کە عەبەسیەت و فرۆیدییەت و بوونایەتیم (وجودی) و چەندین ڕێچکەی نوێخوازی تێکەڵی یاخیگەرێتی سیاسی کردووە". (گۆڤاری دیوان، تەمووزی ٢٠٢٣).
یان دەڵێت "من لە دەسەڵات زۆر ترساوم، چونکە زۆر دڵڕەقانە و دڕندانە مامەڵەی دەکرد، بۆیە من پێم وابوو چوونە دەرەوە و شاخ و بەرەی هێزی چەکداریی، هی پیاوی ئازا و نەترس و پیاوی خۆڕاگرە". (گۆڤاری دیوان، تەمووزی ٢٠٢٣).
بۆیە شاعیر دەڵێت:

# هێشتا دەرەوەی سەر، لەمێشک بە مێشکترە. (٢٩)
# کە بازاڕ وایە، شێر ناچارە کا بخوات و ناچاریشە هەندێکی لێ کاوێژ بکاتەوە. (٢٨)
# ژووژک بالیفمە، گێوژ خۆراکمە، بیریشم لە رووخانی دەسەڵاتی بەغدا دەکردەوە. (١٤)
# لە زیندەخەودا، دەستم لێقرتا، لە خەونیش پێم. (٢٧)

لەتەک هەر ئازایەتییەک ترسێک هەیە، وەکو چۆن لە نێو هەر خۆشییەک، ناخۆشییەکیش هەیە. مرۆڤ لەنێوا پۆزەتیڤ و نێگەتیڤدا بیر دەکاتەوە چی بکات و چۆن بێت و چۆن هەنگاو بنێت. ترس یەکێکە لە فشارە دەروونییە بەردەوامەکانی کۆمەڵگەی ئێمە. شاعیر بۆیە هێندە بەچڕی قسە دەکات و

شیعرێکی درێژە لە تەنیا چەند وشەیەکدا پوخت و چڕ دەکاتەوە، ڕەنگە پەیوەندیی بەو ترسە بەردەوامە ئەزەلییەی بوونایەتییەوە هەبێت. مرۆڤ هەمیشە ترساوە، بۆیە بیری کردۆتەوە، بیرکردنەوە لە دەربازبوون لەگەمارۆ و فشارەکان.

هایکۆ و تاکدێڕی

گەلێک لە ڕەخنەگران (هایکۆ) و (تاکدێڕی) لە ئەرک و پەیام و شێواز و کورتگوتندا بەیەکەوە دەبەستنەوە. ڕەخنەگرە عەرەبەکان ئاماژە بە (هایکۆی) ژاپۆنی و کاریگەریی لەسەر دەقی (تاکدێڕی) دەکەن. "کورتە شیعر سوودی لە هایکۆی ژاپۆنی وەرگرتووە، ئەمەش هۆکاری هەبووە و وەکو مێگز (مزاج) و عەقڵیەت و سروشتی کاری شیعریی و سروشتە دیارکراوەکانە، شیعری کورت و بروسکەشیعر، هەموو دیاردە هەنووکەییەکانی شیعر. درێژی دەقەکەش لەنێوان ٥ تاکو ٥٦ وشە دانراوە، ڕەنگە لەڕووی هونەرییەوە هەندێک لەچەمکی تاکدێڕی شیعری دەربچن، بۆیە ڕەخنەگران لەنێوەخۆیان بیروڕای جیاوازییان لەبارەی بروسکە شیعر و شیعری تاکدێڕیی هەیە. ئایا دەکرێت لە ٤٠ وشە تێپەڕێت؟ ئایا وشە چییە، ئایا ئامرازەکانی پەیوەندیی و پرسیار و بەیەکەوە بەستن دەچنە خانەی ئەم ژمارەیەوە؟"). (فراس حاج محمد، ٣١ تموز ٢٠١٥، https://www.addustour.com/articles/100266-%D8 ).

لەکاتێکدا (ع. ع. یووسف) کە ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمەیە دەڵێت: تاکدێڕی ستایلێکی تایبەتە بەخۆم، یان لانیکەم کەس بەو ستایلەی من ناتوانێت بنووسێت، کە لەکورترین هەناسەی شیعریدا زۆرترین مانا ببەخشێت، ئەمەش بواری گفتوگۆی تێدایە

و ئامادەم سەرپێی کۆمەڵێک دێڕ بۆ یەک زیاد بکەم و پاشان هەموو زیادەکان فڕێ بدەم. (گۆڤاری دیوان، ٢٨ ئەیلوولی ٢٠٢٣).
لەمەدا بۆمان دەردەکەوێت شاعیر خۆی بەخاوەنی ئەم شێوازە دەزانێت و لێی پەشیمان نییە، یان کەسێکی دیکە بەهەمان ستایلی ئەو شیعری تاکدێڕی نەنووسیوە، ئەو ناڵێت کەسی دیکە تاکدێڕی نەنووسیوە، بەڵکو کەس بەم ستایلەی ئەو نەینووسیوە. خاوەنداریێتی لەدەق، لە تەکنیکی هاوچەرخ گرنگە. ئەو لە (کورترین هەناسەی) شیعریدا، یان لە گچکەترین و شیعری بچووکدا (زۆرترین مانا) دروست دەکات، چۆن؟
شاعیر دەڵێت:

# چاوەڕوانی خۆمم. (٢٤)

بیر لەم وێنە شیعرییە هەر کورتە بکەنەوە، شاعیر/ نێرەر، یان ئاخێوەر و خودانی گوتارەکە خۆی قسە لەبارەی خۆی بۆ ئێمەی خوێنەر/ وەرگر دەکات. ئاماژە بە دۆخی فکری و دەروونی و دۆخی خۆی دەکات، کە جاوەروانی خۆیەتی بۆچی؟ لێرەدا مەسەلەکەی وەکو پرسیار جێهێشتووە، وایکردووە منی خوێنەر بیربکەمەوە و بپرسم، ئەرێ بۆچی ئەو چاوەڕوانی خۆیەتی. ئایا دەیەوێت (حوکم و بڕیارێکی گرنگ بدات)، (لە بڕیار و حوکمێک دوا کەوتووە، بۆیە خۆی چاوەڕێی گەیشتنی خۆیەتی). ژمارەیەک کردە قسەی وەکو (چاوەڕوانی تێدایە)، (ئاگادارکردنەوەیە) و (هوشداریی)ە، (وەسفە)، بە(ئاگا هێنانەوەیە).
# وێنە مێیە، پەراوێزی نوسراویش نێرە. (٢١)

# زامەکە دەبرووسێنێ، دختۆریش پێمدەڵێ: چارە لە دەست فیتەرچییانە. (١٨)
# میکرۆبێکی دەسکرد لە مێدیا ڕایگەیاند: مرۆڤینە کێوە دەچن، هەر قڕتان دەکەم. (٥٥)
# ئاو لەناو ئافرەتان مەلەوانی دەکات. (٧٥)

نووسەرانی عەرەب لەبارەی پەیوەندی نێوان هایکۆ و تاکدێڕی بۆچوونەکانیان بەم جۆرە کورت کردۆتەوە، کە ئەوە تاکدێڕیانەی سوود لە هایکۆ وەردەگرن، لەنێویدا خۆی قەتیس ناکات، وەکو بوارێکی هەمەجۆر و کراوە خۆی دەنوێنێت بەرەو یەکێتی تێڕوانین ناگەڕێتەوە، وا لەناسنامەی قسەکردنەکانی لەنێو گوتاردا دەکات، کە پەڕینەوە بێت لەڕێگەی جیاوازیی و فرەیی. (عبداللطیف الورارى ، ٤ نوفمبر- ٢٠١٨، .(https://www.alquds.co.uk/%D8%A7%D9%84%D9%%

ئەم جۆرە شیعرە لەسەر یەک تێڕوانین و یەک وێنا و هێما و نیشانە ناوەستێت، بەڵکو بەرەو فرە واتایی و فرە وێنە و خەیاڵ و لێکدانەوە هەنگاو دەنێت. من لەنێو هایکۆ و نیشانە شیعرییەکانی نێو دەقی شاعیر (لێکدانەوە دەبینم) کە ئەمەش پەیوەندی بەکردەی (تێگەیشتن و تێڕوانین و عەقڵ و فەلسەفە و فەلسەفاندنی دیاردە و ڕووداو و شتەکانەوە) هەیە.

شاعیر دەبێژێت:

# شای دارستان گازاندی: گەلێک.. گەلێک لەمن زیاتر، مرۆڤ مامزی قڕ کردووە. (٤٦)

# مرۆڤە، بی ئۆکسجین نازی، مێدیاش، بێ تیفتیفە و بەهارات. (٤٦)

# ئەلکاراڤاجۆ بە پێڵەقە بۆدلێری خستە ناو ژێرزەمینی شیعرەوە، (پۆ)ش پشیلەیەکی ڕەشی پێبەخشی. (٢٠)

# لەناو چەقی ئۆقیانۆسدا کەشتیەکە بووە هەڵم، وەمزانی وەکو تایتانیک خنکا. (١٥)

# ئامێرێک نۆهەت و نۆ پرسیار دەکات، مرۆڤیش لە نۆهەت و هەشت ڕەتناکات. (١٥)

(ڕۆلان بارت) ئاماژەی پێکردووە بێ گوێدانە بنەمای هایکۆ، ئەو ژینگەیە تاکدێڕی دروست دەکات، کە لەنێو دڵی نووسینی تاکدێڕیدا دەبێت و بۆیە دەڵێت "بیرۆکەیەکی دەوڵەمەند نابێت، کە لەفۆرمێکی کورتکراوەی زۆر کورتدا شتەکان کورت بکرێنەوە، بەڵکو خودی شتەکە ڕووداوێکی کورتە، کە یەکسەر فۆرمێکی گونجاو بۆخۆی دەدۆزێتەوە". (عبداللطیف الوراری، https://www.alquds.co.uk/%D8%A7%D9%84%D9%83%D8%A ).

لە نموونەی شیعری (ع. ع. یووسف) لە ڕووداوەکان بەکورتی دەگیرێتەوە و ناچێتە نێو درێژدادڕی هیچ یەکێک لە بابەت و بەسەرهات و چیرۆکی ئاماژە پێکراوی نێو دەقە شیعرییەکە. لەوانە :

(تایتانیک)، (تراژیدیای یۆنانی و فیلمی هیندی)، ( ڕێویەکانی شاستانی میکاڤیل)، شەڕی گۆگمێلا) و (ناونانی مندالانی هەولێر بە ئەسکەندەر)، (مالتۆس) و (حاجی قادری کۆیی) و (ئەفلاتوون)

و دەیان نموونەی دیکە کە هەموویان خاوەنی چیرۆکی تایبەت و گشتین، لەشێوەی ڕووداوگەلێکی کورت و پوختدا ئاماژەی پێکردووە، خوێنەر/ وەرگری دەقەکە دەبێت فکریان لێبکاتەوە و ساخیان بکاتەوە و شیکاری هەر یەکێک لەم رووداو بابەتانە بکات، کە دەقنووس بە کەس و شت و بابەتەکانی دەبەستێتەوە.

شاعیر و تاکدێڕی

نازانم ئەمە پرسیارێکی نالۆژیکییە، یان خەیاڵە و لەئەنجامی خوێندنەوەی دەقی (عەباس عەبدوڵلا یووسف) لام دروستبووە، یان لەڕاستیدا بۆ خوێندنەوەی دەقەکان دەبێت ئەم پرسیارە وەکو گریمانەیەکی پێویست بخەینە ڕوو، ئایا بەڕاستی دەیەوێت لە ڕوانگەیەکی فەلسەفی پشت ئەستوور بە ڕۆشنبیریەکی جیهانی دەوڵەمەند و فرە ڕەهەند شیعری تاکدێڕی بنووسێت، کە ئەو ئەمڕۆ یەکێکە لە شاعیرە نوێخوازە دیارەکانی کوردستان، پێویستی بەم جۆرە پرسیار و لێکدانەوە نییە؟. یان دەبێت پێشگریمانەی خۆمان بۆ دەقەکانی بەکاربهێنین و بڵێین ئەو دەقەکانی لەنێو کێڵگەیەکی دەوڵەمەند و پڕ بەرهەمی یۆنانی و ئەوروپایی و کەلتووری کوردی بەرهەمهێناوە و ئەم مەعریفە پێشوەختەی ئێمە لەبارەی توانا و سەلیقە و لێهاتوویی شاعیر هەمانە بەسە بڵێین ئەو داهێنەرە و پشت ئەستوورە بە زانیاریی و مەعریفەیەکی مرۆیی پتەو کە زەوییەکی بەپیتە بۆ نوێبوونەوە و بەرهەمهێنانی دەقی هاوچەرخی نوێ بەهەموو واتایەکەوە، بۆیە وا دەنووسێت و هەمیشەش بەدوای تەکنیک و ستایلی نوێتر و نوێتردا دەگەڕێت.

لە حەفتاکانەوە شیعر بەشێواز و چەمک و واتا و مەبەستی جیاواز دەنووسێت، ئەو شیعر لەنێو زمان بەرهەم دەهێنێت، نەک لەنێو شیعردا زمان بەرهەم بهێنێت، لە کردەوەدا ئەو زمان وەکو فکر و واتا و مەبەست و کردار سەیر دەکات. لەزۆر بواردا لەپێش ئەوانی دیکە (بیر لەشتەکان نوێکان دەکاتەوە) و (لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان بە گوتار و قسەکردن ڕۆشنایی مەعریفی و دەستپێخەریی و ڕانانی بۆچوونەکان، شتە نوێکان کە پێچەوانەی زۆرینەیە دەخاتە بەردەم ئامادەبووان). ئەو هەمیشە (لەڕوانگەیەکی فکری و فەلسەفەیی، بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە فکرییەکانی دونیا و دۆزینەوەی واتا و مەبەستی کوردی لەنێو زمانی کوردی، زمانی خەڵک، زمانی جادە و زمانی گوندنشینەکان دەئاخڤێت). (ع. ع. یووسف) درەنگ شتەکانی دەخاتە سەر کاغەز و چاپیان دەکات، ڕەنگە ئەمەش ببێتە هۆکار بۆ ئەوەی بێژن، دوور نییە ئەمە ببووبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئەوانی دیکە لە هەندێک نمایشدا پێش ئەو بکەون. لەڕاستیدا من وەکو ڕکابەریی و راکردن بۆ بەزاندنی یەکتر سەیری دەق و بەرهەمهێنانی دەق ناکەم، رەنگە دوایین کەس، داهێنانێکی بێ وێنەتر لەوانی دیکەی پێشەخۆی بکات. دەق کات و سنوور و شوێنی نییە.

شاعیر لەبارەی تاکدێڕی دەڵێت:

# لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم تاکدێڕە، مرۆڤی هەمیشە بێدار دەخولقێ و کۆتایی بە شەو دێت. (٢٧)

# وێنەی بەرگ گشتی لە مێشکی نام، ئیدی ئەو (٤٠٠) لاپەڕە کتێبە بۆ بخوێنمەوە؟! (٣)
# نێوان تاکدوویی و کۆدوویيم، پەڕێکی کلینکسە. (٣١)
# لە جەنگنامە، تەنیا دوا دێڕی لێبخوێنەوە. (٣٢)
# لەسەر ئەم زەمینە ناشیعرانە دەژیم و هۆنراوەی بنوو دەنووسم. (٣٢)

(ع.ع. یووسف) دیوانێکی شیعری بەناوی (نانۆ تاتۆ دەکەم) کە ١١٧ لاپەڕەیە و ٨٦٠ تاکدێڕی شیعری لەخۆ گرتووە، لەساڵی ٢٠١٣ لە هەولێر چاپ کردووە. (هاشم سەراج)یش بەناوی (شیعری نانۆ) ساڵی ٢٠١٢ دیوانێکی شیعری لە هەولێر چاپکردووە. بۆ زانیاریی پتر و لێکدانەوەی هەندێک لەلایەنەکانی شیعرەکانی ئەم دوو شاعیرە بڕوانە (کاوە عەلی مەردان، گۆڤاری ڕامان، ٦٣- ٧٢).

"دەقی شیعری تەنیا فۆرمێک، یان شێوازێک نییە، بەڵکو ئەو ناوەڕۆکەیە کە لەنێو خۆیدا هەڵیگرتووە و بریتییە لەڕەنگدانەوەی فەلسەفەیەک، یان تێگەیشتنێکی تایبەت لەبارەی خود و نووسین و زمان و جیهان لەشێوەی ڕۆحێکی پارادۆکس. بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانە و زەق و بێباکانە لەنێو ژیانی هاوچەرخی پارچەپارچەکراومان وەستاوە". (عبداللطيف الوراري،

.(https://www.alquds.co.uk/%D8%A7%D9%84%D9%

ئەمە تێگەیشتن و لێکدانەوە و شیکردنەوەیە. وەکو چۆن دەق لەسەر بنەمای تێڕوانین و گۆشەنیگای فەلسەفیی و فکری ڕۆ

دەنرێت، ڕەخنەش بێ فکر و لێکدانەوە بێ تێڕوانین و خوێندنەوە بێ تێگەیشتن ناتوانێت لە شیعری تاکدێڕی و دەق بگات.
(فریدریک نیتچە ١٨٤٤- ١٩٠٠) کە یەکێکە لە فەیلەسوفە هەرەگەورەکانی دونیا، تاکو ئێستاش قسە لەسەر بۆچوون و تێڕوانین و لێکدانەوەکانی دەکرێت، تاکدێڕی شیعری، یان تاکدێڕانە مەبەستەکانی خۆی دەربڕیوە. بۆیە ئەوانەی لەبارەی ئەو قسە دەکەن، پێیان وایە "وتەی ژیرانە، تێکەڵکردنی گاڵتەجاڕی و زەقبوونەوە، حیکمەت و گەمژەیی دەروونی لەگەڵ ڕۆحێکی شیعریی فراوان" . (احمد هاشم الشراهنة، العدد ٧-٨-٩ لسنة ١٩٩٧، ٢٨)، تێکەڵ کردووە و تاکدێڕیەکانی پێ نووسیوە.
ئەگەر بەراوردێکی خێرای شێواز و ستایل و نێوەڕۆکی تاکدێڕییەکانی (ع. ع. یووسف) بدەین، ئەم جۆرە تەکنیکە پەیڕوەی کردووە، لە یەک کاتدا دەتوانرێت بڵێین (قسە و وتنەکانی دەکرێت، ژیرانە و حیکمەت و قسەی نەستەق و گاڵتەجاریش بن، یان ئاشکراکردن و بەدیارخستن و شاردنەوەش بن، لەتەک لۆژیک دەکرێت گەمژەییەکی دەروونی بە شێواز و گیانی شیعریی بێت.
لەبەر ئەوە دەتوانین لەپەیوەندی نێوان تاکدێڕی و نانۆ و گچکەنووسی (ع.ع. یووسف) ببێژین کە " لەشیعری ئەودا سیحر هەیە، بەڵام هەمیشە ئەو سیحرە بە دەزوێکی باریک بەواقیعی ئێمە بەستراوەتەوە، هەموو ئەو وتار و سەروتار و ئینشایانەی کە دەیەها گۆڤار و چلەها ڕۆژنامەی کوردی سەری خەڵکی پێ دەیەشێنن، لە ڕستەیەکی کورتی شیعری عەباس کورتکراوەتەوە، هەموو ئەو فەردە شیعرە بێ ئیستیفادانەی لەسەر هەڵەبجە و

ئەنفاڵ دەنووسرێن لەدێڕێکی شیعرێکی مامۆستا عەباسدا جوان کراون، ئەو لۆرییە شیعرانە ناکەنە دێرێک کە جوانی و نەمریی بەرهەم هێناوە". (تەڵعەت تاهیر، پاشکۆی کوردستانی نوێ، ئابی ٢٠٠٩ ).
(عەباس عەبدوڵلا یووسف) بەشێوازێکی نوێ شیعر دەنووسێت، کە پێی دەگوترێت تاکدێری، هەوڵ و داهێنانێکی نوێیە لەبواری شیعردا. شاعیر دەڵێت: من ماوەیەکی زۆرە بە تاکدێڕی شیعر دەنووسم، تاکو ئێستا ٨٠٠ دێرە شیعرم لەم بوارەدا نووسیوە، پێم شیعری تاکدێڕیی بریتییە لە شیعری کورت، شوێنی شیعری درێژ دەگرێتەوە، ئێمە زۆر جار شیعری درێژ دەخوێنینەوە ڕەنگە تەنیا چەند دێڕێکی تێدا بێت، جیهانی شیعر لەگەڵ گۆڕانی تەکنەلۆژیا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چەمکەکانی ئێستا پێچەوانەی ڕابردووە، بەڵام بیرۆکەکە هەر ماوە. (زید محمود، ٤-٢-٢٠٢١

.(https://pukmedia.com/AR/details/?Jimare=154036
شاعیر چۆن تەکنەلۆژیا و بابەتی زانستی و ئەو گەشەکردنە نوێیە لەنێو دەقە تاکدێڕییەکانی بەکار دەهێنێت و وەکو بیرۆکە و وێناکردن و بابەتێکی بچووکراوە، بە پشت بەستن بەڕێبازی گچکەلیزم شتەکان هێندە چڕ دەکاتەوە، پێویستت بە وردبین و قووڵبین و چڕبینینەوە دەبێت.
# ئورووپی، هەوکە خەون نابینن، خەون خۆی حەز دەکات خەون بەوان ببینێ!. (٥)
# ئافەرین پاسکل، بابی ترومبێلیش ناتگاتێ. (٧)
# ئەنتەرنێت لەشار شارترە، بە گلۆپترە بە ئۆینترە!. (١٥)

# هۆڵەکە شووشەیە، بەرگی سەماکەرانیش هەر شووشەیە، ئەوجا لەشی ڕووتم لێ نەدیتن. (١٩)
#کەریش ئابووریناسە و دەڵێ: زەڕین کانگەی زێڕە. (٢٠)
# هۆ میکرۆبی ڕەوشتخواز، لە ئێتیکی فەلسەفەی سەدەی ناوەڕاست دانا و خەمخۆرتری. (٢٣)
# کارەبای ناو مووی سەرم بووە برادەری کارەبای ناو کۆمپیۆتەر، کەچی خۆم ساڵێکە دەگەڕێم، برادەرێکی ناو ئەنتەرنێتم نەدۆزییەوە. (٣٠)
# بە پارچە موگناتیزی کۆنە ڕادیۆیەک، بە پێداهێنان هەرچی پەیکەری جەستەدار هەبوو، کردمن بە ڕیلیف. (٣١)
#باڵندەکانیش سنووقی ڕەش هەڵدەگرن. (٣٧)
#ئەهێو... تڕهێو... مرۆڤ بە ON و OF ئێش دەکات. (٣٩)
#عوووج پەیامی خۆی دا بە گووووگل. (٤٧)
#لە ژمارەنامەی مۆبایلەوە، تووڕە و توند، ژمارەیەکم هەڵبژارد و لێمدا، لەو سەر بۆقێک بە پێکەنین وەڵامی دامەوە. (٤٥)

ئایا بەڕاستی ئەم جۆرە شیعرە سوکایەتییە بەشیعر، یان بەکردەوە بریتییە لە داهێنان و شێوازێکی هاوچەرخە و پەیوەندیی بەپێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و (خێرا و چڕ گەیاندنی مەبەست و پەیام)ەوە هەیە. لەزمانی ئینگلزی ( VERSE) (بەیتە شیعر، یان دێڕە شیعر) بەم جۆرە وەسفکراوە: "بەیت وشەیەکە لەبنەڕەتدا بۆ وەسفکردنی یەکدێڕی شیعر بەکارهاتووە، بەڵام ئەمڕۆ بەشێوەیەکی بەرفراوانتر بەکاردێت. ئاماژەیە بۆ یەکدێڕ، بڕگەیەک، یان تەواوی شیعرەکە. دەکرێت

بڵێین شاعیران "شیعر دەنووسن"، یان تەنیا "یەک دێڕە شیعر" سەرنجڕاکێشە، یان تەنانەت "دێڕی دووەم"ی شیعرێکی دیارکراو دەخوێننەوە. هەندێک جار وشەکە بەشێوەیەکی سووکایەتی پێکردن بەکاردەهێنرێت". (Edward Thomas, /https://poemanalysis.com/definition/verse).

لەوەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە شاعیری هاوچەرخ دەیەوێت زۆرترین مەبەست لە کەمترین وشە و تەنیا یەک دێڕدا چڕ بکاتەوە، گوزارشتەکانی بەرەو فۆرمی فەلسەفە وگیانی شیعر و دروستکردنی واتای فرە ڕەهەند و فرە گوزارشت دەچێت. گوتارێکی مەعریفی، کردە قسە و پراگماتیکییە لەپێناو ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی هەمەلایەنە.

(ع. ع. یووسف) لە شیعرە تاکدێڕییەکانیدا (فەلسەفە و فکر و گوتەی بەنرخ و کەلتوور و کردەقسە و ڕاپەڕاندنی کارەکان بە وشە و نوێکردنەوەی زمان و دەستەواژە و بەستنەوەی هەموو شتێک بە پێشخانێکی مەعریفی و مێژوویی و کەلتووری ڕۆناوە، ئەو وشەیەک دەبەستێتەوە بەپرۆسەی کۆمەلایەتی و ئابووری و دەیان و بگرە سەدان ساڵ بەر لە ئێستا.

شاعیر دەڵێت:

# ئەفلاتوون سمێل و ڕدێنی تاشیوە و بەدوا مۆدێلی قژ و قاتەوە هات، ڕایگەیاند: لەوی پەشیمانم، (ئێستا نموونە) بەرزەم گواستۆتە سەر خاک. (٢٥)

# وەجاغکوێری خەلاتیکی شایستەیە، ماڵتۆس دابەشی دەکات. (١٩)

#کاستەر خۆشە، کاسترۆ خۆشتر. (٣٧)

# حەزت لە جەنگی سارد بیت، خۆت بکە هاری پۆتەر. (٤٥)
# لێگەڕی با ئەفلاتوون و ئیبن ڕوشدیش بکرێنە بووکەڵەی منداڵان، منالی ئێستا زۆرزانن! (٥٣)
# بە فیتی هتگتۆن مریشک و فریشتە بەشەڕدێن؟! (٧٤)
# ئەرستۆ خۆی بە لیکاوی شێتان دەشوات و بیر لە گۆڕینی نەسێ دەکات. (٦٠)
# بە فلچە و بۆیاغەوە چوومە ناو ردێنی مارکس و تاڵ تاڵ مووە سپییەکانیم بۆ ڕەشکردەوە. (٦٠)

شاعیری ئینگلیزیی (کۆڵدج ١٧٧٢- ١٨٣٤) لەبارەی شیعر دەڵێت: (شیعری درێژ، هیچ مەرج نییە هەموو هەر شیعر بێت). (خلیفة محمد التلیسی، ١٩٩١، ٢٧). ئەم بیرکردنەوەیە لای (ع. ع. یووسف)یش هەمان شت دەگەیەنێت، کە هیچ مەرج نییە شیعرێکی درێژی چەند لاپەڕەیی هەر هەمووی (وێنە و مەبەست و توانا و تەکنیک و واتای شیعریی) تێدا بێت، ڕەنگە تەنیا یەک (وێنە وێنەیەکی شیعری بێت، تەنیا یەک دێری شیعر بێت، ڕەنگە تەنیا دوو وشە، یان چەند وشەیەکی هەست و تەکنیکی شیعری تێدا بێت، ئەوی دیکەی قسەی ئاسایی سەر زاری خەڵک بێت).

بۆیە (دیارکردنی لایەنی مانایی و جوانیناسانەی ئەو چەشنە ئەدەبیاتی لە هەرادانە بوو کە عەباس عەبدوللا یووسف لە کتێبی "نانۆ تاتۆ دەکەم"دا لە قاڵبێکی مینیمالیستانەدا (واتە هۆنراوەی تاکدێڕی) خوولقاندوویەتی. (عەبدولخالق یەعقووبی، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، شوباتی ٢٠١٤).

ئەم ئەوەمان بۆ ساخ دەکاتەوە تاکدێڕی گوتنی شتێکی زۆرە لە مەساحەیەکی بچووکدا، گێڕانەوەی بەسەرهاتی سەدان ساڵە لە تەنیا یەک چرکەدا، یان گوتنی چیرۆکێکی درێژە بە چەند وشەیەک و کۆکردنەوەی چەندین وێنەیە لەیەک وێنەی بچووکدا، بەکارهێنانی یەک وشەیە بۆ دروستکردنی چەندین واتا (فرە واتاییە). ئەوانەی دێری ئازاد و دەقی ئازادی شیعر دەنووسن باش دەزانن و"هەست دەکەن دێڕی ئازاد ئامێر و کەرەستەی تایبەتی خۆی هەیە و لەدەرەوەی کێش و قافیەدا وەک هێمای خاڵبەندی، دێڕشکێن و وشەسازی بەکاردەهێنرێن، ئەمەش وا دەکات بەهەمان جۆری شێوازەکانی دیکە فۆرمێکی شەرعی شیعری دروست بکەن". ( 48 OF THE BEST FREE VERSE POEMS FROM CONTEMPORARY POETS, .(https://bookriot.com/best-free-verse-poems

لە شیعری هاوچەرخی ئیتالیدا کە (ئۆنگرتی) شاعیر بەم شێوازە نووسیویەتی لە دیوانی ( ژیانی مرۆڤ)دا، شیعری هەیە ناوونیشان و کاتی نووسینی شیعرەکە و لەگەڵ خودی شیعرەکەی تەنیا دوو وشەیە. لەمەشدا کردەی چڕکردنەوە و تەرکیزکردنی بەکارهێناوە، بۆ نموونە لە شیعرێکیدا کە تەنیا ئەم چەند وشەیەیە دەڵێت: (بێ کۆتایی ڕووناکبکەرەوە). (خليفة محمد التليسي، ١٩٩١، ٢٦).

چەند نوومەنیەکی دەقی زۆر کورت لای شاعیر:

#ئاوێنەش خاپینۆکە. (٦)

#ئەویم خۆمە، ئێرە ناخۆمە. (٦)

# یۆتۆبیاش هەر دۆزەخە. (١١)
# حەوا بەماکیاجەوە خولْقاوە. (١١)
# چاوەنۆڕی خۆمم . (٢٤)
# خویّ لە دەریاش نەماوە.(٣٣)
# ئەسپ ژنە، ماین ژنترە! (٦٠)
# ئاسیا، ئاسیایە!. (٦١)
# جیوەش دیالکتیکە. (٦٣)
# نانۆ تاتۆ دەکەم. (٧٤)
# پزدان دژ گۆڕە. (٧٦)

ئەگەر هەندێک لەم دێڕانە شیکار بکەین، ئەوەمان بۆ ساخ دەبێتەوە دژبەیەکی مانا لەنێو دەقەکەدا دەبینرێت. بۆ نموونە: (پزدان) جێی ژیان و لە دایکبوونە. (گۆڕ)یش جێی مردنە.
لە بارەی (ئاسیا)دا لە یەکەمیان کیشوەرە و لە دووەمیشدا ئاشە، دەستاڕە. بە شێوەیەکی دیکە بیرمان بۆ ئەوە دەچێت ئاسیای دووەم بە مانای شۆڕش و کوشتار و خوێن دەدات، یانیش بەلای نووسەر ئاشە دانەوێڵەی خێرو بێری جیهانە.
بەو جۆرەی کە شاعیر لە کورتکردنەوەی شتەکاندا هێزی دەربڕین و مەبەست و گوتاری لەبیر نەکردووە و شتێکی ئاسایی بە شتێکی نائاسایی مانادار و فرەمانا بەیەک دەبەستێتەوە.

**تاکدێڕی سیمیۆلۆژیای ژیانە**

دەقی هاوچەرخ لەتەک پێشکەوتنی فۆرم و پەیوەندییەکان و دەرکەوتنی کەلوپەلی نوێ و ئاماژە و نیشانەکانی نێو کۆمەڵگە (زمان و فکر و بیناسازیی و هونەری و شارستانی و ڕاگەیاندن.. تاد) شاعیرش بەدوای نیشانە و ئاماژەی هاوچەرخ دەگەڕێت. بۆیە بەهەڵە ناچین ئەگەر بڵێین شیعری بێ سیمیۆلۆژیا (نیشانە و هێماکاری) وەکو باڵندەیەکی پەڕوباڵکراو وایە. شاعیرانی ئەم سەردەمە هەر تەنیا بەدوای جوانبێژیی و وێنەی شیعری جوان و زمانی پەخشان ئامێز و ڕێزکردنی وشە و دەربڕینی مۆدێلئامێزی چاولێکەرانە ناگەڕێن، بەڵکو بەدوای جۆرێکی دیکە لەهونەری نووسین دەگەڕێن، کە پێی دەڵێن "سیمیۆلۆژیای ژیانی ڕۆژانە"، کە پڕیەتی لەڕازاندنەوە و وێنە و بەها و نیشانە. (عبداللطيف الوراري، https://www.alquds.co.uk/%D8%A7%D9%84%D9).

یاخود دەتوانین بەشێوەیەکی دیکە بڵێم (نیشانە و هێما کۆمەڵایەتی و زمانەوانی و فکری و وێناکردن و ڕیکلام و شێوەی خەڵک و مۆدێل و ڕەفتاری باوی دەروونی و ڕۆشنبیریی دیاردە ئاساییە سروشتییەکانی نێو ژیانی ڕۆژانەی خەڵک) دەگرێتەوە.

(ع. ع. یووسف) دەبێژێت:

# تۆزوبا کڵاوی لێڕفاندم نەخەمە، خەمتر چیایەکی لێ ون کردم. (٤٠)

# هۆیها... دۆیها!! گشتیان سەد دەر سەد پێشبینیان کرد و ئەنجام وا دەرنەچوو. (٣٩)
# ئەم (هیچ)ە هیچ و پووچە، سەری لە فەلسەفەش تێکداوە. (٣٧)
#کەرە دێزەی خۆت بە بە شانامە بگۆڕیەوە، زەرەرتە! (١٤)

ئەمە لای (ع. ع. یووسف) ڕاشکاوانە شکۆی پێدراوە، ئەو دەیەوێت لەنیشانە و شت و کەلوپەلەکانی ژیانی ڕۆژانە، ئەو شتانەی لەنێو شەقام و لەژیانی ئاسایی و لەنێو زمانی سروشتی خەڵک هەیە، شتێکی نوێ بە مانا و مەبەست و فەلسەفەیەکی هاوچەرخانە دروست بکات، کە وەکو پەند و نەستەق و حیکمە بەشێوەیەکی سروشتی لەسەر زاری خەڵک بەکاربێن، ئەمەش بۆتە هۆکار بۆ ئەوەی (ناوونیشانی شیعری تاکدێڕی) دروست بکات. ئەو نایشارێتەوە لە قسەی ئاسایی خەڵک وەریگرتوون، یان کاریگەریی ژیانی ئاسایی لەسەر بووە و دەڵێت "من باسی شەستەکان لەسەدەی ڕابردوو دەکەم، کە سەردەمی خۆی لەگەڵ ئێستە جودایە، چونکە من ئەوکات زۆر گرینگیم بە فیلم و سینەما داوە، پێموایە فیلم بین بووم، بۆیە هەزار وێنە بە عانەیەک کاریگەریی هەبووە. ئەوکات شەڕە گەڕەک و شەڕە بەرد، بەشێک بوو لە ململانێی نەوەکان. فلم زۆر کاریگەریی لەسەر نووسینم هەبووە، بەڵام ئێستا ململانێ هەزار جۆری هەیە. (گۆڤاری دیوان، ٢٩، ٢٠٢٣).

شاعیر دەبێژێت:

# لەم گوییەم هات و لەویانەوە دەرچوو... چبوو؟ ... نەمزانی! (٧١)
# ئاو ڕاوەستا، مەکینە ڕانەوەستا! (٧٢)
# پەنجە گۆتیە کەوچك: دڵڕەقی ناهێلی چێژ لە خۆراکێک وەرگرم. (٤)
# چێلێک بە زمانی دەیلێستەوە، بیری هاتەوە چی خوێندۆتەوە لەس توون دووی لاپەرە ٨٩ی کتێبی گەپنامە لە بارەی پەیوەندییەکی جۆشداری نێوان گیاندار و مرۆڤ. (٣٠)
# مریشکە رەشە هێڵکەیەکی کرد زێدە سپی، بە دەنووک لەسەری نەخشاند: نەمێنێ ئەپارتید. (٣٢)

بۆیەش لەشیکاری شیعرەکانی ئەم شاعیرەدا گوتیانە " لە ئەدەبیاتی مینیمالیستیی خۆیدا تەوس دەکاتە زمانێک بۆ خوڵقاندنی شیعری و ڕاستیبێژیی شاعیرانە، زمانێک کە بە ڕواڵەت سادە و ساکارە و لە بنەڕەتدا لەهەرادەری ناڕاستییەکان و ڕوونکەرەوەی ڕاستییەکان". (عەبدولخالق یەعقووبی، گۆڤاری گەلاوێژ، شوباتی ٢٠١٤).
لەمەش پتر دەبێژێت: "خۆئەزمونکردنم لەناوونیشان زۆرە، کە گەلێک جار کێشەم بۆ دروستبووە، بەڵام بەناوونیشانێکی سوکراتی چارەسەرم کردووە. من بەر لەوەی ئەدیب بم، پیاوێکی هزرناسم و لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی یۆنانیم". (گۆڤاری دیوان، ٢٨، ٢٠٢٣). تا دەگاتە ئەوەی بڵێت "ناوونیشانی

دەقەکەی من لە فۆلکلۆرەوە هاتووە. لە کوردەواری لەسەرەتای شەستەکان خەڵک هەبوون شارەزای ئیدیۆمی کوردی بوون، بە ئیدیۆم دەستیان بە قسان دەکرد". (گۆڤاری دیوان ٢٨، ٢٠٢٣). واتە ئەمە وەهمی وشەڕێزکردن نییە، بۆ نویخوازیی، لەڕاستیدا دەبێت بزانین (وشەڕیزکردن) بۆچوونەکانی (ئارام سەدیق)ە. کە لای من وشەڕیزکردن بریتییە لەبەکارهێنانی وشەی زۆر بۆ گەیاندنی مەبەستێک، لەکاتێکدا (ع. ع. یووسف) کاری کردووە و هەمیشە وا کار دەکات خۆی لە وشەڕێزکردن و زۆرگوتن و ڕستەی درێژی دووبارە بپارێزێت و خۆی لە وشە و گوزارشتی بێ نێوەڕۆکی لاستیک ئاسای بەدوای یەکدا هاتوو دەرباز دەکات. ئەو کورتبێژە، وشە بە مووکێش لەنێو گەلە وشەی بێ کار و ئەرک دەردەهێنێت و بۆ ئەوەی وشە زیندووە کاراکانی ئەو دۆخەی ئەو تێیدا دەنووسێت لە مردن رزگار بکات و دەیانخاتە نێو بچووکترین مەساحەی گوزارشت و جوانناسی و بیردەرخستن و داشکان بەلای تامی فەلسەفەدا. ئەو دەیەوێت سوود لە بۆچوونە فەلسەفییەکانی (نیتچە و ئیمێل سیۆران و ڕۆلان بارت و نووسەرە ئەمەریکییەکان) وەربگرێت، کە دەیانەوێت بە کورترین دێڕ، زۆرترین فرەواتا و فرە مەبەست و فرەزمانبازیی و فرەوێنەیی و توانایەکی نوێ لەگێڕانەوە و بەخشینی بیرکردنەوە لەنێو چیرۆکدا نمایش بکات. ئەم نووسەر و فەیلەسووفانە دەیانەوێت پرسیار گەلێکی لەشێوەی کورتگوتنی وەکو قسەی نەستەق و پەند و حیکمەت لەنێو دەقە شیعرییە تاکدێڕییەکانیان دروست بکەن. یان وەکو (خەلیفە موحەمەد ئەلتەلیسی) ئاماژە پێ دەکات (چڕکردنەوەیە لەنێو

چڕکردنەوەدا). (ع. ع. یووسف) ڕاشکاوانە دەڵێت "پێشتر وامدەزانی برادەری سوریالیزمم و کارم لەسەر دەکرد. کەچی دواتر بۆم دەرکەوت، کە من زیاتر برادەری (ئەندرێ بریتون-م و زیاتریش لەم من زڕبرای (ئەندرۆ برایتۆ)م، ئەمە کێشەیەکی قووڵی پۆست کۆلنیالیزمە و ئەدەبی فەرەنسیی میراتێکی جیهانییە و بەشە میراتێکمان بەردەکەوێت. دەبێت ئەو توانایە هەبێت، کە خەمی بەجیهانی کردنی هۆنراوە و ڕۆمانی کوردی هەیە". (گۆڤاری دیوان، ٢٨، ئەیلوولی ٢٠٢٣).

# بزن نەبوایە، کێ دەیتوانی شاخڕۆیی بکات!؟ (١٥)
# بەرمان دەریایە و پشتمان هەرایە، ڕەنگە بە گوتارێکی تاریق بن زیاد بچێت، بەس دەریاکەی ئێمە بۆ زەوقە، هەرایەکەش ئی سەماو مۆسیقایە. (٣٠)
# گوێ نادەمە قاوە قاو، قاوەی خۆم دەخۆم و فنجانێک بۆ ئایندەی سەگەکەم دەگرمەوە! (٣٣)
# دیوار بە گوێیە، غەریبحاڵ گوێش بە گوێیە! (٤٥)
# چەقۆ هەر بەڕووتی بینراوە. (٥١)
# ئەسپ لغاوی بۆچییە؟ ئەسپ ناڵی بۆ چییە؟! ئەسپ زینی بۆ چییە؟! (٥٤)
# تاقانەی حەو خوشکانە، هەر حەوتیشیان دەڵێن: ئێمە هەشت خوشکین!. (٥٤)
# گورگی یووسف وەک یووسف دلارامە. (٥٦)
# ئافەرین کەرەدێزە، هەمیشە یاخیت! (٥٨)

# بزنە، دنیای لە قشپل وەردا و بۆ شەوێک جێ خۆی خاوێن، خاوێن، هەرە خاوێن کردەوە. (٦١)

**(تاکدێڕی و نانۆ) چەمك و کەرەستە**

پێشتر بەدرێژی باسی ئەم چەمکەمان کرد و پێناسەمان کرد، کە پەیوەندیی لەنێوان ئەدەب و شیعر و فەلسەفە و چڕنووسین و نانۆ و گچەکردنەوی کەرەستەکانی بەکارهێنانی زمان چییە. شاعیر چۆن لەڕێگەی تاکدێڕی دەیەویت زۆرترین شت بڵێت. بەکورتی ئاماژە بەم چەند چەمکە کە پەیوەندی بە کەرەستەکانی نانۆ وکو تەکنەلۆژیا و نووسینەوە هەیە دەکەین:

یەکەم: چەمکی زانستی نانۆNano science :

بۆ گوزارشت لەبەشێک لە ملیار بۆ یەکەی پێوانەیی لە ماتماتیک بەکاردێت و نانومیتر، بریتییە لەبەشێک لە ملیارێک لە یەک مەتر، تەواوکەری زانستەکانی دیکە و لەسەر پێکهاتە بنەڕەتییەکانی مادده کار دەکات، کە بریتییە لە گەردیلە و پارچەکان. گۆڕانکاری گەورەی لەبواری فیزیا و کیمیا و موگناتیش و ئەلەکترۆنی دروستکردووە. ( Laherto, 2010, 160).

دووەم: چەمکی تەکنەلۆژی نانۆ (Nanotechnology):

لە وشەیەکی لێکدراو وەرگیراوە، کە نانۆی یۆنانییە و بەواتای کورتە بالا و بچووک دێت، لە ماتماتیکیش نانۆ یەکسانە بەیەک بەش لە ملیاریک. بەڵام وشەی تەکنەلۆژی واتای مەعریفە لە بوارێکی دیارکراو دەگرێتەوە، بەواتای جێبەجێکردنی زانستی مەعریفی لە بواری نانۆ دێت، یان ئەو کەرەستانەی زۆر زۆر بچووکن. (محمد شریف ، عالم المعرفة، ٢٠١٠، ١١).

سێیەم: کەرەستەکانی نانۆ Nanomaterial:

بەم واتایەی بەشێکی تایبەتمەند دەگرێتەوە، کە لەکەرەستەکان هەن، دەکرێت بەرهەم بهێنرێن و پێوانەکەیان وەکو پێکهاتەکانی ناوەوەی کەرەستەکانە لەنێوان یەک لە سەد نانومەتر وایە. قەوارەیەکی یەکجار بچووکی هەیە. (محمد شریف، ٢٠١٠، ١١).

بە واتایەکی دیکە ئێمە لەنێو شیکردنەوەی شیعری هاوچەرخی کوردیدا بەدوای زۆری دێر و بەیتەکاندا ناگەڕێین، بەڵکو مەبەستمان پشکنینی (مەبەست و وێنە و دونیای شیعرییە). ئەمە ڕەنگە لەتەنیا چەند وشەیەکدا، یان تاکدێڕێک و چەند دێڕێکی کورت پێکبێت. (ع. ع. یووسف) لەڕێگەی گەڕان بەدوای بچووکترین کەرەستەی (گوتن و وێناکردن و دەربڕین و مەبەست و دروستکردنی فەزایەکی شیعریی جیاوازدا) دەقێکی

سەربەخۆی شیعری لە یەک دێردا، بەڵێ تەنیا چەند وشەیەکدا دروست بکات.
(ڕێلکە) گووتەنی شیعر مەنووسە، ئیللا ئەو کاتانە نەبێت، کە وا هەست دەکەیت، ئەگەر نەینووسیت، دەمریت. (حەمە سەعید حەسەن) یش دەڵێت (شیعر مەنووسە، ئەگەر زمانت هەم چڕ و هەم ڕوونیش نییە، ئاخر شاعیر، زمان بەرینتر و باڵاتر و دەوڵەمەندتر دەکات، لێ ناگەڕێت وشە لە ڕستەدا قەتیس بێت و شاباڵی خەیاڵی پێ دەبەخشیت). (حەمە سەعید حەسەن، .(https://www.facebook.com/profile.php?id=
(ع. ع. یووسف) دەڵێت "بۆ ئەوە تاکدێڕیم هەڵبژارد، چونکە دەزانم کاریگەرییەکانی هزر و تەکنیک لەپشت تاکدێڕییەکان هەیە، دەزانم ئەدەب بەبێ ڕەخنە و موناقەشە و بیرکردنەوە لەڕەهەندە قووڵەکان، جگە لە ئەدەبێکی سەتحی و ئاسایی، شتێکی دیکە نییە". (گۆڤاری دیوان، ٢٦، تەمووزی ٢٠٢٣).
لە پێشتر ئاماژەمان بەهەندێک نموونەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و کەرەستە ئەلەکترۆنی و گەسەکردنە خێراکانی کردیە پەیوەندیکردن کردووە.
# بەدرەنگەوە لێی تێگەیشتم، ئەمجۆرە خوێنە O+ م شەیدایە، لەناو لافاوە هارەی تسۆنامی دا بۆقەمەلە بکات. (٦٢)
# ئەمەیە گەف! هەتاو بە زەریا دەڵێ: زێدەڕۆیی بکەیت دەتهەڵمێنم. (٦٢)
# ماوس، ماوسی کۆمپیۆتەر، خۆت پاشای گیاندارانی، پشیلەت تۆقاندووە، شێریش گەمەی بندەستی خۆتە. (٥٥)

**تایبەتمەندییەکانی کەرەستەکانی نانۆ**

تایبەتمەندییەکانی کەرەستەکانی نانۆ ئەوەیە بەپێی پێوانەی نانۆمەتر و بەپێی سروشتی کارتێکردنی نێوان گەردیلە پێکهاتەکانی کەرەستەکە دەگۆڕین. (فتحی حمد شتوان، ٢٠١٠، ٤٩) و (محمد شریف، ٢٠١٠، ٧١-٨٣) و (طارق بن طلق المطیری، ٢٠١٢، ١٢-١٤) ئەم لێکۆڵینەوانە هەندێک لەتایبەتییەکانی کەرەستەی نانۆیان بەم شێوەیە دیارکردووە:

ئەلف: تایبەتمەندییەکانی بینین:

کە قەوارەی پێکهاتە و شێوەی ماددەکان و قەوارەی نانۆ دەگۆڕێت، تایبەتمەندی بینین و ڕەنگەکانیشی دەگۆڕێت، وەکو بەشەکانی زێڕ، ڕەنگی زەرد بەشێوەی ڕەنگی سوور و شین و مۆر بەدیار دەکەوێت.
(بۆدلێر ١٨٢١- ١٨٦٧) دەیگوت: (شیعر بە پەخشان، دەبێتە شێوازی سەرەکیی شیعرنووسینی سەدەی بیست) شیعری بە کێش و سەروا، بە زمانێکی گران بۆ چینی باڵا دەنووسرا، شیعری ستوونی بۆ لای شا هەڵدەکشا، شیعری ئاسۆیی، کە بە پەخشان دەنووسرێت بۆ خەڵکە، ئاخر دیموکراتی قسەی ئاسایی دەخوازێت. زمانی شیعری (ڕۆبێرت بلای) (کە یەکێکە لەو

شاعیرە پەخشاننووسانەی ئەمەریکا، قسەی زۆری لەبارە دەکرێت و کاریگەرییەکی زۆری هەیە) وەک ئەفسانە، هەڵگری زیاتر لە مانایەکە، پشت بە وێنە و دەربڕینی کڵپەسەندوو دەبەستێت. (بلای) شیعرێک دەنووسێت، شتەهۆنراوەی پێ دەڵێن، کە شیعرێکە ڕوون و خۆڕسک، لە چاوی کامێراوە، بێلایەنانە باسی پێوەندیی نێوان چاودێر و چاودێریکراو دەکات، بۆ ئەوەی نەبینراوی شیعری ببینین، دەبێت بە قوڵاییی بینراوی شیعریدا ڕۆبچین. (ڕۆبێرت بلای) لە شتەهۆنراوەدا بۆ لایەنی هاوبەشی نێوان شت و ئینسان دەگەڕێت، لە هەوڵی وەک ئینسان نیشاندانی شتەکان دایە و جارێک سروشت و گیاندار بە ئینسان و جارێکی تر ئینسان بە سروشت و گیاندار دەچوێنێت و لای ئەو مەرج نییە ئینسان لە گیاندارانی دیکە شکۆمەندتر بێت. (حەمە سەعید حەسەن، https://www.facebook.com/profile.php?id=). واتە شیعر توانای بینین و وێناکردن و لێکدانەوەی شتەکان بە شێوە و قەبارە و ڕەنگ و مەبەستی جیاواز هەیە. شاعیر ئایا بەشێوەیەکی ئاسایی شتەکان دەبینێت، یان لەنێو بینیندا هەمان شت چەندین ڕەهەند و ڕەنگ و ئاواز و قەبارەی بۆ دروست دەکات. بێگومان ئێمە لە لێکدانەوەی شیعردا لەڕوانگەی زمانەوانی ئەوەمان بۆ ساخ دەبێتەوە کە دەقی شیعر زمانێکی باڵا و چڕ و پڕ مانا و فرە ڕەهەندی هەیە، واتە شاعیر لەنێو وشەدا دونیایەکی جیاواز لە دونیا سرووشتییە بینراوەکە دەبینێت و بەخەیاڵ دونیایەکی جیاواز دروست دەکات، چونکە شیعر واقیع و خەیاڵ و وێناکردنە لەنێو وشەدا بینا دەکرێت.

ئەمە پەیوەندیی بەدوو بواری (بینینی سرووشتی) و (تێڕوانین و وێناکردن و لێکدانەوەی خودی شاعیر)ەوە هەیە.

# ژانێکە و بێ دەرمان، مەگەر پیس بە پیس! (٤٦)
# پەتای پەتاتەیە! دەموچاوی بە قینچکان هەڵپەنماوە. (٤٧)
# پاش ڕاپەڕین سمێڵتراش زۆربوون، زیندەوەرەکانی ناو مووەکانیش زندەقیان چوو و بەرەو بنبەردان هەڵاتن. (٦٠)
# ئاوێنە ئاوزادەیە و کەسێک بە ڕۆژی ڕووناک لێبڕوانێ خۆی بە ماسی دەبینێ. (٦٤)
# من لاسایی (م) دەکەمەوە، وتیان: نەخێر .. (م) لاسایی تۆ دەکاتەوە. (٦٥)
# لەپێناو زێدە گۆشەگیریمدا، چوومە نێو خەڵکەوە. (٦٦)
# ڕووناکیی چاومی کوێر کرد، طاری شەویش چاکی کردەوە. (٦٩)
# بەخۆم چوومە ئەوێ، بەرمۆدا سێگۆشە نییە، پێنجگۆشەیە. (٧١)
# بە شانازییەوە منداڵێک و شێتێک، بوونە ئەندامی ئەکادیمیای فەیلەسووفانی جیهان. (٧٢)
# نوستوو سەیری ئاوینە دەکەن، مردووش. (٧٥)
# بەگەرەنتی ساڵێک، قەقنەسێکی کارەباییم کڕی. (٣٨)

با: تایبەتمەندی کارەبایی:

کەرەستەکانی نانۆ تایبەتمەندی کارەبایی زۆر تایبەتیان هەیە، لەوانە لوولەییەکانی کاربۆنی نانۆ، ئەلکترۆنییەکان بێ ئەوەی هیچ بەرگرییەکی بێتە پێش.
شیعر هێمای ڕاشکاوانە (واتای دیار و نادیار) (مەبەستی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ)، (وێنەی خەیاڵی و وێنەی هەقیقی)، (زمانی چڕ و شاراوە و زمانی ئاسایی و ئاشکرا)ی تێدایە، وەکو کارەبا لە هەست و نەستی خوێنەر دەدات. (هەستی دڵداری، هەستی سۆز، هەستی نیشتمان، هەستی مرۆڤانە، هەستی دابڕان، هەستی نامۆبوون، هەستی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و سیاسی... تاد). بۆ نموونە (ئەی ڕەقیب) کە نووسراوە وەکو دەقێکی شیعری ئاسایی بەرهەمهێنراوە، دواتر دەبێتە خودانی وزەیەکی کارەبایی کە ببێتە ڕەمز و نیشانە بۆ نەتەوەیەک و هەستەکانی تاکی کوردستانی ببزوێنێت.
ئەوە ڕاست نییە، کە شیعر خۆڕسکانە لە دایک دەبێت، ئاخر هەر ڕستەیەکی شیعری بگرین، وەختێکی زۆری ویستووە تا پێگەیشتووە. شیعر داوێکە لە ڕووناکی، ڕێمان ڕۆشن دەکاتەوە و کڵپەیەکە ناخمان دەکات بە هێلانە. (حەمە سەعید حەسەن، https://www.facebook.com/profile.php?id=100090810527179).

# کارەبای ناو مووی سەرم بووە برادەری کارەبای ناو کۆمپیۆتەر، کەچی خۆم ساڵێکە دەگەڕێم، برادەرێکی ناو ئەنتەرنێتم نەدۆزییەوە. (٣٠)
# گورگێکی ڕووتەی کلکخوار، بەغار هات و کارەبای دڵمانی کوژاندەوە. (٦٨)

جیم: تایبەتمەندی میکانیکی و فیزیایی:

کاتێک بەشەکانی ماددەکان بەپێی پێوانەی نانۆمەتر بچووک دەکرێتەوە، ڕەقیی کەرەستەکە زیاد دەکات. وەکو ڕەقبوونی بەشەکانی سیلیکونی نانۆ کە قەوارەکەی لەنێوان ٤٠- ١٠٠ نانۆمەترە، بەسەدان جار لە ماددەی سیلیکون ڕەقتر و بەهێزترە. سەرباری ئەوەش لوولەییەکانی کاربۆنی نانۆ هەندێک جار هێز و ڕەقییەکانیان دەگاتە ١٢١٠ نیۆتن/ م٢ یاخو بە پێنج جار ڕەقتر لە ماددەی ستیل، کێشەکەشی شەش جار لەو کەرەستەیە سووکترە.
شیعر ڕامانێکە، لێ ناگەڕێت خەو بمانباتەوە و چاومان بە کراوەیی دەهێڵێتەوە، شیعر هاتنەخوارەوەیە، لە ئاسمانی خەونەوە بۆ زەمینی واقیع. (حەمە سەعید حەسەن، https://www.facebook.com/profile.php?id=).
ئەم تایبەتمەندییە لە گۆڕانکاریی لەکێش و قەوارەکانی یەکێکە لە کەرەستەکانی نانۆ ڕوودەدەن ئەوەیە، کە چەند بچووکتر بێت هێز و ڕەقی و تواناکانی پتر دەبێت، لەهەمان کاتدا کێشی

چەندین جار سووکتر دەبێت لەو کێشە ئاساییەی کەرەستەکانی دیکە هەیانە.
شیعری تاکدێڕیش هەمان شتە، سەیر بکەین شاعیر دەڵێت من بەدوای ڕۆحی کتێب و دەقەکەدا دەگەڕێم، نەک قەبارە و ژمارەی وشە و دێڕەکانی. لای ئەو دەق چەندە بچووکتر ببێتەوە هێز و توانا و کاریگەرییەکانی باشتر بەدیار دەکەوێت، چونکە ئەو کە گچەکردنەوە، یان بەپێی میتۆدی (گچکەلیزم) دەتوانێت (هێز و وزە و توانا و ڕەقیی) پتر بە وشە و تاکدێڕییەکانی ببەخشێت.

# هونەرە و لە کچان دێ، سەر ئاو بنەخشێنن. (٣١)
# دوا قۆپچەی کراس ناوکە. (٣٣)
# ئاو لەشی ڕووتی پێخۆشە. (٣٥)
# ئەمجارەیان شەو خۆی نووست. (٣٩)
# نووبڕیاری من: بەبێ (هتد..) وشەیەک نەنووسم. (٣٩)
# بە تاکژەنی و بە تاکتار و بە تاکسەما، تاکستێر کۆوەریی خۆی سەلماند. (٧٨)
# لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم تاکدێڕە، مرۆڤی هەمیشە بێدار دەخولقێ و کۆتایی بە شەو دێت. (٢٧)
# وێنەیەکی قافیەدارم دروسکرد. (٢٧)
# بنووسە دوو کەسین: خۆم و لۆریەکەم. (١٠)
# ڕستەکانم بێ خاڵبەندی هێشتەوە، خوێنەر ئازادە، گەر خاڵ و فاریزە و پرسیاریش بکاتە نیشانەی سەرسوڕمان. (٥٤)

# من واتا (ئەمن) واتا (خۆم) واتە (ئەز) واتا (وەز) واتا... لە تاکدێڕییەک بە کەم وشە زۆرێک دەڵێم. (٧٤)

دال: تایبەمەندی موگانتیسی:

هەر چەندە کەرەستە نانۆییەکە بچووکتر بێت، کێشی موگانتیشی بەهێزتر دەبێت، ئەمەش لەدروستکردنی ئامێری شیکاریی بەکار دەهێنرێت، کە توانای شیکردنەوەی وردی هەیە و لە ئامێرەکانی وێنەگرتن بە سیتی سکانی مەگناتیسی بەکار دەهێنرێت.
بە سەرنجی ئەم بۆچوونە و کەرەستە نانۆییە، یان بچووکردنەوە و لەتکردنی شتێک بۆ چەندین پارچەی بچووکتر لە قەبارە ئاساییەی خۆی بدەین، باش بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە (بچووکردنەوە توانای موگناتیسی، ڕاکێشانی شتەکانی دەوروبەری پتر دەبێت). دەقی شیعریش لای (ع. ع. یووسف) وایە هەرچەندە بچووکتر بێتەوە، لەدەیان دێڕەوە هەموو شیعرەکە بکرێتە سێ، یان چوار وشە، یان تاکدێڕێک، ئەوە توانای ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر و لێکدانەوە و توانای مانا بەخشینی پتر دەبێت. شیعر (مانا و وێنە و بیرکردنەوە و لێکدانەوەی هەیە)، ئەمە سیفەتەکانی زمانیشە. ئەگەر شیعر وەکو خەیاڵ لە ئاسمانەوە بەرەو زەوی وەکو واقیع بێتە خوارەوە، ئەوە شاعیرش وەکو واقیع و هەبوون لە زەوییەوە بەرەو ئاسمانی خەیاڵاوی هەڵدەکشێت. شاعیر بۆ دەرکەوتن پێویستی بەمە هەیە، لەپێناو هەڵکشانەکەیدا پێویستی بەهێنانە خوارەوەی

خەیاڵ بۆ نێو واقیع دەبێت، تاکو خوێنەر و خەڵک هەستی پێ بکەن. ئەمە دەبێتە بەدیهێنانی کردەی پەیوەندیکردن، پەیوەندیکردنیش لەڕاستیدا کردەیەکەی موگناتسییە لەنێوان دەق و وەرگرەکانی، یان لەنێوان گوتار و بەکارهێنەرەکانی.
بەو واتایەی توانای بینین و بەخشینی هێز و پتەوبوونی لەخودی خۆی زۆر پترە و دەتوانێت شیکردنەوەی موگانتیسی و پەیوەندییکردنی موگانتسیی لەکارتێکردن و کاردانەوە و بەرهەمهێنانەوەی خودی دەقەکە یەکجار بەهێز و کاریگەرتر بکات.
بۆ ئەوەی لە دەقە تاکدێڕییەکان، چیرۆک و بەسەرهات و ناسنامە و مانای هەر یەکێک لە وشە ئاڵۆز و کەسایەتی و کارەکتەر و چەمکە جیاوازەکان بگەین، پێویستە بۆ تێگەیشتن و دۆزینەوەی بەها و مانا و ئەرکی هەر یەکێک لەو شتانە بگەڕێینەوە نێو فەرهەنگۆکی دیوانە تاکدێڕییەکەی شاعیر. هەر وشەیەک پتر لەخودی خۆی وزە و توانا و واتا و کارتێکردن و سەرنجڕاکێشان و وزە و بەهێزبوونی تێدایە. ئەو هیچ شتێک بەمانا سروشتییە باوە دیارەکەی خۆی بەکار ناهێنێت. کاتێک دەڵێت (نیچە) لەبارەی فۆلکلۆری کوردی قسەی کرد، شتی وەها ڕووی نەداوە، یان (ئەرستۆ) بە ئاوی شێتەکان خۆی دەشوات، یان مووی سپی ڕیشی (مارکس) ڕەش دەکاتەوە، مەبەستم ئەوەیە نە (خۆی خۆیەتی) و نە (ئەم کارەکتەرە دیارانە ئەوانن. ئەم دەستکاریی و بەکارهێنانە نوێیە، بۆ ئەوەیە بە کورترین و چڕترین شێوە زۆرترین مانا، مەبەستمان پێ بگەیەنێت.

پێنجەم: ڕێگەی دروستکردنی کەرەستەی نانۆ (تاکدێڕی)

هەر یەک لە (صفات امین سلامة، ٢٠٠٨، ٣٢) و (محمود محمد سلیم،٢٠١٥، ٥٨) دوو ڕێگایان بۆ دروستکردنی ئەم کەرەستانە دیارکردووە و بەپێی پێوانەی نانۆمەتر بەم شێوەیە:

ڕێگای یەکەم: لەسەرەوە بۆ خوارەوە (Top- Down)

شکاندن و بچووکردنەوەی ماددەکە، کە لەبەشی گەورە پێکهاتووە و بەچەند قۆناغێک ئەم کارە دەکرێت، تاک و دەگەنە قەوارەی نانۆ واتە (بچووک کردنەوە). چەند ڕێگەیەک بۆ گەیشتنە ئەم ئامانجە بەکاردەهێنرێت لەوانە (کۆڵینی بەتیشک، شکاندن و وردکردن، لە ئاشدان، پاڵاوتن).
لەدەقی شیعریدا وەکو گوتم (گچکەلیزم) وەکو ڕێباز و فکر و فۆرم و نێوەڕۆک بەرهەم دەهێنن، شتەکان لەسەرەوە لە گەورەیی بچووک دەکرێنەوە بۆ ئەوەی شتێکی نوێی بە چەمک و لێکدانەوە و مەبەستێکی جیاوازیان لێ دروست بکرێت. (هۆنراوەی تاکدێڕی لەکەمترین مەودای بەردەستیدا بەرفراوانترین مەیدانی ڕاڤەکاری بۆ خوێندنەوەی خۆی خۆش دەکات. زمان لەزۆربەی هەرە زۆری ئەم تاکدێڕییانەدا تاکو ڕادەی پێویست چڕ دەبێتەوە). (عەبدولخالق یەعقووبی، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، شوباتی ٢٠١٤).

# بە سواری کەرێکی سپی و سێپێ، بەناو سێ سێگۆشەی ئاگراوی ڕەتبووم. (٥٠)
# مانگ زەردێنەی هێلکەیە و بەر لە شەوڕۆیەکی دوور بۆ دزینی هێلکەی سیمرخ، لە ڕوونی دەکەم و زۆر بە تام دەیخۆم. (٥٨)
# کردمیانە شای تانجبەسەر نەمویست، مەبەست شای شەترەنج! (٦٠)
# من ستوونی و ئەو ئاسۆیی، بە خێرا غارماندا، پاش ٣٣ چرکە بێڕژانی خوێن، توند خۆمان لێکدا. (٧٠)
# زەمین فشەی بەزاراوەی نیشتمان دێ ! (٥٨)

دووەم: ڕێگەی دووەم لەخوارەوە بۆ سەرەوە ( Button- Up)

ئەمە پێچەوانەی ڕێگەی یەکەمە، کەرەستەکان نانۆ، کە وەکو پێکهاتەی گەردیلە و بەشەکانە، بۆ گەیشتنە شێوە و قەوارەی نانۆیی پێویست، بەزۆری ئەم ڕێگەیە پشت بەشێوازی کیمیاویی دەبەستێت، کە تایبەتمەندە بە قەبارەی بچووکی مادده بەرهەم هێنراوەکان، کەمترین زیانی هەیە و پەیوەندییەکی بەهێزی بە ماددەکانی نانۆ هەیە.

لەم شیکردنەوەیەدا کار لەسەر بەرهەمهێنانی دقی کورت و یەکدێڕی و پوخت دەکەم، بەجۆرێک شاعیر وەکو مەسەلەی بەکارهێنانی کەرەستە و شێوازی کیمیاویی نایەوێت هیچ زیانێک بە ڕستە و وشەکان و زاراوەکان بگات. بۆیە ئەم بەیەک بەستنەوەم لەنێوان دروستکردنی (نانۆ و کەرەستەکانی) و (شیعری تاکدێڕی) وەکو بچووکترین دەقی شیعری و

کەرەستەکانی ئەم جۆرە دەقە کردووە، یان باشترە بڵێم بۆچی شاعیر بیر لەبەرهەمهێنانی دەقێکی لەم جۆرەی کردۆتەوە، کە هەندێک پێیان وایە (شیعر پوختکراوەی پوختکراوەکانە). (خلیفە محمد التلیسی، ١٩٩١، ٣٩). شاعیر چۆن کار دەکات درێژترین شیعری پوختە نووسکراو، لە بچووکترین یەکەی شیعری کە تەنیا دوو وشەیە، یان سێ وشەیە پوخت بکاتەوە. لەبیری نەکەین لەکردەوەدا شیعر پوختکردنەوەی (بیرۆکە و وێنە و وێناکردن و رووداو و گێڕانەوە و هەموو هەست و نەست و تێڕوانینییەکانی خودی شاعیری دەق نووسە لەچەند وشەیەکدا. ڕێک ئەم بیرۆکەیە وەکو ئەوە وایە چۆن مرۆڤ شلەیەک بەهۆی کردەی پوختکردنەوە و چڕکردنەوە و کوشین پێکهاتوو لەچەندین ماددەی دیکەی بەقەوارە گەورە و هەمەجۆر و تامی جیاواز و خودانی ناوی جیاواز .. تاد لە پوختکردنەوەیەکی نوێدا شتێکی نوێ دروست دەکات.

# خاک لە خەڵک خاپینۆکترە و خۆخۆرترە. (٨)
# دژ بە مار و مێروو گۆڕەکانتان درمانرێژ بکەن. (٨)
# چین لەسەر چین، لە دواچین دا ناڵی هەڵەنگوت. (٥)
# خۆم، دیسان خۆم، پاشانیش هەر خۆم، ئەوجا ئەنجامەکەشی نامنی خۆم. (٥١)
# بە گەشتیاری سەردانی شەفەلەی سەر جەستەی قەڵای هەولێر دەکەم، پاشان گەر کاتم لەدەست ما، سەردای شوێنەواری قەلا دەکەم. (٥٧)

# مردوویەک هەڵسایەوە، سێ کەسی کوشت و بەدوا گوللە خۆی کوشت، واتا مردەوە. (٦٣)
# بەرد فەیلسووفانە دوا: گەردوون خەمی منە، نەخەمی مرۆڤە. (٦٧)

بۆیە (ع. ع. یووسف) لەم دەقانەدا (زمانێکی دژەباو و خۆشفۆرم و داهێنەرانەی بەکارهێناوە و توانێویەتی دونیایەکی شیعری تایبەت بەخۆی، با بچووک و ساکاریش بێت، پێک بهێنێت). (عەبدولخالق یەعقووبی، گۆڤاری گەلاوێژ، شوباتی ٢٠١٤).

**تاکدێڕی وەکو فەلسەفەی ژیانی شاعیر**

هەندێک جار نووسەر و شاعیری نوێخواز ئەو شتانەی دەوروبەری خۆیان ڕەت دەکەنەوە، یان دەوروبەری ئەوان ڕەت دەکاتەوە. (فاربیسیو کارمانیا) بەشداری کۆڕە ئەدەبیەکان ناکات و خۆی بۆ خەڵاتەکان ناونووس ناکات، کتێبەکانی بەدەست خەتی خۆی دەنووسێتەوە و بەسەر هاوڕێکانی دابەشی دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا کتێبەکانی بۆ ١٢ زمان وەرگێڕدراون. ئەو پرسیارێکی وروژاندوە، کە بریتییە لە تێڕوانییەکانی خۆی و دەڵێت: (لە شەودا نابینرێت چیا بەرەو کوێ دەچێت؟ ڕەنگە چووبێت بۆ ئەوەی هاوکاری چاککردنەوەی کەموکووڕییەکانی ئاسمان بدات، کە خەریکە دەکەوێت)، یان لەڕێگەی پرسیارێکی دیکەوە دەبێژێت (دڕک خەون بەکێ دەبینێت، ئەو کاتەی گوڵ دەخەوێت؟). ئەم شاعیرە ئیتاڵییە هاوچەرخە لەڕێگەی تاکدێڕی

و ئەو پارچە شیعرە بچووکەی دەینووسێت، کە کت و مت لەخۆی دەچێت، فەلسەفەی ژیانی خۆی کورت دەکاتەوە و دەڵێت: "من حەزم لە خۆبەزلزانین و متمانە بەخۆبوون نییە، من ملکەچی شتە شاراوەکانم وئەوەم پێ باشترە، ئەوانەی لێرەن بۆ ئەوە نییە جیهان بشکێنن، بەڵکو بۆ کۆکردنەوە و پێکەوەدانانی پارچەکانییەتی". (عبدالرحیم الخصار،اندپیندنت، ١ ینایر ٢٠٢٢،

https://www.independentarabia.com/node/290851/%D8%AB ).

بڕوا دەکەیت یاخود نا، (ع. ع. یووسف) خۆی دەنووسێتەوە، باسی بۆچوونەکانی خۆی بەکورتی دەکات، هەتا لەبەکارهێنانی (من) و (ئەو) و (ئەوان) و (شتەکان) مەبەستی خۆیەتی. خۆشی وەکو (ناوەوەی خۆی، ئەو دەیەوێت لەنێو هەر وشەیەکەدا (شتێکی نوێ بتەقێنێتەوە و بیرۆکەی نوێ وەکو بۆمبێک دەتەقێنێتەوە).

کە وشەیەک لەچەند وشەیەکی لەنێو شیعرەکانی شاعیر دەخوێنینەوە، هەست دەکەین شتی دیکەی پێکەوە بەستراوی بێ کۆتایی بەدواوەیە و شتێکە شتێکی دیکەی تێدایە، بەڵام ئەو هێندە بچووک و بە کورتی و پوختی و چڕی و بە وێنەیەکی تۆکمەی گێڕانەوە و ئاماژە و فرەواتایی شتەکانی دەنووسێتەوە، وەکو ئەوە وایە (پەندێکی کوردیی)، (گوزارشتێکی فەلسەفی) و (قسەیەکی نەستەقی پڕ واتا) بخوێنینەوە.

# من و ڕووەکی بەرسێبەر شەڕەنسێمانە. (٧٤)

# پاڵەوانیش هەر کۆمبارسن. (٧٨)

# بە تەنیا سێوێکم لێکردەوە، گشتیان هاتن و بە تۆبزی لێمیان سەند. (٦٢)
# ئەمەیە گەف، هەتاو بە زەریا دەڵێ: زێدەڕۆیی بکەیت دەتهەڵمێنم. (٦٢)
# جیوەش دیالکتیکە. (٦٣)

نووسەری مەغریبی (ئەحمەد لوغلیمی)، کە لە ئیتالیا دەژیت لەبەرهەمێکیدا نووسینە یەکدێرییەکانی ژمارەیەک نووسەری ئیتالی بڵاوکردۆتەوە و دەڵێت: ئەمە زۆر جێگەی بایەخی ئەم نووسەرانەیە، کە ڕەنگە بڕوایان بە بۆچوونەکەی فەیلەسووف و شاعر و ڕۆماننووسی ئەلمانی (فریدریتش شلیگل ١٧٧٢- ١٨٢٩) هەبێت کە پێش دوو سەدە گوتیەتی "تاکدێڕی هونەرە، قسە لەگەڵ دواڕۆژ دەکات". ( https://www.independentarabia.com/node/290851/%D8%AB%D9%82%D8%A7%D9%81%D8%A9 )، یان ژنە شاعیر ئیتالی (نینا ئەین) دەڵێت: "جەهەنەم ژنێکە بە هەزار جل و بەرگەوە لە ژوورێکی بێ ئاوێنەدا قفڵ کراوە" . ئەو بەو ئاراستەیە دەنووسێت کە پێی وایە (دونیا لە بێ ئەمانیی دایە. لەهەمان کاتدا (ئەنتۆنیۆ کاسترۆنۆڤۆ) کە لە (کارمانیا و ئەین) بەتەمەنترە، شتەکانی پڕن لە حیکمەت و ئارامیی و هەندێکجاریش ژیری. لەیەکێک لە تاکدێڕییەکانیدا کە گاڵتەجاڕیانە مامەڵە لەگەڵ پارادۆکسەکانی مرۆڤی مۆدێرن دەکات و دەڵێت: «ئەو مرۆڤایەتی خۆشدەویست، بەڵام بەرگەی دراوسێکەی نەدەگرت. "هەر لەهەمان کاتدا تاکدێڕییەکانی

(مارکۆ ئێرکۆلانی) پرسیاری کراوە لەبارەی کات و شوێن و جەوهەری شتەکان و گرنگییەکانیان دەخاتەڕوو. (https://www.independentarabia.com/node/29085). ئەم نموونانەم لەئەدەبی جیهانی ئاماژە پێکردن بۆ ئەوەی بزانین:
یەکەم: ئەم جۆرە دەقە لەزۆر شوێنی دونیا جێگەی بایەخی شاعیر و فەیلەسووف و نووسەرانە.
دووەم: چڕی و بەکارهێنانی بچووکترین کەرەستەی نووسین بۆ دروستکردنی وێنەیەکی شیعری پەیوەندی بە فکر و تێڕوانین و لێکدانەوە (فکری و فەلسەفییەکانی شاعیر)ەکەوە هەیە.

## تاکدێڕی و شیعری ئازاد

بەیتی ئازاد فۆرمێکی کراوەیە، واتە هیچ پێکهاتەیەکی پێشوەختە دیارکراو و درێژییەکی بەدیارکراوی نییە، بەو پێیەی هیچ پلانێکی قافیە و نەخشەی کێشداری دانراوی نییە و هیچ یاسایەکی تایبەت بۆ دێڕشکاندن، یان دابەشکردنی بڕگەکانی نییە.
هەندێک شیعری بەیتی ئازاد ئەوەندە کورتن، ڕەنگە بەهیچ شێوەیەک لەشیعر نەچن، لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، گروپێک کە خۆیان بە (ئیمازیست) ناودەبرد، شیعری یەدەگیان نووسی و سەرنجیان لەسەر وێنەی کۆنکرێتی بوو. شاعیران خۆیان لە فەلسەفەی ئەبستراکت و هێما ناڕوونەکان بەدوور دەگرت و تەنانەت هەندێک جار وازیان لەهێماکانی خاڵبەندی دەهێنا

"عارەبانەی سوور" شیعرێکی (ویلیام کارلۆس ویلیامز)ە لەساڵی ١٩٢٣ نووسراوە و دێرێکی ئازادە و لەنەریتی ئیمازیستەکان. (ویلیامز ١٨٨٣- ١٩٦٣) تەنیا بەشانزە وشە وێنەیەکی ورد دەکێشێت و گرنگی وردەکارییەکی زۆر بچووک دووپات دەکاتەوە". ئەمەش نموونەی شیعرەکەیەتی:

زۆر پشتی پێ دەبەستێت

لەسەر
عەرەبانەیەکی سوور
عەرەبانەی دەستی
بە باران دەورە دراوە
ئاو
لایە سپییەکەی.

Jackie Craven, ttps://www.thoughtco.com/what-is-a-) . (free-ve,

وەکو (خەلیفە موحەمەد ئەلتەلیسی) لە کتێبەکەی ئاماژەی پێکردووە پێیوایە شیعر دەبێت وشەکانی هێندە بەیەکەوە بەسترابن، یەکتر جوان بکەن و یەکتر تەواو بکەن، دەڵێت "دەبێت تەواوی شیعرەکە وەک یەک وشە بێت، سەرەتا و کۆتاییەکەی هاوشێوەی یەکتر بێت و لە یەکگرتوویی و جوانی و قسەخۆشیدا، وشەی زۆر و مانا وردەکان و پێکهاتەی دروستی تێدا بێت. شاعیر لەهەر واتایەک کە دروستی دەکات بۆ

ماناکانی دیکە، هەنگاوێکی نەرم دەنێت تاکو ئەو کاتەی شیعرەکە وەک ئەوەی بەتاڵ و خاڵی بێت و هیچ دژایەتییەک لەماناکانی تێدا نەبێت، هیچ لاوازییەک لە بنیاتنانەکانیدا نەبێت و هیچ کاریگەرییەک لە بونیادنانەکەیدا نەبێت، هەر وشەیەک، کە داوا لە وشەی دوای خۆی دەکات، بەڕەوانی ئەوەی دوایی دێت، ئەوەی دوایی دێت ئەوەیە، کە وابەستەیی بەوی دیکەوە هەیە". (خليفة محمد التليسى، ١٩٩١، ١٠).

# چرام نەبوو، بە گۆرانی گوتن تاریکەشەوم ترساند، تا نەمترسێنێ. (٦٣)

بەیەکەوە بەستنی (نەبوونی چرا)، تاریکە شەو، گۆرانی گوتن، فۆبیای ترسان، ڕەواندنەوەی ترس و شێوازی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە و خستنەڕووی دۆخی دەروونی خودی شاعیر دەگەیەنێت.

# زراوە هات و بەدزی قسەی بۆ کردم، تکاشی لێکردم نهێنییەکەی بپارێزم، من زوو چووم لە دارستان ئاشکرام کرد. (٣٨)

# لەو قەیسەری کۆنانەی بازاڕ، گشت شتێکم دۆڕاند، تەنانەت مێژووش. (٣٨)

# خوا خوامە بمرم، خەنیبووم مارێک بۆ لای من دەخشا، لەگلەگ هات پڕی دایە و ڕفاندی. (٢٦)

دەکرێت دەیان نموونەی دیکەی ئەو شتانە ئاماژە پێ بکەین، کە شاعیر وەکو کەرەستەیەکی شیعری بەکاری هێناون و بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە و دۆخێکی جیاواز لەدۆخی ئەو

شتانە دروست دەکات، ئەو هیچ وەسفێکی زیادە، یان ناساندنی شتەکانمان بۆ ناکات، پێمان ناڵێت بۆچی حەزی لە مردنە، چۆن مارێک بەرەو لای ئەو دەخشا، بۆچی و چۆن ئەو لەقلەقە لەو ساتە پەیدا دەبێت و مارەکە دەڕفێنێ. ئایا لەو ساتەدا کە ئەو هیوای بەمردن دەخواست، چۆن بیر دەکاتەوە، دڵی خۆشە، یان دڵتەنگە بەهۆی کردەوەی مارەکە. بەلێکدانەوەیەکی تر دەتوانین بڵێین لە قووڵایی هەست و نەستی شاعیر وێنەی لەگلەک فریادڕەسی دژ بەمردن، ئەمەش خوازیارەی شاعیرە بۆ ژیان و بەردەوامی.

مرۆڤی ئازاد هەموو (هەڵچوون و کاردانەوە و هەستەکانی) لەنێو وشەدا بپەستێت و چڕی بکاتەوە. مرۆڤ وەکو دروستکردنی خواردن لەنێو (مەنجەڵی هەڵم پەست) دەتوانێت، (فکر و وێنە و وێناکردن و لێکدانەوە و هەتا خودی زمانەکەشی) بە ڕێگە و ئامراز و کەرەستە و شێوەیەکی نوێی خێرا چڕ و پوخت و واتادار و فرەواتا بەرهەم بهێنێت.

# لۆگۆس .. لۆگۆس.. تۆش بوویتە میتۆس! (٢٦)
# چاوەنۆڕی خۆمم. (٢٤)
# کە گوترا کیسەڵ بە دەبابە دەچێت، لە غەمان خۆی کوشت. (٢٥)

ئەگەر لەسەر مانای و تێڕوانین و قووڵبوونەوەی کیسەڵ بووەستین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کیسەڵ ئاشتیخوازە و دەگەڵ ئەوەدا ناگونجێت، یان ڕەتی دەکاتەوە بە دەبابەی

بچووێنن. لەکاتێکدا هیچ یەکێک لە ئێمە ناتوانین هەست بە هەست و کاردانەوە و دونیابینی کیسەڵ بکەین.
# ئەریێ، بەڕاستمە، ڕۆبۆتی یەکەم سیزیفە؟!. (٦١)

چیرۆکە لەوە دەست پێ دەکات کە بە فرمانی خواچە (الهە) پاش دزینی ئاگر و دانی مەرۆڤ، بڕیار دەدرێت بەردەوام و هەمیشەیی بەردێک بباتە سەر گردە و لەوێ غلۆری بکاتەوە و گەم دیسان بیباتەوە سەر گرد و لەوێ غلۆری بکاتەوە.. ئەمە بەردەوام دەبێت. شاعیر سیزیفی یەکەم، بە ڕۆبۆت دەچووێنێت، کارێکی پێ دەکرێت و فرمانی پێ دەکریت بەردەوام هەمان شت بکاتەوە.
# گومان کەوتە نێوان زمان و ددان. (٦١)
لەم تاکدێڕییە هەست بە ئاوازە و قافیەداری (گومان و ددان) دەکەیت؟ لێی وردبەوە و بیخوێنەوە و گوێ لەدەنگی ئاواز و قافیەی، وشە قافیەدارەکان بگرە.

**گوتاری تاکدێڕی**

بە پوختی دەتوانین بڵێین شاعیر لەم دەقانەی لەنێو دیوانەکەیدا بەرهەمی هێناوە لەهیچ دیاردە و بابەت و بیروڕا و لێکدانەوە و کەرەستەیەک ڕاناکات، کە دەقنووسی دیکە بەکاری دەهێنن، نەخێر ئەویش لەنێو گوتارەکەیدا هەموو شتێک دەبینێت و هەستیان پێ دەکات و بەکاریان دەهێنێت، لەهەمان کاتدا ئەو لەشێواز و تەکنیک و کەرەستەکان باسی "نیشتیمان و

سیاسەت و ئەڤین و مرۆڤ و ڕزگاری و گوتارگەلی گەورەی لەم چەشنە ناکات. ئەوەی جیاوازیی بە دیدی ئەم شاعیرە دەدات پارچەپارچەکردنی ئەو دیسکۆرس و گوتارە زەبەلاحانەیە بەسەر چەندین پاژی زۆر بچووک و بەرهەست و مینیماڵیدا ئەو کات لە گەرووی ئەو گوتارە گچکانەوە دۆخی ژیانی هەنووکە و جیهانی سەردەم وەسف و وێنا دەکات و لەم ڕێگەیەوە دزێوی و دەردودرمەکانی کۆمەڵگەی ئینسانی بە زمانی هۆنراوە تاکدێڕییەکانی خۆی لە هەرا دەدات". (عەبدولخالق یەعقووبی، گۆڤاری گەلاوێژ، شوباتی ٢٠١٤).

# دەستەچەپ لە دەستەڕاست تووڕەیە، دەسناس دەبزانە لەبەر چی؟
# هەیانە مەیموون بۆ سواربوونی پشتی کەر، هەمانە کەر بۆ سواربوونی پشتی مەیموون! (٤١)
# بێ دەرکە، بێ پەنجەرە، بێ دیوار، بێ میچ، خانوویەکم دروسکرد. (٣٩)
# ئەو سەگە لە مرۆڤێکەوە فێرە دووڕوویی بوو، لە دوو مرۆڤەوە دزی، لە سێ مرۆڤەوەش فێرە کوشتن و بڕین بووە. (٣٦)

هەست بە چی دەکەین؟ گوتارێکی ململانێیەکی ئەبەدی لەنێوان ڕاست و چەپ، جیاوازی کار و بایەخی نێوان ڕاست و چەپ و شتی دیکەش هەیە. ئەمە ئەو گوتارە کۆمەڵایەتی و چینایەتی و فکری و ئەخلاقییە دەروونیشەش بەرجەستە دەکات، کە مرۆڤ بەردەوام هەستی پێ دەکات و دەپرسێت و نوێ دەبێتەوە. یان

لەنموونەی کەر و مەیموونەکەدا گوتارێکی فەنتازیی (دووبارە) و (پێچەوانەکراو) هەیە، ئەمەش وا لەمرۆڤ دەکات بەردەوام بیر بکاتەوە و لێکبداتەوە و هەڵێنجان بەدەست بهێنێت.
لە نموونەی خانووەکەشدا گوتارێکی پێچەوانەمان پێ دەڵێت، کە ئەو هیچی دروستکردووە، ئەو لە خەیاڵ و خواست و ویستی خۆیدا (خانووێکی) پێویستە، بەڵام خەیاڵە، گوتارێکە کە پێمان دەبێژێت (من هیچم دروستکرد). لەوی دیکەشدا پێمان ڕادەگەیەنێت لەهەندێک سەردەمدا سەگ لە مرۆڤ باشترە. بەکورتی و پوختی ئەو هاوکێشە و ململانێ و هاودژەکان و پێچەوانە و شتە بەردەوامەکان وا دەبینێت.
لەنێو هەر گوتارێکی بچووکراوەی گچکە، دەکرێت چەندین گوتاری دیکە لەبارەی دۆخەکان لەنێو دۆخە وەسفکراوەکان بدۆزرێتەوە، هەرچەندە شاعیر بەهۆی چڕی نووسینەوە ئەگەر چیرۆکێکی درێژمان بە کورترین وشە و ڕستە بۆ بگێڕێتەوە، خۆی لەوەسف بەدوور دەگرێت. ئەو (پرسیار و گریمانە و گوزارشتی پەند و نەستەق ئامێز) دروست دەکات، بەواتایەکی دیکە دەیەوێت بچێتە دیوی فەلسەفەوە و لەدیوە ئاسایی و سروشتییە باوەکەی وشە و واتا و ئەرک و مەبەست و وێنە و بینین و لێکدانەوە و شیکردنەوە و دەربڕین و گوزارشت دوور بکەوێتەوە. ئەو تەنیا وشەکانیش لەشێوە و مەبەستی جیاواز بەکار دەهێنێت.

# ئەرێ.... هەرزەکارێ دەتکەم بە خانووی خۆم، مەبەستی بوو بڵێ: ژنی خۆم. (٥٦)

# شێرەکەی مەترۆ گۆڵدوین مایەر بەڕەللا بێ، تێکڕای بینەرانی ناو هۆڵی سینەما دەخوات. (٥١)

لەم وێناکردنە شیعرییەدا دەیەوێت بمانگێڕێتەوە سەردەمانێک، شوێنێک و نێو بابەتێک، کە لەسەرەتای فلمەکاندا بۆ دەرخستنی دروشمی کۆمپانیاکان بە نەڕە نەڕێکی گەورە فلمەکە دەستی پێکردووە، ئەو لەسەردەمی هەرزەکاریدا بەو دروشمە ئەمەریکای ناسیووە.

# میسرییەکان خزمی نزیکی خۆمانن، ئەوان هەڕەمیان هەیە و ئێمەش هەرمێ. (٥١)

ئەو (هەرەم) و (هەرمێ) وەکو جۆرێک لە خزمایەتی نێوان کورد و میسرییەکان بەکاردەهێنێت، ئەمە پەیوەندی بە (دەنگ) و (شێوە) هەیە، هەردووکیان لەدەنگی لێک نزیکن و لە شێوەشدا لێکدەچن.

# بە جۆشەی مۆسیقای تڕی بنگۆم، ماف وازی لە مافێتی خۆی هێنا. (٥٧)

لێرەشدا سوود حە ئیدیۆمی کوردی وەرگیراوە کە (تڕی بن گۆم) ون دەبێت و نادۆزرێتەوە، بۆ ئەوەی چیرۆکی گێڕانەوەکە درێژ نەکات و هەموو ئەو شتە زیادانە لەوەسفی ماف لەم سەردەمە بەکار نەهێنێت بە کورتی و پوختی پێمان دەلێت (ماف) وەکو (تڕەکە) واز لە هەقی خۆی دێنێت.

شاعیر بیر لە خانوو، وەکو ژینگە و پێویستی و ئارامی و جێنیشنبوونی یەکەم دەکاتەوە، بۆیە لە گێڕانەوەی شێوە ژیان و بیرکردنەوەی هەرزەکارێ شتەکان وا وێنا دەکات و دەڵێت: قسە

لەگەڵ هەرزەکار دەکات، لەجیاتی ئەوەی یەکسەر پێی بڵێ، دەتخوازم و دەتکمە ژنی خۆم بە بەلاغەتێکی فۆلکۆریانە: دەتکەم بە خانووی خۆم، دەزانی بۆ، چونکە هەبوونی خانوو لەپێشترە.

لەم جۆرە نووسینەدا چڕی و گچەکەنووسی ڕێبازێکی زەحمەت و قورسە، ئاڵۆزە پڕ لە مانای هەمەجۆری فرەئەرک و مەبەستە. "ئەم جۆرە ئەدەبیاتە ڕووی لە گوتارە گچکە و نانۆییەکانە، ئەو گوتارانەی بنەمایان لەسەر شتە سادەکانی جیهان و هەستە وردەکانی مرۆڤ دامەزراوە". (عەبدولخالق یەعقووبی، گۆڤاری گەلاوێژ، شوباتی ٢٠١٤). لەڕاستیدا لەڕووی پراگماتیکییەوە دەکرێت ڕێبازی (چەندێتی)یش سوود لێوەرگرین، کەبەیەک گەیشتن و تەواوکاریی یەکدیان هەیە و هاوکاری خاوەن گوتار دەکات بەکەمترین وشە زۆرترین مەبەست و زانیاریی وەکو هاوکاری وەرگر و گوێگرەکانی بۆ ئاسان تێگەیشتن بگوازێتەوە، بەواتایەکی دیکە هاوکارییان دەکات لەئاسانتر نێوەڕۆکی گوتارەکە و مەبەستەکان بگەن. لەهەمان کاتدا لە (دەوروبەری بەکارهێنانی ڕستەکەش بگەین). (جۆرج یوڵ، ٢٠١٦، ١٤٦).

لەم دیوانە شیعرییەدا عەباس پشتی بۆ فەرهەنگۆک بردووە، تاکو ئاسانکاری بۆ خوێنەر بکات، لە مانا و مەبەستەکانی بگەن.

میتۆدی کۆن لەشیکردنەوەی دەقی کوردیدا پشکنینی فۆرم و هەندێک لایەنی ڕەوانبێژی و کەرەستە باوە دیارەکانی ئەوان سەردەم بوو. قسەکردن بوو لەسەر توانای نووسەر و دەسەڵاتی نووسەر لە بەرهەمهێنانی ڕستەی جوان و قافیەدار و ئەو بابەتە

گشتییە باوانەی لەنێو دەقدا ئەو کات بایەخی پێ دەدرا، بەڵام دەقی هەنووکە لەهەموو بوارێکدا گۆڕاوە. شیکردنەوەی دەقیش گۆڕاوە و ئێمە بەدوای زەینی دەقنووسدا واتە (فکر و لێکدانەوەکان و دونیابینی و تێفکرین و فەلسەفە و بەکارهێنانی زمان و "ناوەخن و ناخی دەقەکە") دەگەڕێین و پشکنینیان بۆ دەکەین. (ئێمە گوتەی جوان بەبێ مەبەست بەرهەم ناهێنین، بەڵکو لەکاتی بەکارهێنانیدا لەزەینی خۆماندا ئەرکێکیشی بۆ ڕەچاو دەکەین، ئەمە ئەرکی لایەنی دووەمی گوتەکەیە، کە بە کردەی مەبەستدار ناودەبرێت). (جۆرج یۆڵ، ٢٠١٦، ٨٥).

# خرخالت لە پێیە خانم، دە داوای نێرگەلەش بکە جانم! (٥٨).

ئەم وێنە گەڕانەوەیە بۆ خەیاڵێک، کە پتر لە فلمی ڕەشی و سپی میسری دەچێت، ئەو ئافرەتە سۆزانیەی (خلخال) لەپێیە و نێرگلەکێشە، هێما و ڕەمزی سۆزانیەکی سەماکار و عەسابەدار و تلیاک کێشە، جانم، یان خانم پتر لە زمانی تورکی و ، میسری بەکاردێت و تێکڕای تاکدێڕییەکە سێکسانە خۆی دەنوێنێت.

# بە ترومبێلێکی پێشبڕکێ چووە بن کراسی، خراو خێرا بەسەر جەستەی نەرمی هازۆزتی و لە ڕۆخ بۆ ناوکیدا هەڵدێرا. (٥١)

ئەمەش وێناکردنی وێنەیەکی سادیانەی سێکسییە، بەسوود وەرگرتن لە کردە و گرتەیەکی سینەمایی دەچێت. شاعیر لە زۆر وێنەی شیعریدا سوود لە وێنە و گرتەی سینەمایی و زمانی فۆلکۆر و زمانی بەکارهێنراوی ئاسایی خەڵک وەردەگرێت و وێنەیەکی نوێتر لە وێنە ئاساییە بینراوەکە لەنێو هەست و لێکدانەوە و تێڕوانینی خۆیدا دروست دەکات.

هیچ دێڕە شیعرێک نادۆزییەوە، وشەکانی بە مەبەست و مانا و گەیاندنی خواستێکی شیعری بەکار نەهێنرێت. هەر وشەیەک پتر لە واتایەکی پێ بەخشراوە، ئەمەش پەیوەندی بەوە هەیە، کە لە تاکدێڕیدا شاعیر پێویستە فرەواتایی لە چڕکردنەوەی دەربڕین و گوزارشت و وێناکردن و زمانەکەی بەکاربهێنێت.
ئێمە چۆن دەتوانین (مەبەستە نادیارەکانی ناخی هەر وشەیەک) بدۆزینەوە. پێشتر بەئاسانی دەمانتوانی وەسفی (سروشت و جوانی ئافرەت و فکری ئایینی و تەسەوف و هاژەی ئاو و گڤەی با و ڕۆیشتنی ئافرەت و بەرد و شاخ و ئاسمان...) بدۆزینەوە، بەڵام ئێستا شیکار و ڕەخنەی دەقی ئەدەبی وەکو پشکنینی دکتۆر وایە، وەکو دۆزینەوەی زانستی و گەڕانە لەنێو دیوە نادیارەکانی ئەو شتانەی لەبووندا هەن. پرسیارێکی سادە چۆن لەنێو گوتاردا (کردەی مەبەست) بدۆزینەوە، کە لەکردەوەدا مەبەست شتێکی زهنیی وێنەکراوە نەک مادەیەکی بەرجەستە، کە ڕەنگە مەبەستەکە ناڕاستەوخۆ بگوترێت، یان واتای پێچەوانە دروست بکات، کە دەڵێین (هەژار) بە مانای ڕەخنەگرتن لە دەوڵەمەندی دێت، یان فرەواتایە. بۆیە دەبێت لەتەک پێشکەوتن و فروانبوونی ئەرک و شێوازی بەکارهێنانی زمان، شیکردنەوە و لێکدانەوەش سنووورە کلاسیکییە باوەکان ببەزێنێت و گەشە بکات و فراوان بێت، شتە نادیارە شاراوەکانی نێو زهن و مێشک و بیرۆکە و نادیارەکانی نێو وێناکردنەکان بدۆزینەوە، ئینجا ئەگەر ئەمە لەنێو گوتاری تاکدێڕییەکان بوو، ڕەخنەگر و شیکار دەخاتە بەردەم دونیایەکی بچووک، بەڵام

یەکجار ئاڵۆز لە مانا و مەبەست و بیرۆکە و وێنە و گێڕانەوە و تەکنیک و قسەکردن لەبارەی پێکهاتەی دەقەکە.

**بیرکردنەوە لە داهاتوو**

یەکێک لەبوارە گرنگەکانی زانستی نانۆ/ مینمالیستی و بچووکردنەوە و گچکەلیزم ئەوەیە مرۆڤ هان دەدرێت، یان کەرەستەکانی هاوکاری بیرکردنەوەیان بۆ دروست دەکرێت، تاکو باشتر و گونجاوتر لەداهاتوو بڕوانێت و وێناکردن و لێکدانەوە و شیکردنەوەی لەبارەی ئاینده هەبێت.
شیعریش یەکیکە لەو بوارانەی هەمیشە سەیری ئاینده دەکات، لە سبەینێ دەنۆڕێت و وێناکردنی تایبەتی بۆ سبەینێ هەیە.
بۆ شیکردنەوەی ئەم بوارە پێویستە ئاماژە بە بۆچوون و دابەشکردنەکانی (عبدالله خالد حنفی ، مارس ۲۰۱۹، ۳٦ ) بکەین، کە بەشێوەیەکی زانستی تێڕوانینی فکری لەبارەی ئاینده و چۆنیەتی لێکدانەوەی لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا نانۆ و کەرەستەکانی مادەی نانۆ خستۆتەڕوو و دابەشی سەر چەند بوارێکی کردووە.

یەکەم: چەمکی بیرکردنەوە لە بارەی ئاینده:

توانەیەکە بۆ دارشتنی پێشبینیی نوێ و پەیوەندکردن لەپێناو بەیەکەوەبەستنی نوێکارانە لەڕێگەی بەکارهێنانی زانیاریی بەردەست، توێژینەوە لەپێناو چارەسەری نوێ، هەموارکردنەوەی

پێشبینکردنەکان و دووبارە داڕشتنەوەی لەکاتی پێویست، وێنەکێشانی جێگرەوە پێشنیازکراوەکان و هەروەها داڕشتنەوەی ئەنجامەکان. (عماد حسين حافظ، ٢٠١٢، ٤٨٢).

# جوون بە شەو مەدە، مانگت لێ دەخنکێنێ. (٦٨)
# کە تێکڕا ڕووت بن، بارانێکی خەستی مەیڕێژە هەر دەرباری، بباریێ لە قوڕاوگەیدا لەشچێژە دەکەن. (٦٨)
# نەببووم، لە مردنم پرسی: ببم نەبم، بە زێدە ئومێدەوە وتی: لە دایکبە. (٧٤)
# مەراقمە و ئێستاش، بزانم چی تێدایە: بوخچەی ژنی زیز بوو، پرێسکەی پیرەژن. (٤٦)

دووەم: سروشتی بیرکردنەوە لەبارەی داهاتوو:

ئەم بوارەش دەکرێت لەچەند کردەیەکدا چڕ بکرێتەوە، وەکو:

ئەلف: بیرکردنەوە لەبارەی داهاتوو وەکو کردەیەکی عەقڵی:

ئەمە کردەی درککردنە بە کێشەکان و تواناشە لەبارەی چۆنەتی داڕشتنەوەی پێشبینکراوە نوێیەکان و پەیوەندیکردن و بەکارهێنانی زانیاری بەردەست و توێژینەوە لەبارەی چارەسەر لەخۆ دەگرێت، سەرباری هەمووارکردنەوەی پێشبینکراوەکان و داڕشتنەوەی پێویستییەکان.

# لە خاکی فەنتازیا (بۆ مێشکاغا) خۆشە هەر هەموومان شێتبین. (٤٠)
# لەناو تۆمار نووسیارێکی نیمچە خوێندەوار نەینووسی (ئادەم و حەوا) نووسی: حەواو ئادەم. (٣٦)
# چارەنووسی تۆپی زەمین لە دەست پوشکەیێکە، ئی هەتاویش لە دەست کێلەبەفرێکە. (٣٣)
# زەوی و مانگ و هەتاو، چەندە لێک بەفەند و فێڵن! (٢٨)

با: بیرکردنەوە لەبارەی داهاتوو وەکو کردەی وێناکردن و مەزندە:

ئەمە کردەیەکی وەبەرهێنان و لەدایک بوونی زۆر بیرۆکە و فکرە، سەرباری ورووژاندنی پرسیار لەبارەی کۆکردنەوەی زانیارییەکان و بەکارهێنانی خەیاڵ و بیرکردنەوە و ڕامان و لێکدانەوە، کۆکردنەوەی شتەکان مێشک و ستراتیژیەتی چی ڕوودەدات ئەگەر....

جیم: بیرکردنەوە لەبارەی داهاتوو وەکو کردەیەکی دووربینانە:

ئەمە کردەیەکە تاک لەڕێگەیەوە دەیەوێت داهاتوویێکی واقیعی، یان ڕەچاوکراو، یان باشتر بدۆزێتەوە، یان دروست بکات و داهێنانی تێدا بکات و بیپشکنێت و هەڵ بسەنگێنێت و پێشنیاری بکات، ئەمانەش لەسەر شێوەی پیشبینکردنی شتەکان لەئایندە دابڕێژێت و دروست بکات.

شاعیر لەم تاکدێڕییە شیعرییەدا دەڵێت:

# نۆستەرداموسیشی نەخوێندۆتەوە، سیسرکە پێشبینی دەکات: مرۆڤ و زەبەلاحەی ئامێر، سێیەم جەنگی جیهان دەقەومێنن، ئەنجامیش هاوقرانییە. (٥٦)

دال: بیرکردنەوە لەبارەی داهاتوو وەکو کردەی پێشبینی:

کردەیەکە لەچوارچێوەی ئەوەدا هەوڵ دەدرێت وێناکردن و مەزندەی داهاتوویەکەی هەمەڕەنگ و رووداوی ڕەچاوکراو و لێکۆڵینەوە لەبارەی گۆڕانکارییەکانی ئایندە بکات، کە ڕەنگە ببێتە هۆکار بۆ ڕوودان و بەدیهاتنی ئەم مەزەندەکردنە لەداهاتوودا.
لە تاکدیڕیەشدا پێشبینی کارەسات و قڕکردن دەکات بەهۆی دەرکەوتن و پەتا و میکرۆبێکی (دەستکرد) و دەبێژێت:
# میکرۆبێکی دەسکرد لە مێدیا ڕایگەیاند: مرۆڤینە کێوە دەچن، هەر قڕتان دەکەم! (٥٥).

میم: بیرکردنەوە لەبارەی داهاتوو وەکو کردەی ڕەچاوکردنێکی حیساب بۆکراو:

ئەمە کردەیەکە پشت بە تێگەیشتن و درککردن لەبارەی گەشەکردنی ڕووداوەکان بە درێژبوونەوە بۆ نێو کاتی داهاتوو دەبەستێت، بۆ زانینی ئاراستەکان و سروشتی گۆڕانکارییەکان بە پشت بەستن بە بەکارهێنانی زانیاریی هەمەجۆر لەبارەی ئێستا و شیکردنەوەیان، بەکارهێنان و سوود لێوەرگرتنیان بۆ وێناکردن و مەزندەی ئایندەیەکی باشتر.

# من هەر لە هەولێریش نازیم، من هەر لە ساڵی ۲۰۰۸یش نیم. (٤٩)

# سوپاس بۆ خەون، جوان ئەو (بوو)ەمی لێکدایەوە و دانیشی پیانا لەوەی (دەبێ) نازانێت، گوتیشی: خەون ئاینده نەناسە! (٥٥)

کاف: بیرکردنەوە لەبارەی داهاتوو وەکو کردەیەک بۆ چارەسەری کێشەکان:

کردەیەکە بەدواداچوون دەکات بەدوای کێشەکانی ئێستادا دەچێت، پێشنیاری جێگرەوەی هەمەجۆر دەکات بۆ ئەوەی کێشەکانی ئایندەیان پێ چارەسەر بکەن.

# کوژراوەکان زیندووبوونەوە و دەسخۆشیان لە کوژەران کرد، گلەیشیان لە چەقۆ کرد دەبوو تیژتر با. (٥٨)

# زوها حەدید بی و کامووسەکانم بۆ بیناساز بکات. (٥٨)

واو: بیرکردنەوە لەبارەی داهاتوو وەکو کردەیەکی بەرهەمداری داهێنەرانە:

کردەیەکە تاک ئازاد دەبێت و بەشێوەیەکی ڕێژەیی خۆی لەکۆتەکانی ئێستا رزگار دەکات، کار دەکات شتی نویٚ بەرهەم بهێنێت، زانیاری زۆر کۆگا دەکات دەکرێت دوارۆژی لەسەر دروست بکرێت.
(ع. ع. یووسف) دەبێژێت:

# لەسەر ئەم زەمینە ناشیعرانە دەژیم و هۆنراوەی بنەوو دەنووسم. (٧٨)

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پتر باس لە سەر لایەنە فکرییەکانی نێو دەقی (نانۆ تاتۆ دەکەم) دەوەستین، قسە دەکەین و شیکاری ڕاپەڕاندنی ئەرک و دونیابینی و تێڕوانین و سەرنجە فکرییە قووڵەکانی شاعیر دەدەین، کە تاکدێڕی شیعری وەکو تەکنەلۆژیا (نانۆ) کە بریتییە لە (بیرکردنەوە لەبارەی لایەنە هەمە جۆرەکانی و بەکارهێنانی کردە هەمەلایەنەکان) بۆ شیکردنەوەی (نانۆ) وەکو بچووکترین یەکە و بەشی پێکهێنەری دەقەکە. ئەمەش وامان لیٚ دەکات لەسەر لایەنێکی دیکەی ئەم بوارە بووەستین کە بریتییە لە قۆناغەکانی بیرکردنەوەی لە دۆخی داهاتوودا.

**قۆناغەکانی بیرکردنەوە لە داهاتوودا**

یەکەم ڕاپرسی:

لەم قۆناغەدا دیارکردن و تێگەیشتن لەهێزی گۆڕانکاری کە کاریگەریی هەیە، لەسەر بابەتی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و کێشەکان.

دووەم تێڕوانین بۆ پێشەوە:

لەم قۆناغەدا ڕوونکردنەوە لەبارەی کاریگەرییەکانی گۆڕانکاریی لە پێکهێنانی دوارۆژ پێشکەش دەکرێت، ئەمەش لەپێناو وەسفکردنی ئەو چیرۆکانەی لە داهاتوودا بەرجەستە دەبن و گرنگن و دەستەبژێرێکی دڵخوازانەن.

سێیەم نەخشەدانان:

لەم قۆناغەدا نەخشە ستراتیژییە چاوەڕوانکراوەکە لەپێناو سەرکردایەتی گۆڕانکاریی، کارکردن بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی ئێستا هەن و بەدیهێنانی هیواکانی دوارۆژ لەچوارچێوەی ئەو کۆششانەی بۆ وێناکێشانی دوارۆژێکی باشتر و گونجاو پێشکەش دەکرێن، دەبێت.

چوارەم جێبەجێکردن:

لەم قۆناغەدا ئەو ستراتیژییە چاوەڕوانکراوە جێبەجێ دەکرێت، کە لەگەڵ بەدواداچوون بۆ ئەو ئامانجانەی لەئاکامی ئەودا بەرهەم هاتوون، کارکردن لەپێناو گفتوگۆی بەردەوامی ستراتیژی لەپێناو ئەو دوارۆژەی بەرجەستەیە. (شیماء عبدالعال عبدالعلیم ، ٢٠١٧، ٦٣).

قوتابیان پێویستیان بە پەرەپێدانی تواناکانی دەرئەنجام و هەڵبژاردن و کردار هەیە. شارەزابوون لەبیرکردنەوەی داهاتوو دەبێتە هۆی ئەوەی هاووڵاتیان و قوتابیان لەسبەینێ بە سەرکەوتوویی زیاتر ڕووبەڕووی ئەو گۆڕانکارییە خێرا و خێرایانە ببنەوە، کە لەدەوروبەریاندا ڕوودەدەن. بە تایبەتیتر یارمەتیان دەدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان، و گۆڕانکارییەکانی یاسا و فەرمانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان . (https://www.sciencedirect.com/science/article/abs/ 8711871183).

**بیرکردنەوە لەپێناو داهاتوو بۆ گرنگە؟**

شیعر چیمان پێ دەڵێت، لەچوارچێوەی کردەی بیرکردنەوەدا چ جۆرە تێڕوانین و وێناکردن و لێکدانەوەیەکمان لەبارەی داهاتوو پێشکەش دەکات.

شیعر کردەیەکە، دەیان کردەی دیکەی بچووک بچووک، کە بەچاو نابینرێن لەنێوە خۆیدا لەنێو ڕستە و وشە و مانا و دەنگ و پیتە بزوێن و نەبزوێنەکانی خۆیدا لەخۆ دەگرێت.
ئەو شتانەی دەبینرێن قەپێلک و وشە و ڕستەکانن. شتە وەردەکانی دیکە، کە زۆر بچووک کراونەتەوە و بەچاو نابینرێن و تەنیا بەعەقڵ و مانا و لێکدانەوە هەست پێ دەکرێن، لەکاتێکدا لەنێو بچووکراوەکاندا وزە و توانا و بوون و ڕەقیی (هێز) و پتەویی فکرەکانیان لەخۆیان پەنا داوە و بوونیان هەیە وەکو ماددەی (نانۆ/ مینیمالیستی/ پارچە پارچە کراوی گچکەکراوە) لە شێوە و قەپێلک بەڵام گەورە لە مانا و ناوەخندا وان.
پرسێکی سەرنجڕاکێش، کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، بەسەریەک گردبوونەوەی دۆخی بیرکردنەوەی نێوان وەرگرتنی منداڵە لەڕوانگەی خودی داهاتووی مرۆڤ و دیدگای کەسێکی دیکە. توێژینەوەکان باس لەوە دەکەن مرۆڤەکان نەک تەنیا ئەزموونی کەلێنەکانی هاوسۆزی ''چەقی خودی کەسەکە''، بەڵکو کەلێنەکانی هاوسۆزی ''نێوان خودی یەک کەسیش دەگرێتەوە''، بە جۆرێک کە حوکمەکان سەبارەت بە باری سۆزداری ئەوانی دیکەش لەژێر کاریگەری مرۆڤەکاندا دەبێت. ( Van Boven, L., & Loewenstein, G.,2003, 1159–1168.) و ( Atance, C.M., & Meltzoff, A.N. ,.( 2006.

نموونە چەقبەستن و جوولانەوە لەنێو یەک خود و جەستەدا، شاعیر دەڵێت:

# لەترسان ڕەنگی ڕووی سوورهەڵگەڕا، لە شەرمان زەردهەڵگەڕا، لەبرسان مۆرهەڵگەڕا، لە زەوقان سپی هەڵگەڕا، لە کەسکییانیش شینهەڵگەڕا. (٥٩)
# دەمی لەدەمی کەللەسەرێک ناوە... ماچ ئەمما ماچ! (٣٧)
# هەڕەشەی لێکرد: وێنەخنکێنت دەکەم. (٢٩)

شاعیر لە زۆر شوێندا گیانەوەر و کەلوپەلیش بەکار دەهێنێت، بەڵام لەهیچ یەکێک لەو بەکارهێنانەدا لەبیر نەکردووە کە ئامانج و خاڵ و مەبەستی سەرەکی خودی مرۆڤە، شتەکانێش وەکو هێما و نیشانە و رەمزێکی گونجاو بۆ گوزارشت لە هەستی مرۆڤانە و خودی مرۆڤ بەکار دێن: وەکو:

# باوک دووببە.. دایک جافیلۆک، کۆرپەلەی ناوپزدانیش ئیللان بیللان دەیەوێ بەناو کونی دەرزی تێپەڕ بێ. (٢٩)
# کەریش ئابووریناسە و دەڵێ: زەڕین کانگەی زێڕە. (٢٠)
# لەناو مەیدانی لێکجەنگانی ڕم و تیر و شیر، جەنگاوەرێک هاوای کرد: دایە بگە فریام! (٢١)
# ڕووی خۆی گرژ کرد و زەویشی پێگرژاند. (٥٨)
# سێوم بە کچێنی بینی، بە ماجەرایەکی نوێی بێ ئادەم، جەستەی خۆی تاتۆدار کردووە. (٧٠)

بۆیە گرنگە بایەخەکانی بیرکردنەوە لەبارەی داهاتوو لەم ڕوانگە و دیدگایانەی خوارەوە سەیر بکەین::
١-هەنگاوی بەشدارییەکی ئەرێنییە لە دروستکردنی دوارۆژدا.

٢- بنکەی مەعریفی دەربارەی جێگرەوەکانی دوارۆژ دابین دەکات.
٣- هاوکاری ئەوەمان دەکات ئەو کێشانەی پەیوەندیان بە دوارۆژ هەیە، پێش ڕوودانیان بیاندۆزینەوە و ئاشکرا بکەین.
٤- هاوکاریمان دەکات متمانە بەخودی خۆمان زیاد بکەین بۆ ڕووبەروبوونەوەی داهاتوو و ئەو کێشانەی پێشکەشکراون.
٥- گەڕان لەدوای پێشکەشکردنی چارەسەرییەکان لەبارەی داهاتوو، بۆ ئەوەی کێشە هاوچەرخەکان چارەسەر بکرێن.
٦- پەرەپێدانی ئاستەکانی هەستکردن و ڕەچاوکردن و پێشبینییەکان. بۆ زانیاریی پتر بڕوانە (رمضان فوزی المنتصر، ٢٠١٣، ٢٠٨-٢٥٦) و (عماد حسين حافظ، ٢٠١٩).

لە نموونەکانی پێشووتردا هەندێک نموونەمان لەبارەی تاکدێڕیی و ئاماژە بەئاینده و پێشبینی و پێشگریمانەی هەندێک ڕووداو و پەتا و میکرۆبی دەستکرد بۆ قڕکردنی مرۆڤ هێنایەوە، لێرەدا بەکورتی هەندێک نموونە دیکەش دەهێنینەوە:
یەکەم: گەڕان بۆ چارەسەر لەنێو ئایندەدا:

# بۆ بە خەنیهێنانی گەلی ستەمدیدە، نزامان کرد مێش ببێتە گامێش. (٧٠)
# سبەی دەزانی، نەزۆک لە زاوۆک بە پیترە! (٧١)
دووەم: پێشگریمانەی ئەو شتانەی ڕوو دەدەن:
# چاو خۆی کردە مێشک و دەمودەست مرد. (٥٢)
# پێرێ ئەسپێکوژە بوو، دوێنێ پەنجەمۆر، ئەمڕۆ تەگبیر بۆ سبەی دەکەن، بیکەن بە چی؟! (٤٥)

سێیەم: چارەسەری کێشەکان:
# ڕووە و هەتاو بێژینگم بڵند کرد، بەڵکە جوانییەکی تر بدۆزمەوە. (٤٤)
# کوتینی سەر چەنەگەی لەگەڵ نەبوایە، دیمەنی چاوت قەد ئەوها جوان نەدەبوو! (٤١)

چوارەم: پشت بەستن بە سەرچاوە و بنکەیەکی مەعریفی لەباسکردنی شتەکان و گوزارشت لەدۆخی هەر یەکێکیان:
لەنێو ئەم دیوانەدا هەر باس و دێرێک و وێنە و کەرەستەیەکی شیعرەکان سەرنج لێ بدەین، بۆمان دەردەکەوێت، شاعیر پشتی بە مەعریفەیەکی فکری و ڕۆشنبریی و فەلسەفی ورد و زانراو کردووە.
پێنجەم: جێگرەوە و بەدیل، شیعری عەباس دژی جێگرەوەیە، چونکە پشت بە ڕەتکردنەوە و نامۆبوون و ڕەشبینیدا دەبەستێت.
لەهەمان کاتدا ( Marina Gorbis) لەبارەی بیرکردنەوە سەبارەت بە داهاتوو لەبابەتێکدا دەنووسێت:
" لەبیست ساڵ کارکردنم لە پەیمانگاکەدا، پێنج بنەمای سەرەکیم بۆ بیرکردنەوە لەبارەی داهاتوو، یان بیرکردنەوە لە داهاتوودا پەرەپێداوە: ئەوانیش بریتین لە:

- پێشبینییەکان لەبیر بکە.
- سەرنجت لەسەر سیگناڵەکان بێت.
- ئاوڕێک لە دواوە بدەنەوە بۆ ئەوەی پێشەوە (داهاتوو) ببینن.
- نەخشەکان ئاشکرا بکە.

- کۆمەڵگەیەک دروست بکە.

Marina Gorbis, , March 11, 2019, ) https://er.educause.edu/articles/2019/3/five-principles-for-thinking-like-a-futuris).

ئایا بەڕاستی شیعر لەکردەوەدا بریتییە لە مانا و بیرکردنەوە و بەکارهێنانی زمان و وێناکردن هیچ پەیوەندییەکەی بەم جۆررە میتۆدانە دەبێت. با وەکو ڕەخنەیەکی زمان و کۆمەڵایەتی و دەروونی سەیری ئەم پەیوەندییە بکەین. شیعرەکانی (ع. ع. یووسف) لە فکر و بیرکردنەوە و لێکدانەوە و وێناکردن دەدوێن، ئایا لەبیرتان چووە، کە وێناکردن پەیوەندییەکی پتەو و ڕیشەیی بەئایندەوە هەیە؟ ئێمە چۆن وێناکردنەکان لەبارەی دوێنێی بەسەرچوو وێنا دەکەینەوە، لەکاتێکدا پرۆسەکە پەیوەندی بە بەدیهێنانی شتێکە لەنێو چرکەی دوای وێناکردنەکە؟. دەتوانین مانا بە کەرەستەکانی دوێنێ وەکو مێژوویی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری دەروونی شتەکان ببەخشین لەپێناو وێناکردنی خودی ئەو شتانە بە بەها و شێواز و قەبارە و جۆرێکی دیکە لە ئایندەدا.

#کە بۆ نانێ لە دەرگەی دا، دایانێ، لە پەنجەرەی هەمان ماڵی دا و داوای سێکسی لێکردن. (٥٧)

ئەمە بریتییە لە چیرۆکی پەیوەندییەکانی نێوان (نان و سێکس) بەکارهێنان و ئیستغلال و چاوچنۆکی مرۆڤ، پەیوەندییە ئاڵۆزە گوماناویی و بەدبەختی خودی مرۆڤمان نیشان دەدات. ئەمە

ئاساییە بکرێتە ڕۆمان، چیرۆکێکی درێژ و شیعرێکی هەزار بەیتی، بەڵام ئەو هاتووە ڕۆحی مەسەلەکەی لە چەند وشەکدا چڕ کردۆتەوە. لە ڕابردوو داوای نانی کردووە، دواتر لە پاشدان مەسەلەکە دەگۆڕێت بۆ داوای سێکس. واتە پەیوەندیی بەیەکەوە بەستراو لەنێوان دوێنێ و سبەینێ بەدیهێنراوە.

# هەی بەدبەخت! لەدەست سەرمایەداری کێوە ڕادەکەیت، مەگەر فانتازیا ڕێچارەت بێ! (٦٢)

لەم تاکدێڕیەشدا بەیەکەوەبەستن و پەیوەندیی لەنێوان سەرمایەداری لە کاتی ئێستا و دوارۆژدا بەرجەستە کراوە.

لەسەرەوەدا ئاماژەمان بە (لەبیرکردنی پێشبینییەکان و سەرنج خستنە سەر پەیامەکان و لەدوێنی سبەینێ بینن و ئاشکراکردنی نەخشەکان و دروستکردنی کۆمەڵگە) کرد. چەند جێگەی سەرنجە کە دەبینین شاعیر بەکردەوە وەکو فەیلەسووفێک لەپێناو (گفتوگۆ و درووستکردنی دونیایەکی باشتر و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فکری) دەئاخڤێت. پشت بەستن بەگفتوگۆ زەمینەی (تێگەیشتن و لێکدانەوە و بڕیار و قبووڵکردن) دروست دەکات. شیعر هەر تەنیا جووڵاندنی هەستەکان نییە، بەڵکو هێز و وزەیەکی پتەو بە وەرگرەکانی دەبەخشێت (بیر بکەنەوە و لێکدەنەوە و تێبگەن). شیعر وەکو دەقە پیرۆزەکان وایە، پڕە لە بڕوابوون و متمانە و بیروباوەڕ.

(ع. ع. یووسف) لەبەر ئەوەی ستایل و تەکنیکی چیرۆک لەنێو شیعرەکانی وەکو گێڕانەوە هەیە، واتە بایەخ بە مێژوو، مێژووی هەموو شتێک، تەنانەت مێژووی بەرد و دار و درەخت و با و گیانەوەر و زیندەوەر و شتەکانیش دەدات.
ئەو ئەم بەکارهێنانەوە دەبەستێتەوە بە لێکدانەوەی سبەینێ و ئایندە:

# گەرماوگە گشتی ئافرەتان، بەهەشتە یان دۆزەخ؟! (٥٥)

پرسیارێکە پێویستە لە ئایندەدا وەڵامی بدۆزرێتەوە، گەرماوگە مێژووی هەیە، شاعیر کە وشەی گەرماوگە بەکاردەهێنێت، پێی وایە گەرماو هەڵەی باوە و مانای ئاوی گەرم دەدات، بۆیە گەرماوخانە، یان گەرماوگە بەڕاستر دەزانێت. با بگەڕێمەوە نێو باسەکەی خۆم مێژووی گەرماوگە دەکەوێتە نێو مێژووی شار، لەشاریشدا گەرماوەکان تایبەتمەندیان هەیە، ئەمەش مێژووی کەلتووری کۆمەڵایەتی پێکهاتەی خەڵەکەکە و نەریت و چۆنیەتی بەکارهێنانی گەرماو دەگەیەنێت، لەهەمان کاتدا (بەهەشت و دۆزەخ)یش مێژوویێکی لە ڕابردوو هەیە، هەموومان بەخەیاڵ و واقیعی لە ئایندەدا بیر لەم دوو شوێنە دەکەینەوە. بەکارهێنان و بەیەکەوە بەستن و پەیوەندییەکی مێژوویی و فکری و لەهەمان کاتدا کەلتووریی و کۆمەڵایەتی لەنێوان ئەم کەرەستانە هەیە، کە لەنێو دەقە تاکدێڕییەکەدا بەکارهێنراون.

#کە چوومە ناو گەرماوەکە ڕووت ڕووت بووم، کە خزێندرامە نێو گۆڕەوە لە ڕووتی ڕووتتر. (٥٤)

یەکێک دیکە لە بنەماکانی تاکدێڕی و بچووکردنەوەی دەق دروستکردنە، دروستکردنی کۆمەڵگە، فکرۆکە، ئایندە و ڕۆنانی شتێک، کە دەبێتە گریمانە، لێکدانەوە و دروستکرن

#لە تەمەنەکەی نووحەوە، گینس فێرە تۆمار کردن بووە. (٦٦)

ئەو لەم نموونە شیعرییەدا دەیەوێت پێمان بڵێ ئاگادار بن (نوح) هەزار ساڵ ژیاوە، واتا پێش (گینس) کەتووە و ئەو یەکەم کەسە ئەم ژمارە گەورەیەی پێش هەمووان بەدەستهێناوە.

#ناشیکەمە کێشمەکێش، دەستم لە مێشکم هۆشمەنترە. (٤٨)

بیرکردنەوە، کار، مێشک و گەشەکردنی هۆشمەندی چۆن دەتوانن وەکو هۆکار و ئامراز ببنە سەرەتای گۆڕانکاریی لە ئایندەی مرۆڤ. (دەست) دەجووڵێت، کار دەکات و شتەکان ڕۆدەنێت و چۆن دەست دەبێتە سەرچاوەی گەشەکردنی هۆشمەندی. ئەمە پەیوەندییە پتەوی بە دیالیکتیکی گەشەکردن و بزاڤ و نەشونەمای فکر و هوشیاری خودی مرۆڤیشەوە هەیە. دەست یەکێکە لە ئامرازە گرنەگان جەستەی مرۆڤ، بۆ (گرتن و هەستکردن بە شتەکان بەکاردێت) و (گرنگترین ئامرازەکانی پەیوەندیکردنە لای مرۆڤ، یان وەکو زمانی ئاماژە بەکاردێت) سەرباری ئەرکی پەنجەکان و بەکارهێنانی دەست بۆ وێنەکێشان و نووسین.(وسام طلال، ٤ یونێو ٢٠١٨، (https://mawdoo3.com/%D9%85%D8%A7_%D9%88).

لە بوارێکی دیکەدا دەڵێن دەست چەندین واتای تێدایە، کە

بەستراونەتەوە بە کەلتوور و ئەنترۆپۆلۆژیا و مێژوو، وەکو ئاماژە بۆ قۆناغەکانی گەشەکردنی هۆشی مرۆڤ و ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی دەستەوە بەرجەستە دەکرێت. (د. محمد الجویلی، ٧-٣-٢٠١٦،
https://alarab.co.uk/%D8%AF%D9%84%D8%A ).

لەهەمان کاتدا وەکو ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی ( مارینا گۆربیس) دەڵێت: لەباشترین حاڵەتدا بیرکردنەوە لەبارەی داهاتووەکان پێشبینیکردنی داهاتوو نییە؛ بەڵکو پەیوەندی بە سەرقاڵکردنی خەڵکەوە هەیە لە بیرکردنەوەیەکی قووڵ و لەپرسە ئاڵۆزەکان، خەیاڵکردنی ئەگەری نوێ، بەستنەوەی سیگناڵەکان بۆ نەخشە گەورەکان، بەستنەوەی ڕابردوو بە ئێستا و داهاتوو و هەڵبژاردنی باشتر لە ئەمڕۆیە. کارامەیی بیرکردنەوەی داهاتوو زۆر گرنگە بۆ ئەوەی هەموو کەسێک فێری بێت بۆ ئەوەی باشتر لەژیانی خۆیدا بڕوانێت و بڕیاری باشتر بدات لە بەرانبەر ئەو گۆڕانکارییە زۆرانەی لە تەکنەلۆژیا بنەڕەتییەکان و پێکهاتە ڕێکخراوەییەکانماندا هەیە. تاکو زیاتر مەشق بە بیرکردنەوە لەپێناو داهاتوو بکەیت، باشتر دەبیت. ئەو پێنج بنەمایەی لەسەرەوە باسمان کرد- گرنگی نەدان بە پێشبینییەکان، ئاشکراکردنی سیگناڵەکان، تێگەیشتن لە ڕێڕەوی مێژوویی، پێکەوە بونیاتنانی نەخشە گەورەکان و هێنانی دەنگی جۆراوجۆر بۆ ناو گفتوگۆکە- دەبێت یارمەتیت بدات لەگەشتەکەتدا بۆ ئەوەی بیرکردنەوەی داهاتوو بکەیتە شێوازەکانی ژیان بۆ خۆت و کۆمەڵگاکەت.( Marina Gorbis, 11,

2019, https://er.educause.edu/articles/2019/3/five-principles-for-think)

تاکدێڕیی بە هۆی کورتنووسین و بەکارهێنانی کەمترین وشە و زاراوە، کار دەکات گەورەترین وێنا و زۆرترین مانا و قووڵترین بیرکردنەوە لای خوێنەر و وەرگری گوتاری دەقەکەی دروست بکات. (ع. ع. یووسف) بەکردەوە شاعیرێکە ناتوانێت بی بیرکردنەوە و فکر و لێکدانەوە شتەکانی دەقە شیعرییەکانی بەرهەم بهێنێت، تەنای چەند نموونەیەک لێرەدا ئاماژە پێ دەکەین، بێ لێکدانەوە و شیکردنەوەیان:

# لەناو تێکڕای جرِتان، ئەو زرِتەی نیشتمان بۆی کێشاوم لە گشتیان قەبەتر بوو. (٢٠)

# نزیکترین بەندیخانە پێڵاوە، هەرە نزیکتریش ئەنگوستیلەیە. (٢١)

# مەیموون باوکیانە و بەبەغا کوڕیانە و پێیانەوە کۆتایی بە ملانێی نەوەکان هێنراوە. (١٣)

# تا ئەمڕۆش خۆراکە خۆشەی مرۆڤ ... مرۆڤە! (١٣)

# ڕێویەکانی شاستانی میکاڤیل، شێری شەرزەن، مرۆڤ بە جل و پێڵاوەوە دەخۆن. (١٣)

# بتە دزراوەکە لە شوونەواردز خێراتر تەکانی ڕۆیشتنی دەدا، تا لە مۆزەخانەیەکی تر گیان وەبەریەوە بێت. (٣٥)

# کۆتا بێزاری کردم، نا (بەر لە کۆتا) من بێزار بووم. (٢٦)

# باڵندە دەبڕوا بکە، تۆ لە من زیاتر فیزیک دەزانی، من لەو وانەیەدا کەوتووم. (٢٧)

دەکرێت بۆ دۆزینەوەی ئەم جۆرە فکرۆ و بیرکردنەوە و تێڕوانینە فکریانە لە هەر تاکدێڕییەکی دیوانی (نانۆ تاتۆ دەکەم) بدۆزینەوە.

## بیرکردنەوە لە ناعەقڵانی و ناڕەحەتی و ڕەشبینی

پەنجا ساڵ لەمەوبەر (ئەلڤین تۆفلێر) لەبارەی "شۆکی داهاتوو" کە لە ئارادایە ئاگاداری کردینەوە، ئاماژە بەوە دەکات حاڵەتێکە جیاواز نییە لەو شۆکە کەلتوورییەی گەشتیاران لە وڵاتانی دەرەوە تووشی دەبن و بریتییە لە سەرلێشێواوی و ناعەقڵانیی و ناڕەحەتی. بیربکەرەوە نەک تەنیا وەکو تاکێک بەڵکو وەکو تەواوی کۆمەڵگا، تەواوی نەوەیەک بەلاوازترین و کەمترین و زیرەکترین و ناعەقڵانیترین ئەندامەکانییەوە. بیر بکەوە بزانە چۆن ئەمانە لەناکاو بۆ ئەم جیهانە نوێیە گواستراونەتەوە. ئەنجامەکەشی سەرلێشێواوی جەماوەرییە، شۆکی داهاتوو لەسەر ئاستێکی گەورەدا دەبێت.( Alvin Toffler, 1970, no. 3 ).

یەکێک لەو میتۆدە شیعریانەی شاعیر کاری لەبارەوە کردووە (ڕەشبینی و باڵادەستبوونی ناعەقڵانیەت و دارمانە، یان وێرانە). ئێمە دەزانین شیعری هاوچەرخ کار لەسەر ژمارەیەک دیاردە و کێشە و هەست و نەست و بیر مرۆیی و تێڕوانین و

لێکدانەوەکانی لەبارەی کۆمەڵگە دەکات، کە پێشتر نە ڕەخنەی کلاسیکی و نە دەقی شیعری بەکاریان نەهێناوە، یان دەتوانین پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگە و شاعیر، (کێشە و سەردەم و دەق) پەیوەندییەکی جیاواز بووە. (ع. ع. یووسف) دەڵێت "من گوتوومە مەرج نییە وێنەی شیعریی وەکو ئەو وێنەیە بێت، کە ئێمە بینێومانە، بەڵکو ئەو بەرجەستەکردنە، کە وێنەیەک بە زەین دروست بکات، یان وێنەی شیعریی تەنیا ماتریال نییە، بەڵکو زەینیشە". (گۆڤاری دیوان، ٢٨، ئەیلوولی ٢٠٢٣).

بێگومان شێکاری دەق پێویستە کار لەسەر زەین بکات، یان ئەو شتە نادیارە نا مەتریالیانەی لەنێو مێشکدا وەکو کۆد و ڕەمز و هێما وێناکراون. لەنێو هەر وێنەیەکی شیعریدا ئەم جیاوازییە فکری و تێڕوانینە مرۆیی و بابەتە بەرجەستەکراوانە هەست پێ دەکرێن.

بۆیە کاتێک شیکاری دەقی شیعری تاکدێڕی دەکەین، مەسەلەکە قووڵتر و چڕتر دەردەکەوێت. ئەو نەک هەر تەنیا دەیان وشەی لابردە و هەموو وشەکانی دیکە بەهەموو (دووریی و مانا و ئەرک و بابەت و هەست و لێکدانەوە و وێناکردنەوە) لەنێو یەک، یان دوو وسەدا کۆکردۆتەوە (پوختکردۆتەوە).

ئەگەر بمانەوێت وێنەی شیعریی (نیگەرانی و ڕەشبینی و نامۆبوون و هەندێک وێنەی ناعەقڵانی بۆ گوزارشت لە عەقڵانی مرۆڤ) ئاماژە پێ بکەین ، تەنیا چەند نموونەیەک ئەو بڕوا و گیرسانەوەمان لا دروست دەکەن، کە شیعر بریتییە لە خودی مرۆڤ و دەوروبەر و بیرکردنەوەکانی، ئەمانەش لەکردەوەدا گوزارشت کردنە لە هەست و  نەست و نامۆیی و نیگەرانیی و

تووڕەبوون و لاسایی و سەرزەنشت و ستایش و گلەیی و پێکەنین و ... تا لای خودی مرۆڤ.
(ع. ع. یووسف) بەکردەوە وێنەی خودی مرۆڤەکانمان بۆ وێنا دەکاتەوە، وەکو:

# تا نەڵێن نامۆیە (بەس ناوکی نا) خۆی گەڵاپۆش کرد و چووەتە ناو دارستانەوە. (٦)
# جوتیارەکە، سەیری ئاسمانی بێ هەوری کرد، جا کاتژمێری خۆی شکاند. (٧)
# چاو خۆی کردە مێشک و دەمودەست مرد. (٥٢)
# دەنگ لە گوێ بێزارە، بەدوای نووهەستێک دەگەڕێ خۆی لێ موتوربە بکات. (٤٣)
# بورکان پەقی، من و ڕووەک و گیاندار دەمانقیژاند و دەگریاین، سەمەندەریش پێمان پێدەکەنی! (٧١)
لە وێنەیەکی نالۆژیکی دەیەوێت وێنەیەکی لۆژیکی دروست کات و دەڵێت:
# لە دۆژەدا، ڕۆژێ سێ جار خۆی بە ئاگر دەشوشت. (٥)
# بەدەستان ڕووناکیم گرت و لە شەوە زەنگدا خواردمەوە. (٧١)
# سەگەکەی سەری بڵندکرد، بەرامبەر، سەگی خانم سەری نەویکرد، بە پەلە چوو دەستی ئەو خانمەی ماچکرد. (٤٩)

چۆن عەقڵ بروا بەوە دەکات مرۆڤ لە دۆزەخدا، بە ئاگر خۆی بشوات، ئەم وێنەیە لە لۆژیک دەرچووە، بەرەو خەیاڵە، خەیاڵێک کە سنووری نییە. یان خاوەن سەگ دەستی خانمێک

ماچ بکات و باوێکی وەها بکات، کە خۆ چەماندنەوەی بۆ ئەوی دیکەی تێدا بێت. یان ڕووناکی بگرێت و بیخواتەوە. ئەمانە پرسیارە جدییەکانن، سیعر دەتوانێت هەموو شتێک بکاتە نا شت و هەموو ناشتێکیش بکاتە شت، یان هەموو هیچێک بکاتە هیچ و بەپێچەوانەش، شاعیر دەڵێت "دەشێ شتی ناشیرین جوانیی لێ بەرهەم بێت، وەکو چۆن بودلێر شتی قێزەوەنی وەکو بایەخێکی ئیستاتیکی بەردیدە کەتووە" و لەبارەی ناسنامە دەبێژێت " لەم سەردمەی جەنجاڵییەی سەردەمی ئێستا کە هیچ شتێک بەهای نەماوە و کاری بۆ دەکرێت، شێکاریی بۆ چەمکی ناسنامە بابەتێکی جیوەییە، یان مانای جیاواز وەردەگرێت، لای (جاک دریدا ١٩٣٠- ٢٠٠٤) هەر مرۆڤێک لەیەک کاتدا خاوەنی کۆمەڵێک ناسنامەیە، هەر یەکێکیان لەکار بکەویت، ئەوی دووەم کار دەکات". (گۆڤاری دیوان، ٢٥، حوزەیرانی ٢٠٢٣).

بڕوای وایە ئەوی نووسەری شاعیر و خاوەن دەق لە نێو دەقەکەی خۆیدا هەمان ئەو (عەباس)ە نییە، کە ئێمە دەبینین و قسەی لەگەڵ دەکەین ودەڵێت "با بڵێین لەنێو ئەدەب و باتەیبەت شیعر، من واتە ئیگۆ، ئەو منە نییە، کە لە کۆمەڵدا هەیە. ڕەنگە ئەو منە لەتێکستێکدا بێت، من لە تاک دێڕییەکدا گووتوومە: (بنووسە دوو کەسین، خۆم و لۆریەکەم) ئەمە مانای جووت شووناسییە". (گۆڤاری دیوان، ٢٥، حوزەیرانی ٢٠٢٣).

(ع. ع. یوسف) لەبارەی عەقڵانیەت و سەرچاوە فەلسەفەیی و فکرییەکانی خۆی دەڵێت " لەناونیشانی فیلمی سینەمایی، ناوونیشانی چایخانە و چێشتخانە و سینەما بوو، ناونیشانی پاکەتی جغارە بوو، ساڵانی دواتر خۆم وەکو فیگەر بووم بە

ناونیشان، چونکە خەریکی خوێندنەوەی قۆناغەکانی فەلسەفە بووم. بەهۆی مامۆستایەتییەوە لە گوندەکان بووم بە فەرهەنگی گوندەکان. (کەری بۆریدان) کە ناونیشانی دیوانێکمە و لە موناقەشەی فەلسەفەی فەرەنسییەوە وەرگیراوە، چونکە موناقەشەی نێوان بیرمەندانی فەرەنسی بوو". (گۆڤاری دیوان، ٢٨ ئەیلوولی ٢٠٢٣).

ئەمە تێڕوانینی ئەوە بۆ عەقڵانیەت و پێناسەکردنەوەی (ناعەقڵانیەت و ئێستاتیکا و ڕەشبینی و ناشیرینی و شتی قێزەوەن و ئاڵۆزیی سەردەمەکە).

لەبارەی ئەم دۆخەی وشە لەنێو دەقدا (تاکدێڕی)، کە بەشێوەیەکی چڕ و کورت کراوەتەوە هەندێک کەس بەجۆرێک لە گاڵتەجاری سەیریان دەکەن، لەکاتێکدا لەم سەردەمی پێشکەوتن و ئاڵۆزیی و جەنجاڵییەدا ئەم کورتکردنەوەیە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا دێتە بەرهەم، نەک هەر خودی شیعر، بەڵکو گوتاریشی بە شێوەیەکی گشتی گرتۆتەوە. گوتارە کورتەکانی (دۆنالد ترەمپ)ی سەرۆکی ئەمەریکا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکە لە پارچەپارچەکردن و لەتکە دەقی بچووکی گچکەلیزم بۆ بەشی یەکجار بچووک و گچکەکراوە.

(دۆناتۆ دی)ی ئیتالی لەئاستێکی بەرز وەکو شکۆ سەیری تاکدێڕی دەکات و ئەو پێی وایە: "ڕۆژانە تاکدێڕی فەیلەسووفەکان لە دەوروبەرتدا کار دەکات.". تاکدێڕی هەندێک جار فۆڕمی ڕاگەیاندنیان هەیە و بە پەیامەکانیان شتەکان وەکو هێڵکاری نیشان دەدەن، کە داوای ئارامیی و بەدەستهێنانی توانای گوێگرتن دەکەن، لەو ڕوانگەیەی "نووسین گوێگرتنە لە

بێدەنگی و ژیانە لەگەڵ دەریا لەنێو گیرفانی خۆتدا " .
پێناسەی ئەو بۆ نووسین هەمان پێناسەکەی (ئیتالیۆ کالڤینۆ)
یە، کە بۆ یەکێک لە ژانرەکانی ئەدەب بیرمان دەخاتەوە و
دەیگووت : "شیعر هونەری دانانی دەریایە لە جامێکدا ".
(ڕیکاردۆ دی جینارۆ) ش وەک هاوسۆزییەک لەگەڵ مانگرتووەکان
یەکێک لەتاکدێڕییەکانی بە "بۆشی"، واتە "سپی" بەجێ
دەهێڵێت و لەوێدا پرسیاری خۆشەویستی، هاوسەرگیری، ئازار،
مردن دروست دەکەن. پێ دەچێت مردن بابەتێکی دڵخوازی
(فرانسیسکۆ بۆردین) بێت، کە تەنیایی و گۆشەگیری و فەزیلەتی
دوورکەوتنەوە لە کەسانێک کە "لەخراپترین ژیان دەژین بۆ
ئەوەی بتوانن مردنێکی باش بمرن" ئەو شکۆ بەم شێوە ژیانە
دەدات، لەکاتێکدا (ئۆمبێرتۆ سیلڤا) لەسەر ئەوە دەوستێت، کە
مرۆڤەکان ئەمڕۆ بوونەتە چی، ئەو شتەی تایبەتمەندی
ڕەفتارەکانیان دیار دەخات، ڕیتمە نوێیەکەی ئەو ژیانە
سەپێنراوەیە، کە ئاماژەی پێ دەکات. بۆیە ڕەخنە لە درۆ و ئەو
کەسانە دەگرێت، کە ئیرەیی دەبەن و بەسەرسامییەوە ڕەخنە لە
مرۆڤە بێ بایەخەکان دەگرێت. سەبارەت بە نووسەری ناسراوی
ئیتالی (سیزار پاڤێز) کە لە ساڵی ١٩٥٠ خۆی کوشت، ئەو
تاکدێڕی بەو شێوەیە نووسیوە، کە ئاهەنگ بۆ بێباکی و زاهید و
لەبیرچوونەوە دەگێڕن.
(https://www.independentarabia.com/node/2908 ).

لەبارەی مردن، شاعیر لە هەندێک تاکدێڕیدا ڕاشکاونە ئاماژە
بەم دیاردە دەکات و لەهەندێکی دیکەشدا ناڕاستەوخۆ ئاماژە
بە هەلوەشانە و کۆتایی و نەمان و سڕانەوە دەکات، وەکو:

# نەببووم ، لە مردنم پرسی: ببم نەبم، بە زێدە ئومێدەوە وتی: لە دایکبە. (٧٤)
#بەردەستێیەک پێکرا، شەختەی ئەزەل تووایەوە. (٧٥)
#لەزوودا زانیم نەمری، سێ و دوو ڕۆژێکە. (٧٦)
لە هەمان کاتدا لە دروستکردنی شکۆ، پێگە بۆ شتەکان لەبیری نەکردووە، کە هەمووشتێک هەتا بێ شکۆکانیش دەکرێت مەیلی شکۆ بوونیان بەپێی دەوروبەری تایبەتی خۆیان هەبێت، وکو:
#من خۆم دەبمە خزم و کەسی کەنگرە بێکەسە. (٧٣)
#لە ڕەهاگەدا عەقڵیش حەزی لە فشەیە. (٧٢)
#ساوا خەنی بوو نووشیری دایکی ڕەنگاوڕەنگە. (٦٩)
#کەچەڵ ١٠٠٪ پاڵەوانێکی کورد. (٥٨)

لەم وێنە شیعریانەدا ماناکان هەمان مانا ئاسییە باوە ئاشکراکان نین، لە چیرۆکی کەچەڵدا کە یەکێکە هەقایەتە باوەکانی کوردەوارییی، ئەو دەیەوێت پێمان بڵێت کارەتکەری کەچەڵ کارەکتەرێکی ڕەسەنی باوی نێو کوردە.

**ئێمە قوربانین نەك داهێنەری داهاتوو**

پێدەچێت ئەمڕۆ لەنێو پێناسەکەی (تۆفلێر) بۆ داهاتوو بژین، لەنێوان گۆڕانی کەشوهەوا و تێکچوونی میدیا و سەرهەڵدانی کەرەستە ئەلەکترۆنییەکان و زیرەکی دەستکرد و ئامێرەکان. زۆر کەس هەست دەکەن لەنێو ئەم دۆخەدا قوربانین، نەک

دروستکەری داهاتوو: بە واتایەکی دیکە قوربانی شۆکی داهاتوون. بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم نارەحەتییە، پێویستە وەڵامی بانگەوازەکەی (تۆفلێر) بدەینەوە بۆ ئەوەی بیرکردنەوە لەبارەی داهاتوو بکەینە شێوازێکی دیاری ژیان، نەک تەنیا بۆ چەند داهێنەرێک لە (دۆڵی سلیکۆن) بەڵکو بۆ هەمووان و لەوانەش قوتابییەکان و پەروەردەکاران و هاووڵاتیانی ئاسایی". (https://er.educause.edu/articles/2019/3/five).

ئەمە میتۆدە، یان بۆچوونە دەکرێت لەنێو دەقی شیعری بدۆزرێتەوە، جونکە شیعر بریتییە لە (بیرکردنەوە و وێناکردن و دەربڕین) ئەم سێ کردەیەش لەکردەوەدا ناچنە نێو بیرەوەرییەکان و ڕابردوو، بەڵکو هێما و ئاماژەیە بەشێوەیەکی سادە و فەلسەفیانە بۆ داهاتوو. شاعیر لەبارەی ئەدەب و پەیوەندییەکانی بە گوتار و کێشەی ئافرەت ڕاشکاونە دەڵێت : "ئەدەب وەکو پێشتر گوتمان بەشێکی زۆری گوتارە، گوتاری کۆمەڵگەی داخراویش گوتاری باوکسالارییە.... بەدەنگی بەرز ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگە قورسە و هەموو کەسێک گوێ لەو ڕەخنەیە ناگرێت، بەڵکو لەکایەی سۆسیۆلۆژیا ئەو ڕەخنەیە قبووڵکراوە. بۆیە هەر ئەو ڕێگەیە بەشەرعی وەردەگیرێت، ئەویش ئەدەبە خۆ زمانی ڕاستەوخۆ نییە، من پێشتر باسی نانۆم کرد، ئەم کێشەیە، یان ئەم پرسە وەکو کۆمەڵایەتی و سیاسییە، بۆیە قەبارەکەی هەرچەندە گەورە بکرێت، هێشتە هەر نانۆیەکی دیکەیە لە فەزای ئەدەبیدا". (گۆڤاری دیوان، ٢٨ حوزەیرانی ٢٠٢٣).

شاعیر لەم تاکدێڕیانەی لەنێو (نانۆ تاتۆ دەکەم)دا نووسیویەتی، ئافرەتی لەبیر نەکردووە لە هەندێک شوێندا راشکاوانە لەبارەی ئافرەت دەنووسێت:

# خرخاڵت لە پێیە خانم، دە داوای نێرگلەش بکە جانم! (٥٨)
# تاقانەی حەوت خوشکانە، هەر حەوتیشیان دەڵێن: ئێمە هەشت خوشکین! (٥٤)
# ژن ژنە و پیاو پیاوە و لە دارستانیش نەبێ، قەد بەیەک ناگەن. (٤٩)
# کچە دوامۆدێل بەلەنجەولار دەڕوا، جگە لە جانتاکەشی، کتێبی (طوق الحمامە)ی بە ئێکسسوار هەڵگرتووە. (٣٨)
# وێنە مێیە، پەراویزی نوسراویش نێرە. (٢١)
# لەسەر ڕوتکەسەری بریقەداری فەرمانبەرێکی تەقاویت و شەکرەدار، مێیە بەناوبانگەکەی جیهان بەلێو واژۆی خۆیان تۆمار کرد، یەکەم واژووش ئی شاکیرایە. (٢٠)
# وەنەکا ئافرەتی بەختگرەوە بڵێ: بە فنجان دیار نییە، هەورت بۆ بخوێنمەوە. (١٠)
# خانم خۆی ڕووتە و بە تفینەوە بەسەر شێر دەنەڕڕێنێ: هەی بێسام!!! (٦٨)
# ئاو لەناو ئافرەتان مەلەوانی دەکات. (٧٥)

## دڵنیایی لە ژیان نییە

وەک دەگوترێت: لە دونیا هیچ شتێک دڵنیایی تێدا نییە جگە لە مردن و باج. دەرئەنجامی ئەمەش ئەوەیە، کە دەتوانین حساب بۆ نادڵنیایی و تێکچوونی بەردەوام و گۆڕانکاریی بەردەوام لەهەموو دەوروبەرمان بکەین. ئێمە دەگەینە ئەوەی بڕیار بدەین، کە چۆن وەڵامی ئەم نادڵنیاییە هەڵدەبژێرین و لەڕێگەی پەرەپێدانی توانای خوێندەواری لەبارەی داهاتوو و پەرەپێدانی توانای بیرکردنەوەی لەبارەی داهاتوو، ڕەنگە نەتوانین سەیری داهاتوو بکەین، بەڵام باشتر لە ئاکامی ئەم هەنگاوانە دەکرێت و ڕەنگە ئامێری ئامادەکاری و پلاندانان و داهێنانمان بۆ دروستکردنی ئەو داهاتووە بکەوێتە بەر دەست، کە هیوای بۆ دەخوازین. (Jonathan H. Westover,_____ (https://www.forbes.com/sites/forbescoachescounc)

شیعر هەرچەندە زادەی زمانە، بەڵام بەدرێژایی تەمەنی خۆیدا بەدوای زمان وێڵە. شیعر با چیرۆکی (بێهوودەیی)یش بگێڕێتەوە، بەڵام دووگیانە بە هیوا، با کێش و سەروایشی نەبێت، بەڵام تژییە لە میوزیک. شیعر دەنگێکی بڵند شک نابات، بەڵام چرپەکانی هەڵگری مانای بەرزن. شیعر تاکو ئاسانتر بێت، سەنگینترە بە دەربڕینی زەنگین، تا ڕوونتر بێت، قووڵتر بە دونیادا ڕۆ دەچێت. دوژمنێکی شیعر، درێژدادڕییە، بۆیە هەمیشە لە کورتی دەبیبڕێتەوە و گوتەکانی بە تەرازووی زێر دەکێشێت، ئەوە نەبوو تۆماس ترانسترێوممەر بە سێ سەد لاپەڕە، نۆبڵی لە

(شیعر)دا وەرگرت (حەمە سەعید حەسەن، https://www.facebook.com/profile.php?id=100090810527179 )
شاعیر دەڵێت:

# چوومە شارێک نە دەروازەی داخرابوو، نە دەرگای ماڵەکانیش. (٤٣)
# پەڕی کاغەزێکی سپیت پێشکەش دەکەم، پڕ لە هۆنراوەی نەنووسراوە. (٤٢)
# خەونی شێتان پڕ هۆش و لۆژیکە و نسحاتیان دەکات عاقڵ نەبن. (٤٣)

دەکرێت دەیان نموونەی دیکەی کورتنووسی شیعر و دروستکردنی دونیایەکی بەرفراوانی گەورەی بێ سنوور بدۆزینەوە، کە پڕاوپڕە لە واتا. ئەگەر شیکاری خەونی شێتەکان بکەین، دەبێت بەمێژووی شێتیدا ڕۆبچین و دەیان چیرۆک و بەسەرهات بگێڕینەوە، کە پەیوەندیان بە دونیای شێتییەوە هەیە. لەنێوان (عاقڵ بوون و عاقڵ نەبوون). لەنێوان خەون و واقیع، لەنێوان بیرکردنەوە و بیر نەکردنەوەدا، لەنێوان لۆژیک و نالۆژیک، لەنێوان گریمانە و لێک نەدانەوە.
لەبارەی شیعریشەوە ڕاشکاوانە شاعیر ئەم کوتبڕیی و کورتنووسینەمان لەم گوزارشتە هونەرییە پێ ڕادەگەیەنێت، کە دەتوانێت لە کاغەزێکی سپیدا، هۆنراوەی نەنووسراو پێشکەش بکات. ئەو هەمیشە بەدوای شتێکە کە ئەوانی دیکە نەیان

گووتوە، یان هێشتا بیریان لە وێناکردنی نەکردۆتەوە، لەکردەوەشدا ئەم بیرۆکانەی ئەو لە چەند وشەیەک پێشکەشیان دەکات، ڕەنگە یەکێکی دیکە پێویستی بە چەند لاپەڕەیەک بێت، بۆ گێڕانەوە و نووسینی.
لە تاکدێڕی یەکەمیشدا لەبارەی (شار)ەوە دەستمان دەگرێت و دەمانباتەوە نێو ڕووداوەکانی ڕابردوو، پرسیارێک و پتر لە پرسیارێکمان لا دروست دەکات، ئایا ئەم شارە ئارام و یەکسان و بێ کێشە و بێ دز و پیاو خراپە، بۆیە هەموو دەروازە و دەرگاکانی ماڵەکانی کراوەن، یان وێرانەیە، خاپوورە و کەسی تێدا نەماوە، بۆیە بەم جۆرەیە، یان تەنیا وێنەیەکەی خەیاڵییە و دەیەوێت پێمان بڵێت هۆی خەڵکینە هۆ... وریا بن، کارەسات بەڕێوەیە و شار چۆڵ دەبێت. ئەو لەیەک کاتدا ڕابردوومان بۆ دەگێرێتەوە و باسی ئێستامان بۆ دەکات و پێشهاتمان بۆ پێشهات دەکات و مەزندەی ئەوە دەکات، ڕەنگە شتێک ڕوودات. ئەمە ئەرکی شیعرییە هەموو ئەو جیاوازیانە لەنێو گوزارشت و وێنا و دەربڕینە جوانەکانی خۆیدا کۆ بکاتەوە.

## سیناریۆکانی نێو بیرکردنەوەمان لە داهاتوودا

(ئامر و دایم و جێتەر) چەندین پلانی سوودبەخشیان لەبارەی سیناریۆ دەستنیشان کرد، کە یارمەتی بەشداربووان دەدات بۆ ئەوەی ئاسانتر لە شتەکان بگەن: (آ) ئامادەبوون بۆ داهاتوو و داهێنان لەداهاتوودا. (ب) پرسیار لەبارەی داهاتوو. (ج) پێشکەشکردنی وێنەیەکی گشتیی ژینگە و تیشک خستنە سەر

کارلێکەکانی نێوان چەندین ڕەوت و ڕووداو لە داهاتوودا. (د) هەموو توخمە ئاڵۆزەکان پێکەوە بخاتەڕوو بەشێوەیەکی یەکگرتوو، سیستماتیکی، گشتگیر و جێی متمانە بێت. (هـ) تیشک بخاتە سەر کاریگەرییەکانی ئەگەری وەستانی سیستەم لە داهاتوودا، دیارکردنی سروشت و کاتی ئەم کاریگەرییانە و پێشبینیکردنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنێکی تایبەت، یان بڕیارێکی سیاسی. (و) وەسفکردنی دۆخی داهاتوو و گەشەکردن، یان وێناکردنی ئەو ڕێگایە دابین بکات، کە لە ئەمڕۆوە دەمانباتە دەرەوە و بەرەو داهاتوومان دەبات).
Muhammad Amer, . )
.(https://www.sciencedirect.com/science/articl

(ع. ع. یووسف) لەپێناو دروستکردنی دەقێکی تەواوی پڕ لە مانا، لە هیچ شوێنێک لەبیر نەچووە، کە پێویستی بە سیناریۆیەکی مانابەخشە، پێویستی بە کارەکتەرە و کات و شوێن و بابەت و گفتوگۆ و گێڕانەوە و کوتکردنەوە و دارشتنەوەی شتەکانە هەیە.
لەم وێنە شیعرییەدا سیناریۆ، گفتوگۆ، بیرکردنەوە و وەڵام و ئاخاوتن لەبارەیە ئەوانی دیکە و خۆی و خۆنووسینەوە و ئاماژە بە ڕووداو و بابەتاکان و خواست و مەبەست و وێنە و کاردانەوە و هەستکردن و تەنیا لێکدانەوەش بەدی دەکرێت. شاعیر دەبێژێت:

# ئەرێ... هەرزەکارێ دەتکەم بە خانووی خۆم، مەبەستی بوو بڵێ: ژنی خۆم. (٥٦)

ئەرێ ئامرازی بانگکردن و هوشداریی و بەئاگا هێنانەوەیە، لەهەمان کاتدا ئامرازێکە بۆ سەرتای کردنەوەی دەرگای ئاخاوتن لەگەڵ یەکێکی دیکە. ئەو (خۆی/ قسەکەر/ شاعیر/ ئاخێوەر/ خاوەن گوتارەکە) لەگەڵ هەرزەکارێک دەئاخڤێت و بە (ئەرێ) دونیای بێدەنگی و شەرم و مووچڕک پێداهاتن و نیگەرانی و پەنگخواردنەوەی خۆی ولا دەکات. سیناریۆیەکە چییە؟

دەیەوێت لەگەڵ هەرزەکارێک جووتبێت، ناڕاستەوخۆ لەرێگەی دروستکردنی وێنەیەکی نامەعقوول، دەیەوێت بیرۆکە و هەست و نەستێک و پەیوەندییەکی مەعقووڵ بە هەرزەکارە بڵێت. سیناریۆکە دەگۆڕێت، ئەمجارە (ئەو) کەسی سێیەمی تاکی نادیار، کە نازانین کێیە و چ ڕەگەزێکە و تەمەنی چەندە و ئاستی ڕۆشنبیریی چییە و چۆن بیر دەکاتەوە، دێتە ئاخاوتن و دەڵێت: مەبەستی بوو: ژنی خۆم.

ئەم کەسە لەنێو سیانەرۆیەکەدا لەکاتێکی جیاوازدا قسە دەکات، لەهەمان کات و شوێنی قسەکەری یەکەم (خۆم/ شاعیر)ەکە نییە، بەڵکو ئەو وەکو ئاماژە بە (مەبەستی ئەو) دەیەوێت پێمان بڵێت قسەکەری یەکەم مەبەستی لە خانوو ئەوەیە بە هەرزەکارەکە بڵێت ببیتە ژنم. لەمەدا بۆمان دەرەکەوێت (هەرزەکارەکە دەبێت کچ بێت) ئەمە گریمانەیەکی پراگماتیکییە، شیکردنەوەی تیۆری کردە قسەیی هاوکارمان دەبێت، کە (قسەکەر/ کەسێکی بەتەمەنە/ نێرە) کەسی ئاماژە پێکراو (مێیە/ کچە). کەسی سێیەم ( نادیارە، نازانرێت مێیە، یان نێر). سیناریۆیەکە لەسەر بنەمای (گێڕانەوە، گوتاری

ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ) ڕۆنراوە. بابەتەکە پەیوەندیی سێکسی نێوان (کەسیکی بەتەمەن و هەرزەکارێکە)، (شاهێدێک، یان شیکارکەرێک)یش ئامادەیە و توانای (تێگەیشتن و لێکدانەوە و حوکمی) هەیە، لەبارەی قسەکانی (خاوەن گوتارەکە). دەتوانین لێکدانەوەی پتر بۆ ئەم تاکدێڕییە بکەین و سیناریۆی دەقەکە پتر شیکار بکەین.

# بە کوتکان وەرگەڕامە سەر دەنگی ڕادیۆ، ڕادیۆش ساغ و سەلامەت دەرچوو. (٦٤)

لە سیناریۆی ئەم دەقەدا چەندین شتمان بەرچاو دەکەوێت (کارەکتەر) بەپێی شیکردنەوەی پراگماتیکی (کردە قسەیی) مەزندەی ئەوە دەکرێت (قسەکەر/ کەسێکی بەتەمەنە/ بەهێزە/ تووڕەیە/ کۆنترۆڵ کردنی خودی خۆی پێ ناکرێت/ لەدۆخێکی دەروونی خراپە/ کاردانەوەی هەیە). (ڕادیۆ) (کەرەستە و بابەتە/ سەرچاوەی بێزاکردن و تووڕەبوونەکەیە)، کردارەکە ئەوەیە (دەنگی ڕادیۆکە دەداتە بەر کوتکان)، ئەنجام (ڕادیۆکە هەرچەندە بەر کوتک دراوە، بەڵام ساغ و سەلامەت دەرچوو). (کەرەستەی بەکارهێنراویش کوتکە). سیناریۆی ئەم دەقە تاکدێڕییە ئەوەمان بۆ دەگرێتەوە کەسێک بەهۆی گوێگترن لە ڕادیۆ بیزار دەبێت و تووشی هەڵچوونێکی دەروونی خراپ دێت و کۆنترۆلی نامێنێت و دەنگی رادیۆکە دەداتە بەر کوتکان. (قسەکەر/ خودی شاعیرە/ یان (م)ی قسەکەرەی خاوەنی گوتارەکەیە). باسی دۆخی دەروونی خۆی دەکات، شتەکان و دۆخەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە.

# لە زێدە ئۆرگازمی خۆی دا، هەر سێ چاوەکانی کوێر بوون. (٢٦)
# جوانترین تابلۆم خوارد، تابلۆی زەڵاتە. (٢٧)

لەم دوو تاکدێڕییەشدا بەهەمان شێوە سیناریۆی هەیە، بابەت و گێڕانەوە و کارەکتەر و کات و شت و ئەنجام و هۆکار هەیە.
لە کردەی سێکسیی زۆردا (ئۆرگازم)، جاوەکانی کوێر دەبن، ئەو (سێ چاوی هەیە). کاتەکە کاتی سێکسە، هۆکارەکەش سێکسی زۆرە، ئەنجامەکەش کوێربوونی چاوەکانیەتی. بابەت (سێ چاو، سێکس، کوێر بوونە). (ئەو) ی ئاماژە بۆکراو، دیار نییە کێیە و چییە. سوێنیش دیار نییە، بەڵام دەکرێت (جەستە) وەکو شوێن بەکار بهێنرێت، کە کردەی سێکس و چاوی تێدا کۆکراوەتەوە.
ئەم نموونە شیعرییە تاکدێڕییە بچووکراوەیە بۆ ئەوەیە بزانین، کە چۆن لە کەمترین شوێن و بە کەمترین ژمارەی وشە (پێگە و پایەی سیناریۆکان) بۆ دزۆینەوە و بیرکردنەوە لە داهاتوو دروست دەکرێت.
(عەباس) توانایەکی شیعریی و زمانی و هەتا زمانبازی بێ سنووری هەیە، کە وەکو شایەکەی بەدەسەڵات دەتوانێت بیرۆکەکانی لەمردن لەنێو وشە لەڕێگەی هەڵبژاردنی وشە و زاراوە و دەربڕینەکانی ڕزگار بکات. ئەمە رەنگە بەهەموو کەسێک نەکرێت. من ئەگەر چاو لە (عەباس) بکەم بۆ ئەوەی بەهەمان شێوازی ئەم جۆرە نووسینە، بنووسم، ڕەنگە لەبەر (خۆدزینەوە لەم ستایلە، لاوازییم لە فەرهەنگی گوند و ترس لە

نوێبوونەوە) نەتوانم هەمان شێواز دووبارە بکەمەوە، لەهەمان کاتدا ئەوە ستایلی تایبەتی ئەوە، هەر چییەک بکەین دەبینە چاولێکەر و دەولاچکەیی ئەو.

ڕێگەیەکی دیکە بۆ بنیاتنانی لەسەر ئەگەرەکان و تێگەیشتن لەو سیستەمە گۆڕاوەی کە کاریگەری لەسەر داهاتووی نادیارمان هەیە، پلاندانانی سیناریۆیە.. وەک لە وتارێکی ئەم دواییەی (فۆربێس)دا پێناسەکراوە، "سیناریۆکان داهاتوویەکی جێگرەوەن کە ڕەنگە بڕیارەکانی ئەمڕۆ تێیدا وازی کەر بن. چیرۆک سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە. سیناریۆ باشەکان پێچ و پەنایان هەیە، کە ئەوە نیشان دەدەن چۆن ژینگە ڕەنگە بەتێپەڕبوونی کات بگۆڕێت". ( Jonathan H. Westover, (https://www.forbes.com/sites/forbescoachescouncil/2021/10/07/

لەئەنجامی بیرکردنەوە لە سیناریۆکان، هەر چەندە دەقی تاکدێڕیی بەزمانێکی سادە دەنووسرێت، بەڵام پێچ و پەنای زۆریشی وەکو سیناریۆیەکی سەرکەوتوو لەخۆگرتووە.

شاعیر لەم تاکدێڕییەدا ئاماژە بە گۆڕانی (ئاسن) وەکو کەرەستە و پێکهاتەیەک دەکات، ئەمەش لە ئایندەدا ڕوو دەدات، پێچ و پەنا و گوزارشتی ناڕاستەوخۆی تێدایە، کە دەڵێت:

# ئاسن بوو، خۆی ڕووتکرد، بە زەوقەوە سەیرمان کرد و کەسمان نەوێرا نزیکی بکەوێت. (٢٧)

# لە خانووی خۆمڕا تا دەرکی ئەشکەوتی ورچان، بە تەختەی ئەبەنۆس دەپردێنم. (٤٢)

# بە پێخواسی بەسەر قوللەی قافا کەوتم، لەوێ بیرم هاتەوە، پێڵاوەکەم لای بۆیاخچییەکی گەڕۆک جێهێشتووە. (۲۸)
# بەچاو دادانەوە بۆقێک بە نەهەنگێک دەڵێ: بەهرەت هەبوایە دەبووی بە وشکاوەر. (٦٥)
# چ بەدبەختێکە....! پەتاتە دەچێنێ و بەرەکەی لێ دەبێتە مین. (۷۳)

بیرکردنەوەی تاکەکەسی لە بارەی داهاتوو پەیوەندی بە قوتابیان و تاک و تواناکانییانەوە هەیە، بۆ کردەی بیرکردنەوە لەداهاتووی بابەتێک، پرسێک، یان چەمکێکی دیارکراو، کە بەرکەوتەی لەگەڵ شتەکانی دیکە هەبووە. پراکتیزەکردنی بیرکردنەوەی داهاتوو و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامراز و دیدگای بیرکردنەوەی جیاواز و کورتکردنەوەی یەکەکە لەگەڵ نووسینی سیناریۆیەکی داهاتوو ئامێزدا، توانای قوتابی بۆ بیرکردنەوە لە بارەی داهاتووی ڕەهەندەکان و تاقیکراوەکان باشتردەکات. (Hava E. Vidergor, https://www.sciencedirect.com/science/article/).

شاعیر دەبێژێت:

# ڕستەکانم بێ خاڵبەندی هێشتەوە، خوێنەر ئازادە، گەر خاڵ و فاریزە و پرسیاریش بکاتە نیشانەی سەرسوڕمان. (٥٤)

# هزرێ... هزرێ... ئەدی تۆ نەبووی ڕێت پێ نیشاندام، چۆن بە زانیایی و سانایی لۆریی شووتییەک بێنمەخوارەوە و بەدانەیەکی شکاو رازی بم. (٤٣)

# چیڵێک بە زمانی دەیلێستەوە، بیری هاتەوە چی خوێندۆتەوە لەستوون دووی لاپەرە ٨٩ی کتێبی گەپنامە لە بارەی پەیوەندییەکی جۆشداری نێوان گیاندار و مرۆڤ. (٣٠)

# چل ساڵە قەوانی گۆرانییەکی کلاسیکم لەسەر ڕەفکە داناوە، سەیرە! تا ئێستاش تۆزپۆش نەبووە. (٢٥)

# قسەت دەکرد، هیچ لێتتێنەگەیشتم، کڕبووی، لە هەمووت گەیشتم. (٢٤)

شیعری (عەباس) کە وەکو مامۆستا و نەخشەسازێکی سیناریۆ ئامێز بۆ قوتابییەکانی لە هەندێک دێڕدا شتەکان ئاراستە دەکات و فرە ڕەهەندە و گیانی فێربوون و لێکدانەوە و تاقیکردنەوەی تێدایە.

**کاتێك بیر لەبیرکردنەوە دەکەینەوە**

پەرەپێدانی توانا و زەمینە و دەوروبەری بیرکردنەوەی بیرکردنەوە لەداهاتوودا، بە داننان بە گرنگی خوێندەواری لە قۆناغی داهاتوو بەستراوەتەوە. چۆن دەتوانین بیرکردنەوەیەکی بیرکردنەوە ئامێز لەداهاتوو پەرە پێ بدەین؟ بابەتێکی فرە گرنگە دیقەت لەم دوو خاڵە بدرێت: (١) گرنگیدان بە ئەگەرەکان، نەک تەنیا شتە ڕاستەقینەکان (٢) تێگەیشتن

لەگۆڕانی سیستەم . بیرکردنەوەیەکی بیرکردنەوە ئامێز لەداهاتوودا پێویستی بەوە هەیە هیوا بەو شتە پەروەردییانە بدرێت، کە ڕەنگە ئێستا ئەم هیوایە بە ئەگەرێکی زۆرەوە بەدەست نەهێنرێت. سەرنج خستنە سەر شتە چاوەڕێکراوەکان بێ فراوانکردنی سنووری خەیاڵەکانمان و ڕاهێنان لەبواری گەشبینییەوە ئاساییە هەمیشە شکست بهێنین.

Jonathan H. Westover,__________) https://www.forbes.com/sites/forbescoachescouncil/2

لە بیرۆکەی بیرکردنەوە لەنێو بیرکردنەوە، یان کارێک لەنێو کارێکدا، یان وێنەیەک لەنێو وینەیەکدا شاعیر بەهۆی تاکدێڕیی و کورتکردنە و ڕێبازی گچەلیزم بێت، یان هەر خۆی هێندەی بەدوای فکر و بیرکردنەوە و گەمە فکرییەکان، پەنا بەم جۆرە شێوازەش دەبات و دەبێژێت:

# من لەبیرم نەچوو، مێژوو لەبیری چوو. (٧٧)
# ئەو سمرِ سمرە نەبڕایەوە، هۆشیش بە شێر و خەت قایلە. (٧٦)
# کە ونبووم، تێکڕا بە دوام دا گەڕان، تەنانەت پۆلیسیش، دواتر هەر خۆم خۆمم دۆزییەوە. (٦٩)
# جوون بە شەو مەدە، مانگت لێ دەخنکێنێ. (٦٨)

# سپێدەیەکی زۆر ڕوون، چاوم بە تاریکی شووشت. (٥٥)
# هانارەس، هانارەس، هانارەس، لەکوێی، ناونیشانەکەتم ون کردووە؟!. (٤٨).

لەدرێژەی باسی خوێندەواریی و تێگەیشتن لە ئایندە و داهاتوومان پێویستە بیر بکەینەوە و شتەکان بخوێنینەوە خۆ خوێندەوار بکەین، تاکو لە کێشەکانی داهاتوو بگەین. ( Jonathan H. Westover ) گوتیەتی ئەگەر کەسێک تۆپی بلووری نەبێت و نەتوانێت شارەزایی لەبارەی داهاتوو پەیدا بکات، چ پێویست بە بێزاربوون ناکات. بۆچی گرنگە بیرکردنەوە لەنێو بیرکردنەوە لەداهاتوودا پەرەپێ بدەین؟ یەکێک لە ڕێگا گرنگەکانی ئەم بابەتە بیرکردنەوەیە، کە پێی دەگوترێت خوێندەواری لە داهاتوودا. پێویستە هەموو شتێکی وەک فۆرمەکانی تری خوێندەواری لەشوێنی کاردا بەشتێکی پێویست و گرنگ دابنێین. ( یونسکۆ) خوێندەواری داهاتوو بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "توانایەکە لە تواناکان. ئەو توانستەیە ڕێگە بە مرۆڤەکان دەدات باشتر لەڕۆڵی داهاتوو تێ بگەن، باشتر لەو واقیعەی دەیبینن و ئەنجامی دەدەن. لەگەڵ گۆڕانکارییەکان خوێندەواربوون لەئاییندەدا خەیاڵمان بەهێز دەکات و توانای ئامادەکاری و چاکبوونەوە و داهێنانمان لا بەهێز و بەرز دەکاتەوە.

Jonathan H. Westover, )
https://www.forbes.com/sites/forbescoachescouncil/2021/10/07).

وەکو شیکاری دەق لە خۆڕا نییە بابەتی پەروەردەی ئایندەیم بە تاکدێڕییەکانی (ع.ع. یووسف) بەستاوەتەوە، هەروەها بابەتێکی رووکەشی سەرپێیش نییە، تاکو بەئاسانی هەست بەم رۆحە بکرێت، کە بریتییە لە خۆئامادەکردن و لێکدانەوە و تێگەیشتن لە دیاردە و بابەت و جیاوازیی و بابەتەکان. بۆ ئەوەی ئایندە باشتر و بەهێزتر ببینرێت، پێویستە دیوی نادیاری دەق بخوێنینەوە.

دەقی شیعر وەکو خەڵکی ئاسایی (شتەکان و ئایندە) سەرنج لێ نادات و نابینێت، بەو واتایەی شیعر دەچێتە نێو دیوە شاراوەکانی (خەیاڵێکی بێ سنوور، لێکدانەوەیەکی قووڵ و پێشگریمانە و گریمانەی داهاتوو).

(ع. ع. یووسف) دەڵێت : " من باسی ستایلی بەرجەستەکردنی شیعر دەکەم. مەرج نییە وێنەی شیعریی وەکو ئەو وێنەیە بێت، کە ئێمە بینیومانە، بەڵکو ئەو بەرجەستەکردنە، کە وێنەیەک بەزەین دروست دەکەین. گواستنەوەی سروشت بۆ وشە، هیچ هونەرێکی تیانییە، من باسی ئەو وێنەیە دەکەم، کە وشەکان لەبەرچاوی خوێنەر دەجووڵێنێت، هزر و شێوەی شێوەکان دروست دەکات، ئەم هەوڵە قورسە، زۆریش!". (گۆڤاری دیوان، ٢٨ ، ئەیلوولی ٢٠٢٣).

وێنەی شیعریی شاعیر بەکردەوە ئەوەمان بۆ وێنا دەکات، کە هەمان وێنە سروشتییە ئاساییەکە نییە، بەڵکو دەگۆڕێت، جیوەییە، دەجووڵێت، دەمرێت و زیندوو دەبێتەوە.

# دەنکە خوێیەکی زێدە، نۆستالیگیامی کردە ئایندەپەرستی. (٤٩)
#هەرەشەی لێکرد: وێنەخنکێنت دەکەم. (٢٩)
#بورکان گۆتیە قونێر، تۆش منمی بەسەر لەشدا. (٢٤)
#ئەی !!! ئێستا سەربازی ونیش ناسراوە. (٢٤)
#بە تەونی جاڵجالۆک ئەپارتمانێک دروست دەکەین. (٢١)
# هەنارێکی قەڵشتەی دنکسوور، بانگی پیرەمێردێکی کەلۆس دەکات. (١٨)

لەبارەی ئەو ئەرکە ئەدەبییە لەنێو گوتاری ئەدەبدا بۆ داهاتوو پێشبینی کردووە و لەبارەی گرووپەکان دەڵێت " بەنووسین و شیعر بەشداریمان تێدا دەکرد، ڕەوتەکە گرنگیی بەو گوتارە دەدا، کە دادابیزم و پاشان سوریالیزم ئەزموونیان کردبوو، ئەوان لەکاتی خۆیدا وەکو نارەزایەتی دژی دەسەڵات گوتارەکەیان پەخش دەکرد، بەڵام بۆ ئێمە ئامانجەکە تەنیا نمایشێکی ئەدەبی بوو". (گۆڤاری دیوان، ٢٥ حوزەیرانی ٢٠٢٣).

#شاعیرانیش کانیبالن. (١٩)
# لەسەر ئەم زەمینە ناشیعریانە دەژیم و هۆنراوەی بنوو دەنووسم. (٧٨)

## ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە لە دەقی شیعردا

"نانۆ شیعر کۆی چێژەکان لەخۆ دەگرێت و لەگەڵ هەموو ڕەنگە جیاوازەکاندا خۆی دەگوونجێنێت، چ ئەهلی تەکیە و مزگەوت، چ ئەهلی مەیی و نەی.. چ جامانە بەسەر چ جێنز لەبەر، کۆنزەرڤاتیڤ بی، یان لیبرال، ئەو تێگەیشتنەی من بۆ نانۆ شیعر لەسەر سێ پرەنسیب وەستاوە: چڕبوونەوە، وەکو مەسەلەیەکی ئابووری، ڕەنگاوڕەنگی وەکو قوبڵکردنی جیاوازی، ڕوونی و درەوشانەوەی لەپڕ وەکو بەرزنواندنی هەست و ئەمڕۆبینی". (هاشم سەراج، ٢٠١٢، پێشەکی). ئێمە لەبەشەکانی دیکەی ئەم توێژینەوە ڕیشەی پەیوەندییەکانی نێوان تاکدێڕی و مینیماڵستی و نانۆ شیعر ئاماژە پێکردووە. شیعر دونیاکەی ناجێگیرە، لەنێو ڕابردوو و واقیع و بیرکردنەوە لەدایک دەبێت، بەڵام ئەرکەکانی و دونیابینی و وێناکردنەکانی و بیرکردنەوە و تێگەیشتن و ئەو خەیاڵەی تێیدا دەژیت لە ئایندەیە.

شاعیران پێش دەرکەوتنی تەکنەلۆژیا وەکو ستایلێکی فەلسەفیی لە گوزارشت و دەربڕین و بەکارهێنانی وشە، پێش سەردەمی جەنجاڵی شیعری تاکدێڕیان نووسیوە، لەهەر سەردەمێکیشدا لەتەک جیاوازیی فۆرم، پەروەردەکردن و تێڕوانین لەبارەی ئاییندە جیاوازی فکریی و تەکنیک و مەبەست و خواستیش لە خۆ دەگرێت.

(ع. ع. یووسف) دەڵێت " نانۆکەی من تەنیا ناونیشانە بۆ تاکدێڕییەک و شتێک نییە، کە نانۆی هەر بچووک لەنێو تاکدێڕییەکان جێگەی دەبۆوە، چونکە لەمەبەست و فانتازیا، خۆماڵین و بەشێکە لە بیرۆکەی من بۆ ژیانی هونەروەرانە و فۆلکلۆریانەی خەڵکی هەژار". (گۆڤاری دیوان، ٢٨، ئەیلوولی ٢٠٢٣).

شاعیر دەڵێت:

# هەی بەدبەخت! لەدەس سەرمایەداری کێوە ڕادەکەیت، مەگەر فانتازیا ڕێچارەت بێ!. (٦٢)

# پێی دەبوومە سەرمایەدار نەمکرد، بە مارکەی گۆگۆڵ کارگەی پاڵتۆ دابمەزرێنم. (٦٦)

# بێچووە مشکێک پاڵەوانانە و مارکسیانە هاواری کرد، کیسەی سەرمایەداریکم کۆنکرد. (٥٠).

(ڤیدەرگۆر) (2010، 2015، 2017) پرۆسەکانی بیرکردنەوەی بۆ سێ ڕەهەندی سەرەکی ڕێکخستووە: بیرکردنەوەی زانستی، کە پرۆسەی لێکۆڵینەوە لەخۆدەگرێت؛ بیرکردنەوەی داهێنەرانە کە دۆزینەوەی کێشە و چارەسەرکردنی کێشە لەخۆدەگرێت؛ و بیرکردنەوەی داهاتوو کە وەک دیدگای کەسی بۆ بابەتێک تایبەتمەندە، کە گەشەکردنی بەتێپەڕبوونی کات بە لەبەرچاوگرتنی ڕووداوەکانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو لەخۆدەگرێت. بەکارهێنانی بیرکردنەوەی زانستی و داهێنەرانە پێویستە لەپرۆسەی بیرکردنەوەی داهاتوودا هەبێت. (ڤیدەرگۆر،

٢٠١٨،
( https://www.sciencedirect.com/science/article/abs)
بیرکردنەوەی داهاتووەکان ڕێگەیەکی ستراکتۆرییە بۆ پێشبینیکردن و تەنانەت دارشتنی داهاتوو. یارمەتی ڕێکخراوەکەت دەدات وەڵامی پرسیارەکانی وەک : لە ٥، ١٠، یان ٢٠ ساڵی داهاتوودا لەپیشەسازییەکەماندا چی ڕوودەدات؟ گرنگترین ڕەوت و پرسە سەرهەڵداوەکان لە بازارەکەماندا چین؟ چ کردار و ستراتیژی و سیاسەتێک دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە دروستکردنی دەرئەنجامە خوازراوەکان و ڕێگریکردن لە دەرئەنجامە نەخوازراوەکان؟
https://www.synario.com/futures-thinking-and-scenario-)
.(/planning
با ئەم لێکدانەوە و بیرکردنەوە و ڕێسایانە بە گەشەکردن و پێویستی نووسینی شیعری نوێ بەستایلی نوێ بکەین. بیرکردنەوەی زانستی و داهێنەرانە و بیرکردنەوە لەداهاتوو، وەکو بەشێک لەبەرهەمهێنانی دەقێکی شیعری پارچە پارچەکراو، یان گچکە و نانۆشیعر و تاکدێڕی لێکدەینەوە.
هەموو بوارێک زانستێکی تایبەت بەخۆی هەیە، عەباس بۆ ئەوەی زانستیانە بڕوا بەخوێنەرەکانی بهێنێت ئەوانەی پێیانوایە کە (شیعرە تاکدێڕییەکان مانایان نییە، ئەو دەڵێت من ئەو بیانووەشم نەهێشتۆتەوە، فەرهەنگۆکم دروست کردووە، هەم ڕوونم کردوونەتەوە، هەم وردە شیکاریم بۆ ئەو موفرەدانە کردووە، کە بەکارم هێناون). لەوەش پتر ئەوە (تاکدیڕی سەفسەتەیی نووسینە، من دەتوانم بۆ نووسینی هەر

تاکدێڕییەک، چەندین دێڕی دیش کەلەکە بکەم، بەڵام پێویست ناکات خوێنەر بکەمە حەمبالی ئەو زێدەدێڕە بێ کەلکانە). (گۆڤاری دیوان، ٢٨، ئەیلوولی ٢٠٢٣). دەیەوێت لە ڕوانگەیەکی زانستی و زمانەوانی بڕوا بەخوێنەرەکانی بڵێت (فەرموون وشە گەلێکی نوێی لەدەستکردنی خۆمم بۆ خستوونەتە نێو تاکدێڕییەکانم، لەڕێگەی بیرکردنەوەیەکی داهێنەرانە فەرهەنگۆکم بۆ کردوون، ئەمەش پەیوەندی بە پرۆسەی بیرکردنەوە لەنێو بیرکردنەوە، یان بیرکردنەوەی بیرکردنەوە هەیە، کە دەکرێت ناوی لێبنێین بیرکردنەوەی داهاتوو. شاعیر بیر لە ئایندە دەکاتەوە و نایەوێت ئەم هەموو دیرە بێ کەلکە بخاتە سەر پشی خوێنەر/ تاکو وەکو حەمالێکی بێ بیرکردنەوە شتی زیادیان لێ بار نەکات.

## ئارگۆمێنت بۆ پەرەپێدان

ئایا شیعر بەرهەمێکە تەنیا بۆ بەخشینی ئارامی و خۆشیی و ئاواز و گواستنەوەی هەستی ناوەوەی شاعیرە بۆ خەڵکی دیکە و هەندێکجاریش تەنیا بۆ خۆی، هەندێک وشەی سۆزدار بە خوێنەر، یان ئەرکێکی مەعریفی و ئەکادیمی و هزراندنی گونجاوی تێدایە. شاعیری مۆدێرن تەنای وێنە سروشتییە بینراوەکان ناگوازێتەوە، بەڵکو وێنەی زهنی دروست دەکات، بۆ ئەوەی خوێنەر و وەرگرەکانی بەرەو دۆخی ئارگۆمێنت و لێکدانەوە و پرسیار و گریمانە ببات. ئایا بەڕاستی شاعیر

کەسێکی هوشیاری خاوەن بیر و مەعریفەیەکی بێ بنەمایە، یان کەسێکە هەر تەنیا ڕستە و وشە بەدوای یەکدا بەزۆر بە خوێنەرەکانی دەفرۆشێتەوە.

لای من شیعر مەعریفەیەکی قووڵە، تەنیا وشە و ڕستەی بێ واتا و بێ ئەرک و گریمانە و کردە نییە، بەڵکو ئەرکی پەیوەندیکردن و کارتێکردن و وروژاندن و بیرکردنەوە و دروستکردنی زەمینەی بیرکردنەوە و کاردانەوە و گفتوگۆ و بەدواداچوون و هەڵچوون لەدۆخێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە. پەیامی پیرۆزی هەیە، زمانێکی هیچ یەکێک لەژانرە ئەدەبییەکانی دیکە پێی ناگەن، هێندە زمانێکی کورت و چڕ و فرە واتایە دەڵێی کتێبی پیرۆزە.

(عەباس عەبدوڵلا یووسف) کەسێکە وەکو خودان هزرێکی قووڵ، لە گەڕان بەدوای فکرە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی دەیەوێت شتێکی نوێی جیاوازی کوردانەمان بە وشەی ساف و دوور لە دەستکاریی و پیسبوونی بەژینگەی پێشکەوتنی شار، لە گوندەکانەوە بۆ دەدۆزێتەوە و شتێکی نوێمان پێ دەڵێت. بەواتای ئەوەی زمانی گوندیی دەتوانێت، لە پێشکەوتن و گەشەکردن و داهاتوودا بگات و بگونجێت و گوزارشت لە ئایندەی نێو بیرکردنەوە و لێکدانەوەکانی مرۆڤ لەبارەی ئاییندە و بیرکردنەوە لەنێو بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی گوتارێکی شیعری جیاواز بەشدار بێت.

هەیشە پێی وایە مەسەلەکە پەیوەندی بە پرۆسەی ئەکادیمییەوە هەیە و (زەمینەیەکی گرنگ کە بیرکردنەوەی داهاتوو بەسوود بەرهەم دەهێنێت زەمینەسازییە

ئەکادیمیییەکانە، بە تایبەتی، قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەیی و خوێندنی باڵا وەک زانکۆ. ( Bowles, T. (2008). The relationship of time orientation with perceived academic performance and preparation for assessment in adolescents. *Edu. Psychol.* 28, 551–565. 2008. ) 1 ، ( Landau, M. J., Oyserman, D., Keefer, L. A., and Smith, G. C., 106, 679. , 2014 ) ،( Rieckmann, M. , 44, 127–135, 2012 .).

هەرچەندە ئەرکی پاڵنەری بیرکردنەوەی داهاتوو، ئاڕاستەکراو بێت لەشوێنەکانی دیکەی وەک شوێنی کار و Gupta, R., (Hershey, D. A., and Gaur, J, 31, 195–211, 2012 ) لەبواری تەندروستیی و (Cross, A., and Sheffield, D. , *Rev.* 13, 209–225. 2019. ، کە لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کراوە، بەڵام ژینگەی ئەکادیمی چوارچێوەیەکی ناوازەیە، لەوەدا نەک تەنیا ئەو خوێندکارانەی کە ئاڵۆزییەکانی گەڕان بەدوای ناسنامەدا لەناوەڕاستی کۆتاییەکانی هەرزەکاریدا تاکو تەمەنی پیربوون سەرهەڵدەدات، بەڵام ئەمە کاتێکی هەستیارە بۆ ڕەچاوکردنی پیشە و بەدواداچوون. ( Arnett, J. J., Žukauskiene, R., and Sugimura, K. , 1, 569–576. 2014) بەو پێیەی بەشداریکردن بۆ فێربوون لە ژینگەیەکی ئەکادیمیدا خۆئاڕاستەکراوە، هۆکارەکانی وەک هەڵوێست ( Madrazo, F. J. P. ,. 2021 ) و هەڵبژاردنی باشترین ستراتیژی خوێندن و ( (De Beni and Moè, R,. 10, 975–980. 2003 (De

بەشداریکردن و ( Chishima, Y., and Wilson, A. E. ,,20, 646–671. 2021) خۆ بەگەورە زانین و ( Kinik, Ö., and Odaci, H. ,, 48, 638–649. 2020.\)، خۆڕێکخستن ( Clark, M., Miller, A., Berry, J., and Cheng, K. ,. 91, 850–864. 2021) گرنگییەکی بەرچاویان هەیە بۆ ئەو کاتانەی کاریگەریی پراکتیکییەکانەیان لەسەر بیرکردنەوەی داهاتوو- ئاڕاستەکراو لەچوارچێوەی ئەکادیمیدا لەبەرچاو دەگیرێت.

بۆ پتر زانیاری و بەداوداچوون بڕوانە ( Simon Pawjak and Ahmed A. Mostafa, , 19- June 2023, .(https://www.frontiersin.org/articles/10.3389/fpsyg.2023

ئەم ئاماژە کورت و پوختانەم بۆ ئەوە بوو کە شیعریش ئەگەر وەکو کلیشە و فۆرمێکی باوی نووسین لەپێناو بەرهەمهێنانی دەقێکی شیعری ئاسایی و چاولێکەرانە بنووسرێت لە کردەوەدا ئاراستەکراو دەبێت. خۆڕێکخستن و هەڵبژاردن و خۆ بەگەورە زانین و بەشداریی و هەڵبژاردنی ستراتیژی کارێکی گرنگ دەبێت.

(ع. ع. یووسف) لەپێناو لادانی هەموو شتە زیادە بێ کەلک و ڕزیوەکانی نێو دەقە شیعرییەکانی ستراتیژیەتی لادانی زیادەکان و پوختکردنەوە و چڕکردنەوەی شتەکان لە تاکدێڕی و بەشداری پێکردنی خوێنەرەکانی تاکو نەبنە حەمبالی دەقەکانی ئەو و چاولێکەرانە نەبێت، ئەو خۆی بەگەورە دەزانێت، بەڵام خۆ بەزلزان نییە. ئەو هاوکاری خوێنەرەکانی دەکات، بەڵام مانا

و وێنەی شیعریی و بیرکردنەوە و مەبەستەکانی ناکاتە قوربانی کورتنووسین و چڕنووسی و گچکەگۆیی.
شاعیر دەڵێت (بەئاگاییەوە دەزانم بۆچی بەو ستایلەی خۆم دەنووسم، بۆچی تاکدێڕیم هەڵبژاردووە؟ چونکە دەزانم کاریگەرییەکی هزر و تەکنیک لەپشت ئەو تاکدێڕییانەوە هەیە). (گۆڤاری دیوان، ٢٦، ڕەمووزی ٢٠٢٣).
ئەمە ستراتیژی نووسینی دەقی شیعرییە لای شاعیر کە پەیوەندی بە (هزر و تەکنیکەوە) هەیە. واتە ئەو وەکو ستراتیژێک کار لەسەر (فکر) و (تەکنیک) ، (نێوەڕۆک) و (شێوە) و (بیرکردنەوە) و (شێواز) دەکات.

# لەسەر ئەم زەمینە ناشیعرانە دەژیم و هۆنراوەی بننوو دەنووسم. (٧٨)
# نیچە وتی: لە خۆتان خەنی فۆلکلۆری کوردیتان (سۆپەرمان)ی تێدایە و ناوی فسۆس پاڵەوانە. (٧٨)
# بەرەبەیان لە بیولۆژیا ترساوم، نێوەڕۆ بە ئایدلۆژیا تاساوم، بە هەموو دەمانیش بە گەفلۆژیا کاساوم.
# جەرەیەکم پڕ ئاسمان کرد. (٤٧)

جارێکی دیکەش دەبێژم نموونە زۆرن بۆ ئامازەکردن، کە چۆن لەرێگەی تەکنیک و هونەر و ستایلێکی جیاواز و تایبەتمەند، دەیەوێت دەقی جیاواز بەرهەم بهێنێت و بۆیەش ئەو خۆی بەخاوەنی ئەم تەکنیکە لەنێو شیعری کوردی دەبینێتەوە. هزر و

تێڕوانین و بیرۆکەی شیعریی و مەزەندە و وێنەی جیاواز بەرهەم دەهێنێت.

ئەو جەڕەیەک پڕ دەکات لە ئاسمان، باشە ئەم بیرۆکەی لەپێناو چی بەم جۆرە وێنا کردووە، ئایا ئەو ئاسمانە مەزنە بۆ لەنێو جەڕەیەک کۆ دەکاتەوە و زیندانی دەکات، بۆ دەیشارێتەوە. ئایا ئاسمان شتێکە کۆ بکرێتەوە، یان خەیاڵێکی شیعرییە. کەواتە ئاسمان قەبارەیەکی قورس و گران و ڕەق نییە تاکو کۆ بکرێتەوە، هەر تەنیا ئەو بینینیە کە لە کونێکەوە دەبینرێت و بۆشاییەکە دەکرێت لە بچووکترین شوێن کۆ بکرێتەوە. وێنەیەکی شیعری جیاواز و جوان و پڕ مانایە. لەبیری نەکەین ئەو (فرۆید) یانە دەڕوانێتە جەڕە و ئاو و ئاسمانەکە، پرسیارێکی فرەواتا دروست دەکات، وەکو چۆن فرۆید سێکسیانە دەڕوانێتە (جەڕە) و (ئاو)، دەتوانرێت مانای دیکەشی لێ بدۆزرێتەوە.

ئەو لەڕووی فکرییەوە باسی جێگۆرکێی نەگونجاو دەکات، کە چاو ببێتە مێشک، دەمودەست دەمرێت. چاو ئەرکێکی هەیە و مێشکیش ئەرکێکی جیاواز. جوانی شیعر لە گێڕانەوەی شتە واقیعییەکان بەشێوەیەکی ئاسایی نییە، بەڵکو لە دروستکردنی وێنە و مانا و ئەرک و مەبەستی جیاواز وفرە واتایە. تاکدیڕی لەتەک لایەنە هزرییەکان، فرەمانایش دروست دەکات. (چاو) و (مێشک) دوو شت و کەرەستە و خاوەن وزەی واقیعیی وسروشتین، بەڵام کە سروشتی خۆیان لەدەست دەدەن، چاو دەبێتە مێشک، ئیدی کۆتایی بە بوونی خۆی دەهێنێت.

شاعیر هێندە شتەکانی لەنێو وشەکان چڕ کردۆتەوە، مرۆڤ لەکاتی لێکدانەوە پێویستی بە گەڕانەوە بۆ فەرهەنگ و بابەتی

زانستی و تێگەیشتنی پتر لە پەیوەندی نێوان شتەکان و کارەکتەر و شوێن و کات و مەبەستەکان هەیە. ئەو گوتاریکی شیعری ئاشکرای دروستکردووە کە بەرەبەیان لە بایۆلۆژیا دەترسێت و نێوەڕۆش بە ئایدیۆلۆژا تاساوە و لە هەموو کاتێکیشدا لە گەفلۆژیا کاساوە. (بایۆلۆژی و ئایدیۆلۆژی و گەفلۆژی). ئەو زاراوەیەکی وەکو زانستێک کە پێی دەڵێت زانستی هەڕەشە و تۆقاندن خۆی دروستی کردووە، شاعیر لەزۆر دەقی دی وەکو پاشایەکی شکۆداری زمان کار لە دروستکردنی زاراوەی تایبەت و فرەواتا و نوێ دەکات. ئەم ستایلە هێندەی پێویستی بە وزە و توانای زمانەوانی بەهێز و فرەسروشت و فرە کێڵگەی جیاواز هەیە. ئەو وشە کورتکراوەکان پڕ پڕ لە واتا دەکات، وەکو چۆن دەیەوێت (ئاسمان لەنێو جەڕەیەکدا کۆ بکاتەوە)، ئەو نایەوێت کردەیەکی هەڵە ئەنجام بدات، نایەوێت (چاوی شیعر لە جیاتی مێشکی شیعر بیر بکاتەوە) بۆ ئەوەی نەمرێت. لەهەمان کاتدا وەکو گوتمان هەستێکی سێکسیانەی فرۆیدی دەنێو وێنە شیعرییەکەدا بەرجەستە کردووە.

ئەو وەکو شاعیرێک هەموو کردەی هەرەشە و تۆقاندنی بەردەوامی هەموو کاتەکان لە یەک وشەدا کۆ بکاتەوە کە دروستکراوەی خۆیەتی (گەفلۆژی). واتە ئەم کردەوەیە هێندە پەرەی سەندووە و مەترسیدارە و بەکاردێت و لەهەموو کاتێ و شوێنێکدا باوە، بۆیە سیستەم و زانست. باسکردن و شێکردنەوەی ئەم دۆخە پێویستی بەچەندین شیعر و چیرۆک و ڕۆمانە.

لە بواری بەکارهێنانی تەکنیکی گفتوگۆ لەنێو دێڕەکانی کە لەچەند وشەیەک پێکهاتوون، ڕاشکاونە پشتی بە تەکنیکی لەم جۆرە بەستووە و دەڵێت:

# بۆ دەڵێی: ئەدلۆژە بەسەر چووە، جلکی بەرت لەنگەیە و خۆی ئایدلۆژیایە. (٦٥) ئەو وەکو خاوەنی گوتارەکە ئاخاوتن و گفتوگۆ لەگەڵ (ئەوی نادیار دەکات)، بەڵام کەسێکە جلکی لەنگە بەکاردەهێنێت، کە بریتییە لە ئایدیۆلۆژیا.
# قەرەقۆش درکاندی: نەدکتاتۆرم... نەهیچ، مەبەستم بوو، خەڵکەکە بە پێکەنین بێخم. (٧٥)
# باپیرمان مرۆڤی نیاندرتال، هەم کرمە، هەم ئاژەڵە، هەم ڕووەکە، هەم بەردە، هەمیش نیاندرتالخۆرە!. (٧٥)

لەم دوو تاکدێڕییەدا شاعیر ڕاشکاوانە ئەرگۆمێنت و مشتومڕێکی فکری و مێژووی لە گێڕانەوەیەکی یەکجار کورت لەبارەی (نیاندرتال) و (قەرەقوش) پیکهێناوە. ناچارمان دەکات لەگەڵ ئەم وشانە کە هەریەکەیان دونیایەکی فراوانی پڕ لە باس و خواس وبابەت و ناکۆکی و زانیاریی و پرس و گومان بیر بکەینەوە.
لەبارەی (قەرەقۆس) و گوتنەکەی، نووسیویە: من دیکتاتۆر نیم، تەنیا ویستوومە خەڵک بە پێکەنین بهێنم. ئەم مشتومڕە دەمانگێڕێتەوە نێو مێژوویێکی نادیار، مێژووی باپیرەی مرۆڤ، مێژووی قەرەقوش، مێژووی ڕووداو گەلێکی مێژوویی.

ئەو لە ئەرگۆمێنت و مشتومرێکی ناوەکیی خۆی پێمان دەڵێت باپیرەمان نیاندرتال هەم (کردمە و ئاژەلە و ڕووکە و بەردە و نیاندرتالخۆریشە)

**تاکدیڕی و نانۆی تەکنەلۆژیای فکر کردنەوە لەنێو ئایندەدا**

ئەم توێژینەوەیە پێشەکییەکی پێناسە ئاسایە بۆ نانۆتەکنەلۆژیا و کاریگەریی لەسەر ژیان و بواری ئەدەبی. کێبڕکێی لەنێوان "نانۆ- ئایندە"دا و چۆنیەتی کۆکردنەوەی بەیەکەوەی داهاتوو و ڕابردوو لەکاتی پەرەپێدانی ئەو تەکنەلۆژیە دەرکەوتوانەی ئێستا هەن. بە پشتبەستن بەبواری زانست و توێژینەوەی تەکنەلۆژیا، کە جیاوازی لەنێوان "سەیرکردن لە" ڕابردوو و "سەیرکردن لە" داهاتوو، داینامیکی چڕ و پڕی ئایندەیی نانۆتەکنەلۆژیا هەڵ دەسەنگێنرێت. ئەم داینامیکییانە کاریگەرییان لەسەر تێگەیشتن لەپرۆسەکانی گۆڕانکاری و وێنەکانی داهاتوو دەبێت.
Stephen McGrail , )
, https://www.researchgate.net/profile/Stephen-
.(Mcgrail/publication/228575808

تەنیا ئەمە بیهێنە بەرچاوت: ئەو ماددانەی هێزی دە هێندەی پۆڵایان هەیە و تەنیا بە کێشێکی سووک و قەوارەیەکی زۆر بچووککراوە هەموو زانیارییەکانی کتێبخانەی کۆنگرێس لەنێو ئەم ئامێرە، کە قەبارەی کووپێکی شەکری هەیە، هەڵدەگیرێت. ( Clinton, Bill. June 11, 2010, from http://pr.caltech/

events/presidential_speech/pspeechtxt.html). سەیری ئەم هێز و توانا و مەساحە گەورەیە لەنێو بچووکترین ئامێردا بکە. شیعری تاکدێڕی هەمان شتە، زۆرترین شت لەنێو بچووکترین پێوانە و ڕستە و وشەدا لەخۆ دەگرێت.
تەنیا ئەم گەشەکردنە لەهەموو بوارەکانی زانستدا سوودی لێ وەردەگیرێت، ئەدەبیش زانستە و مرۆڤ لەتەک داهێنانی نوێدا، خودی داهێنەکەی خۆشی بۆ مشتومڕی نەپساوە لەنێوان تاک و کۆمەڵ، بیرکردنەوەی ستراتیژی بۆ تێگەیشتن و داهێنانی ئایندەیەکی جیاواز بەکار دەهێنێت، لەشیعردا ئەم بەکارهێنانە بریتییە لە زمان و فکر و وێنە و خەیاڵ و واقیع و لێکدانەوە. "باوەڕێک دروست بووە، کە نانۆ تەکنەلۆژیا ڕەنگە سەرەتای "جیهانێکی نوێ" بێت . ( Loveridge, Denis, Paul Dewick, & Sally Randles,, 20(1) 2008, 29-43.). شیعر بیرکردنەوەیە لەنێو خەیاڵدا، وەکو چۆن بوارەکانی دیکەی کۆمەڵگە گەشە دەکەن و تەکنیکی نوێ دێتە ئاراوە، لە نووسینی شیعر و ئەدەبیشدا تەکنیکی نوێ بەرهەم دەهێنرێت.

# باوکە تۆ سەیری فلمی کارتۆن بکە زۆرت حەز لێیە، منیش وا جلی کابۆم لەبەرە، ئا دەی دەمانچەی خۆتم پێدە! (٥٢)
# ئەم پیرە دونیایە تا بۆم نەبێتە کاولەدونیا، بە کتێب خوێندنەوە طاپۆ دەکەم. (٥٤)
# میکرۆبی دەسکرد لە مێدیا رایگەیاند: مرۆڤینە کێوە دەچن، هەر قڕتان دەکەم.(٥٥).

# لە بۆ هێلکەی ناو هێلکە، بڕۆ یابان، لەبۆ جووت زەردێنەش وەرە کوردستان. (٧١)
# پێڵاوە قورسەکەت، لێناگەڕێ سەفەر بکەیت. (٧٤)
# ڤایرۆس لەسەر کەلاکی مرۆڤ شەڕیانە، سەگ و داڵ چاوەڕیی پاشماوەی بە میکرۆبن. (٧٧)

نموونەی لەم جۆرە زۆرن کە ئامازەیان پێ بکەین و (کردەی ئامانجدار ببەستینەوە بە ئایندە، یان بیرکردنەوە لەنێو ئایندە بێت) وەکو چۆن نانۆ تەکنەلۆژیا ئەم زەمینەیە ساز دەکات، کە مرۆڤ بتوانێت لەنێو ئێستا بژیت و لەنێو ئایندەش بیر بکاتەوە.
ئایندەی خۆی بەبیکردنەوە و کاتی خۆی لەئایندە بە خوێندنەوەی کتێب دەبەستێتەوە. واتە ئەو لەئایندەدا لەنێو کتێبدا بیردەکاتەوە و ئەم ئایندەیە تاپۆ دەکات لەنێو ئایندەدا. میکرۆب بیر دەکاتەوە لە ئایندە، مرۆڤ ناتوانێت لەدەستی ئەو دەربازی بێت و هەڕەشەکە پەیوەندیی بە بیرکردنەوە لەنێو ئایندەیە. واتە هەڕەشەکە لەنێو ئایندە ڕوو دەدات.
بۆ  زەردێنەی هێلکە لە ئایندەدا وەرنە کوردستان، پێڵاوە قورسەکەی لێ ناگەرێت سەفەر بکات، واتە دوو کردەی (سەفەر و وەرنە کوردستان) بیرکردنەوەیەکە لە ئایندەدا ڕوو دەدات. لە تاکدیڕییەکەی دیکەشدا سەگ و داڵ لە ئایندە، یان لە کاتی دوای قسەکردن و ئاخاوتن لەبارەی ئەم شتانە، چاوەڕێی (پاشماوەی بە میکرۆبن).  بیرردنەوە لەنێو ئایندە، لەبارەی ئایندە ئامازە بە مەترسیی و هەرەشەکانی میکرۆب دەکەن.

بەواتایەکی دیکە (گچکەنووسی) و نووسینی بە (پارچە پارچە) و (تاکدێڕی) و بیرکردنەوە لەبەکارهێنانی کەرەستەکانی نانۆ وەکو بیرکردنەوەیەک لە بچووکردنەوەی مەوداو و وشە و ڕستە و کەرەستەکانی دەربڕین لەنێو دەقدا دەتوانین ئاماژە بە نووسینە فەلسەفییەکانی نیچە بدەین وەکو چۆن (ئیمێل سێوران)ی بەڕەگەز ڕۆمانی بایەخی بە نووسینی پارچە پارچەکردن داوە. (ڕۆلان بارت) ی فەرەنەسیش و (ئیلیا کانێی) بولگاریش بەهەمان شێوە لە دەقەکانیان کاریان بە بچووکردنەوەی دەق کردووە. (ژان ژاک ڕۆسۆ ١٧١٢- ١٧٧٨) لە دانپیانانەکانی و (تیۆدۆر ئەدۆرنۆ ١٩٠٣- ١٩٦٩)ی ئەلمانی لە (ئەدەبیاتی بچووک)دا کاریان بەم شێوازی نووسینە کردووە. هەندێک ئەم شێوازی نووسینە بەشتێکی بێ بەها و بێ نێوەڕۆک دادەنێن و وەکو جۆرێک لە سووکایەتی لەنێو ئەدەب وەسفی دەکەن. (ئارام سدیق) لەبارەی شیعرەکانی (ع. ع. یووسف) ڕاشکاوانە لە لێکدانەوەیەکی ڕەخنەگرانە دەنووسێت : وشەڕیزکار ئەوەندەی لە خەمی بانگەشەدایە، ئەوندە لە خەمی کارکردندا نییە. ئەم وشەڕیزکارە بەرەوامە لە گەمە بێتامەکانی و بەکاربردنی گوزارشتە میللییەکان بەناوی شیعری نوێ و نوێگەرییەوە. ئەگەر ڕەخنەی کوردی هەبێت، ئەم وشەڕێزکارە بەناوی شیعرەوە ئەم دیوانە پڕ ناکات لە وشەی ڕیزکراوی بێتام و هەزیل. هیچ پەیام و ئیستاتیکا و وزەیەکی سەرسامکردنیان تێدا نییە. شیعری نوێ ڕاکردن نییە لەمانا. گالتە بە فکر دەکات. خۆی هەر لە بناغەوە دژی بیرکردنەوەیە و کۆی پڕۆژە

شیعرییەکەی هەوڵێکن بۆ پاسڤبوون و بیرنەکردنەوە. (ئارام سەدیق، گۆڤاری شیعر، ژمارە ٥ی ٢٠١٧، ١٩٧-٢٢١).
کە من لەشیکردنەوەی دەقەکان (تاکدێڕییەکانی) ئەم شاعیرە دەنۆڕم، شتەکان بەم جۆرە بە (سووکایەتی و گاڵەتکردن و دژە فکر و بۆش) نابینم. خوێندەوەی دەق لای هەر خوێنەرێک پێوەرێکی جیاوازی هەیە. سەنگەرگرتن لە شیعر، بەمانای ناسینی دەقەکە نایەت، یان سڕینەوەی شاعیر بە واتای تێگەیشتن لە دەقەکانی خودی شاعیرەکە نایەت. بۆیە لە خوێندنەوەی دەقی شیعریدا، یان لەهەر دەقێکدا ئەگەر فکریش نەبێت ئەمە خۆی لەخۆیدا فکرە، واتە بێ فکری بریتییە لە فکر. کەسانێک کە تووشی دۆخی (بێ فکری و بیرنەکردنەوە و دابڕان و گۆشەگیریی و نامۆبوون دێن) ئەوە خۆی لەخۆیدا تووشی دۆخێکی فکریی نامۆبوون و تەپین و هەڵوەشانەوە بوون. لێرەدا ئەوەمان بۆساخ دەبێتەوە گەلێک لە فەیلەسووف و بیرمەندان ئەم شێوازەیان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی شتەکانیان بەمەبەست و ئامانج بەکاربهێنن بۆ (دەربڕین و بیرکردنەوە و ڕاگەیاندن)، ئەوەش بەمانای ئەوە دێت، کە شێوازی تاکدێڕییان بەکارهێناوە، کە ڕەنگدانەوەی ئازادییە لەنووسین، چونکە خواستێکی بەهێز بۆ دەربازبوون لەو سنووردارکردنە هەیە، بەرانبەر ئەو بیرۆکەیە فەلسەفە و سیستەمی توندی سەپێنراو گوزارشتی لێ دەکات. بەواتایەکی دیکە نووسینی (گچەلیزم و تاکدێڕی و پارچە پارچەکردن) بریتییە لەکردەی (هەڵوەشانەوە، جیاوازیی، شۆڕش بەرانبەر پێوەر لۆژیکییە توندەکان، شیکاریی لەنێو سیستەمی فەلسەفی، ئەمەش دەبەسترێتەوە بە کورتی و

چڕبوونەوە لە نووسین. (ظاهرة كتابة الشذرات من نيتشه الى كانيتي، مجلة نزوى، عمان، مسقط، ١ يناير ٢٠١٤، (https://www.nizwa.com/%D8%B8%D8%A7%D987%D8

. پێویستە ئاماژە بەوە بکەم، ئەم بنووسە دەیەوێت بنەمایەک بۆ دەرچوون لەنێو ڕەخنەی کوردی بۆ وشەڕیزکردن و دەربازبوون لە بەکارهێنانی وشەی سووکەپێگە لەنێو دەق نیشان بدات، کەچی بەپێچەوانەوە خۆشی بێ لەبەرچاوگرتنی ئازادیی ئەوانی دیکە بەوشەی (ڕیزکار، بێتام، هەزیل) دەگاتە گرژیستانێکی چڕ، ئەم سێ زاراوە لەهەگبەی ڕەخنەی خۆیەوە دەکاتە بنجێک بۆ نووسینەکەی، کە پێم وایە ئەم فۆرمە دواڕۆژی ڕەخنەی شیعریی کوردی دەگەچرێنێت و لەبەردەم پرسیارێکی جددی قیت دەیوەستێنێت.

هەندێک توێژەر پێیان وایە شاعیرانی دیکەی هاوچەرخیش تاکدێڕییان نووسیوە، هەرچەندە ئەوانی دیکە ئەگەر لەنێو دەقی دیکەشدا تاکدێڕییەکیان نووسیبێت، بەڵام نەیانکردۆتە پیشە و ستایل و ڕێبازێکی تایبەت. دوای لێکۆڵینەوە بۆم ساخ بۆتەوە کە (ع. ع. یووسف) لە ساڵی ١٩٧٨ لە چامە درێژەکەی بەناوی (لم نیازمە) و دواتریش لە دیوانی (کلکی کتکی پرسیارە) لە ساڵی ٢٠٠٧ شیعری تاکدێڕی بڵاوکردۆتەوە. ئەمەش ئاماژە و نیشانە و بەردەوامییە بۆ خاوەندارییەتی ئەم شێواز و تەکنیک و فۆرمە شیعرییە.

(ع. ع. یووسف) ڕاشکاونە گوتیەتی ئەمە داهێنانی منە و ئەمە ستایلی تایبەتی منە و دەشلێت "بە بڕاوی من واتا، یان کتێب،

بریتییە لە (چەند دێڕێک) نەک تەواوی نووسینەکە، لە ڕاستیدا من حەز ناکەم خوێنەر سەرقاڵی هەموو شتێک بکەم، کە پێویستی پێ نییە". (گۆڤاری دیوان، ، ژمارە ٢٩، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣). ئەمە فەلسەفەو ڕێبازی نووسینی ئەم شاعیرە هاوچەرخە جیاوازەی کوردە.

مەبەستمان ئەوە نییە کێ یەکەم دەقی تاکدێڕی نووسیوە، چونکە لەنێو دەقی کلاسیکیشدا ئەگەر لێکدانەوەیەکی مێژوویی ورد بکەین دەقنووسی تاکدێڕی دیکە هەبوون. لە چیرۆکدا پێم وایە (ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی) یەکێکە لەوانەی چیرۆکی لەچەند وشەیەکدا نووسیوە. واتە یەکەم نابێتە پێوانە، بەڵکو داهێنان و دروستکردنی شێواز و لێکدانەوە و تێڕوانین و بەردەوامی و پەرەپێدانی ستایل و زمان و بەرهەمهێنانی گوتارێکی جیاوازی شیعری ئەم جۆرە دەقە لە سنوورێکی داخراو دەگوازێتەوە بۆ سنوورێکی دانەخراوی گرنگ، هەروەها شێوازی خوێندنەوەی خودی دەقەکە گرنگە. هەیە ئەم شێوازە نووسینە بە (پووچ و بێ نێوەڕۆک و گاڵتەجاری) دەزانێت و هەشیانە بەشێوازیکی نوێی نووسینی دەقی دادەنێت، ئاماژە بە ئەرک و پێگە و چۆنیەتی بەکارهێنانی وشە و پانتایی لەدەربڕین و شێوازی گوتن و گوتاری خودی دەقەکە دەکات. (ع. ع. یووسف) لەبارەی سەرەتای ئەزموونی نووسینی خۆیدا دەڵێت "ناونیشان هاندەر و ئیلهام دەرم بوو، تاکو بتوانم دەق بنووسم، لەوێوەش دەقی یاخی لەدایکبوو، چەند ناونیشانێکی یاخیم نووسی، کەچی

شتاقی خێواو و گونجاو و ترینجاو نەبوون". (گۆڤاری دیوان، ژمارە ٢٨، ئەیلوولی ٢٠٢٣).

هیج دەقێک لای من بێ فکر و واتا و لێکدانەوە و ئەرک نییە، تەنیا خودی ئەو دەقانەی بۆ گاڵتەجاڕی و (کۆمیدیای ڕەش) تەرخان کراون و بەزمانێکی ئاسایی و سادە دەنووسرێن ئەرکی گەیاندنی پەیام و فکرێکیان لەئەستۆیە. بەکارهێنانی قسەی سەرزاری خەڵک، بەواتای هەمان ئەو مەبەستە نایەت، کە خەڵکەکە بەکاری دەهێنن، لای شاعیر هەمان گووتن دونیابینی و ڕەخنە و لێکدانەوە و ئەرک و واتای جیاواز لەخۆ دەگرێت. (ع. ع. یووسف) ڕاشکاوانە دەڵێت من لەهەندێک دەق سوودم لە قسە و پەندی سەرزاری خەڵکی ئاسایی وەرگرتووە، لێرەدا هەولی داوە وێنەیەکی نوێ و واتایەکی نوێ بە خودی هەمان دەق ببەخشێتەوە، ئەرکی شاعیر ئەوەیە شتە نەشیاوەکان شیاو بکات و بەپێچەوانەوەش شتە شیاوەکان بکاتە شتی نەشیاو. لەڕوانگەی شیکردنەوەی پراگماتیکی کاتێک یەکێک دەپرسێت (پەنجەرەکە بکەوە) ئەمە بەواتای ئەوە دێت (ژوورەکە گەرمە)، (یان تەنگەنەفەس بوون)، (یان گۆڕینی کەشوهەوا و ئاراستەی گفتوگۆ و قسەکردنی نێوان ئامادەبووانە). بەواتایەکی دیکە قسەکە (داواکردنە بۆ ئەوەی پەنجەرەکە بکرێتەوە)، (فەرمانە بۆ جێبەجێ کردنی کارێک) و (هوشدارییە) و (ئاگاداركردنەوەیە)، واتا و ئەرک و کارەکە پێچەوانەی خودی قسەکردنەکەیە. قسەکەری خاوەن گوتارە ئاساییەکە ناڵێت ژوورەکە (گەرمە، قەرەباڵغە، تەنگە نەفەس بووین، ژاوە ژاوە)،

ئەمە ئەوەمان نیشان دەدات قسەکەر (مەبەستێکی ناڕاستەوخۆی هەیە، کە مەبەستێکی نادیارە، یان لە بەکارهێنانی واتایدا پێچەوانەی خودی شتە سروشتییەکەیە، یان نیشاندانی دۆخی (نیگەرانی و ژاواژاو). قسەکەر کردەی (داواکردن و فەرمان و ڕوونکردنەوە و ئاگادارکردنەوە و هوشداری) جێبەجێ دەکات، ئەمانەش پەیوەندییان بەدەوروبەری بەکارهێنانی قسەکەیە. شیعریش وایە بریتییە لەبەکارهێنانی زمان بۆ دروستکردنی مەبەست و وێنە و پەیام و بزواندنی مێشک و هەست و ناخی مرۆڤ.

لم دەقە تاکدێڕیانەدا شاعیر کردەی هەواڵ و گەیاندنی زانیاریی و پرسیار و هوشداریی و ڕیکلام و بڕیار و ڕەتکردنەوە و ... تاد دروست دەکات، بۆ نموونە:

# تەلەفزیۆنم کوژاندەوە، ڕادیۆم کوژاندەوە، ڕۆژنامەن دڕاند، کێ دەزانێ بۆ ؟! (١٥)

لەم وێنە شیعریانە کە بەزمانێکی سادەی ئاسایی نووسراون، هێندە سادەن ڕەنگە هەندێک کەس ئەمە بەدەقی شیعریی نەزانن، بەڵکو وەکو قسەیەکی ئاسایی هەژمار بکەن. بەڵێ پێمان وابێت یاخود نا ، ئەمە کەسوهەوای نووسینی شیعری تاکدێڕییە. کە کردەی (هەواڵی کوژاندنەوە و دڕاندنی ڕۆژنامەی ڕاپەڕاندووە)، ئینجا کردەی (پرسیار و سەرسوڕمانی چ بە نووسین و چ لەڕێگەی بەکارهێنانی مرازەکانی قسەکردن ڕاپەڕاندووە). لەهەمان کاتدا کردەی گەیاندنی زانیاری تێدایە

کە ئەو (تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە)ی هەیە و خاوەندارێتیان دەکات، یان لەشوێنێکە ئەم سێ کەرەستەیەی تێدایە، یان بەکاریان دەهێنێت. واتە لەیەک تاکدێڕ دەتوانرێت چەندین کردەقسە و کردەی گەیاندن و پەیوەندیکردن دروست بکرێت. لەهەمان کاتدا لەڕێگەی (کردەی پرسیارکردنەوە) گوتارەکەی ئاراستەی وەرگرەکانی کردووە و دەیەوێت پەیوەندیان لەگەڵ دروست بکات و دەپرسێت (کێ دەزانێ بۆ؟). لەهەمان کاتدا جۆرێک لە بنەماکانی کردەی گفتوگۆیشی تێدایە، چونکە ئەو دەیەوێت گفتوگۆ بکات و بزانێت کێ ئەو شتانە دەزانێت و هۆکاری داخستن و دڕندانی ئەم کەرەستانەی بەکاری هێناون چییە. لێرەدا بە بەکارهێنانی تاکە وشەی پرسیار (بۆ) خوێنەر دەبێتە لایەنێک لە تاکدێڕییەکە. بێ ئەوەی بانگی بکەیت بەشداریت بکات، یان ئاخاوتنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەنجام بدەیت لە ڕێگەی (هێما و ڕەمز و نیشانەکانی پرسیارکردنەوە) کردەی بەشداریی خوێنەر دێتە ئاراوە.

# بەسواری دایناسۆر، دەچمە ڕاوکردنی مێشوولەیەک منی جاڕس کردووە. (٥٢)

لەم دێڕە شیعرییەدا شاعیر چەند کردەیەکی زمان بەرجەستە دەکات لەوانە: پێدانی هەواڵی بەکارهێنانی دایناسۆر، بێزاربوونی بە مێشوولەیەک. زانیاری ئەوەشمان پێ دەدات ئەم مێشوولە ئەوی (جاڕس کردووە، بۆیە دەچێتە راوکردنی)،

هەروەها کردەی (بڕیار و حوکمی تێدایەی چۆن؟). ئەو بڕیاری داوە بچێتە ڕاوی (مێشوولەکە) چونکە (حوکمی داوە کە مێشوولەکە زیانی پێ دەگەیەنێت و بێزاری دەکات و بۆیە حوکمی داوە کە مێشوولەکە تاوانبار و سەرچاوە و هۆکاری ئەم بێزارییە). واتە زمانی هێندە فراوانە مرۆڤ دەتوانێت لەیەک کاتدا بۆ چەندین مەبەست و کردەی جیاواز بەکاری بهێنێت. دونیا مرۆڤ لەنێو خودی زمان دایە. هەموو بیرکردنەوە و کەرەسەتەیەک و مەبەستێک و خواستێک کە مرۆڤ دەیەوێ و پێویستییەتی لەنێو زمان جێگەی دەبێتەوە.

# خۆزگە دڵی بەڕاست بە دڵی وێنەکێشراو دەچی. (٥٣)

لەم دێڕەدا شاعیر کردەی (خۆزگە) بۆ بەدیهێنانی لەیەکچوون وەکو یەکی لەنێوان دونیایەکی هەقیقی و خەیاڵی دروست دەکات. یان دەیەویت زانیاریی و مەعریفەی ئەوەمان بۆ بدات دڵی وێنەکێشراو دڵێکە بەئارەزووی کەسەکە دروستکراوە، بۆیە خۆزگە دەخوازێت دڵی ڕاستیش وەکو وێنەکە بێت. بە خواست و ویست و خۆگەی کەسە بێت.

## چیرۆکئامێزی لە تاکدێری و گێڕانەوە

ئێمە دەزانین کات و شوێن دوو پێکهاتەی گرنگی دەقن، کردەی گێڕانەوە لەدەرەوەی کات و شوێن کارێکی ئاسان نییە لە بەرهەمهێنانی دەقدا. لەم لێکۆڵینەوە کار لەسەر گرنگی و بایەخ و تەکنیک و شێوازی بچووکردنەوە و پارچە پارچەکردنی

دەق دەکەین دەزانین کات و شوێنی گێڕانەوە لە تاکدێڕی و "نانۆتەکنەلۆژیادا زەمینەسازی گفتوگۆکان سەبارەت بە ڕۆڵی ماددەی یەکجاری بچووکی وەکو نانۆ ئێستا و لەواقیعدا بریتییە لەئەرکێکی قورس". (Mitchell, Ellen, 2007) جگە لەئاراستەکردنی شتەکان بەرەو ئایندە و چڕ و پڕی لایەنێکی دیکەی ئاشکرای ئەم بوارەیە. لەکاتێکدا ئەمە سەرهەڵدەدات بە "ناهێزیی/ لاوازییە" کی فراوانتری تایبەتمەند دەردەکەوێت. (سیروس مۆدی)یش یەکخستنی گێڕانەوەکان و فرەکاتی لەنێوان تۆڕی پەیوەندی ئەکتەرەکان بە شتێکی گرنگ دادەنێت. (Selin, Cynthia, 2006 121-139).

بۆ نموونە فرەکارەکتەریی لە تاکدێڕەکانی (ع. ع. یووسف) بریتین لە:

(من/ م و خودی شاعیر کە قسەکەری نێو دەقەکەیە) کە دەڵێت:
# خۆم، دیسان خۆم، پاشانیش هەر خۆم، ئەوجا ئەنجامەکەشی نامنی ناخۆم. (٥٠)
یان بەکارهێنانی شت/ کەرەستە وەکو کارەکتەری نێو دەق، بۆ نموونە:
# لە ئاودەستا هەمیشە مۆسیقا هەیە. (٤١)
# زێڕ حەسادەت بە تەنەکە دەبات و زێدە ئێرەییش بە ژەنگەکەیەتی!. (٦٠)

یان کەسێک بەکار دەهێنێت وەکو:

# منداڵەکە هاواری کرد: دایە.. ئەمبەراتۆر ڕووتە، منیش دەموێ وەکو ئەو ڕووت بم. (٤٠)

یان مرۆڤ و شتێک بەیەکەوە، وەکو :

#لە مرۆڤ عاشقتر، موقناتیزە. (٤٠)

یان کەسی دووەمی تاک (ئەوی نادیار) وەکو کارەکتەر بەکارهێناوە، وەکو:

# شاگەشکە بوو، جێ پەنجەی پێی، بەجێ ئەنگوستی دەستی دەچی. (٦١)

یان شاعیر لە دەقە تاکدێڕییەکەی شوێن وەکو کارەکتەر بەکاردەهێنێت، وەکو:

#ئاسیا، ئاسیایە!. (٦١)

# لە ئانی نەخشکردنی دڵێک لەسەر پورتەقاڵێکی ناو باغ، لیمۆکان هەر یەکە بە نزمێک جرِتی گاڵتەیان بۆ من و باغەوان کێشا. (٦٣)

لەم دەقەدا کات (ئان) هەیە، کە بریتییە لەکاتی نەخەشکردنی دڵێک و (پرتەقاڵ) و (ناو باغ) شوێنن. کارەکتەرەکانیش (لیمۆ) و (من) و (باغەوان)ە. کارەکەش نەخشکردنی دڵێک) و (جرِتە بەنزمی گاڵتەجاڕانە)، واتە:

کارکتەری (لیمۆ) خودانی کردەیەکەی سەرنجڕاکێشە، کە لەڕاستی خۆی توانای قسەکردن و گوتن و کاردانەوەی نییە، کەچی (بەنزمی گاڵتەجارانە جرِت) دەکێشێت. ئەو کەسەی (نەخشەکە) دەکێشێت دیارنییە کێیە، کە خودی قسەکەر (من)

ئامازەی پێکردووە، بەڵام کەسێکی نادیارە، دەتوانین بڵێین (خودی منی قسەکەری خاوەنی گوتارەی دەقەکەیە)، کەسێکی نادیاری دیکە، (من) ئامازەی پێ دەکات و دیاریشی نەکردووە ئەوەی (نەخشی دڵەکە) دەکێشێت کێیە و چییە و چ کارەیە و تەمەن و توانا و ڕۆشنبیریی و ڕەگەزی چییە.

لەبەکارهێنانی کاتیش دەقنووس بەمەبەست بێت، یان بێ مەبەست، ئاشکرا بێت، یان نا ئاشکرا ئامازەی بە (کات) کردووە، پێگەی سەرەکی هەیە لەنێو دەقەکە، بۆ نموونە:

# لە کاتی سواربوونی پاس لە بیری چوو، ناهۆش لەبن پێستە یا گۆشتە، یان ژێر هێسکە؟!. (٦٤)

(لە کاتی) ئامازە بۆ پێگە و شوێن و ڕۆڵی (کات) لەنێو دەقی تاکدێڕیی، هەموو ئەو شتانەی ئامازەی پێکراوە بە ستراوەتەوە بە زەمەنی (لە کاتی) سواربوونی پاسەکە. ئەو لەکردەوەدا ئامازە بە (کات) وەکو کاتی بەسەرچوو، ڕابردوو، یان پێش کردەی گێڕانەوەکە دەکات. لەهەمان کاتدا قسەکانی لەبارەی کاتی گێڕانەوەی دەقەکەش، کە پێمان دەڵێت ئەم کردەی لە (بیرچوونەکە) ئێستا دەگەڕێتەوە، کە پێشتر ڕوویداوە، کە (ناهۆش) کەوتۆتە کوێ. نازانین باسی چ کارەکتەر و کەسێک دەکات. بەپێی لێکدانەوەی پراگماتیکی ئەوەمان بۆ ساخ دەبێتەوە، کە شاعیر لەپلەی یەکەمدا (بایەخی بە (لە کاتی) داوە، کات وەکو کارەکتەرێکی سەرەکی و بنەڕەتی نمایش کراوە، کە لەنێو ئەم کاتەدا شتەکانی (بیردێتەوە). واتە ڕابردووی

بیردێتەوە و پرسیارەکانی (ئێستا لەکاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکە) پێشکەش دەکات و وەڵامەکەشی بۆ (ئایندە) کردووە، کە بیری لێبکرێتەوە (ناهۆش- لاشعور) کەوتۆتە کوێی جەستە. شوێنەکەش ناو پاس و ناو کات و ناو جەستە و ناو ناهۆشە. وەکو گوتمان هەموو شتێک و وشەیەک و هەستێک دەکرێت (کات و شوێن)ی تایبەت بەخۆیان هەبێت.

#لە ١ی نیسان، مرۆڤ نژنێندرا. (٧٣)

لە دەقی تاکدێڕیدا شاعیر ئارەزووی بەکارهێنانی ژمارە وەکو هێما و نووسینیش دەکەن، ئەمە یەکێکە لە نهێنییە باوەکانی نێو ئەم جۆرە دەقانە. لێرەدا ئێمە باسی گوتاری (کات) وەکو کارەکتەرێکی نێو دەقەکە دەکەین. واتە (کات) کارەکتەرێکی دیاری خولقاندنی خودی مرۆڤە. (١ی نیسان) بە واتای (ڕۆژی درۆ) بەکارهێنراوە، ئەمەش وادەکات بڵێت خولقاندنی مرۆڤ لە ڕۆژی درۆ، یەکسانە بە خولقاندنێکی درۆئامێز. لێرەدا (کات/ ١ی نیسان) پێگە و دەسەڵات و مانابەخش و دروستکەری مەبەستە) وەکو چۆن مرۆڤ لەنێو دەقدا دەبێتە سەرچاوەی هێزی بیرکردنەوە و لێکدانەوە و هێز و بڕیار و مەبەستەکان، لێرەدا (کات) ئەم ئەرک و کارەی دەکەوێتە ئەستۆ.
پرسیارە کاکلدارەکەی لەوەیە ئەگەر مرۆڤ کائینێکی درۆ بێت، ئەمە کۆمەڵێک لێکدانەوە هەڵدەگرێت، ئایا کۆمەڵگەی جیهانی لەسەر ئەمە وەستاوە، یان مرۆڤ نیشتەیەکی کاتییە لەسەر زەمین. وەکو گوتمان پرسیارەکە ئەمەیە لەم تاکدێڕییەدا پێمان

دەڵێت: پێبکەنین، خەمباربین؟ ئایا ١ی نیسان بۆنەیەکی فەلسەفییە، سیاسییە، کۆمەڵایەتییە؟ یان شتی دیکە. ئەمە چییە؟

نامەوێت بچمە نێو هێنانەوەی نموونەی پتر، ئەگەر نا لەنێو هەر تاکدێڕیکدا ئەم بوارە دەتوانریت وەکو پێکهاتەی نێو دەقەکە شیکار بکرێن. لەتەک ئەوەشدا تەکنیکی چیرۆک لەنێو ئەم دەقانە بەدی دەکرێت، ئەمەش یەکێکە ستایلە باوە دیارەکانی شێوازی نووسین لای (ع. ع. یووسف). گێڕانەوە لەبارەی ١ نیسان و کاتی بیرچوونەوەی نێو باسەکە و کاردانەی لیمۆکان لە جرت کێشان و عاشقبوونی مرۆڤ و موقناتیس و ئاسیا و شاگەشەبوون بە جێ پەنجەکانی خۆی... تاد. کردەی گێڕانەوە و گەڕانەوە بۆ کاتی ڕابردوو لە بیرکردنەوە و مێژووی شتەکان و هەڵسوکەوتی کەلوپەلەکان و ڕووداوە هەقیقی و خەیاڵییەکان.

مێژوونووس (سیروس مۆدی) پێی وایە "نانۆناسەکان زۆرجار پڕۆژەکانیان لەسەر بەیە

کەوە بەستنی (زانست و هەوڵی تەکنەلۆژی) بەزۆری بۆ ڕابردوو و داهاتوو دەگەڕێتەوە". (Mody, Cyrus. Small, 2004, 99-128.). بە واتای ئەوەی فرە کاتی بەدی دەکرێت بۆ هەردوو کاتی ڕابردوو، یان داهاتوو.

ئەو چیرۆکە کورتانەی شاعیر دەیانگێڕێتەوە، زۆر جار لە ڕۆمان کاریگەرترن، شاعیر زۆربڵێ نییە، کەمدووە، بەڵام چەمی زمان لە ناخیدا هەمیشە خوڕەی دێت. (حەمە سەعید حەسەن، https://www.facebook.com/profile.php?id=1000908). (ع. ع. یووسف)یش دەڵێت لە تاکدێرییەکانی تامی چیرۆک و

گێڕانەوە بەرجەستە دەکات، هەر دەقێک چیرۆکێکی هەیە، نەک دەق تەنای هەر کەرەستەیەک و بابەت و شتێکیش دەکرێت چیرۆکی تایبەت بەخۆیان هەبێت.

# گوند نەما، هەموو بووە شار! لەناو شارا هەستت هەستا و لادێیانە گوڵی باخچەت دەرکێشا و توور و سلقت لە جێ چاندا.
مێژووی ئەم چیرۆک و هەستە مرۆیی و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و جێگۆڕکێیە چییە، کە ئاماژە بە نەمانی گوند و گواستنەوەی پەیوەندی هەستە گوندییەکان بۆ نێو شار دەکات؟
چیرۆکی ئەم باسە، چیرۆکێکی دوورودرێژی ڕاگواستن و گۆڕانکاریی زۆرەملێی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و چینایەتی نێو کۆمەڵگەی کوردستان نمایش دەکات، چیرۆکێکە دەکرێت بکرێتە ڕۆمان، یان کورتە فلم. ئەمە چ هەست و پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و ئینتمایەکی شوێن و هەستێکی دەروونییە گوڵ لە باخچەی شار دەردەکێشیت و توور و سلقی لەشوێن دەچێنێت.
ئەمە گۆڕان و دەستکاری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی کۆمەڵگەیە، ئەمە لەکردەوەدا گۆڕانکارییەکی سروشتی نییە، بۆیە کردە و ڕەفتار و دۆخی ناسروشتیش بەرهەم دەهێنێت. کە گوند نامێنێت، هەمووی دەبێتە شار، چ دەقەومێت؟ بیرتان لەم گوزارشتە فکریی و ململانێ دەروونی و کۆمەڵایەتییە کردۆتەوە، (ع. ع. یووسف) چۆن ئەم چیرۆک و مێژووە سەخت و ئاڵۆزەی لەتاکدێڕێکی شیعریی چڕ کردۆتەوە. هێز و هونەری نووسین لەوەدا بەدیار دەکەوێت چۆن دەتوانی زۆرترین شت بە کەمترین وشە گوزارشت لێ بکەیت، بێ ئەوەی لەبیری بکەیت ئەو

شتانەی لەنێو وشەدا جێگەیان دەکەیتەوە شتی زیندوون. ئەو پێمان دەڵێت (هەموو گوندەکان نەمان) ئەم نەمانە (ئارەزووو مەندانە و سروشتی نییە)، هەستەکانی نێو وشەکان کە بریتییە لە هەستی خودی شتەکان ئەوەمان پێ ئاشنا دەکەن. (هەمووی بووە شار و ئەم بوونە شارە پرۆسەیەکی مێژووکردەی درێژخایەن و ئاسایی نییە، بۆیە ئەمە پەیوەندیی بە ڕووداوێک و پتر لە ڕووداوێکەوە هەیە، تۆ بیرت لێ کردۆتەوە ئەم گۆڕانە چۆن دروست بووە؟). شاعیر پێمان دەڵێت (گوند نەما) ئەمە زانیاریی و هەواڵێکی ڕاست و دروستە، ڕاستگۆیانە گوندەکان نەمان. پێمان ناڵێت بۆچی و لەبەرچی نەمان. ئایا نەمانێکی کۆمەڵایەتیی سروشتییە، زەویی لەرزە نەیهێشت، گۆڕانکاریی جوگرافیی و ڕووداو و کارەساتی سروشتی ڕوویان دا، یان بەهۆی سیاسەتێکی دیایرکراوی سەپێنراو ئەمە قەوما؟ ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاری دیکە کە پەیوەندیان بە هۆکاری (نەمانی گوندەکانەوە هەیە) بۆ خوێنەر جێهێشتووە. ئینجا شاعیر ڕووی قسەکانی ئاراستەی (تۆ/ خوێنەر/ وەرگرەکانی خۆی) دەکات و پێیان دەڵێت لەناو (شارا هەستت هەستا و لادێیانە گوڵی باخچەت دەرکێشا). ئەم چیرۆکە ئاماژە کردنە بە خودی (تۆی خوێنەر و گوێگر و وەرگری گوتاری دەقەکە). چۆن لەنێو شاردا هەموو هەستەکانت دەبەنەوە بەرەو گوند و ڕەفتاری گوندیی و هەستی گوندیانە و بیرۆکەی گوندیت و (گوڵ دەردەکێشی). واتە کەسایەتی (تۆی گوندی) هێشتا نەبۆتە کەسایەتییەکی شاری، چونکە تۆ بە شێوەیەکی سروشتی نەگواستراویتەوە بۆ نێو شار. ئەنجامەکەش ئەوەی تۆ هەر وەکو کەسێکی (کشتوکاڵی و

کەسایەتی وەرزێر و جووتیار) ماویتەوە. دیقەت لە م هەستە مرۆییە سەخت و دانەمرکاوە بدە، مرۆڤێک لەشارە بەڵام هەموو هەستەکانی و ەفتارەکانی هی کەسێکی گوندیانەیە. ئەمە بریتییە لە چیرۆکی ململانێی دەروونی و (گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و ئابووری) لەنێو کۆمەڵگە. دەتوانم وەکو لێکۆڵینەوەیەکی سایکۆلۆژیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری درێژ لەسەر ئەم تاکدێڕییە بنووسین.

لەتەک ئەوەشدا لە نێو عەرەبیشدا شاعیری وەکو (عەدنان ئەلموبارەک) و (ڕەشید هیتی) و (ڕەرووت) ئەمانە پەنایان بۆ نووسینی (پارچە پارچە) بەواتای بچووکردنەوەی دەقەکانیان لەشێوەی پارچە پارچە بڵاوکردۆتەوە. (ڕەتروت) لەبارەی ئەم جۆرە نووسینە دەڵێت لەگەڵ کەمی کات و خێرایی لەو سەردەمەدا، دەکرێت و دەگونجێت هەموو شتێک بەشێوەیەکی خێرا و پوخت گەشە بکات. هەروەکو چۆن ئالوودەبوون بە (فێیس بووک) هەمووانی پارچە پارچە کردووە، هەموومان ئێستا مەیلی کورتە دەقی بارگاوییمان هەیە، دەقێکی یەکجار کورت، کە پڕە لە بارگاویی بوونی بەتەقینەوەیەکی بەرز و بەهێز. نووسەرێکی وەکو (ئەلسۆوەرکی)یش لەبارەی ئەم جۆرە دەقانە دەڵێت: پارچە پارچە نووسینی دەق دەرنجامی توانایەکی ناوازەیە بۆ بەردوامیی و گرنگیدان و گوێگرتن لەنێو ئەم جیهانەدا، هەروەها بریتییە لە بیرکردنەوە لەهەموو شتێک بەشێوەیەکی قووڵ. لەبچووکترین شت تاکو گەورەترین شت، لە دەنکە خۆڵێکەوە تاکو خودا.

(https://www.aljazeera.net/culture/2019/12/19/% - ).

# خەونێکی عەقلانیم بینی کە بە خەبەریان هێنام، وتیان لە مێژە نووستبووی، سەیرم پێهات نەخەوتبووم. (٤٠)
# چووم چەند کیلۆیەک بیبەری تیژی لێبکڕم، تەرەفرۆشە نەخوێندەوارەکەی گەڕەک لێمی پرسی: تۆ هاملێت نی؟! (٢٩)

دەتوانین ئەم تەکنیک و شێوازە کە هونەری چیرۆک گێڕانەوە و گفتوگۆ و ئامازە و سەرەتا و نێوەڕۆک و کۆتایی تێدایە، کات و شوێن و کەرەستە و ئامازە و نمایشی هەستەکان و کاردانەوە تێدایە، لە نێو زۆر تاکدێڕی دیکەی (ع. ع. یووسف) بەدی بکەین. کە تاکدێڕییەکان دەخوێنمەوە هەست بە تەکنیکی گێڕانەوەی چیرۆک دەکەم، هەست بە بوونی چیرۆکێک و چیرۆکی هەر کەرستە و شت و کەسێک و شوێن و کاتێک دەکەم، کە دەقنووس لەنێو تاکدێڕییەکانی بەکاریان دەهێنێت.
بۆ نموونە چیرۆکی (تەڕەفرۆشێکی نەخوێندەوار)، (گەڕەک)، (پرسیارکردن) و (ئامازە بە هاملێت) و (کڕینی بیبەری تیژ)، (شاعیر دەچێت بیبەری لێ بکڕێت). لەکردەوەدا هەموو ئەو وشە و دەستەواژە و ناو و کارەکتەر و شوێن و کات و ئەو شت و کەلوپەلانەی ئامازەیان پێکراوە چیرۆکی خۆیان هەیە، تەکنیکی گێڕانەوەکەش خۆی لەخۆیدا چیرۆکئامێزە. گوتاری دەقەکەش ئەوەیە لە (گەرەکێکی شاردا، کەسێکی نەخوێندەوار (هاملێت) دەناسێت. دەزانن لێکدانەوەی جیاواز و بەردەوام بۆ هاملیت دەکرێت، فرۆیدییەکان دەیگەڕێننەوە بۆ ئەوەی ئەشقی دایکی خۆی بووە، سریالییەکان لەناخێ خۆیدا کەسیکی نامۆیە و هیچ

سنوور و کۆتێک لەنێو امرۆڤەکان پێشوازی لێ ناکات. هەیشە پێی وایە کەسایەتییەکی گەنجی ناسک و لاواز و بێ دەسەلات و نەشێتوانێوە خۆی لەم قەناعەت دەرباز بکات. هەیشە دەیبەستێتەوە بە داوێن پیسی دایکی، هەیشە دەلێت دایکی خۆش ویستووە و ڕقی لە زڕباوکی بۆتەوە، لەبەر ئەوە ئازاری چەشتووە. (حەیدەر عەبدولرەحمان، ڕۆژنامەی خەبات، پاشکۆی هزر و هونەر، ژمارە ٢ هەینی ٢٩-٦-٢٠١٢، ١٤). ئەم کورتە ئاماژەیە بۆ ئەوە بوو، بزانین چیرۆکی گێڕانەوە و (ئامانج) لە بیرۆکەی ئەو شتەی لەنێو گوتاری گێڕانەوەی لەم دەقە کورتەدا هەیە، چەند لێکدانەوە و شیکردنەوە لەخۆ دەگرێت. ئەو کەسایەتی خۆی وەکو قسەکەری نێو دەقەکە بە (هاملێت) دەچووێنێت، لەسەر زاری (تەرەفرۆشێکی نەخوێندەوار). واتە مرۆڤ دەکرێت زۆر شت بزانێت، لەدەرەوەی نەخوێندەواریش.

# لەسەر ملی پۆستاڵ، چیرۆکێکی زۆر زۆر کورتم نووسی، خوێنی شەڕگە لێمی سڕییەوە. (٦٢)

کە شیکاری ئەم دەقە و هاوشێوەی ئەم دەقە دەکەین، ڕوونتر بۆمان دەردەکەوێت کە شاعیر لەنێو تاکدیڕییەکانیدا بەتەکنیکی چیرۆک و وێنەی نێو چیرۆک دەقەکە شیعرییەکەی بەرهەمهێناوە. ئەم تەکنیکە هاوکاریمان دەکات باشتر لە (مەبەست و بەسەرهات و کات و شوێن و هۆکار و ئەنجامی نێو دەق بگەین).

واتا کردەی گێڕانەوە پەیوەندیی بە هەموو شتێکەوە هەیە، ئەو شتانەی بچووکن، یان گەورە، گرنگ گێڕانەوە لەنێو ئەم جۆرە دەقانەی کە (تاکدێڕن، یان نانۆ شیعرن) واتا دەقی بچووکراوەی بەهێز و کاریگەری خودان فکر و بۆچوون و فەلسەفەیەکی تایبەتن، ئەوەمان بۆ ساخ دەکاتەوە کە پەیڕەوی گێڕانەوەیەکی تایبەتیشن. گێڕانەوەیەک (چڕ، کورت، خێرا)، بێگومان پشت بە کات و شوێن و کارەکتەر و ڕووداو و بابەت و شتەکان و وێناکردن و وێنەی شیعریش دەبەستێت.

#گەززەی لەکات دا، شوێنیش قیژەی لێهەستا. (٧٦)

بە سەرنج لەسەر پێکهاتەی ئەم دوو وێنە شیعرییە، کەرەستە دیارەی نێو دەقەکە بکەین کە (کات) و (شوێن)ە. لەراستیدا ناتوانین کات بگرین تاکو گەززەی لێ بدرێت، هەروەها شوێنیش ناتوانێت بقیژێنێت، بەڵام لە شیعردا شاعیر بۆ دروستکردنی وێنەیەکی خەیاڵی و مانایەکی مەبەستدار و پەیامێکی جیاواز و گوتارێکی ناڕاستەوخۆ دروست بکات. ئەرکی شیعرە وێنەیەکی هەڵگەڕاوە، یان پێچەوانە و هاودژیش لەیەک کاتدا دروست بکات. کارەکتەری ئەم تاکدێڕییەی (ع. ع. یووسف) بریتییە لە (کات) و ٠شوێن). کات دەجوولێت و کردەیەک ئەنجام دەدات کە (گەززەیە) و شوێنیش پەرچەکرداری هەیە کە (قیژەیە). واتا کات و شوێن ئەرکێکی مرۆییانە، یان گیانلەبەرانەی پێدراوە، بەڵام کردەیەک کە پێچەوانەی سروشتی ئاسایی خۆیانە. لەهەمان گاف (کات) گەززە دەگرێت ئازاریی شتە

بەرجەستەکان دەدات، واتە دەکرێت بڵێین کات ئازاری مرۆڤ دەدات، ژیانمان بەدەست کاتەوە تووشی (ئازار بووە).

ڕەخنەگری ئوردنی بەڕەچەڵەک فەلەستینی (وەلید ئەلسۆوەرکی) لەپێشەکیی کتێبی (دەنگەکان)ی شاعیری ئەرجەنتینی (نەتۆنیۆ بۆرشیا) دەنووسێت: هەندێک کەس نادادپەروەرانە بەرانبەر دەقی "پارچە" قسە دەکەن، لەکاتێکدا وەکو دەقێکی "حیکمەت/ پەند" مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن، دەقی پارچە پارچە حیکمەتئامێز نییە، حیکمەت کورت دەکرێتەوە بۆ یەک دەستەواژەی خاڵی لە شیعر، ڕەق و ناڕەق، لە کاتێکدا پارچەیەک "ڕەنگە هەر شتێک بێت: شیعر، فەلسەفە، عیرفان". شاعیری ئەرجەنتینی گوتیەتی: "مەهێڵە کەس بڵێت من ئەفۆریزم دەنووسم. ئەمە وا دەکات هەست بە سووکایەتیکردن بکەم".( https://www.aljazeera.net/culture/2019/12/19/%).

چیرۆک، یان دەقی شیعری چیرۆک ئامێز و بوونی شێوەی چیرۆک لەنێو تاکدێرەکانی (ع. ع. یووسف) هەیە، دیقەت بدەن لەنێو بچووکترین یەکەی شیعریدا، بنەما و بوون و تەکنیک و شێوەی چیرۆک لەنێو دەقەکان، هەستی پێ دەکرێت و ئەمەش ئەوەمان بۆ ساخ دەکاتەوە، کە تەکنیک و کردەی گێڕانەوە بەشێوەیەکی زەق بەدی دەکرێت و کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوەی خوێنەر و وەرگر لەنێو گوتاری دەقەکەدا هەیە.

(ع. ع. یووسف) دەڵێت: (تاموچێژی کورتە چیرۆک لە تاکدێڕی-دا هەیە، بەڵام ئەوەی لەچیرۆک هەیە موفاجەئەیە، واتە سوپرایەز و نکاوداریە. هەندێک سەرسوڕمانیشی تێدایە، کە بۆ تاکدێڕی دەورێکی کارای هەیە، خۆ خوێنەر، یان هەندێک کەس

سەرنجیان هەبێت لەسەر ستایلی نووسینی تاکدێڕی پێیان وایە ئەمە مانای نییە، من ئەو بیانووەشم نەهێشتۆتەوە، فەرهەنگۆکم دروستکردووە. من دەتوانم بۆ نووسینی هەر تاکدێڕێک، چەندین دێڕی دیش کەلەکە بکەم، بەڵام پێویست ناکات خوێنەر بکەمە حەمبالی ئەو زێدە دێڕە بێ کەڵکانە). (دیوان ژمارە ٢٨، ٥٦-٦٥).

وەکو ڕەخنەیەک لەدەقی (ع. ع. یووسف)دا ئاماژە بەوە کراوە، کە (خاڵێکی تر کە چێژی شیعریی ئەم تاکدێڕە دادەبەزێنێت و لەسنووری هۆنراوەیەکی سەرکەوتوو دووری دەخاتەوە زاڵبوونی هێلی داستانیی ئەم تاکدێڕییەیە بەسەر خەسڵەتی شاعیرانەیدا. ئەم هێڵە گێڕانەوەیەکی - داستانییە وا لە خوێنەرەوە دەکات کە پتر لەوەی هەست بە خوێندنەوەی هۆنراوەیەکی تەندراو بە ئیماژ و مەجاز و خوازە و شوبهاندن و بە گشتی زمانبازی بکات، هەست بە خوێندنەوەی چیرۆکێکی فرە کورت بە پێکهاتەیەکی زۆر سادە و زمانێکی داڕێژراو بە مەنتیقێکی داستانی بکات). (عەبدولخالق یەعقووبی، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، شوباتی ٢٠١٤). مەبەست لەم وێنە شیعرییە ئەمەیە (بەسەر شۆسەی کۆنە کتێبدا، (لم نیازمە)م کڕی، برێکم لێ خوێند تێنەگەیشتم، بەلاش دامەوە فرۆشیاری/ل: ٣٩).

هەموو دەقێک دەکرێت ڕەخنەی لێ بگیرێت و تێڕوانینی جیاواز لەبارەیەوە دروست بکرێت، ئەمە خاڵی هەر گرنگی خوێندنەوە و لێکدانەوەی دەقە، کە وا لە توێژەر دەکات لە گۆشەنیگای جیاواز و بە کەرەستە و تێڕوانین و تێگەیشتنی جیاوازەوە شتەکان شیکار بکات.

## گەشبینی و ڕەشبینی لە تاکدێڕیدا

گرنگی بەکارهێنانی نانۆ وەکو ئاماژە بۆ یەکجار بچووکردنەوەی دەق یەکێکە لە بابەتە بایەخ پێدراوەکانی ئەم سەردەمە و چۆنیەتی چڕکردنەوەی دەق "لەداهاتوو و ئایندەی (نانۆی چالاککراو) و (نانۆی گەشبینی) و (نانۆی ڕەشبینی) خۆی دەنوێنێت". (Arnall, Alexander, & Douglas Parr, 27, 2005, 23-38.)، ئەمانە وا دەردەکەون، کە بۆ بەرزبوونەوەی پڕۆفایل و ململانێییەکی پێشوەختە دانراون و لەڕوونکردنەوەو و وەسفکردن و لێکدانەوەی نێو توێژینەوەکان جێگایان دەبێتەوە، بەڵێن و گێڕانەوە و کاتەکانی خستەڕووی شتەکان، کە لەم دوایانەدا لەچڕبوونەوەی چاوەڕوانییەکان سەبارەت بە نانۆتەکنەلۆژیا و ئابووری سیاسی لە (نانۆ- ئایندە) وەسفکراوە، ئەمەش باس لەڕۆلی نانۆتەکنەلۆژیا دەردەکەوێت. ( Munshi, Debashish, Robert Bartlett, Priya Kurian, & Akhlesh Lakhtakia. , 39(4), 2007, 432-452. ). ئەم بوارە ئەگەر هەندێکیش لە تەکنیک و ستایلی نووسینی تاکدێڕیش دورمان بخاتەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەدا نزیکمان دەخاتەوە لەچۆنیەتی بیرکردنەوە لە بەکارهێنانی بیرۆکەی (نانۆ/ پارچەپارچەکردن و گچکەلیزم) وەکو تەکەنەلۆژیا، بۆ ئەوەی مەبەستەکان (خێرا بگەیەنرێن و شتەکان بچووک و چڕ بکرێنەوە و وشە و پەیڤەکان پڕن لە مانایەک و ئەرکێک و مەبەستێکیان) دەبێت.

# نانۆ تاتۆ دەکەم. ( ٧٤ )
# ئیبلیس هات و مارکەی خۆی پێوەنا:.... MADE IN (٧٣)
# مارکەی زینۆنی پێوەیە، کەواتە پاسکل لە فرۆکە خێراترە (٧٣)
# ئەرێ، بەڕاستمە، ڕۆبۆتی یەکەم سیزیفە؟! (٦١)
# زەوی و مانگ و هەتاو چەندە لێک بەفەند و فێڵن! (٢٨)
# هێ... هۆ... لەندەن گەر بگبن تێکچوو، کوڕی خوشکم لای خۆتان پەنابەرە و پسپۆڕی کاژمێرانە. (٢٦)
# ئەنتەرنێت لە شار شارترە، بە گلۆپترە بە ئۆینترە. (١٥)

بچووککردنەوەی مەساحەی بەکارهێنانی (وشە و ڕستە و گوتن)
ئایا دەزانی مانگی شوبات چۆن مانگی یەک دەسڕێتەوە؟
ئەژدیهایەک لە نێو دیوانی ئەلموتەنەبی خەوتووە، هەڵیمەستێنە

لەبارەی ئەم دوو پارچە دەقەی (فخری رطروط)ی شاعیری فەلەستینی کە دیوانێکی لە ئوردن بەناوی (لەژێر باڵە دڕاوەکانم با پشوو دەدات) ی بڵاوبۆتەوە، خۆی لە نیکاراگوا دەژیت، بەم جۆرە دەق دەنووسێت و لەبارەی ئەم شاعیرە دەڵێن زۆر لە وردەکارییەکانی چڕ دەکاتەوە بۆ وردەکاریی بچووک بچووک. بۆ ئەوەی نێوەڕۆک و ناوەخنی ئەو پارچە قسانە دەربهێنین، تاکو ژیانی ڕۆژنەمان لەڕێگەی شیعرەوە بکەینە فەلسەفە. ئەم شاعیرە شەش دیوانی جیاوازی بەناوەکانی (بەهەشتی بەکرێگیراوەکان) و (دروستکردنی دۆزەخ) و (٤٠٠ فیلی شین) و (بەتریق لەهاوینی گەرمدا) و (لەژێر باڵە

دراوەکانمدا با پشوو دەدات) و (بەڵگەی بێ ناوونیشان) بڵاوکردۆتەوە.
.(https://www.aljazeera.net/culture/2019/12)

بچووکردنەوەی پێوانە (مەساحە) ی وشە و ڕستە و وێنە و بابەتەکان لە چوارچێوەیەکی یەکجار بچووک بریتییە لە تاکدێڕی لە شیعردا. بەو واتایەی وەکو (هیگل) دەڵێت" "ئێمە لەنێو وشەدا بیر دەکەینەوە". دەقی بچووک/ تاکدێڕییەکانی (ع. ع. یووسف) ئەوەمان پێ دەڵێن، کە چۆن لەنێو زماندا ژیانێکی ڕۆژانە وەکو فەلسەفە و چڕکردنەوەی زمان و وێنەی ژیانی ئاسایی خەڵک وێنا دەکرێتەوە، بەڵام لە پێوانەیەکی ئێجگار بچووک.

بۆیە لەکردەی گێڕانەوەدا لە (نانۆ شیعر/ تاکدێڕی)دا ڕەچاوی ئەوە دەکرێت کە "ئەو شیعرەی لەیەک دێڕ پێکدێت، هەموو دێڕەکانی دیکەی لێ لابراوە، کە دەتوانرێت بۆ بڕواپێهێنانی خوێنەر بەکاربێت، کە هیچ دەرفەتێک نییە دێڕی دیکەی بۆ زیاد بکرێت. ئەمەش کارێکی زۆر قورسە و پشت بەلادانی زیادەکان و کورتبڕی دەبەستێت. "پشت بە کورتدەربڕین لە ئاستەکانی زمان دەبەستێت، بەشێوەیەک کە چڕکردنەوە و فرەواتایی لەئاستی تێڕوانین و بیرۆکە و نێوەڕۆک لەخۆدەگرێت". (عبدالباسط العرفاوی، https://arfaoui-ressources.blogspot.com/2014 ).

#لە حزبیش هەر تەنیام. (٥٦)

ئەم شیعرە لە چوار وشە پێکهاتووە. لەڕاستیدا لەنێو پێوانەیەکی یەکجار کورتدا بابەتێکی درێژی ئاڵۆز و بە کێشەمان بۆ دەگێڕێتەوە و پێمان ڕادەگەیەنێت (خودی شاعیر لەناو حزبیش تەنیا) یە. ئەمە چەند جۆر شوێن و پێوانەمان بۆ وەسف دەکات، یەکەمیان (حزبە وەکو شوێن، قسەکەر وەسفی ناو حزب دەکات). دووەمیش (شوێن و مەساحەی دەقەکەیە، کە تەنیا لەچوار وشە پێکهاتووە. سێیەمیش شوێنی خۆیەتی لە گێڕانەوە کە بریتییە لە (م) ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاکە (من) لەنێو ڕستەکەدا و ئەوەمان پێ دەگەینێت کە لەنێو گوتارەکەدا ئەو خودی قسەکەری ڕاستەوخۆیە، واتە خودی شاعیر باسی خۆی دەکات. چوارەم بەکارهێنانی (هەر)ە، لێرەدا وەکو ئامرازێکی بەراوردکاریی بۆ پێناسە و پێدانی زانیارییە کە ئەو دیارە لەشوێنێک، یان لەشوێنەکانی دیکەش هەر تەنیایە. واتە ئەو شوێنی نادیاری دیکەش ئاماژە پێ دەکات، کە تێدا تەنیا بووە. ئەمە لەکردەوەدا گێڕانەوەی چیرۆکی (تەنیایی) خودی شاعیرە. ئەم تەنیاییە کاتێکی درێژ و لەشوێنی دیکەشدا لەگەڵی بووە، تەنیاییەکەی لەنێو حزبیە، ( ئەوەی دیارە حیزن ڕێکخراوێکی سیاسی شوێنێکی قەرەباڵغ و پڕ لە خەڵک و خاوەن ئایدیۆلۆژیاییێکی جەماوەری خۆی هاوبیر و هاوخەبات دەکات، بەڵام وانەیە دەرهاوێژەی کورتە ئەزموونی خۆی بێ لەناو حیزبی شیوعی) هێشتا و (هەر) تەنیایە. دیاردەی دەروونیی و کۆمەڵایەتیی تەنیایی دیاردەیەکە قسە و باسی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام شاعیر هێندە کورتبڕە، بەسەرهات و مێژووی چیرۆلی درێژی تەنیایی خۆی لە چوار وشە کورت دەکاتەوە.

# ئەریّ هەرزەکاریّ دەتکەم بە خانووی خۆم، مەبەستی بوو بڵێ: ژنی خۆم. (٥٦)

لەم تاکدێڕێیەدا قسەکەر من/ شاعیرە) باسی (ئەو) دەکات. ئەو گفتوگۆی نێوان (ئەوی نادیار و هەرزەکارێکی نادیار)مان بۆ دەگێڕێتەوە. پێوانە/ مەساحەی گێڕانەوەی گفتوگۆی نێوان دوو کەس و ئاماژەکانی خودی شاعیر و لێکدانەوەی قسەکانی قسەکەری ئاماژەپێکراو هەر هەموویی لە ڕستەیەکی یانزدە وشەدا پوخت و کورتکراوەتەوە. شیعرەکە لەم تاکدێڕییە هێندە چڕ کراوتەوە، مرۆڤ بڕوا نەکات ئەمە شیعرێکە لەبارەی (کەسێک کە پێ دەچێت بەتەمەن بێت) و (هەرزەکاریّ) ئیستغلال دەکات، بەزمانێکی هێماداری ڕەمزئامێز لەگەڵ هەرزەکارە ئیستغلاکراوەکە دەدوێت و پێی دەڵێت دەتکەمە خانووی خۆم. لێرەدا لەنێو شوێن/ ڕستەدا شوێنێکی دیکە ڕەمزی (خانوو) دروستکراوە، کە وەکو شاعیر لە قسەگێڕانەوەی قسەکانی نێو چیرۆکەکە دەردەجێت و ئەمجارە خۆی قسەکان دەگیرێتەوە و ئامازە بە مەبەستی ئەوی دیکە دەکات، کە دەیەوێت هەرزەکارەکە بکاتە (ژنی خۆی). بەواتایەکی دیکە (شوێنی قسەکەر و ئەوانەی شتەکان دەگێڕنەوە لەنێو تاکدێڕییە کورتەکەدا دەگۆڕێت. جارێک خودی شاعیرە، جارێکیش قسەکەرێکی نادیارە. خانووەکە شوێنێکیی وەهمی واتاییە، شوینی گێڕانەوەی چیرۆک و بەسەرهاتی (ئەوی نادیار) و (هەرزەکارێک)، قسەکانی قسەکەر/ شاعیر لەڕاستیدا شوێنێکی

بچووکی پێوانە تەسک و تروسکە کە بریتییە لە تاکەدێڕێک، یان شیعرێکی پارچە پارچەکراوی یەکجار بچووک. جگە لەمەش ئەگەر بێینە سەر فرەمانا و فرەمەبەست، لەوانەیە بتوانین بڵێین (خانوو) لای ئەو یەکسانە بە (ژن).
دەتوانین زۆر نموونەی دیکە بۆ دیارکردنی پێوانە/ مەساحەی هەر تاکدێڕییەک ئاماژە پێ بکەین کە هەندێکیان زۆر کورتن، لەوانە:

# یزدان دژ گۆڕە. (٧٦)
# نانۆ تاتۆ دەکەم. (٧٤)
# لە ١ نیسان، مرۆڤ نژنێندرا. (٧٣)
# جیوەش دیالکتیکە. (٦٣)
# ئەسپ ژنە، ماین ژنترە! (٦٠)
# دایمە، زیندەخەوی خۆم، دژ بە خەونی خۆمە. (٦١)

تاکو دەگاتە ئەوەی شیعرە هەر درێژەکانیشی لەنێو ئەم دیوانە بەم جۆرە پێوانەی بۆ دیار کراوە:

# بەسەر هەوری سپی دا نووستم، دووکەڵی گزۆزان گەیشتە ئەوێ، قانگی دام و پێی، سەراوسەر بەربوومە سەر کۆنکریتی زەوی. (٦٢)
# لە شەقامی ڕەشید تووشی کۆنە هاوڕێیەکی قیادەی مەرکەزی بووم، لێیتێکچوو بوو داوای ناونیشانی ع. ع. یوسفی لێکردم، منیش ناونیشانی گۆرباچۆڤم پێدا. ( ٤٩)

بەو واتایەی شیعرەکانی دابەشی سەر چەندین وشەی کورت و ڕستەی یەکجار کورت و پوخت و چڕ کردووە، ئەمەش لە ڕاستیدا پەیوەندیی بە توانای شاعیرەوە هەیە، کە چۆن ئەو هەموو بیرۆکە و وێنە و شت و شوێن و کات و بابەت و کەلوپەل و هەست و نەست و لێکدانەوە و وێناکردنانەی لەنێو بچووکترین پێوانەی زمان کۆکردۆتەوە.

بەو واتایەی گێڕانەوەیەکی چڕ پشت بەزمان و بچووکردنەوە و چڕکردنەوەی وشەکان و بەدەستهێنانی فرە واتایی و کەمکردنەوەی قەبارە ڕستە و بەدەستهێنانی فۆرمی نوێ دەبەستێت. (عەرزا پاوەند ١٨٨٥- ١٩٧٢) دەڵێت "شیعری ئازاد ئیلهام لە زمانی قسەکردن وەردەگرێت". ( Free Verse, Explore the Glossary of Poetic Terms, https://poets.org/glossary/free-verse ).

دەتوانین نموونەی زۆر بهێنینەوە بۆ دیارکردنی ئەو کەرەستە و شێواز و تەکنیکانەی لەنێو دیوانی تاکدێڕییەکانی ئەم شاعیرە هەیە. بۆیە چەند نموویەک، یان ڕێنوێنی خوێنەر بۆ ئەوەی خۆی بچێتە نێو جیهانی ئەم دیوانە و شتەکان لێک بداتەوە، دەمانگەیەنێتە ئەو مەبەستانەی کە قسەی لەبارەوە دەکەین.

# بزنە، دنیای لە قشپل وەرداو بۆ شەوێک جێ خۆی خاوێن، هەرە خاوێن کردەوە. (٦١)

# شەیتان بەزی و دانیپیانا: مرۆڤ لە من شەیتانترە!. (٥٦)

وەکو گوتم بەشێکی زۆری دیوانەکە دەکرێت وەکو نموونە بەکاربهێنین و شیکاری پێکهاتەکانی شیعرەکان بکەین کە بریتین لە (چیرۆک، گێڕانەوە، تەکنیک، شێواز، مەبەست ، مانا، گوتار، قسەکردن و زمان و تێگەیشتن و لێکدانەوە و فکر و تێڕوانینێکی جیاواز بۆ دونیابینییەکی جیاواز لەو شتانەی بەسروشتی ئاسایی دەبینرێن. لە نێو زمانی کوردیدا ڕۆژانە تووشی ئەم دەستەواژانە دەبین، کە دەڵێن مرۆڤ خۆی شەیتانە، مرۆڤ لە شەیتان شەیتانترە، شەیتان دەرسی داوە... تاد. شاعیر لێرەدا هەموو دیمەنەکان هەڵدەگێڕێتەوە و وێنەیەکی فکری و تێڕوانینێکی کۆمەڵایەتی و مەعریفی جیاواز دروست دەکات و لەدوو بەش و جیهانی جیاواز پێکدێت (شەیتان) و (مرۆڤ). (شەیتان دەبەزێت)، بە زمان دێت و دەئاخڤێت قسە دەکات و نێو شیعرەکەدا لەڕێگەی نیشانەی (:) واتە دەڵێت تێمان دەگەیەنێت (مرۆڤ لە ئەو شەیتانترە).

یان لە گێڕانەوەی بەسەرهات و دیارکردنی ئاکار و ڕەوشت و ڕەفتاری بزن، لە ڕاستیدا دەیەوێت بەم قسە نەستەقەی لەبارەی بزنەوە هەیە، هەقایەت و چیرۆکی مرۆڤمان پێ بڵێت. شیعرە زۆر کورت و پوختن، کارەکتەرەکان مرۆڤنین، بەڵام بەکردەوە باسی خوڕەوشت و نەریتی مرۆڤ دەکەن. (پیس کردن و خاوێن کردنەوەی شوێن)، (زیرەکی و زیرەکتر). شتە بینراوەکان (مرۆڤ و شەیتان) و (بزن و قشپل و شوێنێکی نادیارە). کە شاعیر لە کردەوەدا ڕەفتاری (زیرەکی و خاوێنی و بایەخدانمان) پێ

دەناسێنێت. مانایەکی نائاسایی لە مانایەکی سروستی دروست دەکات، مەبەستێکی شاراوە، لە مەبەستێکی دیار و ئاشکرا پێکدەهێنێت، چیرۆکێک مەبەستدار، لەنێو چیرۆکێکی ئاماژەپێکراو دادەڕێژێت، گوتارێکی ناڕاستەوخۆ لەنێو گوتارێکی ڕاستەوخۆ دروست دەکات.
(عەباس) حەز لە ئارامی کەشێکی بێدەنگ و هێمن دەکات و دەڵێت:

#لەناو دەنگی هۆڕنان لە خوا پاڕامەوە، کەرم بکات. (١٢).

**بەرەو گەورە بوونێکی بچووك**

(ڕەتروت) لە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ کەناڵی ئەلجەزیرە نێت، گرەو لەسەر ئەوە دەکات، کە پارچە پارچەکردنی دەق، دەقەکە نامرێنێت، چونکە ئەمە بووەتە هونەرێکی ئەدەبی و نووسەر و خوێنەر شارەزاییەکی زۆریان هەیە و زۆر بەدوای (چەورییەکە/ کەرە)یدا دەگەڕێن، هەر وەکو چۆن شێوازی نووسینی هایکۆ دروست دەکەن.
ناوبراو لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت: لە داهاتوودا گۆڕانکارییەکی گەورە لە فۆڕمی پارچە پارچەکردنی دەق نووسیندا ڕوونادات، گۆڕانکارییەکە لەناوەڕۆک و میکانیزمی نووسیندا دەبێت، جوانی پارچەکەش لە نزیکییەکەی دایە لەهەموو هونەرەکان و هەموو بابەت و جۆرەکانی نووسیندا بەرجەستە دەبێت.

دەشڵێت: جیهان بەرەو بەشەخۆراک و کەمکردنەوەی قەبارەی گەورە بۆ شتە بچووکەکان هەنگاو دەنێت، تەنانەت فلاشێکی کۆمپیوتەریش بە پارچەیەک دادەنرێت، کتێبخانەیەک هەر وایە بچووک دەبێتەوە و لەنێو فلاشێکی بچووکدا هەڵدەگیرێت، فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بچووک پارچەیەکە لە فڕۆکەیەکی گەورە و بەرەو بچووکردنەوە و کەم کردنەوە دەچێت، بەڵێ فۆتۆگرافەر و کامێرایەکەشی هەر وایە.

ڕەخنەگر (عەبدولخالق یەعقووبی) لەبارەی توانا و ستایلی نووسینی تاکدێڕی (ع. ع. یووسف) دەڵێت؛ " لەکەمترین مەودای بەردەستیدا بەرفراوانترین مەیدانی ڕاڤەکاری بۆ خوێنەرەوەی خۆی خۆش دەکات، زمان لەهەموو ئەو تاکدێڕیانەدا تا ڕادەی پێویست چڕ دەبێتەوە". (گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ٦٤، شوباتی ٢٠١٤). ئەمە هەقیقەتێکی دروستە لەبارەی توانا و دەسەڵات و هێزی شاعیر بۆ گوزارشت لە گەورەترین شت، لە بچووکترین مەودا و مەساحەدا.

سەبارەت بە بەرهەمە شیعرییەکەی کە لە شەش کۆمەڵەی پارچە پارچە کراودا پێکهاتووە و بۆچی لەبنەڕەتدا بڕیاری نووسینەوەی شیعری پارچەیی داوە، (ڕەتروت) پێی وایە "فۆڕمی ئەدەبی ئەوەیە، کە نووسەرەکەی هەڵدەبژێرێت". ( صدام أبو مازن,

.( https://www.aljazeera.net/culture/2019/12

(ڕەتروت) بۆچوونەکانی بەشێوەیەکی دیکە دارِشتووە و دەڵێت: من پارچە پارچە دەنووسم، ئەمەش پەیوەندی بەکەمی کات و

گەردوون و ڕۆح و وزەوە هەیە، لەبەر ئەوەی ڕاوەدوونراوم و داوام لێ دەکرێت شتێک بە ئەنجام بگەیەنم، چونکە وەک گرکانێک هەست بە بێزاری و ماندووبوون دەکەم، هەروەها پێویستم بە دروستکردنی دەرچەی بچووک بچووکی هەوا هەیە، بۆ ئەوەی لەم تەنگەبەریەدا تەقینەوەکە ڕوونەدات، لەبەر ئەوە من پارچە پارچە دەنووسم، چونکە ئەهریمەنەکەی ناوم بێدەنگی و ئارامی خۆش دەوێت و ڕقی لە ژاوەژاو و قسەکردنە.
( https://www.aljazeera.net/culture/2019/12/19/)

زۆر کەس وا مەزندەیان کردووە کە کردەی وەرگرتن/ خواستن پەیوەندی تەنیا بە زمان و قسەکردنەوە هەیە و هیچ پەیوەندییەکی بە بیرکردنەوە و چالاکییەکانییەوە نییە، بەپێی بۆچوونەکانی (لایکوف و جۆنسون) مەسەلەکە وا نییە کردەی (وەرگرتن و خواستن لەهەموو بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەماندا بوونی هەیە، هەر تەنیا پەیوەندی بەزمانەوە نییە، بەڵکو لەنێو بیرکردنەوەکانمان و کارەکانمدا بوونی هەیە). (محمد سبیلا و عبدالسلام بنعبد العالی، ٢٠١٠، ٨٦).

# قوڕت بەسەری خامۆشی! هەر مرۆڤێکی ئەمڕۆ هەزار زمانی پێوەیە. (٥١)
# ماڵەوەدان بووکۆکەش ئایدیۆلۆژیای بازاڕی هەیە. (٥٢)
# ئەم پیرە دونیایە، تا بۆم نەبێتە کاولەدونیا، بە کتێب خوێندنەوە طاپۆ دەکەم. (٥٤)
# هەی خۆڕی من قوڕبەسەر نیم، من پەڕ بەسەرم. (٥٤)

# تاقانەی حەوت خوشکانە، هەر حەوتیشیان دەڵێن: ئێمە هەشت خوشکین!. (٥٤)

# ئەلهەق، ئیسپانەی جۆکەر، لە فەیلەسووف و چاکسازن باشتر کار دەکات. (٥٥)

# حاشاکی ئاژەڵ، ئاشاکی ڕووەک، هاشاکی ڕەقان، دیکان بۆ جەهەندەم. (٦٤)

# لەماڵ ئاردمان نەبوو، تا کلکی مشکی پێ سپی بێ، سلیبۆ هەبوو، پێ ڕەنگداربوو. (٦٥)

# زەلام خۆشت بکوژی، وەکو ئافرەت ناتوانی بحەپی!. (٦٨)

# بەهێدمەیەکی چاوزار، ڕابردووی لێبووە ئایندە. (٦٩)

# صندان لە فاریزە دا، دەڵێ مینن، لە هەموو شوێنێک، لە بن پێی شاعیر دەتەقنەوە. (٦٩)

# لەم گوێیەم هات و لەویانەوە دەرچوو.. چوو... چبوو؟ ... نەمزانی! (٧١)

# ئاو ڕاوەستا، مەکینە ڕانەوەستا. (٧٢)

دەتوانین زۆر گوزارشتی دیکەی لەمجۆرە لەنێو دیوانە شیعرییە تاکدێڕییەکە بدۆزینەوە، کە قسە و وشەی بەکارهێنراوی سەر زاری خەڵکن، بۆ مەبەستی تایبەت بەکار دەهێنرێن، بەڵام شاعیر وێنە و مانا و مەبەستی جیاوازیی پێداون. ئێمە ئەوە دەزانین تاکدێڕییە شیعریی و فەلسەفی و فکرییەکان هەمیشە بەدوای سادەیی و کورتگووتن و فرەواتایی و مەبەستگۆڕیی و ئەرکگۆڕیی وشەکان دەگەڕێن و شتێکی نوێ لە مەبەست و نیاز و گوتار دروست دەکەن. بۆ نموونە (ئاو ڕاوەستێ) و (لەم گوێیەم

هات) و (سندان) و (هێدمە) و (زەلام خۆشت بکوژی) و (ئاردیان لەماڵ نەبوو) (حاشا و هاشا) و (ئەلهەق) و (خۆڕی) و (تاقانەی حەوت خوشکان).. یاد بریتین لەو گوزارشت و وشە و قسانەی بەشێوەیەکی سروشتی خەڵک لە گفتوگۆی ئاسایی ڕۆژانەیان بەکاریان دەهێنن، بەڵام لە بەشێ دووەمی ئەو بەکارهێنانە زمانییە، شاعیر لەڕێگەی دروستکردنی دۆخی(پرسیار، گریمانە، سەرسوڕمان، گفتوگۆ، گێڕانەوە و دروستکردنی وێنەی دیکە لەنێو وشەکان) کەشوهەوایەکی جیاواز دروست دەکات، مەسەلەکە لەقسەی ئاسایی بۆ قسەی نائاسایی دەگۆڕێت، ئەمەش وەکو ئەرک و چەمک ونێوەڕۆک و فۆرمی شیعر باشتر بەرجەستە دەکات. قسەکردن و زمان بەیەکەوە بەستراون و یەکتر تەواو دەکەن، بەڵام قسەکردن لەلایەن تاک بە بەردێت و زمانیش وەکو دامەزراوەیەکی تایبەتمەند کار دەکات. وەکو (ڕۆلان بارت) دەڵێت "کەسی قسەکەر دەتوانێت کۆدەکانی زمان بەئامانجی گوزارشت کردن و دەربڕینی بیرکردنەوە کەسییەکانی خۆی بەکار بهێنێت، کە دەکرێت ناوی بنرێت گوتاری قسەکردنەکە". (محمد سبیلا وعبدالسلام بنعبد العالی، ٢٠١٠، ٤٤). (فاریزە)ی لێ دەبێتە لوغم لەبن پێی شاعیر دەتەقێتەوە، (هێدمە)ی لێ دەبێتە ئایندە و (ڕاوەستا) لێ دەبێتە (مەکینەیی نەوەستاو) و (چوو) دەبێتە (نازانم!) و (خامۆشی) کەسێکی هەزار زمان و ئاژاوە، بێ گیانێک دەبێتە خاوەنی ئایدیۆلۆژیا و پیرە دونیای دەچێتە نێو کتێب. (قوڕ بەسەر دەبێتە پەڕبەسەر) کەسایەتی و بوونی دەگۆڕێت. تاقە برا ئەویش وەکو حەوت خوشک دەردەکەوێت. جۆکەر لە زانا و دانا باشترە. هەموو ئەوانی دیکە بۆ جەهەنەم.

لە جیاتی ئارد، سلیبۆ ڕەنگی دەکات، پیاو ناگاتە ئافرەت لە قسەکردن و هاتوهاوار.

دەتوانم بڵێم شاعیر قسەکردنی ئاسایی خەڵکی خستۆتەوە نێو سیستەم و دامەزراوەی زمانی شیعری و کۆدە ئاساییەکانی قسەکردنی لەنێو گوتارێکی مەبەستداری و زمانی تەژی لە مانا و مەبەست. قسەکەر کۆدەکان بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی بەکار دەهێنێت، لێرەدا شاعیر ئەمەی هەڵگێڕاوەتە لە قسەیی ئاسایی بۆ زمانی شیعر.

شاعیر قسەی ئاسایی خەڵک بۆ دروستکردنی زمانێکی شیعری دروست دەکات

شاعیر و وەرگێڕی مەغریبی کە لە پاریس نیشتەجێیە (ڕاک مەعروف) ئاماژە بەوە دەکات، کە نووسینی پارچەپارچەیی (تاکدێڕی) دەبێتە هۆی پارچەبوون، شکاندن، پچڕان و ناتەواوی لە بەرهەمهێنانی دەقدا، ئەمانە بەشێوەیەک دەردەکەون وەکو ئەوەی دەقێک بن سەرەتا و کۆتاییيان نەبێت.

# شار تێکڕا هەڵات، ئەوەی هێرشی بۆ هێنا، تانک نەبوو تانکی گوو بوو! (٦٦)

لەم دێڕەدا شاعیر وەسفت دۆخێکی پڕ لەئاژاوە و هێڕش و ترس و هەڵاتن و چۆلکردنی شار دەکات و لەڕێگەی (بەکارهێنانی دەربڕینی هەستەکانی، وشەکان لەگەڵ جیهانی هەستەکانی خۆی دەگونجێنێت. (جۆرج یۆڵ، ٢٠١٦، ٩٤). ئێمە گوتمان شیعر بەدوای خەیاڵاندنی شتەکانە (چۆلکردنی شار لەبەر ترس) و

(دانیشتووانی شارەکە مەزندەی ئەوە دەکەن، کە تانک بۆ کوشتنی بەکۆمەڵی ئەوان دێت) کەچیٚ شاعیر بۆ دەربڕینی هەستەکانی دەیەوێت وشەکان لەگەڵ هەستەکانی خۆی بگونجێنێت، لە وێناکردنێکی شاعیرانەی کۆمیدیای ڕەش و گاڵتەجاریانە دەڵێت (خەڵکینە ئەوەی ئێوە بە تانکتان زانی تانکی گوو بوو). ئەمە دەربڕینی هەستەکانی شاعیر نییە، کە بەراودی لەنێوان (هەڵاتن) و (تانک) و (تانکی) کردووە، نەخێر. هەندێک لەگەڵ من قووڵتر بیری لیٚ بکەوە. شاعیر واقیعێکی هەقیقی تراژیدیی لەڕێگەی وێنەیەکی خەیاڵی کۆمیدیی و نیمچە گاڵتەجارانە بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو چیرۆک و ڕۆمانی شارێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بەردەوام لەترسی (تانکی بکوژ) ناچار بە هەڵاتن و چۆلکردنی شاریان دەکەن، ئەمە واقیعیە، بەڵام ئەو لە نێوەی دووەمی دێڕە شیعرییەکەیدا وێناکردن و دەربڕێنەکانی وەکو خەیاڵێکی جوانی شیعری دەنووسێتەوە. ئەو بەسەرهاتێکی فکری و کۆمەڵایەتی و دەروونیمان بۆ دەگێڕێتەوە، دوات دەڵێت ئەی خەڵکی ترساوی تۆقینراوی زراوڕژاو، ئەوەی ڕوودەدات بۆ فکرد ناکەنەوە و نابینن و لێکی نادەنەوە (تانک نییە، تانکی گووە). مەترسن را مەکەن. ئەو دەمانباتەوە نێو دونیا (ترس و ترسینراو) و (دۆخی بیرنەکردنەوە و هەڵاتن). ئەگر ئەم وێنەیە لای خوێنەر تەنیا وێنەیەکی قۆشمەچیانەی کۆمیدیی بێت، لای من هەلگری بیرکردنەوە و پرسیارێلی قووڵی دەروونی و فکرە لەبارەی کەسایەتی و کاردانەوە و بیرکردنەوەی هاووڵاتیان و خەڵک. (فۆکۆ) دەڵێت "ئێمە مافی ئەوەمان نییە هەموو شتێک بڵێین و ناتوانین لەبارەی هەموو

شتێک و لەهەموو کاتێک بئاخڤین". (محمد سبیلا وعبد السلام بنعبد العالی، ٢٠١٠، ١١١). ئەمە ئەوەمان بۆ پشت ڕاست دەکاتەوە شاعیر بەسەرهات و مێژووی ترس و هەڵاتن و چۆڵکردنی شارێکمان بە چەند وشەیەک بۆ دەگێڕێتەوە، هەست و نەستی خەڵکەکەشمان ناراستەوخۆ بۆ وسف دەکات، لەتەک تێڕوانین و لێکدانەوەی خۆی و گەیاندنی زانیاریی بە هاووڵاتیان ، کە ئەوەی دەیبین، ئەو شتە تۆقینەرە بکوژە نییە، کە بیری لێ دەکەنەوە. دەتوانین ئەمە لە چیرکێک، ڕۆمانێک و لێکدانەوەیەکی زانستی کۆمەڵایەتی – سایکۆلۆژیی وشیعرێکی درێژ بنووسرێتەوە. ئەو لەسەر بنەمای سادەیی گوتن و کورتبێژیی و فرە مانا کە پێی وایە ناکرێت لەهەموو کاتێک و لەبارەی هەموو شتێک هەموو شتێک بڵێت، بۆیە هەست و مەبەست و گوتارەکەی لەم چەند وشە چڕ کردۆتەوە. لای من بەکارهێنانی (تانکی گوو)ەکەیە، سەرجەم ڕەوشەکەی هەڵگێڕاوەتەوە، ئەم هەڵگێڕانەوە (ئازایەتی لە هەڵبژاردنی وشە و وێنە و مەبەستەکان) دەوێت، کەم کەس دەتوانن بەم جۆرە گوزارشت لە بابەت و ڕووداوەکان و شتەکان و بەسەرهاتەکان بکەن. شاعیر دەیتوانی (بڵێت ئەمە تانکی خۆمانە/ تانکی دۆستەکانمانە/ لۆریی شەکر و برنجە/ .. تاد)، بەڵام کە دەڵێت (تانکی گووە) مانایەکی زۆر و لێکدانەوەیەکی بێسنوور و دۆخێکی جیاوازی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی دەروونی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی دروست دەکات، بێ ئەوەی بچێتە نێو وەسفی سیاسی، یان ڕیسواکردنی سیاسەت و هۆکار و شێوەی ڕووداوەکان و جۆری اکردنەوەی سارنشینە هەڵاتووەکان،

تەنیا دەسەڵات دەداتە خوێنەرەکانیشی بۆ ئەوەی خۆیان لێکدانەوە بۆ کەرەستەکانی نێو دێڕە شیعرییەکە بکەن.
بەم شێوەیە دەیان هەزار پارچە شیعر هەن، کە بەشێکیان دوو دێڕن و درێژترینیان چل دێڕە. شاعیری فەرەنسی (مالکۆم دی چازال ١٩٠٢-١٩٨١) ئەم شیعرانەی بەم شێوەیە نووسیوە، لە شەستەکان ئەو کتێبەی نووسیویەتی لەوێدا شتی زۆرتری گووتوە. لە سەرەتای کاری نووسینی ئەدەبی خۆیدا تاکو ئەو ڕۆژەی دەمرێت لەوێنە شیعرییە پارچە پارچەکانی (دی شازال) لای خوێنەر شتەکان لەهەندێک کاتدا ئاسایی و لە کاتەکانی تردا هەژێنەر و ورووژێنەر دەردەکەوێت، بەڵام لەهەموو حاڵەتەکان ڕاڕایی و گومانی سەرسوڕهێنەر دروست دەکات و لەڕێگەی ئیرۆنی و نوکتە و گەپەوە هێرش دەکاتە سەر ئەوانی دیکە، تا ئەو ڕادەیەی "شیعر"ی (دی شازال) و وێنە شیعرییەکانی وەکو کەتەلۆگێک دەردەکەوت و بە زمانێک داڕێژراون کە جگە لە ڕۆڵی هەڵگری بیرۆکە و ماناکە هیچ ڕۆڵێکی دیکەیان نییە، واتە وێنەکێشان بە وشە بۆ دروستکردنی ئەدەبێکی نوێ کە بینراوە و لەزمانێکی تێکەڵ پێکهاتووە.
.( https://www.aljazeera.net/culture/2019/12/19/

# مرۆڤتاش، لووتێکی ناشیرینی دا بە ئێمە ! (٤٨)
# جورجە کۆرە دەبەمە لای دختۆری پسپۆڕی چاوان، ئەویش تێمناگات بەنجداری دەکات و دانەکانی بە گاز دەردەکێشێت. (٤٣)

# پیرەمێردێکی سێتاقانی بە خەندەوە باسی (ترۆکەی خەسرەو) ی دەکرد، کوڕەکەشی نووزاوایە و لە سەیداوە کرێچییە، بە چێژەوە باسی (مۆنیکا و کلنتۆن)ی دەکرد. (٤١)

# مەڕێکی هێرم پێیە، لە نێوگەی پاریس، رێم لێبزرە، فەرەنسی و نافەڕەنسی دەوریان داوم و بە حەپەساوی سەیری من نا، ئی مەڕە هێڕەیان دەکرد. (٤٠)

# با لە نیگارکێشێ نەپرسم، هەوران ئاسمان جوان دەکەن یا نا، لە قالۆنچەیەک بپرسم باشترە. (٣٥)

لەم وێنە شیعرییە تاکدێڕیانە وێنەی کۆمیدیای ڕەش و گاڵتەجاری بەدی دەکرێت و لەزۆر شوێنی دیکەش ئەم جۆرە وێنە شیعریانە لای (ع. ع. یووسف) بەکارهێنراون، تاکو دەگاتە ئەوەیە بۆ هەندێک دۆخی وەک زاراوەی ناباو بەکاربهێنێت، کە وێنەی ئاسایی و سروشتی نیین، بۆ؟ لەم دەقە لامان ڕوونە نە ئەو چۆتە پاریس و نە مەرێ هێڕی هەیە. کەچی لە دەقەکەدا فەرەنسییەکان مژولی مەڕە هێڕەن نەک خودی شاعیر. ئەمە لەڕووی فیکرییەوە ئەوەمان نیشان دەدات (مەڕ لە مرۆڤ پتر جێگەی سەرنج و لێوردبوونەوەیە)، (فەرەنسییەکان هێندەی سەرسامی گیانەوەرن، هێندە گرنگی بە مرۆڤ نادەن). ئەمە لەباریە (مرۆڤتاش) و (جورجە کۆرە)ش دروستە. ئەو دەیەویت مردووی سەر بەقووڕ بهێنێتە پێکەنین، بەڵام بێ پرسیار و گریمانە جێمان ناهێڵێت، پرسیاری فکری و فریمانەی زمانەوانیی و لێکدانەوە و تێگەیشتنی فەلسەفی.

ئەلێرە وێنەیەکی کۆمیدی لەنێوان (نیگارکێش) و (قالۆنچەیەک) دروست دەکات، ئەو پرسیار لە هی دووەمیان دەکات. لێرەدا وێنەکە کۆمیدیی نییە، بەڵکو تراژیدیی - کۆمیدیی نیگارکێشی مرۆڤ متمانەی زانینداریی و پرسیاری نەبێت، کەچی قالۆنچە شارەزا و بڕیاردەر و ڕێنوێنیکەر بێت، واتە ئامازەکان ئەوەمان بۆ وێنا دەکەن ژیان بەرەو چ گالتەجارییەکی نامۆ و پرسیاردار دەچێت، گومان و تێڕوانینی هەڵگەراوەی چاوەڕوانەکراو لەزۆر شوێندا بالادەستە. من بەزەییم بە دەقەکان نایەتەوە، بەڵکو بەزەییم بەو کەسانە دێتەوە کە پێیان وابێت، ئەم جۆرە ئەدەبە، یان بەکارهێنانی هەندێک وشە و دەستەواژەی باوی نێو کۆمەڵگە، لاوازیی و لەڕیی نووسەر لەدەربڕین و شێوازی ئەدەبی نیشان دەدات.

کابرای سێتاقانیش هەروا (قسە و بیرکردنەوە و چیرۆکەکەی(ترِی خەسرەوە)، کەچی کوڕە تازە زاواکەی، کە کرێچییە و هەژارە بیر لە (مۆنیکا و کلنتۆن) دەکاتەوە. بابەتی باوکی (ترەکەیە) و بابەتی کوڕەکە (کلنتۆن و ئابڕووچوونەکانیەتی). باوکەکە (باسی بابەتێکی کۆمەلایەتی و دەروونی نێوەخۆیی سادە دەکات)، کوڕکە باسی (کێشەیەکی جیهانیی و سیاسی و ئەخلاقیی گەورە) دەکات.

ئەمەی باسی دەکەین وەکو بەشێک لەدەرکەوتن و گۆڕانکاریی لەچۆنیەتی نووسینی شیعر دێت. ڕەخنەی ئەدەبی کوردی تەنیا باسی ئەوە دەکات چۆن فۆرمی شیعریی لە تێکشاندنی قافیە و سەروای شیعریدا خۆی دەنوێنێت، لەکاتێکدا شیعری ئازاد و نوێ و هاوچەرخ لەنێوەڕۆک و مەبەست و شێواز و چڕگووتن و

کورتبڕی و ئابووره زمان و گۆڕین لەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دروستکردنی (واتا و وێنە و مەبەست و بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە و فەلسەفە دێت). ئەم جۆرە شیوازە لە شیعری ئازاد سەرکەوتوو بووە لەدەربڕینی هەست و سۆزە بەهێزەکان لەڕێگەی ڕستەی کورت و دوور کەوتنەوە لە زمانی زیادەڕۆ گوتن. شاعیر بێ ڕەچاوکردنی لۆژیک و ڕستەسازیی، یان سەرنج لەسەر وێنە، یان دەنگی وشە. بەڵکو پشت بە هەژموونی هوشیاری لە پارچە شیعرەکان دەبەستێت.

لە شیعری نوێدا کار لەسەر هوشیاریی و فکر و فەلسەفە و تێڕوانینە خێراکانی مرۆڤ بۆ گۆڕانکاریی و تەنیا بەکارهێنانی زمانی ئاسایی خەڵک و کورتکردنەوەی گووتن و کەمکردنەوەی ژمارەی وشەکان دەبەستن. لەکاتێکدا ڕەخنەی کلاسیکی کوردی کە هەندێک جار بەپێی پێوەری ئێستا پێمان وایە (ڕەخنە نەبووە، بەڵکو قسەکردن و وەسفکردنی دەقی ئەدەبی بووە). ڕەخنە هەڵکۆڵین و شیکردنەوەیە.

لە پرۆسەی ڕەخنەییدا بەدوای (شیعر چییە) دەگەڕێین، کەچی وەسفەکانی پێشوو کاریان (وەسفکردنی شیعر) بووە، کە لەجیاتی ئەرک و بەکارهێنانی زمان لەنێو دەقدا، باسی ئەوەیان کردووە شیعر دەبێت باسی چ بکات و چی تێدا بێت.

**ئابووره زمان**

لە بنەڕەتدا مەسەلەی پارچەکردن و بچووکردنەوەی دەق و ئەم پارچەبوونە پشت بە "ئابوورەی زمانەوانی" دەبەستێت،

ئابوورەیەک، کە لە شیعر نووسیندا بە پوخت و جوان شێوەی جیاواز دادەنرێت و لە سادەترین پێناسەیدا، "شیعرێک لە دێرێک"، یان وەکو باڵندەیەکی جوان و دەگمەن وایە و دەتوانێت بە تاکە باڵێک بفرێت.

پارچەکردن لە دەقدا دان نانێت بەسڕینەوە و بڕین و لەتکردن و پێداچوونەوە، فۆرمێکی جیاوازە، کە بە تەواوی و بێ کەموکوڕی لەدایک دەبێت، یان بڕیارە ئازارەکانی لەدایکبوونی بەم شێوەیە بێت. بەواتایەکی تر پارچەکردنەکە بیرۆکەی "لامەرکەزیی دەق" لە سەردەمێکدا دەگرێتەبەر کە فۆرمەکانی شیعری عەرەبی (ستوونی، یان تەفعیلە، شیعری نووسراو و ئەوانی دیکە) هێشتا لەبەریەککەوتن و شەڕدان لەسەر پێشینە و پەسەندکردن، کێ بەرەو داهاتوو هەنگاو دەنێت و کێ لە شوێنی خۆی لەپشتەوە دەمێنێتەوە؟

( https://www.aljazeera.net/culture/2019/12/19/%D )

"کردەی نووسینی نانۆ شیعر لەڕووی بەکارهێنانی وشەوە کردەیەکی ئابووریانەیە و لەرێی چڕبوونەوەی پەیوەندییە لەبن نەهاتووەکانی هەستی وشەوە خۆی دەنووسێتەوە ". (هاشم سەراج، ٢٠١٢، پێشەکی). بڕوانە (صدام ابو مازن، .(https://www.aljazeera.net/culture/2019/12/19/%D8

هەروەها (لێکدانەوەی خوێنەر بۆ دەقەکە بەقەد ئەو وشانەی شاعیر هەڵی دەبژێرێت بۆ دانانی لەسەر لاپەڕەکە گرنگە). /https://www.readpoetry.com/what-is-language-poetry) .(WHAT IS LANGUAGE POETRY?

# لە جەنگنامە، تەنیا دوا دێڕی لێبخوێنەوە. (٣٢)
# لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم تاکدێڕە، مرۆڤی هەمیشە بێدار دەخولقێ و کۆتا بە شەو دێت. (٢٧)

نامەوێت بگەڕێمەوە سەر هەموو ئاماژەکان بۆ بەرهەمهێنانی تاکدێڕی کە خۆی بەکارهێنانی (وێنە، وێناکردن، بەکارهێنانی نیشانەکانی پرسیار و سەرسوڕمان و بۆشایی و کورتبڕی و چڕنووسین.. تاد) تەنیا ئەم دوو نموونەیە ئاماژە پێ دەکەم: کە ئەو پێمان دەڵێت لەنێو کتێبێکی گەورەی جەنگدا تەنیا دوا دێڕ بخوێنەوە لە ئەنجامەکەی دەگەی. لەهی دووەمدا ئەوەمان پێ دەڵێت (تاکدێڕی) مرۆڤ دەخاتە نێو بیرکردنەوە و لێکدانەوە و تێگەیشتن، واتە مرۆڤ لەدۆخی خەوتن نامێنێت و دەچێتە دۆخی بیرکردنەوەی بەردەوام. ئەو قسە لە (خەوتنی ئاسایی و سروشتی) ناکات، بەڵکو (هوشیاریی و بیرکردنەوە و دروستکردنی دۆخی لێکدانەوەیە).

# من واتا (ئەمن) واتا (خۆم) واتە (ئەز) واتا (وەز) واتا.... لە تاکدێڕییەک بە کەم وشە زۆرێک دەڵێم. (٧٤)

مەبەستمان لەم بوارە کورتکردنەوەی شتەکان، ئەویش پێمان دەبێژێت من لە تاکدێڕییدا بە وشەیەکی کەم زۆرترین شتتان پێ دەڵێم، ئەمەش لەڕاستیدا ئامانج و ئەرکی شیعری تاکدێڕییە، نووسەر ئابوورە زمان دەکات، زێدە مەسرەفی لەبەکارهێنانی

وشە ناکات. ئەو لەجیاتی ئەو هەموو وەسفەی لەنێو زمانو کۆمەڵگە بۆ (من) دەکرێت، شتەکان کورت دەکاتەوە و خۆی لەم هەموو بەکارهێنانە لادەدات، کە شێوەی جیاوازیان بۆ خۆیان دروستکردووە، بەڵام لە مانا و مەبەست لەنێو مێشکدا دەتوانن شتی یەکجار زۆرمان بۆ دروست بکەن.

# مێکرۆبێکی هەمیشە نیشتەی ناو جەستە، پێکەنینی بە تاکدیرِییەک دەهات، لە جێوە پێی شێت بوو، پاشان بە دارکاری چاپوو!!!. (٥٦)

شاعیر کە بیری لە دیوانێکی تاکدێرِی کردۆتەوە، باش دەزانێت (مێکرۆبی نێو جەستە) چ کاردانەوەیەکیان بەرانبەر خودی تاکدێرِییەکان دەبێت، کە کاردانەوەیەکی گونجاوی پێشوازیی لێکراو نییە، گالتەپێکردنە، بەڵام ئاکامەکەی ئەوە گالتەکار لەداخان شێت دەبێت، چ شێت بوونێک، بە دارکاریی بە پلەی کۆمیدیای رِەش، وەکو چارەسەرێکی باوی ناو کوردەورای و دوور لەزانست، لەلایەن کەسانێکی جادووچی بە دارکاری چارەی شێتبوونی کارەکتەرەکە دەکەن کە شاعیر ناوی ناوە (مێکرۆبی نێو جەستە). ئەم کورتکردنەوەیە دەکرێت لە شیعرێکی درێژ، یان چیرۆکێک، یان نۆڤلێتێک بنووسرێتەوە. ناکۆکی نێوان نوێخوازیی و رِەتکردنەوەی نوێخوازییە.

**گوتاری ناسنامە**

گوتاری ناسنامە یەکێکە لەو ڕەهەندە گرنگانەی نووسەر لەپێناو نمایش و ناسنامەی خۆی، یان پێناسکردنەوەی کەتوار و ژینگە و کەلتووری خۆی و دەوروبەری بەکاری دەهێنێت. هەموو شتێک و وشەیەک و دەنگێک و نیشانەیەک و هێمایەک ناسنامەی تایبەتی خۆی هەیە، لەهەمان کاتدا ناسنامەیەکی ناسراوی دیاری هەیە، هەروەها ناسنامەیەکی نادیاریی ماناداری وێناکراوی زهنی هەیە. بۆ نموونە (عەباس) ناسنامەی دیاری کەسێکە کە مرۆڤە و نێرە و لەهەولێر دەژیت. ناسنامەی دووەمی (عەباس) دەکرێت ئەو شتە بێت کە ئێمە مەرج نییە ببینین، یان پێشبینکراو نییە (عەباس) دەبێتە شاعیر، مامۆستا، دکتۆر، بەهێز، بێهێز، ئازا ، ترسنۆک.... تاد. واتە ناسنامەیەک بریتییە لەو شتەی دەبینرێت و هەستی پێ دەکرێت، ئەوی دیکەش بریتییە لە مانا و ڕەفتار و بیرکردنەوە و ئەو شتانەی لەناخیدا هەن. یان پتر دەتوانین ناسنامەی جیاواز بە دڕک ببەخشین (دڕک) شتێکە و سروشتییە، (دڕک) بە مانای (ئازار) دانیش، ناسنامەیەکی مانابەخش لە خۆ دەگرێت.

من نامەوێت کاریگەریی ئەوانی دیکە بۆ خۆنمایش (خود نامیش) بەکار بهێنمەوە، بەڵکو دەمەوێت خودی خۆم و بیرۆکە و فکری خۆم بەرجەستە بکەم لەڕێگەی سوود وەرگرتن لەوانی دیکە.

(ع . ع. یووسف) ناسنامەی خۆی لەنێو کەلتوور و فەلسەفە و فکری یۆنانی و ڕۆژئاوایی بزر ناکات و وەکو ڕەنگێکی بێ ڕەنگ لەنێو دەریای خرۆشاوی فکری ئەواندا ون نابێت، بەڵکو ئەو خۆی

دەناسێتەوە، دەیەوێت پێناسەکانی ئەوان بۆ باشتر نیشاندانی ناسنامەی خۆی بەکار بهێت، هەیشە نازانێت ئەو پێناسانە بۆ دەرخستن و دیارکردنی ناسنامەی خۆی بەکاربهێنێت، قسەی لەبارەی فەلسەفەی ڕۆژئاوا دەکات، تاکو وا نیشان بدات ئەو هەیە، نەخێر ئەو ناسنامەی خۆی پیشان دەدات، تاکو بیگەیەنێتە سنووری یۆنان و ئەوروپا، واتە (ع. ع. یووسف) دەیەوێت بڵێت من سنووری ناوچەگەریی و خۆییم بەزاندووە و دەمەوێت وەکو دەقی مرۆیی جیهانیی بناسرێم هەیشە دەیەوێت بەپێچەوانە لەڕێگەی بەکارهێنانی مانشێتی گەورەی ڕۆژئاوایی نیشانی بدات کەسێکی گەڕاوەیە بۆ نێو کەلتووری خۆماڵی. ئەمە ململانێی نێوان توانا و شێواز و بیرکردنەوەی نووسەرەکانە.

لە گوتاری ناسنامەدا دەڵێت:

#ئاسیا ئاسیایە! (٦١)

ئەم دووبارە کردنەوە لە قسەی ئاسایی سەر زاری خەڵکی بەواتای نیشاندان و جەختکردنەوە لەسەر ناسنامە ئەو شتە دێت، کە ئامارژەی پێکراوە. ئامارژەیەکی ئاسایی و سروشتی واتا ناسنامەیەکی بەرجەستەی ناسراومان پێ دەناسێنێتەوە، لەگەڵ ئامارژەیەکی مانادار (فرەمانا) و نەبینراوی فکری، یان نیشاندانی پێگە و بەها و هێز و توانا و کێشە و بوونێکی کارای نابەرجەستەی وێناکراوی نەبینراوی هەست پێکراو لەنێو مێشکدا، کە بەشی دووەمی ئاخاوتنەکەیە. (ئاسیا) دەزانین

بریتییە لە جوگرافیایەکی ناسراو و لەژمارەیەک وڵات پێکهاتووە، بەڵام کە دەڵێت (ئاسیاییە!) لەگەڵ نیشانەی سەرسوڕمان، واتا ئاماژە بە بەها و جۆری ناسنامەکە دەکرێت، کە سەرسوڕمانی تێدایە، پێشگریمانەی ئەوەشمان بەپێی مەعریفەی بەشی یەکەمەی ئاخاوتنەکە، ئەوەیە پێگەیەکی ئەرێنی جێگەی سەرنج و بایەخە، ئامازەیە بۆ پێگەی بەهێز و کارای ئەو شوێنە و لە فرەماناش لەوایە بڵێین ئاسیایە، (چین وەکو نموونە). ئاشی دونیایە بۆ خێروبێر یانیش پێچەوانە بۆماڵوێرانی نەتەوەیەک لە ئەنجامی داگیرکاری ژاپۆنی.

# من لاسایی (م) دەکەمەوە، وتیان: نەخێر.. (م) لاسایی تۆ دەکاتەوە.(٦٥)

گوتاری (من و (م) و (نەخێر) و (لاسایی تۆ) ئەوەمان بۆ شی دەکاتەوە، کە قسەکەر (خودی شاعیرە)، ئەو بەشێوەیەکی سادە و ڕاستگۆیانە دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت (ئەوی دیار / واتە منی قسەکەر) لاسای (م)ی ناخی خۆی (ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاک) دەکاتەوە. کەچی (ئەوان) پێ دەڵێن (نەخێر، تۆ هەڵەی) (م)ی نادیارەکە لاسایی تۆی (دیار)ی بەرجەستەی ناسراو دەکاتەوە. واتە ئەو دوو کەسە ناسنامەی (لاسایی کەرەوەی) هەڵگرتووە، ناکۆکی لەسەر دیارکردنی ئەم (لاسایی کردنەوە) هەیە. قسەکەری خاوەن گوتارەکە (خودی شاعیر) خۆی بەلاسایی کەرەوە وەسف دەکات، کەچی (ئەوانی گوێگر/ خوێنەر/ وەرگرەکانی ئەو)یشن پێی دەڵێن (نەخێر تۆ هەڵەی) ئەوە (م)ە

لاسایی تۆ دەکاتەوە. گوتار هەمیشە بریتییە لە دوو کارەکتەر (قسەکەر و گوێگر) واتە دوو کەس و گروپ، قسەکەر پەیامێک ئاراستەی وەرگرەکانی خۆی دەکات، لەهەندێک دۆخدا چاوەڕوانی کاردانەوەشیان لێ دەکات.

# عێراق تاکە مریشکە و هەزار کەڵەشێری لێ خڕبۆتەوە! (٧٦)

لەم تاکدێڕییە شاعیر لەجیاتی کتێبێک لەبارەی گوتاری ناسنامەی عێراق بنووسێت و ئاماژە بە مێژوو، هۆکار و ململانێ و کەوتن و بۆگەندەڵی و لاوازیی و بێ دەسەڵاتی عێراق بکات، کە دەتوانێت ئەم ڕستەیەی خۆی بکاتە یەک دیوانی (هەزار) لاپەڕەیی، ئەو گوتاری ناسنامەی عێراقی وا نیشان داوە کە (بۆتە مریشک) واتە مێ/ لاواز/ بەکارهێنراو/ سێکسی/ ژێردەستە/ پاشکۆ/ خیروبێر بۆ ئەونای دیکە... تاد، لەهەمان کاتدا لایەنێکی دیکەی ناسنامەکەی وا پێناسە کردووە کە هەزار کەڵەشێری لێ خڕبوونەتەوە. ئەمەش روونە کەڵەشێری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکوور و باشوور چی دەوێت و چی دەکات و چۆن سواری مریشکەکە دەبن و چێ لێ دەکەن.. چ قیامەتێکە!!
لەڕاستیدا بۆ دیارکردنی گوتاری ناسنامە لەنێو دەقەکانی (ع. ع. یووسف)دا دەتوانین شیکاری جیاواز بۆ ناساندنی ناسنامەی جیاواز نانسماەی خودی شاعیر، من، ئەو ئێمە، ئەوان، نیشتیمان، مێژوو، زانا و کەلتووری ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی و کوردیی و کەرەستە بەکارهێنراوەکانی نێو دەقەکەش بکەین.

شتەکان هەریەکە خاوەنی گوتارێک و ناسنامەیەکەن. بۆ نموونە:

# دارنانێکم چاند، هەژارێکی بەد و نیگبەت هات و بەر لە (بەر) ڕەگبڕی کرد. (٦٧)

(گوتاری ناسنامەی هەژار) و (دارنان) خاوەنی دوو لێکدانەوەی جیان، لەهەمان کاتدا ناسنامەیەکی هاوبەشیشیان هەیە کە پەیوەندیی بە (تێرکردن و برسیەتی و هەژار و نەگبەتی و ڕەگبڕی)یەوە هەیە. ئەمانە هەر لەیەکە دۆخی جیاوازدا خاوەنی ناسنامە و گوتاری جیاوازن و یەکتریش تەواو دەکەن. هەر تاکدێرێکی نێو دیوانەکە دەکرێت بەهەمان شێوە لێکدانەوەی بۆ بکەین و گوتاری ناسنامە و پێناسە و ناسینەوە و لێکدانەوەی هەموو شتەکان بکرێت. دەق پڕە لە ناسنامە و گوتار، دیارە هەژارەکە چینی هەژارە بۆ هاوبەشبوونی خوێنەر، لە فەرهەنگۆک نووسیوە: بەر لەبەر پێش بەر (بەرهەم) گرتن، یان (بەرهەم دان). هەر چڕیەک لە ماناکان، لە فەرهەنگۆک کە شاعیر لە پشتەوەی دیوانەکەی ئامادەی کردووە، ماناکان ساناتر بەدەست دەکەون.

# ڕۆژهەڵاتی ناوەراست وا لەمەچکۆیە. (٦٧) ئەمەش هەمان شتە.

یان دەڵێت:

# سیزیف و قەقنەس بوونە هاوسەری یەک و فیلمە یۆنانیەکە کۆتایی هات. (٩)
#کەرە دێزەی خۆت بە شانامە بگۆڕیەوە، زەرەتە. (١٤)
# کارەساتی ژیانم تراژیدێکی یۆنانییە، ئێستا فیلمێکی هیندییە. (١٥)
# هۆ میکرۆبی ڕەوشتخواز، لە ئێتیکی فەلسەفی سەدەی ناوەڕاست، دانا و خەمخۆرتری. (٢٣)
#لۆگۆس.. لۆگۆس.. تۆش بوویە میتۆس! (٢٦)

با ورد بیری لێ بکەینەوە ناسنامەی هەر یەکێک لەم وشانە لەنێو گوتاری دەقەکاندا دەتوانن بمانبەنە سەر کانیاوێکی قووڵی ڕوونی بیرکردنەوە و لێکدانەوە و بێ پچڕانەوە و وشک بوون، ئەمە هونەری بەرهەمهێنانی دەقی شیعرییە، ئینجا ئەم دەقە تاکدیڕیی بێت، یان هەزار بەیت. لۆگۆس: مانای عەقڵ و لۆژیک دێت، کە وشەیەکی یۆنانییە بەاتای هۆش و قانوونی گەردوونیش دێت. میتۆس یان (ماتۆس) بەواتای ئەفسانە دێت کە ئەویش وشەیەکی یۆنانییە. لێرەدا ئەو سوودی زۆری لەکەلتوور و زاراوە و بۆچوونە فیکرییەکانی یۆنان کردووە.

# فرناندۆ لیژێ دەناسم، بۆڕەچییە، وەختی خۆی بۆڕییە داڕزاوەکانی خانەقای نوێکردەوە و نێوەی دسهەقتی خۆی دا بە بێوەژنانی گەڕەک. (٣٧)

(فرناندۆ لیژێ ١٨٨١- ١٩٥٥) نیگارکێشێکی فەرەنسییە. (شێوازێکی جیاوازی دروستکردووە، کە ڕەنگدانەوەی تەکنەلۆژیای مۆدێرنی پێوە دیارە و یەکەم تابلۆی کاریگەرییەکانی لەلایەن نیگارکێشی فەرەنسی (پۆل سیزان) و بزووتنەوەی کوبیستەکانەوە (تكعيبية) دەردەکەون. لەسەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەمدا (لیژێ) بەهێڵی ڕەشی تۆخ دەوری فیگەرەکانی دا، ئەمەش سادەییەکی هاوشێوەی پۆستەری بەم وێنانە بەخشی، کە دەیکێشان و دواتر لەهەندێک لەوێنەکێشانەکانیدا شێوەی نەخشەیی کێشا و شتەکانی لەسەر شێوەی ئەبستراکتی ڕەنگاوڕەنگ کێشاوە). (فرناندو ليجيه، ویکیبدیا، (https://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%81%D8%B1%D9%.

ئەو لەبارەی کارە هونەرییەکانی و ئەو زەمینەسازییەی کاریگەرییان لەسەر تێڕوانین و کارەکانی ئەودا هەبوو دەڵێت: "سەرسام بووم بەتیشکی خۆر و سیحری ڕووناکی لەسەر کانزا سپییەکان هاندەرم بوون و ئەوە تەنیا شتێک بوو بۆ ئەوەی هونەری ئەبستراکت ساڵی ١٩١٢-١٩١٣ لەبیر بکەم و بچمە قۆناغێکی دیکە، بیر لە بەکارهێنانی کەرەسەتی خام و هەمەجۆر و نوکتە و تواناکانی کامڵبوونی ڕاستەوخۆی هەندێک لە پیاوەکانی دەوروبەرم بەکاربهێنم، کە هەستی وردیان بۆ واقیعی سوودبەخش و بەکارهێنانی لەنێو درامای ژیان و ئەو مردنەی تێیدا دەژیان. ئەمە وای لێکردم حەزم لێبێت بە زمانی زەق لەگەڵیدا نیگاربکێشم و هەموو ڕەنگ و جوڵەیەک لەخۆ بگرێت". (Fernand Leger,

.(https://en.wikipedia.org/wiki/Fernand_L%C3%A9ger

ئەمە کاریگەریی لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوەی (عەباس)یش بۆ دروستکردنی دۆخێکی هەمەڕەنگ جیاواز لە بەکارهێنانی کەرەستەکان دەبێت.

(ع. ع. یووسف) لە دیوانەکەیدا دەبێژێت:

#لەناو هەکایەتان، دێو، سپی و ڕەشن، بە فیلمیش دێوی سوور و نارنجی و بنەوشەییش دەبینم، ڕەنگاوڕەنگەکانی سامناکترن. (٣٨)

#ڕووە هەتاو بێژینگم بڵند کرد، بەڵکە جوانییەکی تر بدۆزمەوە. (٤٤)

ئەگەر (لیژێ) لەڕێگەی تیشکی ڕۆژ و سپیەتی کانزاکان بیری لە داهێنان و دۆزینەوەیەکی نوێ وەکو ململانێ لەنێوان ژیان و دۆخی مردندا کردبێت، ئەوە شاعیر لەنێو فیلمەکان لەبارەی دێوە سامناکەکان شتەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، لەپێناو دیارکردنیان بەهۆی ڕەنگەوە. واتا تیشک و ڕەنگ دەبنە سەرچاوە بۆ دیارکردنی دۆخ و ڕەفتار و پێناسەی شتە ئاماژە پێکراوەکان. یەکێکیان بە تابلۆیە و ئەوی دیکەشیان بە وشەیە، لەڕێگەی شیعری تاکدێڕییەوە. ئاماژە کردن بە (دێو) لەڕاستیدا هەمیشە وەکو شتێکی گەورەی مەترسیدار لەنێو هەقایەتی کوردی ئاماژەی پێکراوە، لای منداڵ مەترسیدار و تۆقێنەر بووە، بەڵام ئەو لەڕێگەی بچووکردنەوەی وێنە شیعرییەکان، بیرۆکەیەکی گەورەمان نیشان دەدات، کە دەکرێت ڕەنگ ببێتە

نیشانە و هێما و ڕەمز بۆ دیارکردنی جۆری ڕەفتار و ودۆخی دەروونی و ڕێژەی تۆقێنەریی دێوەکانیش. لەتەک ئەوەشدا ئەو کەرەستەیەکی فۆلکلۆریی سادە دەگۆڕێت، بۆ مۆدێرنە و چۆنیەتی تێگەیشتن و لێکدانەوەی شتە ئاڵۆزەکان. لەهەمان کاتدا دەیەوێت جووانی تیشکی ڕۆژ لە بەکارهێنانی بێژینگ بدۆزێتەوە، ئەمە هاوکێشەکانی گەیشتنە بەدروستکردنی وێنەیەکی جوانتر لە وێنە سروشتییە تاقیکراوەکان. ئەو وێنەیەکی جوان لەپێناو سەر لەنوێ دروستکردنەوەی جوانییەکی پڕ لە مانا و تێگەیشتن و لێکدانەوە دروست بکات.

# لە کۆنە پراگ و کۆنە ڤییەنا و کۆنە بەرلین بە دوای کافکا گەڕام نەمدۆزییەوە، لە کۆنە هەولێر خۆی پێناساندم: من ئەوم. (٤٥)

لەم گێڕانەوەیەدا شاعیر چەند شتێکمان پێ دەڵێت، لەوانە: ئەو (کافکا ١٨٨٣- ١٩٢٤) وەکو نووسەر و داهێنەرێک دەناسێت و شارەزایی لەبارەی ئەو هەیە. ئەو دەزانێت پراگ و ڤییەنا و بەرلین سێ شوێن و ناوچە و شاری کۆنی مێژوویین و بەنێوبانگن و سەرچاوەی دروستکردنی (کافکا) ن. واتا زانیاریی ئەوەمان پێ دەڵێت (من/ عەباس) کەسێکی شارەزا و خاوەنی مەعریفە و دونیاناس و گەڕناسم. ئێنجا پێمان دەڵێت هەولێریش شارێکی کۆنە و مێژووی هەیە. (کافکا)ش دەزانێت هەولێر هەیە و دەیناسێت و تێیدا دەژیت و لە هەولێر خۆی بە (عەباس) دەناسێنێت. لەدواین وێناکردندا (من ئەوم) دوو جۆر مان و دۆخ و کەسایەتی و مەبەستمان پێ دەڵێت:

ئەگەر قسەکەرەکە خودی (کافکا) بێت، ئەوە ئەو بە (عەباس) دەڵێت من (کافکا). ئەگەر (عەباس) قسە بۆ خوێنەرەکانی بکات، واتە (کەسایەتییەکانی نێو دەقەکە کە ئەگر (خودی عەباس و کافکا) بن، بگۆڕێت بۆ (عەباس و خوێنەرەکانی) ئەوە مانای دووەم ئەوەیە، کە (عەباس دەڵێت من کافکا) م ، بە واتای ئەوەی ئەو توانا و لێهاتوویی و توانستی شیعری خۆی وەکو توانای کافکا نیشان دەدات.

(فرانز کافکا) کە یەکێکە لە دیارترین نووسەرەکانی سەدەی بیستەم ئەو لەنووسینەکانیدادژی دەسەڵاتی زۆرداری و کێشەی بیرۆکراتیەت و پەیوەندیی خێزان کە کێشەی نیگەرانیان هەبووە، نووسیوە. ئەو لە خێزانێکی جووی (براگ) لەدایک بووە و چۆتە بەرلین. (ع. ع. یووسف)یش لەشیعرە تاکدێڕییەکانی بەڕاشکاوی کاری لەسەر کردووە و دەڵێت:

# بە بنێشت دەبدەبە پف دەکات و لە رقی ڕووداوی سیاسی، ناوە ناوە دانەیەکی لێ دەتەقێنێ. (٤٥)

لەبارەی نیگەرانیی و بێ هێوایی دەڵێت :

# ژانێکە و بێدەرمان ، مەگەر پیس بە پیس! (٤٦)

# هەندەی نەمابوو هەڵیمژم، ئۆکسجین لێم غەزری و داوای (بایانە) ی لێکردم. (٥٠)

# هۆ کوڕە تاقانەکەی زولێخا، لە خەونیش هەر تەنیای!؟ (١١)

بۆ ئەوەی خوێنەری ئەم دەقە باشتر لە مەبەستی شاعیر بگات، لە لاپەڕە (٩٦) فەرهەنگۆکی نێو دیوانەکە ئەوەمان بۆ شێ

دەکاتەوە، کە (زولێخا)ی ئاماژە پێکراو (زولێخا ئەحمەد چاوڕەش)ی دایکی شاعیرە. خوێنەر بەئاسانی مەیل و سەرنج و تێگەیشتنی بۆ چیرۆکی (زولێخا) و (یووسف) دەچێت، لەکاتێکدا ئەو مەبەستی دایکی خۆیەتی.

# دوا پێکەنینی ژیانم هێناپێش و لە ئێستامدا بە دواگریانی ژیانم پێکەنیم. (٥٦)
# کوژراوان زیندووبوونەوە و دەسخۆشییان لە کوژوەران کرد، گلەییشیان لە چەقۆ کرد دەبوو تیژتر با. (٥٨)
# هەژارانیش – منیش یەک لەوان- بە (تەماسا) دەبنە شا و پاشا. (٦٢)

شاعیر لەم دیوانەدا هە تەنیا تێڕوانییەکانی خۆی بۆ ئایندە و خوێندەوە و تێگەیاندنمان بەکار ناهێنێت، ئەو ڕاشکاونە (ئەرستۆ) وەکو کارەکتەرێکی زیندوو لەپێناو لێکدانەوەی خۆێکی هەنووکەیی کۆمەڵگەی کوردیی بەکاردەهێنێت، کە دەبێژێت:
# ئەرستۆ خۆی بە لیکاوی شێتان دەشوات و بیر لە گۆڕینی نەسێ دەکات. (٦٠) زانایەک و فەیلەسووفێک بە لیکاوی بێ هۆشی و دابڕان لە مەعریفە و کەسێکی شێت خۆی دەشوات، ئەم چ وێنەیەکی شیعریی، هەلگێڕانەوە و دروستکردنی وێنەیەکی مەعقلوولە لەنێو دیمەنێکی نامەعقوول.
(ئیمیل سێوران ١٩١١- ١٩٩٥) فەیلەسوف و نووسەری ڕۆمانییە، بەرهەمەکانی بەزمانی فەرەنسی و ڕۆمان بڵاوکرۆدتەوە. ئەو لە گوندی (رازیناری) سەر بەهەرێمی (ترانسیلڤانیای ڕۆمانیا)

لەدایک بووە، دوای ئەوەی باوکی دەبێتە سەرۆکی کەنیسەی ئەرتۆدکسی ناچار دەبێت ئەو بۆ بوخاریست کۆچ بکات و دەست بە خوێندنی فەلسەفە بکات. هەر لەوێ تووشی نەخۆشی نەخەوتن دەبێت، بۆیە لەئەنجامدا بیری لە خۆکوشتن کردۆتەوە،تاکو کار دەگاتە ئەوەی نەخەوتنی شەوانەی بۆ ببێتە سەرچاوەیەک بۆ فێربوونی مەعریفە. لە تەمەنی بیست و دوو ساڵی یەکەم کتێبی لەساڵی ١٩٣٤ بەناوی (لە لێواری نائومێدی) چاپ و بڵاوکردەوە. (امیل سیوران، .(https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A5%D9%85%D9%

(عەباس عەبدوللا یووسف) بەڕاشکاوی و بێ دوو دڵی لە گفتوگۆیەکی کراوەدا دەڵێت (بەڵێ من کەڵکم لە (ئیمیل سێوران) وەرگرتووە، وەکو نووسەرێکی خۆراوایی ناسراو. کاریگەری لەسەرم هەبووە، لەیەکەم وتارییەوە، کە چەند جارێکم خوێندنەوە، سەرنجی ڕاکێشام، بەئاسانی ڕۆحی ڕستەکانی هاتنە نێو دێڕەکانمەوە، ئەو کەلکی وەرگرتوە لە فەلسەفە، سروشت، مۆزیک و ڕەشبینی بەرانبەر ژیان. منیش لەو تێڕوانینەوە کەڵکم لێ وەرگرت، ئەو کاتی هەرچیم لەبارەیەوە دەخوێندەوە دەمکردە دۆسییەکی تایبەت بەو، ئەمە بۆم بووە سەرچاوە، بەڵام نانۆکەی من ئەو ستایلە ژاپۆنییە نییە و بەناوی (نانۆ)ش کارم نەکردووە، بەڵکو ئەوەی من ستایلێکە و بۆ وەسفکردنی شتەکان و جێگەکردنەوەیان لەنێو بەررەوی (سیاق) تاکدێڕی، بەڵام لەژێر ناوونیشانی نانۆیە، بەو پێیەی بنچینەی ناونیشانی دەقەکەی من لە فۆلکلۆرەوە هاتووە). ( سمکۆ

محەمەد، گۆڤاری دیوان، ژمارە (٢٨)ی ئەیلوولی ٢٠٢٣ ، ٥٦-٦٥).

لێرەدا ئەوەمان بۆ ساخ دەبێتەوە شاعیر نانۆ شیعری نەنووسیوە، بەڵکو شیعری تاکدێڕی نووسیوە، ئەم نووسینەش لەتەک سوود وەرگرتن لە کەلتووری ڕۆژئاوایی و ڕاشکاوەن پشتڕاستکردنەوەی ئەوەیە کە ئەو سوودی لە (ئیمیل سیۆران)ی نووسەری ناوداری جیهانی وەرگرتووە، کە لە نووسینی (تاکدێڕی) بەنێوبانگە، لەتەک ئەوەشدا ئەو هەر سوودی لە تەکنیک وەرنەگرتوە بەڵکو لەڕووی فکری و فەلسەفیی و بیرکردنەوەش سوودی وەرگرتووە.

(ع. ع. یووسف) لەم دیدارەدا ئەوەمان بۆ ساخ دەکاتەوە ئەو لەتەک سوود وەرگرتن لە فکر و تەکنیکی ڕۆژئاوایی، ( هەندێک لە ناونیشانەکانی لە فۆلکلۆر وەرگرتووە و نموونەی ئەوەمان بۆ دەهێنێتەوە، کە لە کوردەواری لەسەرەتای شەستەکان خەڵک هەبوون شارەزای ئیدیۆمی کوردی بوون بە ئیدیۆم دەستیان بە قسان دەکرد، کەسێک زۆر شارەزا و چەقاوەسوو بوایە، پێیان دەگوت (کورتان بۆ کێچ دەدووری). (دیوان، ژمارە ٢٨ ، ئەیلوولی ٢٠٢٣). (ئیمیل سیۆران)ی فەیلەسووفیش لە بابەتێکدا بەناوی (بێ هیوایی: پەتی نهێنی ژیانە) دەڵێت: "هەر تەنیا بەخۆی ناوونیشانی کتێبەکانی گوزارشت لە تێڕوانینی بۆ جیهان دەکات. لەوانە ناوونیشانی پوختەی کەڕەکیفە هەڵهێنان ١٩٤٧) و ( وەسوەسەی ژیان ١٩٣٦) و (پێوانەی تاڵی ١٩٥٢). (امیل سیوران، مجلة الشرخ، العدد ١٠١، ١ يناير ١٩٩٩، ٤ ).

لای من ڕوونە ئەم شاعیرە کوردە لەتەک گەڕان لەفۆرمێکی نوێ و شێوازێکی نوێ، ڕۆشنبیرییەکی جیاوازیش پێشکەش دەکات،

ئەو هیچ دەنگێک و وشەیەک و زاراوەیەک و ڕستەیەک بە دابڕاوی لە فکر و مانا فکرییەکان بەکار ناهێنێت، ئەو تەنیا نایەوێت واتا و وێنەیەکی چیرۆک ئامێز لەنێو دەقە شیعرییەکانی دروست بکات، نەخێر ئەو بەدوای فکری (ڕەتکردنەوە و یاخیبوون و ڕەشبینی و نامۆبوونی شتەکان و دونیای هەژاران و زولم و جیاوازیی چینایەتی و تێکشکانی ئەخلاق لەبەردەم سیاسەت و یەکسانی و جووت ناسنامەیی و منی ئەوی دیکە و ئەوی دیکەی مندا... تاد) دەگەڕێت، ئەو هەر تەنیا شتەکان ناگێڕێتەوە، بەڵکو ئەو کردەی پشکنین و هەڵکۆڵین و دۆزینەوەی مانا و مەبەستە نادیارەکان لەڕێگەی دروستکردنی (فەرهەنگۆک) لەنێو دەقەکانیدا ئەنجام دەدات. ئەو بڕوای وایە (فکر زیاتر پێویستی بە ماندوویی هەیە، پێویستی بە خوێندنەوەی هەمیشەیی هەیە). (دیوان، ٢٩، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣).

یان لەبارەی فەرهەنگۆک لەنێو دەقەکانیدا دەبێژێت: ( فەرهەنگۆکیش بۆ ئەوەیە ٥٠٪ خوێنەر بیزانن، ئەمنیش مەبەستمە بیزانن تا ببێتە کلیلێک بۆ حالیبوون و تا ببێتە هاونووسی دەقەکانم، چونکە بەلامەوە زمانی کوردیی قاموسێکی مەزنە، بۆ من دەریایە و لە تەنکاوەکەی مەلە دەکەم و تەمادار تا بەپانی لێی بپەڕمەوە و لە قوڵاییش بگەمە ناخ بڵێی بتوانم؟!). ( سمکۆ موحەمەد، ، گۆڤاری دیوان، ژمارە ٢٥ حوزەیرانی ٢٠٢٣، ٤٤- ٥٤).

لەم لێکۆڵینەوەدا ئەوەمان بۆساخ دەبێتەوە بەپێی بۆچوون و ڕایەکانی خودی شاعیر کە ئەو (نانۆ شیعری) نەنووسیوە، بەڵکو

شیعری (تاکدێڕی) نووسیوە، چونکە ئەو پێی وایە و دەڵێت (نانۆکەی من تەنیا ناوونیشانە بۆ تاکدێڕی و شتێک نییە، کە نانۆی هەر بچووک چۆن لەنێو تاکدێڕییەکان جێگەی دەبۆوە، چونکە لەمەبەست و فانتازیا، خۆماڵین و بەشێکە لەبیرۆکەی من بۆ ژیانی هونەروەرانە و فۆلکۆریانەی خەڵکی هەژار). (دیوان، ژمارە، ٢٨، ئەیلوولی ٢٠٢٣). ئەو دیسان لە ڕوونکردنەوەیەکی بابەتێکدا لەبارەی نانۆ و شیعری نانۆ دەنووسێت (بۆ ناوونیشانی دیوانەکەم، صورمانەکانی بەلاغەتی فۆلکلۆری کوردی، هەمیشە حەیرانی کردوومە، لەسەردەمی قوتابیەتیم لەپۆلی یەکی ناوەندی، لەناو خەڵکی سادە شارەواری، ئەژنەفتەی ئیدیۆمێک بووم... لەوساوە ئەو وێنە دەنگە لە بنهۆشەی ڕۆشەنبیریم تەقەت کراوە، پاش دەیانێک ساڵ، کە بەدوای هاوئیدۆمێکی زانستانە دەگەڕام، بیرم کەوتەوە و هاتە بەردەست، ناوونیشانێکی پێ دام (نانۆ تاتۆ دەکەم)، ئەلەوەیدا، لە فەنتازیای فۆلکلۆرەوە بە هەڵگۆزە، چوومە سەر فەنتازیای زانست، لەم جۆری بابەتەی زانست، چەند نموونەیەکی تر هەیە، وەکو:

# ئەهێو.. تڕهێو.. مرۆڤ بە On و OFF ئیش دەکات!

# لە خوانێکی ڕازاوەدا، بەپێی ئاماژەی (+ X - ) خۆراکم دەخوارد. (١٦)

# خۆی کردە ئامێر، بە لووتی O هەڵدەمژێ و بە لایەکەی تر CO2 دەردەدات.

# لەگەڵ Big bang، بەق پەقی و چوار ملیار کەفەتۆپی لێکەوتەوە.

شاعیر بەڕوونی و ئاشکرا لەبارەی نووسینی تاکدێڕی دەڵێت: (من ڕۆحی کتێبەکە دەنووسمەوە بەشێوەیەک لەشێوەکان. ئەمە لەکارەکانیشم ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە تاک دێڕەکانم هەمان کردەوەیە، بەڵام بەنووسین، چونکە من لەنووسین بڕوام بە ڕۆحی قسەکردن هەیە، نەک درێژدادڕی و سەفسەتەبازیی، وەکو هەندە نووسەری دی بۆیە بەبڕوای من، وتار، یان کتێب، بریتییە لە (چەند دێڕێک) نەک تەواوی نووسینەکە، لەڕاستیدا من حەز ناکەم خوێنەر سەرقاڵی هەموو بابەتێک بکەم، کە پێویستی پێی نییە). (سمکۆ موحەمەد، گۆڤاری دیوان، ژمارە ٢٩، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، ٥٤-٥٩).
کەموکورتی لەزۆر خوێندنەوە و وەرگرتن/ خواستن و ئاشنابوون بە فکر و ڕۆشنبیریی و کەلتووری ئەوانی دیکە نییە، بەڵکو کێشە لەوەیە کەسێک کۆپی فکرە و شێوازی کەسانی دیکە بکات، بێ ئەوەی پێی بزانێت، یان بیشارێتەوە و وا بزانێت کەس بەم کۆپیکردنە نازانێت، یان بەجۆرێک کۆپییەکە بشلەقێنێت، کە ڕەنگەکان تێکەڵ بن و کەس پێیان نەزانێتەوە، ئەمە بە کەم دەسەڵاتی نووسەر دێت. (ع. ع. یووسف) ڕاشکاوانە دەڵێت ( کتێبی زۆرم لەسەر تیۆرە ئەدەبییەکان خوێندووەتەوە، بەئاگاییشەوە دەزانم بۆچی بەو شێوازە دەنووسم؟ بۆچی (تاکدێڕی) م هەڵبژاردووە؟ چونکە خۆم دەزانم کاریگەرییەکانی هزر و تەکنیک لەپشت ئەو (تاکدێڕی)یانەوە هەیە، دەزانم

ئەدەب بەبێ ڕەخنە و موناقەشە و بیرکردنەوە لە ڕەهەندە قووڵەکان، جگە لە ئەدەبێکی ڕووکەش و ئاسایی، شتێکی دیکە نییە). (سمکۆ موحەمەد، گۆڤاری دیوان ۲٦ تەموزی ۲۰۲۳، ٥۲-٥۸).

بەپێی بۆچوونەکانی خودی (عەباس) ئەم بۆچوونەی (کاوە عەلی مەردان) نادروست دەردەچێت کە لێکۆڵینەوەی لەبارەی (شیعرە نانۆکانی هاشم سەراج و عەباس عەبدوڵڵا) لە گۆڤاری (ڕامان، ژمارە ۲۰٦/۲۰٥ی نیسانی ۲۰۲۳) ئەنجام داوە. ناچمە نێو ئەو وردەکارییە و خودی شاعیر بەناوی (نانۆی نانانۆ....!) وەڵامێکی درێژی داوەتەوە و تیشک دەخاتە سەر تەکنیکی نووسینی خۆی. (عەباس عەبدوڵلا یووسف، نانۆی نانانۆ..!، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ۲۱۲، ٥-۱۰-۲۰۲۳، ۱۳۸- ۱٤۲ ).

## هەندێك گەرمە شیعر و ڕەهەندی دیكەی (نانۆ تاتۆ دەكەم)

لەنێو ئەم دیوانە تاکدێڕییە گیانەوەر وەکو کارەکتەر، وەکو هێما و نیشانەیەکی ئاماژە پێکراوی مانادار، یان وەکو کەرەستەیەکی شیعری بەکارهێنراوە، یەکێک لەوانە (کەر)ە. بۆ شاعیر هێندە باسی (کەر) وەکو گەرمە شیعر، وەکو زمان، وەکو ئاماژە و نیشانە و ئاماژە بۆکراوە دەکات.

وشەی (کەر) لە قورئاندا لە پێنج شوێن هاتووە، لەوانە سورەتی بەقەرە ۲٥۹، سورەتی نەحل ۸، سورەتی لوقمان ۱۹، سورەتی

الجمعە ٥و سورەتی المدثر ٥٠. وشەی کەر بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە، چونکە سیستەمێکی هێمایی هەیە و مانای ڕاستەقینە و مانای واتاسازیی هەیە. لەم خاڵەوە دەست پێ بکەین، دەتوانین لەوە تێبگەین کە لە زمانی قورئان سیستەمێکی هێمادارانەی هەیە و ئامرازە شیکارییە گونجاوەکان لە لێکۆڵینەوە لە سیستەمی هێما لەنێو زمانێکدا، لێکۆڵینەوە لە نیشانەناسییە و لەگەڵ گریمانە سەرەتاییەکان و مانای بنەڕەتی وشەسازی، وشەی (کەر) بە واتای ئاژەڵ دێت و ئەم وشەیە لە قورئانی پیرۆزدا بە مانای لێکچوون بەکارهاتووە. (آ. العبدوللا، ٢٠١٦، https://www.semanticscholar.org/paper/%D9%85 ).

ڕۆماننووس (جۆرج ئۆرویل ١٩٠٣- ١٩٥٠) لەو ڕۆمانەی ساڵی ١٩٤٥ بەناوی (باخچەی ئاژەڵان) نووسی، وەکو ڕەخنە لە سیستەمی کۆمۆنیستی، هەروەها سەرکەوتوو بوو لەوەی کەری بەشێوەیەک وێنا کردووە، لەوێد کەر بۆ ماوەیەکی درێژ بیر دەکاتەوە بۆچی مرۆڤ خۆی بە خاوەن و دەسەڵاتدار بەسەر گیانەووەران دەزانێت، ئەمە بەردەوام دەبێت بێ ئەوەی کەر بگاتە وەڵامەکە.

لە سەدەی نۆزدەهەم (ڤیکتۆر هۆگۆ ١٨٠٢- ١٨٨٥) کەری خستە نێو مەسەلە فەلسەفییەکان، کەری خستە نێو شیعرێکی خۆی، پشتی بەکەریک بەستا کە بەواتای سەبر و دانبەخۆداگرتن دێت و پشوو درێژی دێت، لەوێدا (هۆگۆ) لە شەست و پێنج لاپەڕە لە گەڵ کانت دەدوێت و باسی کەر دەکات. لە شیعری بۆق، (ڤیکتۆر هۆگۆ) کەرێکی بەکارهێناوە کە عەرەبانەیەک

ڕادەکێشیت و ماندوو، لەڕێگا تووشی بۆقێک دێت کە هەندێک مندالْ دەیانەوێت بیکوژن، لەو کاتەدا کەرەکە ڕێرەوەی ڕۆیشتنەکەی دەگۆڕێت و بۆقەکە رزگار دەکات، بەم جۆرە لە ئازاری مەرگ رزگاری دەکات، بۆیە دەلێت کەر لە سوقرات و ئەفلاتوون خانەداتر بوو.

وەکو (ئەحمەد عەبدولرەحمان ئەلعەرفەج ) دەلْێت ئەم بوونەوەر پێنج هەزار سالْە ڕووبەڕووی زولم و لێدانی بێ رەحمانە دەبێت، کەچی کەر بە بیدەنگیی و دانبەخۆداگرتنێکی یەکجار جوان، شتەکان بەڕێ دەکات.(احمد عبدالرحمن العرفج، ٢٠٢٤،

.(https://elaph.com/Web/ElaphWriter/2008/1/300208.htm

لە سوڕەتی بەقەرە بە مانا و گوزارشت لە لاوازیی بۆ وەسفی چینێکی کۆمەلاّیەتی نێو کۆمەلْگە بەکارهێنراوە و لە سورەتی نەحل بەمانای خزمەتکار بەکارهێنراوە و کە هیچ توانایەکی بیرکردنەوەی نییە. لە سورەتی لوقمانیش بە مانای دەنگی بەرزی خۆ بەزلزانان دێت و لە سورەتی جومعەشدا بە مانای تاریکی و دوکەوتن ونەزانین دێت و لە سورەتی المدثر مانایەکە نیمچە ئاماژەیە، ترس لە ئازاری ئاگری دێت. (آ. العبدوللا، ٢٠١٦،

.( https://www.semanticscholar.org/paper/%D9%85%

تەنیا ئەوانەی خەونیش لێکدەدەنەوە مەزندەی زۆر شت لە خەوبینین بە کەر، یان بینی کەر لەخەوندا دەکەن و پێیان وایە "کەر یەکێکە لەو گیاندارانەی کە بە سەبر و بەرگەگرتنی زۆری لەرادەبەر بەنێوبانگە و بینینی کەر لە خەودا یان بیستنی

دەنگی ئاماژەیە بۆ کێشە و هەواڵی ناخۆش بۆ ئەو کەسەی دەیبینێت، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکان نا، وەک ئەوەی هەیە چەند نیشانەیەکی باشی بینینی کەرێک لە خەودا دەوەستێتە سەر جۆری کەرەکە و ڕەنگەکەی". (سرایا، ٢٠٢٢-٩- ، (https://www.sarayanews.com/article/795880

شاعیر هەمیشە لەڕوانگەیەکی فکری و فەیلەسووفانە باسی کەر دەکات، کەر وەکو گیانەوەر نا، بەڵکو کەر وەکو کارەکتەرێکی کاریگەر و خاوەن ئیرادە و کارا. ئەم کارا بوونە رەوشی تێفکرین و پێگە و بوونی کەر دەگۆڕێت، ئەو دەڵێت:

# کەرەدێزەی خۆت بە شانامە بگۆڕیەوە، زەرەرتە!.(١٤)

# جۆباران. جۆبارانە! بەداخەوە لەم وڵاتەدا کەرێک نەماوە! (٦٣)

# هەیانە مەیموون بۆ سواربوونی پشتی کەر، هەمانە کەر بۆ سواربوونی پشتی مەیموون! (٤١)

# لەناو گومانەکان من و کەری ناڵی و مەکینەی قیرپاکردن چاوشارکێ دەکەین. (٥٨)

# مێدیاکان ببینە، جا بەڕێزم تێدەگەی مرۆڤ خۆی گوێدرێژە و کەریش گوێکورتە! (٨)

# کەری باراش ئێرەیی بە مریشکی ئاشەوان دەبات. (١٠)

# ئافەرین کەرەدێزە هەمیشە یاخیت! (٥٨)

# کە کەسمان کەر ڕانەگرین، دڵیان لێمان شکاو لەودیو حەو کێوان بوون بە کەرەکێوی. (٧٠)

# بەسواری کەرێکی سپی و سێپێ، بەناو سێگۆشەی ئاگراوی ڕەتبووم. (٥٠)
#کەریش ئابووریناسە و دەڵێ: زەڕین کانگەی زێڕە. (٢٠)

لە پێناو گەیاندنی ژمارەیەک پەیام و مەبەست (کەر) ی لەنێو دەقەکەدا بەکارهێناوە، کە هیچیان خودی ئەو گیانەوەرە نییە، کە ئێمە دەیبین، کەر وەکو ڕەمز و هێما و نیشانەی زمانەوانی و مانا و پێچواندن و وەسفی ئەوانی دیکە و دەرخستنی دۆخی خودی مرۆڤەکان بەکارهێنراوە. بۆنموونە کە دەڵێت: (خۆ گۆڕینەوەت بە شانامە زەرەتە) بە واتای ئەوەی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا (کەرەدێزە) بۆ کەسێکی لاملی منجڕی گوێ نەدەر بە قسەی ئەوانی دیکە دێت، لێرەدا واتا کەسێکە زیرەک و بەتوانا و ڕۆشنبیر و پڕ زانیاریی، بۆیە خۆگۆڕینەوەی بە شانامە وەکو زەرەر بۆی وەسفکراوە.
کەرێک نەماوە دەکرێت بڵێین کەر وەکو گیانەوەر نەماوە، کە ئەمە لە کردەوەدا مەبەستی شاعیر نییە، بەڵکو (جۆبارانە) و کەسێک نەماوە بیخوات. واتا کەس قڕانە، نەمانی کەسانی ئەهلی ئیش و شتەکانە.
وێنەیەکی فەنتازی کۆمیدیاییە کاتێک باسی سورابوونی مەیموون و کەرەکە دەکات. لەهەمان کاتدا ئەو شتانەی بەکاریان دەهێنن بەکارهێنانێکی پیشەیی و دروست و گونجاو نییە. بێ بەرنامەیی و بڕۆ بڕۆیە، کەسی شیاو لەشوێنی شیاو نییە.

لە دەقە شیعرییەکەی دیکەیدا مرۆڤ بە گوێدرێژ دەچوونێت، واتا کەسانی گەمژە، ئەمە نیشانە و هێمایە بۆ گەمژەیی و نەزانین و تاریکیی و نەخوێندەواریی.
لە (کەری باراش) مەبەستی ئەوەیە هێماکە وەکو نیشانەیەکی دەروونی و ڕەفتاری خودی مرۆڤ بەکاربهێنێت، کە بریتییە لە (ئێرەیی و پێخۆش نەبوونی ژیان وکار و داهات و خواردنی ئەوانی دیکە). لە ئاش دنکە دنکە لە جۆ و گەنم دەڕژێ و دەبێتە خۆراکی مریشک و کەری باراشهەڵگری، لە ئەنجام هیچی پێنابڕێت.
لە دەقە شیعرییەکەی دیکەدا هێما و ئاماژە بۆ (ڕەخنەگرتن لە دۆخی دەروونی و کەسی و کۆمەڵایەتی) ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە بێ هۆکار و بە منجڕی و کاردانەوەی ناپێویست یاخین و قسە دەکەن و هەڵسوکەوتی ناڕازیبوون نیشان دەدەن.
لە شیعرەکەی دیکەیدا ئاماژە و هێمایە بۆ (دڵشکان و گۆڕینی شێوە و پێکهاتەی خودی کەرەکە).
لە دەقی شیعری کەری سپی و سیپێ، وکو نیشانە و هێما بۆ دڵنیایی و سەرکەوتن و گەیشتنە ئامانج و تێپەڕاندی ناخۆشی و فشار و دۆخی مەترسیدار دێت.
لە دەقی شیعری (کەری ئابووریناس)دا ئاماژەیە بۆ (گەمژەیی و نەزانین) بەوە دیارە، کە ئاماژە و بەیەکەوە بەستنی (زەڕین و زێڕ) ی بە فۆنەتیک لەیەکنزیک لەنێو دەقەکەدا وەکو ئاوازە و هێما و مانا و پێچەوانە لە بەها و توانا بەکارهێناوە.
شاعیر لەوە پێشیش لەڕێگەی بەکارهێنان و ئاماژە بە (کەر) دیوانە شیعرێکی شایستەدار کرد، ئەو دیوانە شیعرییەکەی ناو

لێناوە (کەری بۆریدان / ساڵی ٢٠١١ چاپکراوە)، کەرەکە لە کردەوەدا کەرێکە و لەناو (کۆڕی فەیلەسووفانی فەرەنسا) دەکەوێتە بەر ئەزموونی تێفکرین و لێکدانەوە و بوون و خودان کردەیەکە، پرسیار و گریمانە دروست دەکات.
بە واتای ئەوەی کە شاعیر (کەر) وەکو هێما و نیشانەیەکی فکری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونی، ئاماژە و نیشانەی زمان بۆ گوزارشت و وەسف و پێناسە و هەتا ناسنامەی هەندێک کەس بەکارهێناوە.

**ناسنامە**

یەکێک لە ئەرک و نیشانەکانی زمان لەنێو دەقی شیعریدا درەخستنی ناسنامەیە، ئێمە دەزانین هەموو شتێک، تەنیا ئەو شتانەی گیاندار نین، یان ئەو بابەت و دۆخە کەسیانەی باس دەکرێن، خاوەنی ناسنامەی تایبەتی خۆیانن. شاعیر خۆی خاوەنی گوتاری شیعرەکەیە، چی ئەوەی بەناوی (خۆم/ من/ م)، یان ئەو شتانە بەناڕاستەوخۆ لەسەر زاری ئەوانی دیکە دەیانگێڕێتەوە. ئەو باسی خۆی و ناسنامەی خۆی دەکات، لەتەک ئاماژە بەناسنامەی هەموو ئەو شتانەی خاوەنی ناسنامەن لە نێو شیعرە تاکدێڕییەکاندا.

# ئەو ناوەی لە منە پڕ بەخۆم نیە، ئەمەی گوت و هەڵنگوت. (٦)
لێرەدا ئاماژە بە کەسێک و ئاخاوتن و بیرکردنەوە و تێگەیشتن و لێکدانەوەی یەکێکی دیکە دەکات، کە ناڕازییە لەو ناوەی

هەیەتی، واتا ناوەکەی بە ناسنامەی تەواوی خۆی نازانێت و ڕەتی دەکاتەوە، بەڵام هەڵنگوت. ئەمە چیرۆکی گەڕان و پشکنین و لێکدانەوەی خودی مرۆڤە بەدوای ناسنامەی خۆیدا. گەلێک کەس بە ناوی خۆی ڕازیی نییە، چونکە بە ناسنامەی تەواو، یان شایستە و گونجاو لەگەڵ ڕەفتار و فکر و کەسایەتی و ژینگە و بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانی خۆی نازانێت.

#گەمژە هەر وەک (ناو)ێک مایەوە، خۆی نەکرد بە (فرمان). (٨)

لەم دەقەدا ئاماژە بە نەگۆڕیی و بیرکردنەوە بۆ گۆڕانکاریی و وەکو خۆ مانەوە دەکات، کەسێک ئەو ناسنامەی هەیەتی نایەوێت دەستکاری بکات، یان کارێک و ئەرکێکی دیکەی بکات.

#بنووسە دوو کەسین: خۆم و لۆریەکەم. (١٠)

لەم شیعرە تاکدێڕییەدا شاعیر ناسنامەی لۆریەک وەکو خۆی (مرۆڤ) هەژمار دەکات، فەرمان دەکات کە خۆی و لۆریکە وەکو دوو کەس و ناسنامە و جیاواز و خاوەن کیانی سەربەخۆ دابنرێت. لێرەدا لەسەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا مرۆڤ و ئامێر (لۆری) یەکسانن لە کەسایەتی و ناسنامە.

#پاسەوانی گوڵم، بیزاربووم، ئەو گوڵانە بێ دڕکن! (٦٤)

لێرەدا کەسایەتی خۆی (پاسەوان)ە، ناسنامەی (گوڵ بێ دڕکن)، مەبەستم ئەوەیە گوڵیش دەکرێت ناسنامەیەکی هەبێت، وەکو چۆن مرۆڤ ناسنامەی خۆی هەیە. ئەو لە گوزارشت و پێناسەی (دۆخەکە/ بابەتەکە)دا ناسنامەی (بێزاربوون) پێداوە، بۆ؟ چونکە

بابەتەکە، یان ناسنامەی گوڵەکە ئەوەیە کە (دڕکدار نین). بۆ؟ ئەو حەز لە (ململانێ و کێشە و جووڵە و هەستکردن بە ئازار و ڕکە و بڤە... تاد) دەکات. بە واتایەکی دیکە ئەو پاسەوانە حەزی کردووە قەد و لقی گوڵەکان دڕکداربان تاکو لە دەستی ڕابچن و هەست بکات خۆی پاسەوانە و گوڵ و دڕک خۆی بسەلمێنێت و ناسنامە و کەسایەتی خۆی نیشان بدات. هەر یەکێک لەمانە دەکرێت بکرێنە شیعرێکی درێژ و ناسنامەی تایبەتیان پێ بدرێت، ئەمە هونەری نووسینی دەقە شیعری کورتی تاکدێڕیی سەرکەوتووە. ئەو هەموو شتە لەنێو چەند وشەیەک و هێمایەکی خاڵبەندی و دەربڕین پوخت دەکاتەوە.

# چوومە خەونخانە و بای فلسیکی قەڵپ و سووتا و خەونێکم کڕی. (٧١)

ناسنامەی ئەو (م/ ی راناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاکە) و وا گوزارشتی لە ناسنامەی خۆی کردووە کە (خەونکڕە بەنرخێکی هەرزان و بە فلسێکی قەڵپ و سووتاو). وەسفی شوێنەکەشی بە (خەونخانە) کردووە. ئەمەش بەشێکە لە ناسنامەی شوێن. ناسنامە لەکردەوەدا شتێکی یەکجار گرنگە بۆ دۆزینەوە و ناسینی کەسەکان، دۆخەکان، شوێنەکان و کات و ڕووداوە و بابەت و شتە بەکارهێنراوەکانی نێو دەق.
شاعیر دەڵێت:

# لە کۆنە پراگ و کۆنە ڤییەنا و کۆنە بەرلین بە دوای کافکا گەڕام نەمدۆزییەوە، لە کۆنە هەولێر خۆی پێناساندم: من ئەوم. (٤٥)

دەتوانین بگەڕێینەوە نێو بیرەوەری مێژووی شەستەکان و پەنجاکان و دوورتریش، ئەو کات هەولێر کەسانی هاوشێوە و هاوڕەفتار و هاوگۆشەگیریی لێبووە، ئەوانە دەتوانین بێژین هاوکافکا ئاسا بوون.

دەنگ و دەنگدانەوە

یەکێک لەوبارە دیارەکانی نێو دەقەکانی (ع. ع. یووسف) بریتییە لە بەکارهێنانی (دەنگ) بەهەموو جۆر و شێوەکانییە، لەپێناو گەیاندنی پەیامێکی دیارکراو، کە هەندێکیان ڕاستەوخۆن، هەندێکیشیان ناڕاستەوخۆن.

لەوانە:

یەکەم/ دەنگی سروشتی: چەند نموونەیەک بۆ ئەم بوارە دەهێنینەوە کە دەڵێت:

# بە نەشتەرگەرییەک قغە قغیم ئاوازدار کرد، قەلەڕەشکە وا هەوکە دەچەهچەهێنێ.

# گوێ نادەمە قاوە قاو، قاوەی خۆم دەخۆم و فنجانێک بۆ ئایندەی سەگەکەم دەگرمەوە. (٣٣)

# بە دەوری مێزێکی شووشەدا، گفتوگۆی نەرمی فیمینستەکان بووە چەقە چەق: لەو هاوین و زستانە کامەیان مێیە تا لاگری بین! (٣٢)
# گیاندارێک بە دەنی بەرز وتی: ئاو خۆراکمە و ئاوێنەشمە، بژی ئاو بمرێ مرۆڤ. (٤)
# خۆ بەس باڵندە ناخوێنێ، تومبێلیش؟! (١٠)

دووەم/ پیت:

# خۆی واوخوازە و، دونیاش بەزنجیرێکی نەپساوە دەبینێ. (٧)
# جا جا دەهات و بە پێی جێ جێ جاجممانی بقوڕ دەکرد. (٢٨)
# ئەو حەوتەی سەر پیتی واو، بازە یا فڕۆکەی بۆرومان؟!
# چیت چان چیت چاند چیت چاند...؟! چە... چە... چە چەوەندەر..! (٧٠)

سێیەم/ دەنگی هەست پێنەکراو:

# گوێم لە دەنگی مێشکی خۆمە، باوکانە ئامۆژگاریی دڵم دەکات. (٢٣)
# مەپرخێنە شووشەی چرای ژووری تازەی بووکێنیت دەشکێ. (١١)
# لەناو دەنگی هۆڕنان لە خوا پارامەوە، کەڕم بکات. (١٢)

چوارەم/ دەنگی لاسایی و ئاژەل :

# لەگەرمای شەوێکی هاوینەدا، سەگ بە درۆ دەمیاوێنن و بەڕاستی ڕەشەمە دێنن. (٢٧)
# ڕازیم ئادەمیزاد سەمفۆنیایە، بەس دەنگی غۆریللای تێدابێ. (٣٤)
# تەنیا (حاجی) قادری کۆیی، لاسایی (حاجی) لەقلەق دەکات. (٢٤)
# مۆسیقارە و پرخەکەشی سەمفۆنیایە. (٢٥)

پێنجەم/ دەنگی ئاواز:

# چل ساڵە قەوانی گۆرانییەکی کلاسیکم لەسەر رەفکە داناوە، سەیرە! تا ئێستا تۆزپۆش نەبووە. (٢٥)
# بەرامپیلەکەت بنەخشێنە، تا گۆرانی بەسەر ئەویش هەڵبڵێم. (٥)
# ژووژک هەوەسیان بە مۆسیقای ڤاگنەر دێت. (٢٧)
# گوێی جازی ئەودیو کیشوەر دەبیسێ، هاوسات دەویشی ژاژی دەخوات. (٢٦)
# گۆرانیە تازەکەی: جین گیان... جین قوربان... وەرە مەچووە بەر دەستان. (٣٧)
# بلوێرم بۆ مامووت لێدەدا، ئەویش زەوقی خۆکوشتنی بزوا، بە غار چوو لەسەڕا خۆی تێهەڵدا ناو دۆڵی ئوتومبێڵی هەڵدێراو. (٤١)
# مۆسیقارە و پرخەکەشی سەمفۆنیایە. (٢٤)

شەشەم/ دەنگی بێ دەنگ (با)، (هەست):

# بیرم لە با نەدەکردەوە، لەسەر لمەلان بە ئەنگوستی گەورەی پێم لە پەسنی وڵات سروودێکم نووسی. (٢٥)
# بە مشارێک، سێگۆشانی هەورێکی سپیم بڕییەوە و خستمە جێی هەورێکی سووری چوارگۆشانی، فیت دەرچوو. (٢٦)
# بەرد ئامـاژەی دا ، چیدی بە دەستان مەمتراشێنن، (با) و (ئاو) و (زەویلەرزە)م بەسە. (١٣)
# هۆیها.. دۆیها!؟! گشتیان سەد دەر سەد پێشبینیان کرد، ئەنجام وا دەرنەچوو. (٣٩)

حەوتەم/ دەنگۆڕکێ

# دەنگۆڕکێم لەگەڵ پڵنگ کرد، نەمزانی، تۆمەز ئەویش لەگەڵ گڕەگڕی ئاشێکی بێ گریز دەنگۆڕکێی کردبوو. (٥٥)

بەکارهێنانی دەنگ لە کاری گێڕانەوەی ئەدەبی لەتەک ئەوەی کردەیەکی فەنتازیی و وێنەیەکی هونەریی سەرنجڕاکێشی مانادار بە مەبەستێکی تایبەت (هاوشێوە، پێچەوانەوە، هاوشێوە، ڕەتکردنەوە، کۆمیدیی، ڕەخنە، ڕەتکردنەوە، دروستکردنی شتێکی نوێی جیاواز... تاد) بەکاردەهێنرت، لەهەمان کاتدا یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی کردەی گێڕانەوە،

نووسەر پشت بە بەرجەسەتەکردنی دەنگە تایبەتییەکان دەکات، لەوانە دەنگی کەسەکان و ئەو بەشانەی کارە ئەدەبییەکەیان لێ پێکدێت، لەپێناو کردنەوەی کەناڵی پەیوەندیکردن بە هەستەکانی خوێنەر، هەروەها توانای پێ دەبەخشێت تاکو بچێتە نێو پانتایی فکرییەوە، کە لەم ڕێگەیەوە پیشەی گێڕانەوە دروست دەکات. (حسام معروف، ٢٠٢٢، .(https://www.eremnews.com/culture/books/4x4ujbn4u6

ڕێگاکانی دەرخستن و بەکارهێنانی دەنگی مرۆڤ، یان دەنگی کەسایەتییەکانی نێو لەپێناو گوزارشت لە ئامانجێکی دیارکراو لەلایەن دەقنووسەوە بەکار دێت، لەوانە:

**دەنگی هەژار و خۆشەویستی و شێتی:**

(نیکۆس کازانتزاکیس ١٨٨٣- ١٩٥٧) لە ڕۆمانی بەنێوبانگی (زۆربا) دەنگی کەسایەتییە سەرەکییەکەی کە ناوی (زۆربا)یە و کەسێکی نەخوێندواری هەژارە، دەنگی ئەو دەنگی سروشتی مرۆڤبوون و شێتایەتی و خۆشەویستییە بۆ ژیان.

**دەنگی جیاواز:**

بەکارهێنانی دەنگی جیاواز لەپێناو دروستکردنی دۆخی گفتوگۆ و گۆڕینەوەی زانیاریی و ململانێ و ناکۆکیی لەنێوان کەسەکان. ئەمەش پەیوەندی بە ململانێی بزاڤ و کردەی زهنییەوە هەیە.

**دەنگی ئازا و بوێر:**

لێرەشدا دەقنووس/ شاعیر پەنا وەبەر وەسفی کەسانێک دەبات، کە دەتوانن بڵێن ئێمە، ئێمەین. ڕەخنە گرن، ناڕازیین و شتڕەت دەکەنەوە، یان ئاژاوە دروست دەکەن و یاخین لەنێو شیعرەکانی (ع. ع. یووسف)دا ئەم جۆرە دەنگانە هەست پێ دەکرێت و کەسایەتی کارەکتەرەکان نیشاندەری بەشێکی دیاری ئەو دۆخە فکری و زهنی و ئەخلاقی و ڕەفتارانەن کە لای خوێنەر بەئاسانی دەناسرێنەوە، ئەم ناسینانەوەیش لەنێو زمان بەرجەستەیە.

**دەنگی بەرز و لە پێش**

لەم جۆرەشدا شاعیر بە مەبەست لەپێناو وەسفکردنی دۆخە سروشتییەکان، یان ئەو شتانەی دەستکردن و جێگەی گومانن دەنگێکی بەرز و خاوەن دەسەڵات و لەپێشی پێشەوە نمایش دەکات، بۆ ئەوەی بەپێچەوانە پێمان بڵێت ئەم جۆرە دەنگە مەرج نییە ئاسوودەبەخش بن. بەو واتایەی هەندێک دەنگ ، کە لەپلەی پێشەوە و لە دۆخێکی بەرزدان، واتای ئەوە نییە، ئەمانە خودان هێزن و ئاسودەن، یان سەرچاوەی هێزی و ئاسودەیین.

### دەنگی پەراوێزخراوەکان

جۆرێکی دیکەی دەنگی پەراوێزخراوەکانە لەنێو دەقدا، ئەو لەرووی فکرییەوە پێمان دەڵێت چی دیکە گەمژە و نەزان و کوێر مەبن، ئەوەی دەیبینن خۆی نییە. ئەمە ئەو شتانەن دەستکردن، ناتوانن ئێمە ڕزگار بکەن. بۆ زانیاری پتر بڕوانە (https://www.eremnews.com/culture/books/4x4ujb).
وەکو چۆن لای (ئەدۆنیس)یش وزە و هێز و چەمک و هەستکردنەکانی لە زمانی مۆسیقا وەردەگرێت. کە لە پێکهێنانی فرەیدا بەسەر هەموو زمانەکانی دیکەیدا زاڵە. ( وسام جبران، ٢٠٢٠، https://diffah.alaraby.co.uk/diffah/opinions/2020 ).
لە ڕاستیدا لەنێو گوتاری شیعریدا، شاعیر وێنە و نوێنەرایەتی کەسایەتییەکان و جۆری دەنگ و دەربڕین و هەڵچوون و هەتا دەنگەکانی نێو دەوروبەری نووسینی دەقەکەش، یان چیرۆکی گێڕدراوەی نێو دەقەکە دەکات. شاعیر باسی یەکێک دەکات، لەڕاستیدا دوور نییە ئەو کەسە ئاماژە بۆکراوە (دیارە نادیارە) هەر خۆی بێت، یان هەست و نەست و تێفکرین و کارتێکردنەکان هەمان شتن، کە کەسێکی دیکە هەیەتی و باسیان دەکات. شاعیر هێندە هەستیارە، هەستەکانی وەکو داوە مووە، تەونۆکەی جاڵجاڵۆکەیە، لەهەمان کاتدا دەریاکە، دەکرێت هەموو شتێکی تێدا بێت.
دەنگی جیاواز، دەنگ لەپێناو گفتوگۆ، دەنگی ناڕازیی و یاخیی، دەنگی پەراوێزخراو، دەنگی دەسەڵات و هێز بەدەستەکان،

دەنگی هەڵپەرست و دەنگی سروشت، ئەو دەنگانەی هەست پێ ناکرێن، هەموویان گوزارشت لە گێڕانەوە و کەسایەتی و ناسنامەی ئەو کەس و شتانە دەکەن، کە شاعیر لەنێو گوتارەکەیدا جێگایان بۆ دەکاتەوە.
لەنێو تاکدێڕییەکانی شاعیر توانیویەتی لەپێناو بەهێزکردنی توانای (گوێگرتن لای خوێنەر) دەیان دەنگی جیاواز دروست بکات.

**ڕەقەمنووسی، ژمارە و مەبەست**

لەنێو تاکدێڕییەکانی (ع. ع. یووسف)دا بایەخێکی زۆر بە ژمارە دەدرێت و بەشێوازی جیاوازیش ژمارەی نووسیوە و بەکارهێناوە. هیچ گومانی تێدا نییە بەکارهێنانی ژمارە خۆی لەخۆیدا پەیوەندییەکی پتەوی بەڕیشەی بیرکردنەوە و لێکدانەوە و دونیابینی و حیساباتی جیاواز هەیە، کە مەرج نییە ژمارەکان تەنیا مەبەستی ڕەقەم و ژماردن و ژمارەی ئاسایی و سروشتی بگەینن. لە نێو کەلتوورە جیاوازەکان ژمارە (مانا و بیرۆکە و مەبەستی جیاوازی فکری و کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی و لێکدانەوە و پێشهات و نەریت و هەتا بیرۆکەی فەلسەفیش) دەگرێتەوە.
(فیساگۆرس ٥٨٠-٤٩٠ پێش زایین) کە زانایەکی ماتماتیکیی یۆنانییە، یەکەم بنەماکانی ئەم زانستەی دامەزراند و (فیساگۆرس) بە باشی شارەزای زانستی عیرفانیی بابلی و

میسری بووە، بۆی دەرکەوتووە کە لەرزینی تارەکانی ئامێری مۆسیقا دەنگی هاوسەنگ بەرهەم دەهێنێت. ئەو ئەم دەرەنجامانەی بۆ هەموو گەردوون گشتگیر کرد، بەم شێوەیەش باوەڕی (فیساگۆرس) ی بە دەسەڵاتی ڕەهای ژمارە پتەوتر کرد، کە گەردوون بەڕێوەدەبات و لەهەمان کاتیشدا پەرەی بەو بیرۆکە و تیۆرانە دا. لەمەش پتر توێژەرانی ئەم بوارە پێیان وایە: بە پشتبەستن بە فەلسەفەی (فیساگۆرس) هەموو زاناکانی بواری ژمارە بڕوایان وایە، کە پەیوەندییەکی کاریگەر لەنێوان مرۆڤ و ژمارەکانی دەوروبەریدا هەیە. ئەوان جگە لەبەهای چەندایەتی ڕەهەندی چۆنایەتیش بۆ ژمارەکان دەگەڕێننەوە. ئەو زانیاریانەی ژمارەکان پێشکەشی دەکەن، پێویستە یارمەتی هەموو مرۆڤێک بدات باشتر لە کەسایەتی خۆی تێبگات و ئامانجەکانی ژیانیشی ئاشکرا بکات. (جمال القیسی، ٢٠١٦، https://www.eremnews.com/culture/books/495165). بەو پێیە دەتوانین بڵێین لەزۆر بواری دیکەی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤ، ژمارە لێکدانەوەی بۆ کراوە و بەها و پێگە و کاریگەریی و ڕەهەند و پەیوەندییەکانی بە دەوروبەری مرۆڤ و خواست و هەڵسوکەت و چۆنیەتی بیرکردنەوە و کەسایەتییەوە دیارکراوە. ژمارە وەکو زانست، هەروەها وەکو نەریت و کەلتوور و بەهای کۆمەڵایەتی و دەروونی و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی مرۆڤیش کاریگەری لەسەر مرۆڤ دروست کردووە. لەنێو شیعریشدا بەشێکی ئەم ژمارانە وەکو فکر و مەبەست و پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان مرۆڤ بەکارهێنراون، دوور نییە هەندێکیش

لەو ژمارانە بەشێوەیەکی ڕەشۆکی و دوور لە ڕەهەندە فکری و نەریت و کەلتوورییەکان بەکارهێنرابن.
من لێرەدا ئاماژە بەو ژمارانە دەکەم، کە لەنێو دیوانی (نانۆ تاتۆ دەکەم) بەکارهێنراون:

**حسێب و ژمارە و مەبەست**

**حسێب**

زمانی ژمارە بەلای شاعیر زۆر گرنگە، لەم دیوانە تاکدێڕییە و لە هۆنراوە درێژەکانیشی بەکاری هێناوە و لە نوێنووسە و نوێشێواز زۆر کاری لەبارەیەوە کردووە و خستوویەتییە چوارچێوەیەکی زانستی. بۆیە ئەگەر بەوردی سەرنجی لێ بدەین لەنێو (نانۆ تاتۆ دەکەم) دا دوو جۆر حسێب و بەکارهێنانی ژمارە هەیە:

یەکەم: بە ژمارە، دووەم: بە نووسین.

ئەم تاکدێڕایانەی ژمارەی بە ڕەقەم تێدا بەکارهێنراوە بریتین لە:

# وێنەی بەرگ گشتی لە مێشکی نام، ئیدی ئەو (٤٠٠) لاپەڕە کتێبە، بۆ بخوێنمەوە؟!. (٣)
# لەگەڵ مرقەی تەگەی ساڵی ٢٧٧٧ ز، پاشینیان ئیشیان بە پێشینان نامێنێ. (٦)
# بەناو کەفدا، غاردانێکی ١٠٠م دەکا. (٩)

# قەمە لە نووستووەکە درا، لە ٣١ جێ خەونەکەی بریندار کرد، لە ١٣ ش جەستەکەی. (١٠)

بۆ نموونە (١٣) ژمارەیەکی باش نییە و بە خراپ دادەنرێت. بۆیە نەک خەونەکەی بەڵکو جەستەکەشی بریندار دەکات. ژمارە یەک بەواتای (سەرەتا، دروستبوون، تاکرەوی، سەربەخۆیی، خواست، هێز و ئیرادە، بەستراوەتە بە چالاکبوون و هێز و سەرکردایەتی و دەستپێشخەری و بینین و سەرکەوتن و پشت بەیەک بەستن بە خود و ڕێکخستن، ئەمەش بەستراوەتە بە خۆر و ڕەنگی سوور و ڕۆژی یەکشەممە، ئەم ژمارەیە وامان لێ دەکات لە توانا ڕۆتینییەکانی خۆمان دەرچین و بەرەو سەرکێشی و خۆسەلماندن و بیروباوەڕکانمان و بیرۆکە و هەستەکانمان بچین) و ژمارە سێ بە واتای گەشبینی و داهێنان و پەیوەندیکردن و قسەکردن و دۆستایەتی و ڕەوشتی باش و کاری سۆزداری دێت، یان بەکردەی دروستبوون و شتێکی دروستبوو دادەنرێت و پەیوەندی بە فراوانبوونی گەشەکردن و بیرکردنەوەی لەناکاو و بێ پێشەکی هەیە، کردەی بیرکردنەوەکەش سێینەیە (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو) بە واتایەکی دیکەی سێینەی (بیرۆکە، وشە، کار)، یان (فکر، دەرککردن، ئیرادە) دێت. دەبەسترێتەوە بە ئەستێرەکان و ڕەنگی زەرد کە ڕەنگی فکرە. (د. قیصر زحکا، (http://maaber.50megs.com/issue_april18/alternative_medicine1.htm).

ئەگەر ژمارەی (یەک) و (سێ) لێکبدرێت، هەموو ئەو شتانە

دەتوانرێت لەنێو مانا و مەبەست و ویستی شاعیر لە نێو ڕەهەندی بەکارهێنانی ئەم ژمارەیە بدۆزینەوە و بەیەکیان ببەستینەوە، بێگومان ژمارەکانی دیکەش بەهەمان شێوە هەر یەکەیان لەلایەن زاناکانی بیرکاریی و فەلسەفە و فکر ژمارەیەک مانا و مەبەست و بەها و پێگەیان بۆ دانراوە، کە پەیوەندییان بە فکر و کەسایەتی و ژینگە و هەڵسوکەوت و نەریت و کەلتووری مرۆڤەکان و کۆمەڵگاکانیان هەیە.

# لەدوا ساتەی دوایین ڕۆژی ساڵێکی ٣٦٦ ڕۆژیدا، کاندراوێکی عێراقیم لێ ونبوو. (١٨)

# ٣٩١٨٠٤٦ نامەی دڵداریی بۆ ڕەوانەکرد، لە دوانامە نووسیبووی: ببورە من ئاشقی تۆ نەبووم، من ڕاهێنانی نامەنووسییم دەکرد. (٢٩)

# چێڵێک بەزمان دەیلێستەوە، بیری هاتەوە چی خوێندۆتەوە لە ستوونی دووی لاپەڕە ٨٩ی کتێبی گەپنامە لەبارەی پەیوەندیی جۆشداری نێوان گیاندار و مرۆڤ. (٣٠)

# دیوار و دیوار بەپێیان ١٥ کیلۆمەتر ڕۆیشتم، بەو درێژییەی نووسینێکی لەسەرە، دەمخوێندەوە، هەرچیم کرد، خۆم بەخۆمم کرد!. (٣٥)

# لە ٩٩٪ تیۆری ڕێژەییەکی ئەنشتاین گەیشتم، لە ١ ٪ یش لە زمان دەرهێنانی خودانەکەی نەگەیشتم. (٥١)

# ژێر زرێبار، لەخانووی ژمارە (١٩)ی هاوهۆزم دەگەڕام، پێکەوە دانیشتین سەیری ئەلبۆمی کۆنە وێنەی بەر لە خنکانمان بکەین. (٥٣)

# کەچەڵ ٪۱۰۰ پاڵەوانێکی کوردە. (۸۵)
# بە سواری ۹۳۱۵ پاسکل هێرشمان کردە سەر دەریا بۆ دزینی ۵۱۳۹ پەنگری بن ئاو. (٦٧)
# کێشی پەنجا و ۹ کیلۆیە و بە قورسایی ۳۷۱۹ کیلۆگرام مێژووی بە قیلمقاسە هەڵگرتووە. (٦٧)
# زانستیار تۆ لە سۆزیار بە سۆزتری، زانستیش خۆی ۱۰۰ ٪ سۆزە. (٦٩)
# بە رۆشنایی مۆم و چەهچەهەی بولبول، لەناو قوڕاودا بە ئەندازەی تۆرێک ۵۱ ماسی گرت، لەناو زگی هەر یەکەیان وشەییێکی تەلیسماوی هەیە. (۷۰)
# گومانم کرد.. بەدگومان، ئەنجام ٤۹۱ فلسی سەردەمی جەمهورییەتم پێبڕا. (۷۲)
# لە ۱ی نیسان، مرۆڤ نژنێندرا. (۷۳)
# دڵ ناوەندی جەستە بوایە، دەگوترا ئەڤین ۹۹ ٪ ڕاستە. ( ۷۳)
# وایە... وانیە؟ لە ۱۰۰ ٪ بەوایە، ئەگەر مۆرانە لێبگەڕێ. (۷۵)
# ئەو ۳۲ ددانە کەم نان دەخۆن و زۆر لەوچە دەکەن.

تاکدێڕییەکانی ژمارەی بە پیت نووسراو:

# هەر دە پەنجە بێگوێدانە هاوڕەگەزیی، لەسەر ئەموستیلەیەک شەڕیانە. (۳)
# بە جووت لێوی خۆی مێلەشەی ماچکرد و بەجێی ماچکراو کراسێکی دامەندرێژی پێشکەش کرد. (۳)
# لە دۆژەدا، ڕۆژێ سێ جار خۆی بە ئاگر دەشواتەوە. (۵)

# پڕۆفایلێکم بۆ کێشا، هەر دوو چاوی دیارە، کەپوەکەشی ببووە جووت لووت. (٥)
# لە دڕەڕێی  پاش کاژمێر دوازدە و نێوی شەو، لۆرییەکان یا دەڕشێنەوە یانیش خۆوەردەگێڕنن. (٧)
# شەوێکیان هەزار خەونم بینی، خەونێکی تری لەگەڵ با خۆشتر دەبوو! (٧)
# بازنەیی، حەوت مار کلکی یەکتر دەگەزن، لە ناوەندیش دووپشکێک چزووی ڕەپە. (٨)
# ئەو حەوتەی سەر پیتی واو، بازە یا فڕۆکەی بۆردومان؟!. (٨)
# بە هەزار جۆرە سومبە تەوش و تەراشی بکەی، ئەو بەردە نابێتە پەیکەر، ناوەوەی هەیوولایە. دەرەوەی هەیوولایە، بشیگۆڕی هەر هەیوولایە. (٩).
# بە سێ پیتان داستانێکی نووسی، بەقەد تێکڕای داستانەکانی جیهان. (١٠)
# هۆ کوڕە تاقانەکەی زولەیخا، لە خەونیش هەر تەنیای! (١١)
# هیچ گازاندە دەکات: من شتێکم (سفر)یش شتێکە، مەمانکەن بە هاوتاو هاوبەها. (١١)
# ژمارەیەک تاک بێ، گیاندارە، کۆش ڕووەکە، (تاک – کۆ)ش نەدیارە. (١٢)
# بەڕەژووی چینی دە پرسیارم برژاند، جا پوخت بە وەڵامان تیر بووین. (١٣)
# شەوفڕ خۆشە، ئەگەر بچیە گرانادا و  سێ فرمێسکان بەردەیتەوە بۆ دوا گای شەهیدی گابازی. (١٤)

# کۆچبار، نووسندباد بەرەو ناخی دەروون حەو گەشتان بکە، یەک لەیەک جیاتر. (١٥)
# ژمارەی چاوەکانی ئافرەت لە ئی پیاو زیاترن. (١٥)
# ئامێرێک نۆهەت و نۆ پرسیار دەکات، مرۆڤیش لە نۆهەت و هەشت ڕەتناکات. (١٥)
# لەناو پیرە هەولێر، هەولێرێکی تر هەیە، لەوایە حەوت کۆنە پەرتووک بەرەواژ بخوێنمەوە بیدۆزمەوە. (١٦)
# من حەز بەجەستەت دەکەم، لە تەمەنی شێست بە سەرەوەتر، میکرۆب. (١٨)
# مانگ لە چواردەیە، ژوانم لە گەڵ کچێکی جواردە ساڵەیە، منیش کوڕێکی دوو چواردە ساڵەم. (١٨)

**ناو و ناولێنراو**

یەکێک لەبوارەکانی دیکە نێو تاکدێڕییەکانی (ع. ع. یووسف) ئەوەیە بایەخ بە بەکارهێنانی (ناو) دەدات، ئەو ناو بەشێوە ئاساییە باوەکەی بەکار ناهێنێت، بەڵکو دەیەوێت نووبنەوانێک و نوونووسێک و نووشێوازێکی پێ دەبەخشێت، تەنیا بیر لەوە دەکاتەوە لە بەکارهێنیشانیش نووکارێکی پێ ببەخشێت.
ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی شاعیر لەم تاکدێڕیانە و لە دەقەکانی دیکەشیدا لەتەک شیعر هەمیشە نیوەی خەیاڵی بەلای زمان دەچێت، زمانێکی جیاواز، داڕشتنی ناو و لێکدانی ناو و شتەکانی دیکە، بۆ ئەوەی لە کەرەستە باوەکە ، کەرەستەیەکی

ناوباو دروست بکات. لە کردەوەدا ئەو شاعیرێکە وەکو پاشای زمان هەڵسوکەوت دەکات، پاشایەک حوکم ناکات، بەڵکو دەیەوێت زمان فراوان بکات و نووهێز و نووتوانا بە وشە ببەخشێت.
(ناو) بەشێکی گرنگ و بنەڕەتی زمانە، بەڵام ئەو وەکو خۆی بەکاریان ناهێنێت، بەڵکو ناو +خەیاڵ + دۆزینەوە + بەکارهێنانی نوێ، بەرهەم دەهێنێت.
شاعیر لە هەندێک شوێن دەبێژێت:

# لەسەردەمی پسمام و دۆتمام، سڕا ناوی پسخاڵ و دۆتخاڵ. (٣)
# ئەو ناوەی لەمنە پڕ بە خۆم نییە، ئەمەی گوت و هەڵنگوت. (٦)
# گەمژە هەر وەکو ناوێک مایەوە، خۆی نەکرد بە فرمان. (٨)
# پاش شەڕی گۆگمێلا، هەولێرەییەکان ناویان لە منداڵی خۆیان نا: ئەسکەندەر. (١٥)

با بۆ خوێنەری ڕوون بکەینەوە (گۆگمێلا) چییە. ئەمە شوێنگەی شەڕی ئەسکەندەری گەورە و داریۆشی سێیەمە، لەوشەڕ لەشکری فارس شکستی هێنا. واتە ئەو لەڕووی مێژووییە ئەوەمان پێ دەڵێت بۆچی هەولێرییەکان ناوی ئەسکەندەریان هەڵبژاردووە. ئەمە پەیوەندیی بە ئەنجام و کردەی شەڕەوە هەیە. گەڕانەوە بۆ مێژووی دەرکەوتن و ناسین و بەکارهێنانی ناو، گەڕانەوە بۆ کەلتوور و چۆنیەتی دەرکەوتنی ناوێک.

# مێیەکی مێپەرست لە ناسنامەدا ناوی باوکی خۆی لادا، ناوی دایکی خۆی دا پاڵ خۆی، پاشانیش ناوی باپیری خۆی لادا و ناوی داپیری خۆی نووسی. (٢٢)
# تەنیا (حاجی) قادری کۆیی، لاسایی (حاجی) لەقلەق دەکات. (٢٤)
# ئامیر نێرمرۆیە و حەز لە مێمرۆ دەکات، فەرهادی لادا، سەر لەنوو داستانی ئامێر و شیرین نوسرایەوە. (٣٤)
# لەناو تۆماردا نووسیاریکی نیمچە خوێندەوار نەینووسی ئادەم و حەوا نووسی: حەواو ئادەم. (٣٦)

شاعیر بەمەبەست (ئادەم و حەوا) شوێنگۆڕکێ پێ دەکات، یان ئامێر بە نێر و مێ دادەنێت و جیاوازی ناو، ڕەگەز نمایش دەکات، تاکو دەگاتە ئەوەی (شیرین و ئامێر) وەکو ناو، بوون، هەست، پەیوەندیی یەکسان دەکات.

فرماندن، یان کاراندن

لایەن وپێکهاتەیەکی دیکەی زمان (کار/ فرمان) ە، کە هیچ زمانێک بێ بکەر و کار نابێت، ئێمە بەکارهێنانی زمان لەپێناو ڕاپەڕاندنی کارێک بەکاردەهێنین و خودی زمانەکەش لە (کار) پێکدێت. کار مرۆڤایەتی پێشکخست و کۆمەڵگەی گەیاندۆتە ئاستێک، کە ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین ئەنجامی کارە. زمانیش بە بوونی بنەما و ژێرخانی کار/ فرمان گەشەی کردووە. تەنیا بەوەش دەتوانرێت کات و شوێن و مەبەست و پەیام و هەواڵ و زانیاریی و پرس و هوشداریی و گێڕانەوە و مێژوو، کەلتوور، فکر.. تاد بەرجەستە بکرێت.

بۆ ئەم شێوازە بەکار دەهێنێت؟ بێگومان هۆکار و دزۆینەوەی ئەنجامەکە لای خودی شاعیرە، بەڵام من وای مەزەندە دەکەم لە چەند بوارێک لەپێناو (فراوانکردنی زمانی کوردی و وشەی فەرماندراو، لە وشەی نا فەرماندار و کورتترە، ئەم کورتییەش یەکێکە لە هۆکارەکانی دۆزینەوەی ئەم شیوازە بۆ نووسینی تاکدێڕی و بەکارهێنانی کەمترین وشە. لەهەمان کاتدا بۆ مۆسیقا و ڕیتمیش گونجاوە. لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر دەیەوێ خاوەنی ستایل و شێوزێکی تایبەت بە خۆی هەبێت و دەقە شیعرییەکانی و زمانەکەی بەرهەم بهێنێت، ئەمانە خوێنەر مژول دەکەن بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکات بۆ دۆزینەوەی پێکهاتە و مانای وشەکان و ڕستەکان و ئەرک و مەبەستیان.
شاعیری تاکدێڕی لە دیوانی (نانۆ تاتۆ دەکەم) دا کاری کردووە جۆرێکی نوێ لەڕێگەی دۆزینەوەی هەندێک بەکارهێنان (فرماندن) ی دابڕێژێت، وەکو:

بوشکێنن (هیشکبکەنەوە) (٦)
بۆڵاندنی (بۆڵەبۆڵی کرد) (٩)
نەجەڕباند (تاقی نەکردەوە) (١٧)
دەیانکوێراند (کۆرەیان دەکرد) (٢١)
دەچەهچەهێنێ (چەهچەچە دەکات) (٢٣)
کلاند (کلی تێکرد) (٢٨)
دەمازێنن (ئامازەی بۆ دەکەن) (٢٨)
نێرڤاندی (نێرڤانانی کرد. (نێرڤانا): ئاوێتە بوون لەگەڵ پەرستراو، ئەگەر خواوەند بێ یا یار، یان شت وەکو لیرە دیارە

نێرڤاندی دەگوترێ: من و ئەڤینداره‌کەم یەکترمان نێرڤاند واتا بە شێوەیەکی سێکسیانە تا بوویتە یەک جەستە.
سێکساندی (کاریکی جنسی کرد) (٣٧)
یوگاندیان (یۆگای کرد) (٥٢)
دەییادێنم... دەمیادێنێ (یادی دەکەم... یادم دەکات). (٥٩)
زیزا (زیز بوو) (٦١)
پوودا (ژەنگی لێداوکونکونی کرد) (٦٠)
دەتهەڵمێنم (دەتکەم بە هەڵم) (٦٢)
مێیا (بووی بەمێ) (٦٢)

پیتی (ص)

بە ڕای شاعیر پیت و دەنگی (ص) پێویستە لە زمانی کوردیدا بەکار بهێنرێت، بۆیە بەپێداگرییەوە دەنگی (ص) بەکار دەهێنێت، چونکە پێی وایە ئەمە پیتێکی ڕەسەنە و بۆتە دەنگە خۆشەی سەر زاری خەڵک، بۆیە ئەو بەفراوانی بەکاری دەهێنێت و لەنێو دیوانی (نانۆ تاتۆ دەکەم) ئەم بەکارهێنانە بە ئاشکرا دیارە، ئەمە بە فۆنەتیکێکی خامانەی کوردیی دەزانێت، با ئەم نموونانە بهێنینەوە، کە شاعیر بەکاری هێناون:

# بە جوانیەکەی مانگ هەڵنەخەڵەتێی، مانگ مێ نییە نێرە و مێیانیش ئاوص دەکات. (١٧)

# لە ئاوزنگدا، هۆنراوەی صاف شیعرم پێدەنوسرێ، هەر خۆشم کەسی تر نام خوێنەریمە. (١٧)
# بە پەیامەوە هات، بەردبارانیان نەکرد، بە صۆندەی تانکەری ئاو ڕێژنەبارانیان کرد، ئەویش هەڵات. (١٨)
# لە کاتی سواربوونی پاص لەبیری چوو، نا هۆش لەبن پێستە یا گۆشتە یان ژێر هێسکە.
# مژاردم، ڕۆحی ئاوص لەسکی ئاوص زێترن. (٤٤)
# شەترەنج بکەم، قاوە بخۆم، یۆگا ببزووم، دەبمە: ڕامێن، صندان لە فەیلەسووفیش بدا. (٤٤)
# بە چزوەکەی قاڵکی کیسەڵی کونکرد و پێوەی دا، پاش چوارصەت ساڵ بەو ژەهرەی دووپشک مرد. (٥٧)
# صەت صاڵێکە چاوەڕوانم، فرمێسکی قەتیس بەسەر کوڵمیدا بڕژێت و من فۆتۆی کەم. (٧٦)
# بێشومار... بێنسوور، درۆی جوان صورمان، دەیکا بە شاعیر. (٧٦)
# ژیا کۆمێتی صورما، مۆرانە پەیکەرتاشە و لەخۆی هونەرمەندترە. (٧٧)

**پوختەی لێکۆڵینەوە**

یەکەم: شاعیر سەرسامە بە هەندێک لە فەیلەسووف و شاعیر و زانای جیهانی، لەتەک ئەوەشدا نایشارێتەوە ئەو سوودی لە

هەندێکیان وەرگرتووە و چۆتە نێو کەلتووری یۆنانییەکان. ئەو لە دیدارێکدا ئاشکرای کردووە، کە سەرسامە بە (سێوران) و پێشتر ئاماژەمان بەم کاریگەرییە کردووە و شیکاریمان بۆ هەندێک لایەنی ئەم کاریگەرییە کردووە. ئەو سوود لە بۆچوونەکانی (هیراکلیتس) فەیلەسووفی یۆنانی وەردەگرێت کە یەکێکە هزرمەندەکانی بواری دیالکتیک و لەنێوان (٥٤٤- ٤٨٤) ژیاوە، کە بەلایەوە ئاگر توخمی هەرە کارای سروشتە بۆ گۆڕانکاری و جوولانەوە. لە ئاگر بەپێی پێداویستی لۆگۆس (عەقڵ و یاسای گەردوون) هەموو شتێکی خوولقاوە.

ئەو کە ئەم لەتەنووسە تاکدێڕیانەی نووسیوە، پێدەچێت پاشماوەی نووسینێکی گەورەی درێژ بن، دوای پیداچوونەوە و چڕکردنەوە و لێکدانەوە و دۆزینەوەی تەکنیک و ستایلی نوێ، هێندەی لێ ماوەتەوە و بۆ بەرهەمهێنانی تاکدێڕی لە ناواخن و پێکهاتە سوودی لێوەرگرتوون، وەکو:

# کۆکبوونی شاراوە، چێترە لە ئی دیار.
# بەلای کەر (کا) لەزێڕ باشترە.
# ساغی و ناساغی هەر یەکە.
# لەچێوەی بازنەدا، دەستپێک و کۆتا هەر یەکە.
# لەهەر بێژەیەکی ، شێت دەشڵەژێ.

دووەم: لە نووسینەکانی زمانی سۆفیگەریی ئیسلامی بەدی دەکرێت، ئەم زمانە پڕ وشە و دەستەواژەی پڕ حیکمەت و

دانایییە، وەکو (حەللاج ٨٥٧- ٩٢٢ز)، سەهروەردی ، نەفغەریی، ئیبن عەرەبی و تاد.
سێیەم: ناتوانین ئەوە نەڵێین کە شاعیر تاکدێڕییەکانی (فریدریک نیچە ١٨٤٤- ١٩٠٠) ی خوێندۆتەوە، ئاگاداری شێواز و بیرکردنەوە و تەکنیکی نووسینی فەلسەفی و فکری ئەوە، ئەمەش ئەوەمان بۆ ساخ دەکاتەوە، کە هەموو کەلتوورێکی مرۆڤانە، پەیوەندیی و کاریگەریی و سوودبەخشین و کەلک وەرگرتنی تێدایە.
(نیچە) دەڵێت:

#لەسەردەمی ئاشتی، جەنگاوەر دژ بەخۆی دەجەنگێ.
#لە تۆڵەسەندن وەک لە ئەڤین، ئافرەت لەپێناو دڕندەترە.

شێتی تاکەکەسان دەگمەنە، بەڵام لەناو کۆمەڵە کەس باوە، هەروەها لە حیزب و گەل و سەردەم. (احمد هاشم الشراهنة، مجلة الاقلام، بغداد، العدد ٧-٨-٩ سنة ١٩٩٧)
چوارەم: ئەو نایەوێت وەکو هیچ کەسی دیکە بنووسێت، ئەگەر پێش ئەویش هەندێک بانگەشەی ئەزموونانددنی تاکدێڕنووسیان کردبێت، بەردەوام نەبوون، کەچی (ع. ع. یووسف) دیوانێکی تایبەتی بۆ ئەم تاکدێڕیانە تەرخان کردووە و ئەو خۆشی دەبێژێت من لەڕووی ستایل و تەکنیکەوە لە هیچ کەسێکی دیکە ناچم و خاوەنی تایبەتمەندی خۆمم.
پێنجەم: تاکدێڕییەکان ستایلێکی نوێ نین، لەلایەن نیچە و ئەوانی دیکەشدا بەکارهێنراون، لە ئەدەبی کلاسیکی عەرەبی و

کوردیشدا ئەگەر لێکۆڵینەوە بکرێت، تاکدێڕی هەیە، بۆیە وەکو کەلتوور و ستایلێکی جیهانی بەکارهێنراوە، بایەخ بە چڕکردنەوە و گچەکردنەوەی پێوانەی نووسین و بەکارهێنانی کەمترین وشە و کورترین ڕستە و لەم ڕێگەیەشەوە زۆرترین و گەورەترین مانا و مەبەست و گوتار و شت دەڵێت.
شەشەم: ئەو ناتوانێت لە پێشەوەی نوێبوونەوە و سوودگر لە پێشکەوتنی تەکەنەلۆژیا و کردەی پەیوەندیی سەردەمیانە و گەیاندن و نوێستایل نەبێت، ئەو هەر شاعیر نییە، بەڵکو لە گۆشەنیگایەکی فکری و فەلسەفیانەش گوزارشت لە مەبەست و ناکۆکی و ململانێی کۆمەڵگە و تاک دەکات.
حەوتەم: لای من تاکدێڕییەکان هیچیان لە شیعرێکی درێژی چەندین بەیتی کەمتر نین، ئەو بەجۆرێک قسە دەکات، زمانەکەی سادەیە، وشەکانی هەڵبژێرراون، بەشێک لە گوتنەکانی لەزاری خەڵکی چنیوەتەوە و دەستکارییەکی شاعیرانە و فکری و بنازۆیانەی کردووە. ئەو بەدوای ڕۆحی دەقەکەدا دەگەڕێت، نەک درێژیی و شیکردنەوە و هێنانەوەی نموونە و وێنەی هەموجۆر و تێکخستنی دەیان بابەتی دیکە، بۆ ئەوەی قەناعەت بە خوێنەر بکات، بە واتایەکی دیکە شتێکی کاریگەر پێشکەش بکات.
هەشتەم: ئەو دەیەوێت خوێنەر ماندوو بکات، بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە و بەدووی سەرچاوەی دیکەدا بگەڕێت بۆ دزۆینەوەی مانا و مەبەست و باکگراوندی شتەکان و ڕیشە و مێژووی وشەکان و پێکهاتەکانی نێو دەقە شیعرییەکە. ئەو مامۆستا ئاسا

پرسیار دەوروژێنێت، دەڵێت خوێنەری زیرەک، زیرەک بە و پێم بڵێ چیم لێت دەوێت و چۆن لەم دەقە گەیشتووی.
نۆیەم: زمانی گاڵتە و کۆمیدیای ڕەش و بەکارهێنانی هەندێک وشەی نێو خەڵک، کە کەسانێک بە شایستەی نێو شیعریان نازانێت، لای شاعیر بەشێوە سروشتییە ئاساییەکە بەکارنەهێنراوە، بەڵکو ئەم وشانە بۆ بیرکردنەوەی لۆژیکی جیاواز لەواقیعی بەکارهێنراوی وشەکان خراونەتە نێو دەقەکانەوە. ئەمانە بەهیچ شێوەیەک سووکایەتی و کەمکردنەوەی بەهای شیعر و لاوازکردنی دەقەکان و ڕستەی بۆش نین، بەڵکو تەژین لە مانایەکی جیاواز لە مانا ئاساییەکانی خۆیان، هێز بە وشە و بیرکردنەوە و لێکدانەوە دەبەخشن.
دەیەم: ئەو نایشارێتەوە ڕوانگەیەکی مارکسیانەی بۆ گۆڕانکاریی و دیالەکتیک هەیە، متمانە بە سەرمایەداری ناکات، بەڵام لەهیچ شوێنێک وشەیەکی ئایدیۆلۆژیانەی وشک و پیاهەڵدان و ڕەتکردنەوە و ڕیسواکردنی فکری ئەوانی دیکەی جیاوازی لەخۆی و کاردانەوەی نیشان نەداوە.
یازدەم: بڕوای بە گفتوگۆ و جیاوازیی و ململانێی نێوان دژەکان هەیە، ئەمەش هێز بە دەقە شیعرییە تاکدێڕییەکانی دەدات، زەمینەی گفتوگۆ فراوان و بەپیت و دوور لە توندوتیژی پەرەی پێدەدات.
دوازدەم: کەسێکی یاخییە، لە دەسەڵات و حزب دەترسێت، بەڵام یاخیی بوونی ئەو بەمانای ڕەشبینی و ڕەتکردنەوە و خۆکوشتن

نایەت، بەڵکو فەلسەفەیەکە لەپێناو نیشانداندانی ئایندەیەکی باشتر و بەختەوەرتر بۆ دەق و مرۆڤ و کۆمەڵگە.
سێزدەم: لە بەکارهێنانی جۆرێکی هەرە تایبەت، دەتوانین بڵێین: بەنووسینی سەر کاغەز و بەزمان گوتنی ناو کۆڕ و ئاخاوتن لە سازگەی داهێنان (سەنعات و سەلیقە و نەهرە)، (ع. ع. یووسف) پاشای زمانە.
چواردەم: شاعیر ناتوانێت لەکاریگەریی و سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی تەکنیکی ناودارە جیهانییەکان خۆی بپارێزێت، ئەمەش شتێکی سروشتییە، چونکە دەولاچکەی بێ نووێباوی نەکردووە، ئەو سوودمەندە لە کەلتوورە مرۆییە جیهانییەکە و شتەکانی بە کوردی کردووە.
پازدەم: ڕوون دەبێتەوە شاعیری هاوچەرخ دەیەوێت زۆرترین مەبەست لە کەمترین وشە و تەنیا یەکدێڕدا چڕ بکاتەوە، گوزارشتەکانی بەرەو فۆرمی فەلسەفە و گیانی شیعر و دروستکردنی واتای فرەڕەهەند و فرەگوزارشت دەچێت. گوتارێکی مەعریفی، کردەقسە و پراگماتیکییە لەپێناو ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی هەمەلایەنەی زمان.
شازدەم: هیچ وەسفێکی زیادە، یان ناساندنی شتەکانمان بۆ ناکات. بەواتایەکی دیکە شاعیر دەرفەتی لەبەردەم درێژگوتن و وەسفکردن و زیادەگۆیی و پێناسەی شتەکان نەهێشتۆتەوە، ئەو تا هێزی هەیە شتەکانی کورت کردۆتەوە، کەرەستەی چیرۆکێکی درێژ لە چەند وشەیەک پوخت چڕ کردۆتەوە.
حەڤدەم: شاعیری خاوەنی تاکدێڕییەکان لەپێناو دروستکردنی دەقێکی تەواوی پڕ لە مانا و وزەبەخش و فرەڕەهەند و تەکنیک،

لە هیچ شوێنێک لەبیری نەچووە، کە پێویستی بە سیناریۆیەکی مانا بەخشە، پێویستی بە کارەکتەر، کات، شوێن، بابەت، گفتوگۆ، گێڕانەوە، کورتکردنەوە، دارشتنەوەی شتەکان و بیرەوەری، مێژوو، کەلتوور هەیە.

هەژدەم: شیعرەکانی (ع. ع. یووسف) لە فکر و بیرکردنەوە و لێکدانەوە و وێناکردن دەدوێن، ئایا لەبیرتان چووە، کە وێناکردن پەیوەندییەکی پتەو و ڕیشەیی بەئایندەوە هەیە.

نۆزدەم: بەر لە نووێنووسی تاکدێڕیی و دیوانە تایبەتییەکەی (ع. ع. یووسف) لەبەرهەمەکانی پێشوویدا، کەمێک تاکدێڕیی نووسیوە لە چامەی (لم نیازمە) چاپکراوی ساڵی ١٩٧٨ بۆ نموونە:

# قوتابییەک دەڵێ: مامۆستا من حەزم دەکرد چوکلات بامە!

# تکایە لەمەو پاش بڵێ: ئەسپەکە جوانەمەرگ، عێدز دەبم گەر بڵێی تۆپی.

# دار بەڕووەکەم بە تەور هەڵقڵیشاند، دەزانی بۆ بەرەنگارم نەبوو، چونکە پەلبەست کرابوو.

# تەنیا بەهار هەموو عەیبەکانی خاک دادەپۆشێت.

لە دیوانی (کلکی کتکی پرسیارە) چاپکراوی ساڵی ٢٠٠٧، ئەم تاکدێڕیانەیی تێدایە:

# مار ، مامۆستای هەرچی مانیکانە! (٢٦)

# باپیر کوڕی نەوەی خۆیتی. (٢٦)

# کازمێر.... سیزیفە. (٦٣)

# ق... پیتی شوفێرابە. (٦٢)

# ئەژندەیە... پڕ ئەجندەیە. (٦٣)
# چ +ا+ت= بنهەنگل. (٦٥)

مەبەستمان لەم ئاماژەیە ئەوەیە شاعیر بەر لەچاپکردنی ئەم دیوانە، لە ساڵی ١٩٧٨ و دەکرێت پێشتریش تاکدێڕی نووسیبێت، بەڵام لە (نانۆ تاتۆ دەکەم) وەکو تایبەتمەند و دیوانێکی جیاواز و تایبەت دەناسرێت.

بیستەم: پێش بەکارهێنانی زاراوەی (تاکدێڕیی)، وشەیەک، یان زاراوەیەکی دیکە بەکارهێنراوە بەناوی (یەکڕستەیی)، وابزانم ئەمەش یەکەمجار لەو دەقە شیعریانە بەکارهێنراوە کە بەناونیشانی (٢٤ هۆنراوەی یەکڕستەیی) ل ١٨ی ئاداری ٢٠٠٧ لە ڕۆژنامەی (کوردستان ڕاپۆرت) بڵاوکراتەوە. دواتر لە ٩ی ئایاری ٢٠٠٧ لە هەمان ڕۆژنامە (کوردستان ڕاپۆرت) بەناوی (هۆنراوەی تاکدێڕی) چەند شیعرێکی دیکەی بڵاوکردۆتەوە و لەوەش بەدواوە (تاکدێڕی) وەکو زاراوەیەکی نوێ شوێنی خۆی وەکو چەمک و مانا و مەبەست دەگرێت، کە ئێستا لەنێو ئەدەبی کوردیدا بەکاردێت.

بیست و یەک: دەتوانم بڵێم (ع. ع، یووسف) شاعیرێکە خۆی بە چارەسەری کێشەکان و ئازاری خەڵک و نەخۆشییەکان ماندوو ناکات و ئەمەش بەئەرکی شاعیرانەی خۆی نازانێت. ئەو فەلسەفەی پشت بەستن بە چارەسەرکردنی دەرد و نەخۆشییەکان لە ڕوانگەی ئایین، کۆمەڵایەتی، ئەخلاق، نووزانەوە، گریێ دەروونی بەکارناهێنێت، بەڵکو شتێک دەڵێت و هاودژەکەشی دەخاتە ڕوو. ئەمە جیای دەکاتەوە لەوانی دیکە.

بیست و دوو: شاعیر بەشێوەیەکی سادە و زمانێکی ڕوون لەبارەی هەموو شتێک لە ژیان و کۆمەڵگە دەئاخڤێت، تەنیا هەندێک دەستەواژە و چیرۆک و گوتنی ئاسایی سەر زاری خەڵک بەکاردەهێنێت، هەندێک پێیان وایە ئەمە شیعر نییە و قسەی بێ بەهایە. لای من دوای لێکۆڵینەوە بۆم دەرکەوت شاعیر سادەیی گوتن و ئاخاوتنە ئاشکرا و چیرۆکەکانی بە فەلسەفە داپۆشیوە، فەلسەفەی کردۆتە مەبەست و ئامانج و گوتاری شیعرەکانی، کە لەکردەوەدا شیعر شێتی فەلسەفەیە.

## سەرچاوەکان بە کوردی و عەرەبی :

آ. العبدوللا، معنى لفظ الحمار فى القرآن: دراسة تحليلية سيميائية بنظرية رولان بارطيس، ٨ جێنوری، ٢٠١٦، https://www.semanticscholar.org/paper/%D9%85%D8%B9 ).

آ.د. عبدالرحمن بن محمد الصباح، مقدمة عن تقنية النانو الجنائية، مجلة العلوم الجنائية، العدد السابع، فبراير ٢٠٢١.

احمد عبدالرحمن العرفج، الحمار اعظم من افلاطون، ايلاف، العدد ٨٣٣١، ١٧ فبراير ٢٠٢٤، https://elaph.com/Web/ElaphWriter/2008/1/300208.htm .

احمد هاشم الشراهنة، شذرات و فواصل فريدريک نيتشه، مجلة الاقلام، بغداد، العدد ٧-٨-٩ سنة١٩٩٧.

اميل سيوران، https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A5%D9%85%D9%8A%D9%84_%D8%B3%D9%8A%D9%88%D8%B1%D8%A7%D9%86

اميل سيوران، اليآس: حبل الحياة السرى، ترجمة يوسف خديم الله، مجلة الشرخ، العدد ١٠١، ١ يناير ١٩٩٩.

تكنولوجيا النانو... الوعود كبيرة والمخاوف ايضا، https://qafilah.com/ar/%D8%AA%D9%83%D9%86%D9%88%D9%84%

تكنولوجيا النانو، https://ayshahhabash.home.blog/
تەڵعەت تاهیر، ع. ع. یووسف ن.ن. نویگەر، ڕۆژنامەی پەڕەمووچ، پاشکۆی کوردستانی نوێ، ئابی ٢٠٠٩.
ثائر حسين غازي، الشامل في مهارات التفكير، عمان، دار ديبونو، ٢٠٠٧.
جمال القيسي، لاتوجد صدفة في علم الارقام.. فالانسان رقم وحرف، ٢٤ مايو ٢٠١٦، https://www.eremnews.com/culture/books/495165.
جۆرج یۆڵ، مەبەستناسی پراگماتیک، وەرگێڕانی د. ڕەحیم سورخی،ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبیی عەبدولڕەحمان زەبیحی، سلێمانی، ٢٠١٦.
جيهاد فاضل، كتاب التليسي الذي سطا عليه آدونيس قصيدة البيت الواحد، جريدة الرياض ١٢ نوفيمبر ٢٠١٦.
حسام معروف، ماهو الصوت في العمل الادبي؟، ٢٠ نوفيمبر ٢٠٢٢.
.(https://www.eremnews.com/culture/books/4x4ujbn4u6
حەمە سەعید حەسەن، https://www.facebook.com/profile.php?id=100090810527179
حەمە سەعید حەسەن، https://www.facebook.com/profile.php?id=100090810527179

حەمە سەعید حەسەن،دەڵێی دەست بۆ پشکۆ دەبەم، خەون و کتێب، ڕۆژنامەی هەولێرسێشەممە ٩ی ١ ی ٢٠٢٤ ژمارە ٣٩٩١ دوا لاپەڕە.

حەیدەر عەبدولرەحمان، هاملێت.. کاراکتەریکی نەرم بۆ هەموو نەتەوەکان، ڕۆژنامەی خەبات، پاشکۆی هزر و هونەر، ژمارە ٢ هەینی ٢٩-٦-٢٠١٢.

خليفة محمد التليسى، قصيدة البيت الواحد، دار الشروق،القاهيره، ١٩٩١.

د. رحاب فايز احمد سيد، تكنولوجيا النانو فى مجال المعلومات والاتصالات، الفرص والتحديات، مجلة علوم، العدد الحادى عشر، اكتوبر ٢٠١٢.

د. قيصر زحكا، رمزية الارقام فى الحياة النفسية والعصبية، http://maaber.50megs.com/issue_april18/alternative_medicine1.htm

د. كريمة عبداللاه محمود، ، وحدة مقترحة فى كيمياء النانو وفقا لشفوف المقلوبة لتنمية الاستيعاب المفاهيمى، المجلة التربوية، العدد الثامن والستون، ديسمبر ٢٠١٩.

د. محمد الجويلى، دلالات اليد فى الثقافة العربية تجسد تطور الوعى التاريخى، جريدة العرب، ٧-٣-٢٠١٦، https://alarab.co.uk/%D8%AF%D9%84%D8%A7%D9%84%D8%.84%D8%

رمضان فوزى المنتصر، وحدة مطورة لتنمية الحس التاريخى والتفكير على استخدام الاسئلة ذات المستويات العليا من التفكير فى المرحلة الحادى والعشرون- تطوير المنهاج الدراسية

بين الاصالة والمعاصرة، الجمعية المصرية للمناهج وطرق التدريس، ٢٨-٢٩ يوليو، المجلد الاول، ٢٠١٣.
زيد محمود، الشاعر عباس يوسف: قصيدة السطر الواحد حلت محل الطويلة، PUkmedia، ٤-٢-٢٠٢١ .https://pukmedia.com/AR/details/?Jimare=154036
سرايا، تفسير حلم روءية الحمار فى المنام، ٢٤-٩-٢٠٢٢ ، .https://www.sarayanews.com/article/795880
سمکۆ محەمەد، گفتوگۆی ئەدەبی.. گەنگەشەی ڕۆژانە- بەشی چوارەم، گۆڤاری دیوان، ژمارە (٢٨)ی ئەیلوولی ٢٠٢٣ .
سمکۆ موحەمەد، گفتوگۆی ئەدەبیی.. گەنگەشەی ڕۆژانە (بەشی پێنجەم)، گۆڤاری دیوان، ژمارە ٢٩، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣.
سمکۆ موحەمەد، گفتوگۆی ئەدەبیی.. گەنگەشەی ڕۆژانە ، بەشی یەکەم، گۆڤاری دیوان، ژمارە ٢٥ حوزەیرانی ٢٠٢٣،
سمکۆ موحەمەد، گفتوگۆی ئەدەبیی، گەنگەشەی ڕۆژانە، بەشی دووەم، گۆڤاری دیوان ٢٦ تەموزی ٢٠٢٣.
شاگوڵ فواد، زانیاری گەورەترین ئینسککلۆپیدیای کورد، https://zaniary.com/blog/6506d61af1354/%D9%85%DB%8C%D9%86%DB%8C%D9%85%D8%A7%DA%B5%DB%8C%D8%B2%D9%85.
شيماء عبدالعال عبدالعليم، فاعلية برنامج اثرائى فى النانوبيولوجى لتنمية التفكير المستقبلى والثقافة النانوية لطلاب الصف الاول الثانوى، رسالة دكتوراه ، كلية التربية، جامعة حلوان، ٢٠١٧.

صدام ابو مازن، قصيدة السطر والرسم بالكلمات فى زمن مواقع التواصل.. الشذرة الشعرية تنافس اشكال الشعر العربى، ١٩-١٢-٢٠١٩، لجزيرة.

صدام أبو مازن، صنعاء، قصيدة السطر والرسم بالكلمات في زمن مواقع التواصل.. الشذرة الشعرية تنافس أشكال الشعر العربي،

الصغير الغربى، تكنولوجيا النانو تغير حياتنا، الجزيرة، https://www.aljazeera.net/tech/2014/12/31/%D8%AA%D9%8

صفات امين سلامة ، ضرورة تعليم وتدريس تكنولجيا النانو، جريدة الشرق الاوسط العدد ١٠٩٥٧ ، ٢٠٠٨.

طارق بن طلق المطيرى، دور تقنية النانو فى الحد من الكوارث. ورقة عمل مقدمة للجنة العلمية المعقدة بكلية التدريب فى جامعة نايف الحربية للعلوم الامنية (استخدام التقنيات الحديثة فى مواجهة الكوراث)، جامعة نايف العربية للعلوم الامنية، ٦-٨ فبراير، ٢٠١٢.

ظاهرة كتابة الشذرات من نيتشه الى كانيتى، مجلة نزوى، عمان، مسقط، ١ يناير ٢٠١٤،

ع. عەبداللە یوسف، لم نیازمە چامەیەکی درێژ، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٨.

عبدالباسط العرفاوى، https://arfaoui-ressources.blogspot.com/2014/10/blog-post_23.html

عبدالرحيم الخصار، ادب الشذرة كما يكتبه الايطاليون فى مختارات بالعربية، فن الكتابة المختصرة ينتقل من العصور

السابقة الى الحداثة العالمية، اندپيندنت، ١ يناير ٢٠٢٢.
https://www.independentarabia.com/node/290851/%D8.%AB

عبداللطيف الوراری، الكتابة الشذرية: هل هی بديل عن المطولات التی سادت الشعر العربی، ٤ نوفمبر- ٢٠١٨،
https://www.alquds.co.uk/%D8%A7%D9%84%D9%83%D8%AA%D8%A7%D8%A8%D.

عبدالله خالد حنفی، تصميم وحدة فی النانو تكنولوجی و تطبيقاتها قائمة علی التعلم البنائی لتنمية مهارات التفكير المستقبلی لتلاميذ الصف الثانی الاعدادی، المجلد الخامس والعشرين، مارس ٢٠١٩.

عەبدولخالق یەعقووبی، مینیماڵیزمی لەهەرادان لە هۆنراوە تاکدێڕییەکانی عەباس عەبدوللا یووسف.. دا ناوەڕۆکێکی ڕەخنەکارانە لە دەفتەرەشیعری "نانۆ تاتۆ دەکەم"، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە ٦٤، شوباتی ٢٠١٤.

عماد حسين حافظ اثر التفاعل بين اساليب عرض المحتوی ونمط الذكاء فی تنمية مهارات التفكير المستقبلی فی مادة الدراسات الاجتماعية لدی تلاميذ الحلقة الثانية من التعليم الاساسی، رسالة دكتوراه، كلية التربية، جامعة حلوان.

عماد حسين حافظ اثر التفاعل بين اساليب عرض المحتوی ونمط الذكاء فی تنمية مهارات التفكير المستقبلی فی مادة الدراسات الاجتماعية لدی تلاميذ الحلقه الثانية من التعليم الاساسی، رسالة دكتوراه، كلية التربية، جامعة حلوان ، ٢٠١٢.

عەباس عەبدوڵلا یوسف، ٣٠ هۆنراوەی تاکدێڕی، ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت ژمارە ٢٠١، ٩ی ئایاری ٢٠٠٧.
عەباس عەبدوڵلا یوسف، ٢٤ هۆنراوەی یەکڕستەیی، ڕۆژنامەی کوردستان راپۆرت، ژمارە ١٦٧، ١٨ی ئاداری ٢٠٠٧.
عەباس عەبدوڵلا یوسف، کلکی کتکی پرسیارە، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.
فتحی حمد شتوان، علوم وتقنيات النانو: تطبيقيها وآثارها واستراتيجية تطويعها في الوطن العربي، المنظمة العربية للتنمية والتعدين، الرباط ، المغرب، ٢٠١٠.
فراس حاج محمد، البحث عن القصيدة داخل الشذرات الشعرية، الدستور، ٣١ تموز ٢٠١٥، https://www.addustour.com/articles/100266-%D8.
فرناندو ليجيه، ويكيبديا، https://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%81%D8%B1%D9%86%D8%A7%D9%86%D8%AF_%D9%84%D9%8A%D8%AC%D9%8A%D9%87.
ڤیدەرگۆر، ٢٠١٨، https://www.sciencedirect.com/science/article/abs/pii/S18711871.
قصيدة البيت الواحد، https://www.aletihad.ae/article/11133/2012/%D9%82%D8%B5%D9%8A%D8%AF%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%A8%D9%8A%D8%AA-

%D8%A7%D9%84%D9%88%D8%A7%D8%AD%D8%AF.AF

قوباد جەلیزادە، لەتیف هەڵمەت، دڵشاد عەبدوڵڵا) چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٤.

کاوە عەلی مەردان، شیعری نانۆ وەکو فۆرمێکی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا ، گۆڤاری ڕامان ژمارە ٣٠٦، ٣/٥- ٤/ ٢٠٢٣.

ليندا ويليامز، وداد آدمز، تكنولوجيا النانو، ترجمة مروة حسن عبدالسلام، القاهرة، دار الفاروق للاستثمارات الثقافية، ٢٠٠٨.

محمد سبيلا و عبدالسلام بنعبد العالي، اللغة، دار توبقال للنشر، المغرب.

محمد شريف الاسكندراني، تكنولوجيا النانو من اجل غد افضل، الكويت، عالم المعرفة، ٢٠١٠.

محمد غريب عميش، النانوبيولوجي عصر جديد من علوم الحياة، القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ٢٠١٢.

محمود محمد سليم، تقنية النانو وعصر علمي جديد، مدينة الملك عبدالعزيز للعلوم والتقنية، الرياض ، ٢٠١٥.

هاشم سەراج، شیعری نانۆ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢.

وسام جبران، تعدد الاخوات وتواريها.. مقاربات موسيقية لشعر ادونيس، ٢٢ یونێو ٢٠٢٠، https://diffah.alaraby.co.uk/diffah/opinions/2020/6/22/%D8%AA%D8%B9%D8%A

وسام طلال، ماوظيفة اليد، ٤ یونێو ٢٠١٨، https://mawdoo3.com/%D9%85%D8%A7_%D9%88%D

8%B8%D9%8A%D9%81%D8%A9_%D8%A7%D9%84
.%D9%8A%D8%AF
ئارام سەدیق، وەهمی نوێگەریی لای وشەڕیزکارێک، گۆڤاری شیعر، ژمارە ٥ی ٢٠١٧،
یوسف قطامی، انتصار عشا، التفکیر الحدسی للمرحلة الاساسیة، عمان دار دیبونو، ٢٠٠٧.

**سەرچاوەکان بە ئینگلیزیی**

)https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AA%D9%82%D8%A7%D9%86%D8%A9_%D8%A7%D9%84%D9%86%D8%A7%D9%86%D9%88 .
https://www.sciencedirect.com/science/article/abs/pii/S187118711831183
https://www.synario.com/futures-thinking-and-scenario-planning/
48 OF THE BEST FREE VERSE POEMS FROM CONTEMPORARY POETS, https://bookriot.com/best-free-verse-poems.
*Allhoff ،Fritz ؛Lin ،Patrick ؛Moore ،Daniel , What is nanotechnology and why does it matter?: from science to ethics ., John Wiley and Sons , 2010*

Alvin Toffler, *Future Shock* (New York: Random House, 1970), 12. The book grew out of an earlier article: Alvin Toffler, "The Future as a Way of Life," *Horizon* (Summer 1965.

ANTHON P BOTHA, DEVELOPING EXECUTIVE FUTURE THINKING SKILLS, University of Pretoria, Department of Engineering and Technology Management, Graduate School of Technology Management, Private Bag X20, Hatfield, Pretoria, South Africa, 0028, https://www.technoscene.co.za/Resources/2016%20IAMOT.pdf

Arnall, Alexander, & Douglas Parr ,Moving the nanoscience and technology (NST) debate forwards: Short-term impacts, long-term uncertainty and the social constitution. Technology in Society, 27, 2005.

Arnett, J. J., Žukauskiene, R., and Sugimura, K. , The new life stage of emerging adulthood at ages 18–29 years: Implications for mental health. *Lancet Psychiatry* 1, 569–576. 2014 doi: 10.1016/S2215-0366(14)00080-7.

Atance, C.M., & Meltzoff, A.N. , (See References). This paper introduces a paradigm to test how children's

current states affect their reasoning about the future ,2006.

Carbon nanotechnology in the Damascus sword dating back to the seventeenth century, in English, archived copy on October 14, 2016 on the Wayback Machine website.

Carlo Montemagno, Ph.D 17-09-2011 .NanoSystems why bake machin, California.

Clark, M., Miller, A., Berry, J., and Cheng, K. , Mental contrasting with implementation intentions increases study time for university students. *Br. J. Educ. Psychol*. 91, 850–864. 2021, doi: 10.1111/bjep.12396

Clinton, Bill. (2000). Address to caltech on science and technology. Retrieved June 11, 2010, from http://pr.caltech/ events/presidential_speech/pspeechtxt.html

Cross, A., and Sheffield, D. (2019). Mental contrasting for health behaviour change: a systematic review and meta-analysis of effects and moderator variables. *Health Psychol. Rev.* 13, 209–225. 2019 doi: 10.1080/17437199.2019.1594332.

Drexler, E., Peterson, C. and Pergamit, G, Unbounding the Future: the Nanotechnology Revolution.- William Morrow and Company, Inc.- Available at: http://www.foresight.org/UTF/download/ unbound.pdf, 1992.

Edward Thomas,Verse is a term that refers to, various parts of poetry, such as a single line of poetry, a stanza, or the entire poem, https://poemanalysis.com/definition/verse/

Fernand Leger, Wikipedia, https://en.wikipedia.org/wiki/Fernand_L%C3%A9ger

Feynman, R. , There's Plenty of Room at the Bottom: An Invitation to Enter a New Field of Physics.- Engineering and Science magazine, XXIII (5).- Available at: http://nanoparticles.org/pdf/Feynman, 1960, pdf 9 – Drexl

For Jen Bervin, the hard part was figuring out what it should say. , https://www.huffpost.com/entry/artist-nano-prints-a-microscopic-poem-that-can-live-in-your-body_n_573e2495e4b00e09e89e7fa9

Free Verse, Explore the Glossary of Poetic Terms, https://poets.org/glossary/free-verse

Freestone, I. et.al. (2007) The Lycurgus Cup –A Roman Nanotechnology.- Gold Bulletin, 40/4.- Available at: http://master-mc.u-strasbg.fr/IMG/pdf/lycurgus.pdf

Gupta, R., Hershey, D. A., and Gaur, J. (2012). Time Perspective and Procrastination in the Workplace: an Empirical Investigation. *Curr. Psychol*. 31, 195–211, 2012 . doi: 10.1007/s12144-

Hava E. Vidergor, Promoting future thinking in elementary and middle school applying the Multidimensional Curriculum Model,

https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AA%D9%82%D8%A7%D9%86%D8%A9_%D8%A7%D9%84%D9%86%D8%A7%D9%86%D9%88

https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AA%D9%82%D8%A7%D9%86%D8%A9_%D8%A7%D9%84%D9%86%D8%A7%D9%86%D9%88

https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AA%D9%82%D8%A7%D9%86%D8%A9_%D8%A7%D9%84%D9%86%D8%A7%D9%86%D9%88

https://er.educause.edu/articles/2019/3/five-principles-for-thinking-like-a-futurist

https://www.aljazeera.net/culture/2019/12/19/%D8%A7%D9%84%D8%B4%D8%B0%D8%

https://www.aljazeera.net/culture/2019/12/19/%D8%A7%D9%84%D8%B4%D8%B0%D8%B1%D8
https://www.booksie.com/709558-nano-poetry
https://www.independentarabia.com/node/290851/%D8%AB%
https://www.independentarabia.com/node/290851/%D8%AB%D9%
https://www.independentarabia.com/node/290851/%D8%AB%D9%82%D8%A7%D9%81%D8%A9
https://www.independentarabia.com/node/290851/%D8%AB%D9%82%D8%A7.
https://www.nizwa.com/%D8%B8%D8%A7%D9%87%D8%B1%D8%A9
https://www.poetryinternational.com/nl/poets-poems/article/104-15836_An-Introduction-to-Nano-poetics
https://www.readpoetry.com/what-is-language-poetry / WHAT IS LANGUAGE POETRY?.(
https://www.sciencedirect.com/science/article/abs/pii/S187118711830066
https://www.thoughtco.com/what-is-a-free-verse-poem-4171539

Jackie Craven ,An Introduction to Free Verse Poetry,

Javan .T.G , nd forensic in cationsappli its and Nanotechnology.Biomed .Nanotechnol .Appl .Divers , Ed Soni, 2014.

Jonathan H. Westover, Ph.D, Chief Academic & Learning Officer (HCI Academy); Chair/Professor, Organizational Leadership (UVU); OD Consultant (Human Capital Innovations, Futures Literacy And Developing A Futures-Thinking Mindset, https://www.forbes.com/sites/forbescoachescouncil/2021/10/07/futures-literacy-and-developing-a-futures-thinking-mindset/?sh=37b726da479f

Jonathan H. Westover, Ph.D, Chief Academic & Learning Officer (HCI Academy); Chair/Professor, Organizational Leadership (UVU); OD Consultant (Human Capital Innovations, Futures Literacy And Developing A Futures-Thinking Mindset, https://www.forbes.com/sites/forbescoachescouncil/2021/10/07/futures-literacy-and-developing-a-futures-thinking-mindset/?sh=37b726da479f

Journal of Futures Studies, June 2010, 14(4): 23 – 48, https://www.researchgate.net/profile/Stephen-Mcgrail/publication/228575808_Nano_dreams_and_nig

htmares_Emerging_technoscience_and_the_framing_and_reinterpreting_of_the_future_present_and_past/links/0deec526c468671ce3000000/Nano-dreams-and-nightmares-Emerging-technoscience-and-the-framing-and-reinterpreting-of-the-future-present-and-past.pdf

Laherto, T. ,Analysis of environmental significance of Nano Science and Nanotechnology in significant and technological literacy, Studies in Education Science, vol. 21, No. 2, 2010.

Landau, M. J., Oyserman, D., Keefer, L. A., and Smith, G. C. The college journey and academic engagement: how metaphor use enhances identity-based motivation. *J. Personal. Soc. Psychol.* 106, 679. 2014, doi: 10.1037/a0036414

ling Scanning ,Rohrer .H ,Binnig .G, Physics ,adolescence to birth from Microscopy ,1986.

Loveridge, Denis, Paul Dewick, & Sally Randles.. Converging technologies at the nanoscale: The making of a new world? Technology Analysis & Strategic Management, 20(1) 2008, 29-43

Madrazo, F. J. P. ,*Learning Attitude as Predictor on the Academic Performance of Grade V Pupils in Science*. Delhi: International journal of advanced multidisciplinary studies. 2021

Marina Gorbis, Five Principles for Thinking Like a Futurist, Published: Monday, March 11, 2019, https://er.educause.edu/articles/2019/3/five-principles-for-thinking-like-a-futuris.)

Marina Gorbis, Five Principles for Thinking Like a Futurist, Published: Monday, March 11, 2019, https://er.educause.edu/articles/2019/3/five-principles-for-thinking-like-a-futuris

Mitchell, Ellen.. Scientific promise: Reflections on nano-hype. In Nigel Cameron & Ellen Mitchell (Eds.), , Nanoscale: Issues and perspectives for the nano century, 2007 ،pp.43-60. Hoboken, NJ: Wiley.

Mody, Cyrus. Small, but determined: Technological determinism in nanoscience. HYLE – International Journal for Philosophy in Chemistry, 10(2), 2004, 99-128..(

Moè, R,. Imagery and rehearsal as study strategies for written or orally presented passages. *Psychonomic Bullet. Review* 10, 975–980. 2003 doi: 10.3758/BF03196561

Muhammad Amer, Tugrul U. Daim, Antonie Jetter, A review of scenario planning, https://www.sciencedirect.com/science/article/abs/pii/S0016328712001978.

Munshi, Debashish, Robert Bartlett, Priya Kurian, & Akhlesh Lakhtakia. ,A map of the nanoworld: Sizing up the science, politics, and business of the infinitesimal. Futures, 39(4), 2007, 432-452

Odaci, H. (2020). Effects of dysfunctional attitudes and depression on academic procrastination: does self-esteem have a mediating role?. *British Journal of Guidance and Counselling*, 48, 638–649. 2020. doi: 10.1080/03069885.2020.1780564

Phoenix, Chris Nanotechnology: Developing Molecular Manufacturing, crnano.org 01-09-2005 .

Priscilla Frank ،An Artist Nano-Printed A Poem That Can Live Inside Your Body

Rieckmann, M. , Future-oriented higher education: which key competencies should be fostered through university teaching and learning? *Futures* 44, 127–135, 2012 . doi: 10.1016/j.futures.2011.09.005

Selin, Cynthia. Time matters: Temporal harmony and dissonance in nanotechnology networks. Time & Society, 15(1), 2006 121-139).

Alvin Toffler, 1970), 12. The book grew out of an earlier article: Alvin Toffler, "The Future as a Way of Life," *Horizon* (Summer 1965)

Javan .T.G ,nd forensic in cationsappli its and Nanotechnology .Biomed .Nanotechnol .Appl .Divers , Ed Soni, 2014, 564.–552.

Simon Pawjak and Ahmed A. Mostafa, A systematic review of the impact of future - oriented thinking on academic outcomes, 19- June 2023, https://www.frontiersin.org/articles/10.3389/fpsyg.2023.1190546/full

Stephen McGrail Swinburne University Australia , Nano Dreams and Nightmares: Emerging Technoscience and the Framing and (re)Interpreting of the Future, Present and Past

tps://www.poetryinternational.com/nl/poets-poems/article/104-15836_An-Introduction-to-Nano-poetics

Van Boven, L., & Loewenstein, G. Social projection of transient drive states. Personality and Social Psychology Bulletin, 29, 2003.

Wilson, A. E. Conversation with a future self: a letter-exchange exercise enhances student self-continuity, career planning, and academic thinking. *Self Identity*,20, 646–671. 2021, doi: 10.1080/15298868.2020.1754283
wles, T. The relationship of time orientation with perceived academic performance and preparation for assessment in adolescents. *Edu. Psychol.* 28, 551–565. 2008, doi: 10.1080/01443410701880134 .Landau,

https://www.aletihad.ae/article/11133/2012/%D9%82%D8%B5%D9%8A%D8%AF%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%A8%D9%8A%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D9%88%D8%A7%D8%AD%D8%AF
https://www.aljazeera.net/culture/2019/12/19/%D8%A7%D9%84%D8%
https://www.aljazeera.net/culture/2019/12/19/%D8%A7%D9%84%D8%B4%D8%B0

https://www.nizwa.com/%D8%B8%D8%A7%D9%87%D8%B1